# نەخوێندەواری لە زانکۆدا



هێمن خورشید

2013

نەخوێندەواری لە زانکۆدا
هێمن خورشید
چاپی دووەم: 2013

# نەخوێندەواری لە زانکۆدا

نووسینی

هێمن خورشید

چاپی دووەم

٢٠١٢

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە: (٣٨٦)

0000000000

## ناسنامەی کتێب

نەخوێندەواری لەزانکۆدا

نوسینی: هێمن خورشید
نەخشەسازی: سام ئەحمەد
چاپخانە: گەنج.
نۆبەتی چاپ: دووەم.
ساڵی چاپ: ٢٠١٢
تیراژ: ١٠٠٠ دانە.

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە: (١٧١٩)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

ناونیشان
سلێمانی ــ بازاڕی سلێمانی ــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.
ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

# پێشکەش

سێ کەس لە سێ قۆناغی جیاوازدا هەوێنی پێگەیاندنم بوون، ئەوان بێئەوەی چاوەڕێی سوپاس و پاداشتم لێبکەن، بنەمای ڕۆشنبیری و مەعریفیمیان داڕشت، ئەگەرچی دەستی قەدەر لە یەکتری دوورخستینەوە، لێ من قەت نەمتوانیوە لەبیریان بکەم:

_ لە تەمەنی هەشت نۆ سالاندا، ئەو وەختی لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا بووم، مامۆستایەکمان هەبوو ڕووحی لەسەر دەستی دانابوو، لە گەرمەی کوردقڕاندا ئەو (ئەم ڕۆژی سالی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) و (خوایە وەتەن ئاوا کەی)ی فێری ئێمە دەکرد، تا لە ڕۆژی نەورۆزدا بە دەنگی بەرز لە ساحەی قوتابخانەکەماندا بیلێینەوە، ئەو بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی (حەمەدۆک) وایلێکردم لەو تەمەنە کەمەدا بە دوای کتێبدا وێڵ بم . مامۆستا حوسێن، کە ئێمە بە حوسێن چاوڕەش دەماننناسی ئەو کەسە بوو .

_ من و ڕازییە لە دایك و باوکێك نەبووین، بەلام ئەو خوشکم بوو، ئەو بۆ یەکەمجار وەختێك هێشتا نەچووبوومە بەر خوێندن فێری بەرماڵ ڕاخستنی کردم، هەر ئەویش بۆ یەکەمجار کتێبی دایە دەستمەوە تا بیخوێنمەوە، چاك لە بیرمە کتێبێکی کۆنی پەڕە زەرد بوو، پێی وتم وریا بە نەدڕێت هی خۆم نیە، کتێبەکەیش ڕۆمانی (بێسەرپەرشتان) بوو . نازانم ڕازییە چ نهێنییەکی خوایی بوو لە ژیانی مندا پەیدا بوو؟ ئەو بە ڕاستی دوای دایکم یەکەم مامۆستام بوو .

_ تازە پۆلی سێی ناوەندیم تەواو کردبوو، بە تامەزرۆییەوە بە دوای کتێبدا دەگەڕام، ئەو کات وەك ئێستا کتێب زۆر نەبوو، لە پڕ پیاوێك دەرکەوت و دەستی گرتم و وتی وەرە بە دوامدا، من هەر ڕۆیشتم و ئەو هەر کتێبی دایە دەستم، ئەو فێری قورئان خوێندنی کردم، ڕێگەی دین و دونیای پیشاندام، لە تاریکی دەریهێنام و تێیگەیاندم و زۆر بە جوانی پێیگەیاندم . مامۆستا ئەرسەلان تا ماوم هەر مامۆستامە با دە بڕوانامەیش بە دەستبێنم و دەیان کتێبیش بنووسم .

* ئەم دیارییە بچووکە بەو سێ ڕووحە گەورەیە پێشکەشە ..

## پێشەکیی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی بەردەستت سێ ساڵ لەمەوبەر کەوتە بازاڕەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا بارودۆخی وڵات لە زۆر ڕووەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ژمارەی زانکۆکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، لە چەند شارۆچکەیەکدا زانکۆی نوێ کراوەتەوە، ژمارەی خوێندکاری زانکۆ ڕوو لە هەڵکشانە، وەلێ شتێك کە باش نەبووە و بگرە بەرەو خراپتر هەنگاو دەهاوێت باری تێگەیشتن و خوێندەوارییە لەو ناوەندە مەعریفییەدا، ئەوەندەی دوور و نزیك ئاگام لێبێت نەخوێندەواریی خوێندکاری زانکۆ هەنووکە چەند هێندەی سەردەمی بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەیە. ئێستا ئیتر دۆخەکە گەیشتووەتە ئەوەی باسی نەخوێندەواریی مامۆستایانی زانکۆ بکەین. هەربۆیە بە باشم زانی ئەم کتێبە بۆ جاری دووەم بخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، بەو ئومێدەی کەلێنێك پڕ بکاتەوە .

هێمن خورشید

٢٠١٢/٦/٨

## پێشەکی

هەندێك لە نووسەران پێیان وایە کۆمەڵە بابەت یان وتارێکی جیاواز کاتێك لە کتێبێکدا کۆدەکرێنەوە، پێویست ناکات پێشەکییان بۆ بنووسرێت، چونکە هەر بابەتێکیان سەربەخۆیە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەو بابەتەکانی ترەوە نییە، پێشەکییەکەیش لەو حاڵەتەدا دەبێتە وتارێکی تر و دەخرێتە پاڵ وتارەکان؛ لێ من بە چاکی دەزانم هەموو کتێبێك پێشەکییەکی هەبێت ئەگەر دوو دێڕیش بێت، پێشەکی بۆ کتێب وەك دەرگایە بۆ خانوو . .

ئەو کۆمەڵە باسەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دەیبینیت، لە ماوەی هەشت ساڵدا نووسراون (٢٠٠٠- ٢٠٠٩) ، هەر بۆیە جیاوازی زمانی نووسین و فۆرم و ناوەڕۆکیش لە بابەتەکاندا دەبینرێت، ناوەڕۆکی بابەتەکان بە گشتی لە دەوری یەك دوو باسدا دەخوولێنەوە، گەنج و زانکۆ و پرۆسەی خوێندن، بەڵام هەندێ جاریش پەل بۆ ئەملاو ئەولا ڕادەکێشن و سەر لە سیاسەت و فیکر و ئەدەبەوە دەردەکەن، شێوازی زۆربەی نووسینەکانیش ڕەخنەیین، زۆرێك لە بابەتەکان پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ناو و ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەیشی بابەتەکانیان تێدا بڵاوبووەتەوە، ئەگەر دەستم کەوتبێتن لە شوێنی خۆیاندا نووسیومن. وەك ڕێزگرتنێکیش لە ئازادی بیروڕا دەربڕین، ئەو ڕەخنە و بەدواداچوونانەی لەسەر بابەتەکانم نووسراون، لە پەراوێزدا دامناون . ناوی کتێبەکەیش ناونیشانی یەکێك لە وتارەکانە، پڕ بە دڵ حەزم دەکرد کتێبەکەم ناو بنایە کەری نیوەسەر، بەڵام لەبەر ئەوەی وشەی کەر ڕەنگە خراپ لێکبدرێتەوە دەستم لەو ناوە هەڵگرت .

من خۆم هەمیشە حەزم لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانەیە کە بابەتی جۆراوجۆریان تێدایە و ناوەڕۆکی قووڵ بە زمانێکی ئاسان دەخەنەڕوو،

ئومێدەوارم ئەم کتێبەی بەردەستیشت بتوانێت کارێکی وا بکات تۆی بەڕێز لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە بێزاری نەکەیت و وەختێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر بەریت .

هێمن خورشید

٢٠٠٩/٨/٢٥

## لە گرفتەكانی زانكۆ

ئەم بابەتەی لە ژێر ناوی (لە گرفتەكانی زانكۆ)دا دەیخوێنیتەوە، زنجیرە باسێكە و لە چوار بەشدا خراوەتەڕوو، لە هەر بەشێكیدا باس لە یەكێك لەو كەموكورتییانەی لە زانكۆكانی خۆماندا دەبینرێن دەكەین، ئەوەی پێویستە بووترێت: لەم باسانەدا ئیشی ئێمە تەنها وروژاندنی كەموكورییەكانە، ئەگەرنا بەم كورتە باسانە گرفتەكان كۆتاییان نایەت، ئەم نووسینانە دیدی تایبەتی نووسەرن و هەموو كەسێك ئازادە لە قبولكردن یان ڕەتكردنەوەیاندا، بابەتەكان بە دیدێكی ڕەخنەییەوە نووسراون، بۆیە چاوەڕواندەكرێت بە لای هەندێ كەسەوە جێگەی قبوول نەبن!

ئەو چوار بەشەش ئەمانەن:

١. دیاردەی نەخوێندەواری لە زانكۆدا .

٢. دیكتاتۆرییەتی مامۆستا لە زانكۆدا .

٣. پرسەی مەرگی خۆشەویستی لە زانكۆدا .

٤. هەرەسهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە زانكۆدا .

## دیاردەی نەخوێندەواری لە زانکۆدا!

ئەو ماوەیەی خوێندکار لە زانکۆدا بەسەری دەبات، بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان ساڵدایە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چاوەڕواندەکرێت خوێندکار چاوی بە ڕووی جیهانێکی فراوانتر لە جیهانەکەی پێشویدا _ ناوەندی و ئامادەیی _ بکرێتەوە و، فێری زۆر شت بێت لە ڕووی هەڵسوکەوت و وریابوونەوە و کامڵبوون و. . . هتدەوە، هەروەك بڕیارە زانکۆ پسپۆڕی لە بوارێکدا بە خوێندکار ببەخشێت. لە هەموو بارێکدا چاوەڕێدەکرێت خوێندکاری زانکۆ هوشیارتر بێت لە خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی. .

ئەگەر چاوێك بە زانکۆکانی لای خۆماندا بگێڕین، ڕێك پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانییانە دەبینین! زۆرێك لە خوێندکاران پێش هاتنیان بۆ زانکۆ وریاترن، ئەوان لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا، حەز لە فێربوون دەکەن، دەخوێننەوە، پرسیار دەکەن، هەندێکیان تەنانەت دەیشنووسن، بە کورتی جۆرێك لە هەنگاوهەڵگرتنیان لە شەقامی مەعریفیدا پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ هاتنە زانکۆدا بارەکە بە تەواوی دەگۆڕێت، لەم قۆناغەدا خوێندکار وردە وردە تووشی شەلەلی مەعریفی دەبێت، تا وای لێدێت لەو سەرەوە بە دەستی بەتاڵەوە لە زانکۆ دەچێتە دەرەوە!

نەخوێندنەوە لە زانکۆدا دیاردەیە، لە کاتێکدا دەبوایە بە پێچەوانەوە خوێندنەوە دیاردە بووایە، ئەم پەتای نەخوێندنەوەیەش تەنها کۆلێژە زانستییەکانی کە خوێندنیان گرانە و کەمتر بواریان هەیە بخوێننەوە، نەگرتووەتەوە، بەڵکو لە کۆلێژەکانی یاساو زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانیشی داوە .

خوێندکاری زانکۆ باکی نییە ئەگەر لە بیستوچوار کاتژمێری ڕۆژانەی تەمەنیدا تەنها یەك پەڕەش نەخوێنێتەوە!

خوێندکاری زانکۆ ئەگەر هەموو ڕۆژێك پێڵاوەکەی بۆیاخ نەکات بە عەیب دەژمێرردرێت، بەڵام ئەگەر ناوی تەنها پێنج کتێبیشی لەبەر نەبێت نەنگی نیە .

ئەگەر خوێندکارێکی زانکۆ یاری پلەیستەیشن (play station) نەزانێت ئابڕووی دەچێت، بەڵام ئەگەر نەزانێت لە مەجلیسێکدا دوو قسەی ڕێکوپێك بکات زۆر ئاساییە!

وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، دەبوایە زانکۆ جێگای کرانەوە و فێربوون بوایە, بەڵام لای ئێمە رۆڵی ئەو شوێنە دەبینێت تێیدا خوێندکار ماندوو دەکرێت بە بێئەوەی فێری هیچ بکرێت, تەنانەت زۆرێك لە خوێندکاران دوای تەواوکردنی زانکۆ بڕوایان بە زانست و ڕۆشنبیرییش نامێنێت .

ئەمڕۆ تاکە مانای رۆشنبیریی لای خوێندکاری زانکۆ مۆدێلگۆڕین و دیکۆر جوانییە، بە بۆچوونی من وەزیفەی زانکۆ لەو چەند ساڵەدا داماڵین و بەتاڵکردنەوەی خوێندکارە لە هەموو هەستێك: هەستی زانستخوازی، هەستی نیشتیمانپەروەری، هەستی ئایینی، هەستی مرۆڤدۆستی, هەستی جوانیناسی, هەستی خۆشویستن . ئەمانەیش ئەو پایانەن کە مرۆڤی خاوەن پەیام و ڕۆشنبیری ڕاستەقینەیان لەسەر بەندن. بە کورتی خوێندنی زانکۆ پرۆسەی خەساندنی هەستی مەعریفی و خودی زانکۆیش شوێنی ونبونی شوناسی ڕاستەقینەی خوێندکارە .

بە بڕوای من زۆرێك لە خوێندکاران پەی بەم نەخوێندەوارییەی خۆیان دەبەن، بەڵام حەز ناکەن کەس باسی بکات، کەسیش جورئەتی ئەوە ناکات بڵێت: نەك هەر خوێندکاران، بەڵکو هەندێك لە مامۆستایانی زانکۆش خوێندەوارییەکی ئەوتۆیان نییە!

مرۆڤی نەخوێندەوار هەمیشە بەزەیی بە خۆیدا دێتەوە_ ئەگەر گەیشتبێتە ئاستێك بتوانێت بیربکاتەوە _ و دان بەوەدا دەنێت کەمزانە و هەمیشە لەبەر خۆیەوە دەڵێت: نەخوێندەوار وەکو کوێر وایە، گرفتەکە لەوەدایە کەسێك نەخوێندەوار بێت و کەچی خۆیشی بە ئەلبێرکامۆ و شکسپیر و ئێنیشتاین

نەگۆڕێتەوە، تۆ دەتوانیت بە کەسێکی نەخوێندەوار بڵێیت نەخوێندەواری، بەس ئەگەر بە خوێندکارێکی زانکۆ _خوانەخواستە!_ بڵێیت ئەوە تۆ بۆ هیچ ناخوێنیتەوە؟ ڕەنگە تێرتێر پێت پێبکەنێت و دواییش بە لاقرتێکردنێکەوە پێت بڵێت: " تاکەی دوای کڵاوی بابردوو دەکەویت, کەی باوی خوێندنەوە ماوە؟ ئەمڕۆ سەردەمی تەکنۆلۆژیایە!" وەك ئەوەی تەکنەلۆژیا مرۆڤی نیاندرتاڵ هێنابێتیە ئاراوە!

ئەم بەسەرهاتەی لێرەدا دەینووسم دەتوانێت ئاستی نەخوێندەواریی خوێندکارانی زانکۆ بە خوێنەر پیشانبدات: ئەمەی باسی دەکەم، حەزدەکەم خۆت لێکیبدەیتەوە، بزانە نوکتەیە یان کارەساتە: لە گەرمەی کەوتنەبازاڕی کتێبەکەی (ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار)ی فارووق ڕەفیقدا (ساڵی ٢٠٠٣)، زۆر بەگەرمی بە دوای ئەو کتێبەدا دەگەڕام تا دەستیبخەم و بیخوێنمەوە، بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای ناسیاوێکم، کە خوێندکار بوو لە یەکێك لەو کۆلێژانەی کاریان زۆر بە خوێندنەوەوە بەندە و، پرسیارم دەربارەی ئەو کتێبە لێی کرد، بەو ئومێدەی لای هەبێت و بمداتێ، لە وەڵامدا وتی: ئەو کتێبەی باسی دەکەی نووسەرەکەی کێیە؟ هەرچەند بەلامەوە سەیر بوو پرسیارێکی وام لێبکات، چونکە کتێبەکە دووسێ مانگێك بوو کەوتبووە بازاڕەوە و بووبووە جێگای باس و قسەلەسەرکردن لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، بەڵام هێشتاش پاساوم بۆ نەزانییەکەی هێنایەوە و لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە ئەم چەند مانگە سەرقاڵی کارێك بووبێت و نەیپەرژابێت بچێتە بازاڕ و یان ڕۆژنامە و گۆڤار بخوێنێتەوە، کاتێك وتم کتێبەکە هی (فاروق ڕەفیق)ە، وا وتی: فاروق ڕەفیق کێیە؟! سوێندت بخواردایە نە یەك ڕۆژ لەم وڵاتەدا ژیاوە و نە لە هەموو تەمەنیشیدا یەك لاپەڕەی خوێندووەتەوە! بە دەست خۆم نەبوو خەریك بوو بدەم لە قاقای پێکەنین_خۆی هەقبوو بگریم_!

بێئەوەی مەبەستم گەورەکردنی نووسەری ئەو کتێبە بێت، دەڵێم: ئەگەر خوێندکارێکی زانکۆ ناوی نووسەرێك نەزانێت کە دوو ساڵ لەوەو پێش هەر لەو زانکۆیەدا کۆرسێکی فەلسەفی یەك مانگەی بۆ سازدرابێت و، نووسینەکانیشی

لەو ڕۆژگارەدا _کە برادەرەکەمان ئەو پرسیارەی لە من کرد_ مشتومڕ و دەمەقاڵەیەکی زۆری لە ناو ڕۆشنبیراندا نابێتەوە, نەخوێندەوار نەبێ، ئیتر نەخوێندەوار بە کێ دەوترێت؟! ئەم بەسەرهاتە نوکتەیەکی بیرخستمەوە، دەڵێن جارێك یەکێك لە یەکێکی تری پرسی:

– ئەو خاڵە سپییە دەبینیت؟

+ کامە خاڵ؟ کوا؟

– ها ئەوەی لەسەر ئەو تەختەڕەشە نووسراوە .

– کوا تەختەڕەش؟

+ کورە ئەوەی بەو دیوارەوە هەڵواسراوە .

– بۆ ناشێ ئەوە دیوار بێت؟!

ئەم نوکتەیە باسی لاوازی چاو دەکات، کەچی ئەوەی ئێمە بەسەرهاتی لاوازی مێشکمان بۆ دەگێڕێتەوە!

(الکسیس کارل) لە کتێبی (الإنسان ذلك المجهول)دا دەڵێت: " شارستانەتیی نوێ وای لە مرۆڤ کردووە بێئەوەی کارێکی ئەوتۆ ئەنجامبدات، بەردەوام هەست بە ماندوویەتی دەکات، ئەویش لە ئەنجامی دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی شارەکانەوەیە، بە پێچەوانەی باوباپیرانمانەوە کە لە هەوای پاکی لادێکاندا دەژیان و ڕۆژ تا ئێوارە کاریان دەکرد، بێئەوەی هەست بە ماندوویەتی بکەن . . . "

ئەمڕۆ زانکۆ بووەتە ئەو شوێنەی کاری تەنها ماندووکردنی مرۆڤەکانی ناویەتی، چەندت پێدەبەخشێ دوو هێندەت لێدەسێنێ، مشتێ زانیاریت دەداتێ، لە جیاتیدا هۆش و هەستت لێدەسێنێ، بڕوانامەیەکت وێدەدا، لە بەرانبەریدا تەمەنت دەبا!

## ئەو بڵاوکراوانەی زمانحاڵی زانکۆن چیمان بۆ دەگێڕنەوە؟!

لە زانکۆکانی دونیادا ساڵانە دونیایەك توێژینەوەی فیکری و لێکۆڵینەوەی زانستی بەرهەمدێن، زۆرێك لە کۆلێژو بەشەکان بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، تێیدا دوایین دۆزینەوە و پێشکەوتنەکانی بواری زانست و فەلسەفە و بیری ئینسانی دەخرێنەڕوو .

با بزانین زانکۆکانی ئێمە چی بەرهەمدێنن و چی بڵاودەکەنەوە؟

لە زانکۆیەکی وەك سلێمانیدا کۆمەڵێك بڵاوکراوە دەردەچن، لە ناو هەموویاندا یەك دانەی تێدا نابینی شایەتیی ئەوە بدات زانکۆ خوێندەواری تێدایە. ئەو چەند بڵاوکراوەیەی دەردەچن هەموویان ئامۆزا و پورزای یەکن، زۆربەی جار کاتێکی زۆرمان لێدەگرن بێئەوەی نە فێری هیچمان بکەن و نە بمانهێننە پێکەنین، (جیۆتایمز) دەرچوو شتێکی باش بوو، وتمان خوێندکاری زانکۆ سەرقاڵە با تۆزێك لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم بڵاوکراوەیەوە خەمەکانی بە با بدات، دەبوایە ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ساتیرەوە کێشە گەورەکانی بخستایەتە بەرچاوی بەرپرسانی زانکۆ، نەك وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین، خاڵیی لە هەموو پەیامێك. هەر لەسەر هەمان دیزاین و بە هەمان قەبارە بڵاوکراوەیەکی تر هەیە بە ناوی (هەندەسە تودەی)، سەد خۆزگە بە جیوتایمز! لەم دواییانەدا چاوم کەوت بە دانەیەکی تر کە ئەمجارەیان لە کۆیەوە کرابوو بە دیاری، لە دوو ژمارەی تەمەنیدا دوو ناوی گۆڕیبوو، ئەوەی من بینیم ناوی posologyبوو، پیاو ڕاست بێژێ پۆرتی ئەو دووانەی پێش خۆیشی شکاندبوو!

مەبەستم نییە هێرش بکەمە سەر هیچ بڵاوکراوەیەك, تەنها دەمەوێت ئاستی بڵاوکراوەکانی زانکۆ پیشانی خوێنەر بدەم، من لە تۆ دەپرسم: ئەگەر زمانحاڵی خوێندکاری زانکۆ ئەم بڵاوکراوانە بن، دەبێت چاوەڕێی چی لە خزمەتگوزارانی پاشەڕۆژی وڵات بکەین؟!

# خوێندکاری زانکۆ و ئینتەرنێت

پێویست ناکات ئێمەش بێین بە شێوەیەکی تەقلیدی باس لە سوودەکانی ئینتەرنێت بکەین، چونکە ئەم باسە سەدبارە کراوەتەوە، ئەوەی دەزانێت با ئەوانەی نازانن فێربکات!

لە زانکۆی سلێمانییدا ئێستا تا ڕادەیەکی باش خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت بڵاو بووەتەوە و هەموو خوێندکارێك دەتوانێت سوودی لێببینێت. کاتێك دەچیت بۆ هەر مەڵبەندێکی ئینتەرنێتی ناو زانکۆ لەبەر زۆریی خوێندکار تەنگەنەفەس دەبیت، بەڵام ئایا ئەم زۆرییە مانای ئەوەیە خوێندکار سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرێت؟!

هەندێك ڕووداوی سەیروسەمەرە لە مەڵبەندەکانی ئینتەرنێتدا ڕوودەدەن، لێرەدا من وەك نموونە هەندێکیان دەنووسم، دڵنیام ئەگەر خوێنەرێکی دەرەوەی زانکۆ بیانخوێنێتەوە بڕوا ناکات!

جاری وا هەیە دووکەس لەسەر دوو کۆمپیوتەر لە بەرانبەر یەکتر دانیشتوون، بەدەست ئاماژە بۆ یەك دەکەن و جارجاریش یەکێکیان هەڵدەستێت و دەچێتە لای ئەوی تریان، ئەمە گوایە خەریکن لە ڕێگەی ئیمەیلەوە نامە بۆ یەکتری دەنێرن! ئەمەیش وەك دیاردەی مۆبایلەکەی لێهات، وەختێ تازە هاتبووە کوردستانەوە و کەم کەس هەیانبوو، هەندێجار دوو کەست دەبینی تەنها دە مەتریان بەین بوو، لە دەست بەتاڵیدا تەلەفونیان بۆ یەکتر دەکرد!
زۆرێك لە خوێندکاران تەنها کاریان لەسەر ئینتەرنێت چاتکردن، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کوڕان تەنها لەگەڵ کچاندا چاتدەکەن، خۆ ئەگەر کەسی بەرانبەریش کوڕ بوو، هەڵبەت ئەویش بە دوای کەنیشکدا وێڵە، ئیتر ناچار یەکێکیان بە درۆ خۆیان دەکەن بە کیژ و دەمەتەقێکە بەو شێوە گەرم دەبێت، نازانم کچانی زانکۆش هەمان بەزم دەکەن یان نە؟!

# دیکتاتۆریەتی مامۆستا لە زانکۆدا

خوێندنەوەیەکە بۆ پەیوەندی نێوانِ خوێندکار و مامۆستا لە زانکۆکانی ئێمەدا

## ئەو کولتوورەی مامۆستا بەرهەمدەهێنێت

گەر لە ژیانی زۆرێك لە دیکتاتۆرەکانی جیهان وردبینەوە، دەبینین زۆربەیان _ ئەگەر نەڵێین هەموویان _ بە ژیانی ناخۆشی و کولەمەرگی و دەربەدەریدا تێپەڕبوون، لە ئەنجامی ئەوەشەوە گرێیەکی دەروونییان لا دروستبووە، تا ڕۆژێك دەسەلاتیان کەوتووەتەدەست، ئیتر لەوێوە خەشم و قین و توڕەیی خۆیان بەسەر ژێردەستەکانیاندا ڕشتووە، لێرەوە دەبێت باس لەو کولتوورە بکەین کە لە وڵاتانی خۆماندا باوە و مامۆستای تێدا پێدەگات.

نەك تەنها لە وڵاتی ئێمەدا بەڵکو لە زۆربەی دونیادا و لای زۆرینەی مرۆڤەکان بەهێز کەسێکە گوێی لێدەگیرێت و کەسی لاوازیش پشتگوێخراو و گوێلێنەگیراوە _ بە نموونە فەلسەفەی هێز لای نیچە_. لێرەدا قسەیەکی (هیتلەر)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: "خەڵکی بە گشتی گوێ لە کەسی قسەی لاواز ناگرن و بەرانبەر بە کەسی بەهێز گوێڕایەڵن " _ خۆشە بزانیت هیتلەر زۆر بە فەلسەفەی نیچە سەرسامبووە _... ئەو خۆی قۆناغی لاوازی و دەربەدەری لە ژیاندا بینیبوو، چاك دەیزانی خەڵك چۆن دەڕواننە کەسی لاوازو بێدەسەلات.

ئەگەر چاوێك بە ژیانی دیکتاتۆرەکاندا بخشێنیت، ڕەنگە بەو بڕوایە بگەیت تاوانگەلێکی دەدرێنە پاڵیان, تەنها ئەوان لێی بەرپرسیار نین، بەڵکو ئەو کولتوورەی ئەوانی تێدا پەروەردە بووە لە زۆرێك لە هەڵە و تاوانەکانیان بەرپرسە, هەر ئەمەیە وا لە فرۆید دەکات بڵێت: " ئەگەر بەوردی لە ژیانی تاوانباران بکۆڵینەوە، بە دڵنیاییەوە دەبینە لایەنگری کەسی تاوانبار"!

لێرەوە دێینە سەر باسی ئەو کولتوورەی مامۆستای تێدا بەرهەمدێت.
هەریەك لەو مامۆستایانەی ئێستا دەیانبینیت, سەردەمێك خوێندکار بووە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە: سەرەتایی, ناوەندی, ئامادەیی, زانکۆ, خوێندنی باڵا... لە هەر یەك لەو قۆناغانەشدا دەیان مامۆستای بینیوە، چاکیشی لە بیرە خوێندکارانی هاوپۆلی چ جۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکیان بەرانبەر مامۆستاکانیان نواندووە، لە بیریەتی ئەو مامۆستایەی دڕدۆنگ و تووڕە تەبییات بووە چۆن بە ئاسانی پۆلی کۆنترۆڵ و خوێندکارانیشی بێدەنگ کردووە, ئەو مامۆستایەشی بێدەنگ و نەرمونییان بووە، خوێندکارەکان چۆن بێفرمانییان کردوە و لێی یاخی بوون, ئەو ڕەنگە هەر لەو ساتەوەختەوەی قوتابی بووە سوێندی خواردبێت کە بوو بە مامۆستا نەرمی نەنوێنێت و هەر قوتابییەك ورتەی لە دەم دەرچوو، زمانی ببڕێت! ئەو کاتێك خوێندکار بووە کەمجار نەبێت نەیبینیوە مامۆستایەك وەك هاوڕێ لەگەڵ ئەو یان هەر هاوپۆلێکیدا هەڵسوکەوت بکات, لەو کولتوورەی ئەمی تێدا پەروەردە بووە, هەمیشە کەسی گەورە پێ بەسەر کەسی لە خۆی بە خوارتردا دەنێت, کەسانی سەروو بە کەسانی ژێردەستیان پێدەکەنن, ئەمە تەنها کاری دەسەڵاتدار و ڕەعییەت نییە، بەڵکو خاوەن کار و شاگرد، وەستا و کرێکار، بەڕێوەبەر و مامۆستا... هەمان هەڵسوکەوت و هەمان مامەڵە لە نێوانیاندا دووبارە و هەزاربارە دەبێتەوە, لەو کولتوورەی ئەمی بەرهەمهێناوە پیاوی گەورە ئەوەیە بە دەم کەسەوە پێنەکەنێت, نەبادا کەسێتیی لەکەدار بێت! پیاوی گەورە تەنها سەیری بەردەمی خۆی دەکات, پێویستە لە کاتی سڵاوکردندا بە حاڵ دەستی بەرز بکاتەوە و لا بە لای ئەو کەسەدا کە سڵاوی لێدەکات نەکاتەوە، ڕێك وەك (ڕۆبۆت)! ڕستەی (وریا بە شەخسییەتت نەڕووشێت) یان (شەخسییەتت نەشکێت) هەمیشە دەبیسترێت و دووبارە دەبێتەوە، وەك بڵێی کەسێتی شووشەی چرا بێت!

به بۆچوونی زۆرێك له بەناو ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە، کرانەوە لەگەڵ خەڵکیدا سنوورێکی دیاریکراوی هەیە, چونکە ئەگەر زۆر تێکەڵ بە خەڵك بیت ئیستیغلال دەکرێیت, نووسینیش بە زمانی خەڵك بە عەیب دەژمێردرێت، مەبەست زمانێکە هەر کەسێك خوێندییەوە لێی تێبگات، چونکە ئەمڕۆ لای زۆرینەی بە ناو ڕۆشنبیران نووسین بووەتە کەڵەکەکردنی وشەو زاراوەی قەبەی بێناوەڕۆك و ڕیزکردنی ڕستە و دەستەواژەی مەرموز و نامەفهوم! ئەوان بڕوایان وایە نابێت زۆر کەس لە نووسینەکانیان تێبگات، وا دەزانن ئەگەر خەڵك لێیان تێگەیشت سیحرەکەیان بەتاڵدەبێتەوە، (د.علی الوردی) ئەم کەسانە بە (ئەفلاتۆنی) ناودەبات، چونکە (ئەفلاتۆن) بڕوای وا بووە خەڵکی یەکسان نین و نابێت فەیلەسوف _ بە زاراوەی ئەمڕۆ (ڕۆشنبیر)_ گرنگی بە خەڵکی سادە و ڕەشۆکی مەردوم بدات! بە کورتی و بە کوردی ئەم کولتووره بڕوای بە بوونی دوو چین هەیە، چینی سەروو(باڵا) و چینی خواروو(پایین)، یان ڕونتر بڵێم ئاغاو نۆکەر، قەتیش ئاغا دانابەزێتە ئاستی نۆکەر، ئیتر هەمیشە دەبێت نۆکەر لە ئاغاکەی بپاڕێتەوە تا بەزەیی پێیدا بێتەوە و چاکەیەکی لەتەکدا بکات.. پێویستە ئەوەش بڵێم ئەم کولتووره دوورونزیك پەیوەندیی بە ئایینی کۆمەڵگە (ئیسلام)ەوە نییە، ڕاستییەکەی ئیسلام بڕوای بە یەکسانی نێوان هەموو مرۆڤەکان هەیە _ النّاس سواسيّة كأسنان المشط _، ئاکارو ڕەفتاری ئێمە بەرەنجامی کولتووری خێڵە و هێناومانەتە شاریشەوە!

## پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا لە زانکۆدا

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، مامۆستا لە بارێکدا پێدەگات و دەبێتە مامۆستا، لە دەروونییدا گرێی تۆڵەسەندنەوە درووستدەبێت. بە بۆچونی من پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا نەك تەنها نارێك و ناتەبایە, بەڵکو جاری وا هەیە دەچێتە قاڵبی پەیوەندییەکی دوژمنکارانەیشەوە, لەمەیشدا بەشی زۆری

خەتاكە لە ئەستۆی مامۆستادایە. زۆرێك لە مامۆستایان بە بیانووی ئەوەی کرانەوە لەگەڵ خوێندکاردا پێویستە چوارچێوە و سنورێکی دیاریکراوی هەبێت و نابێت زیاد لە پێویست گوێ بۆ خوێندکار شلبکرێت, دەرگای پەیوەندیی نێوان خۆیان و خوێندکاریان داخستووە, ئەگەر ڕێکبکەوێت مامۆستایەك لە ڕێگایەکدا تووشی پێنج شەش خوێندکار بێت، چاوەڕێیە ئەوان سەلام لەم بکەن و پێی عەیبە ئەم دەست لەوان بەرزبکاتەوە, لەوە گەڕێ مامۆستای وا هەیە حیسابی پووشێکیش بۆ خوێندکار ناکات و ئەگەر خوێندکار سڵاویشی لێبکات بە لایەوە ئاساییە وەڵامی نەداتەوە! مامۆستا لەو کولتوورەدا گەورە بووە کە ئەم ئاغایە و خوێندکاریش نۆکەر, ئیتر دەبێت هەمیشە خوێندکار بپاڕێتەوە و ئەمیش بە ئارەزووی خۆی وەڵامی بداتەوە. لە هەموو ناوەندەکانی خوێندن لە وڵاتی ئێمەدا، هەر ناخۆشییەك یان ناکۆکییەك لە نێوان خوێندکار و مامۆستادا ڕوویدات، هەڵە لە هەر کەس بێت, تاوان هەر لە ئەستۆی خوێندکارە و دەبێت ئەو باجەکەی بدات.. چەندین جار ڕوویداوە مامۆستایەك بە ئاشکرا دژایەتی خوێندکارێکی کردووە و خوێندکاریش لە بەرانبەریدا بێدەنگبووە. کێشەی خوێندکار ئەوەیە ئەگەر بپرسێت مامۆستا هۆی توورەبوونت لە من چییە؟ مامۆستا بە فرسەتی دەزانێت و دەڵێت: هاتوویت هەڕەشەم لێدەکەیت؟! ئیتر کێشەکە لە لایەن مامۆستاوە گەورەدەکرێت و کار بە فەسڵکردن و ئیهانەکردنی خوێندکار کۆتایی دێت! تا ئێستا کەسێك نەیبیستووە و نەیبینیووە مامۆستایەك لەسەر ئەوەی ڕەفتاری هەڵەی بەرانبەر خوێندکارێك نواندووە فەسڵ بکرێت, لە زۆربەی وڵاتاندا یاسا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا لە قوتابخانەکاندا هەیە، هەروەك چۆن لەدادگادا یاسا هەیە و لە چەند بەندێك پێکدێت, لەم یاسایەشدا بەندی تایبەت بە هەر کارێك هەیە، ئیتر مامۆستا ناتوانێت خەشم و توڕەیی خۆی کە لە کێشەیەکی شەخسییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەسەر خوێندکاردا بڕژێت و ئەویش مافی

بەرگریکردنی نەبێت, بەڵکو بە پێی یاسا ئاشکرا دەبێت تاوان لە ئەستۆی مامۆستایە یان خوێندکار؟

## چەند نموونەیەك لە هەڵسوکەوتی سەیری مامۆستا

ئەگەر مامۆستایەك بە هەموو خوێندکارانی دوا قۆناغی خوێندن بڵێت: " ئێوە هێشتا نەبوون بە مرۆڤ "، چی لێدەخوێنرێتەوە؟!

خوێندکارێك بۆی گێڕامەوە لە یەکێك لە ساڵەکانی پێشوودا مامۆستایەك هەمیشە تەعلیقی لێی داوە و لە پۆل دەریکردووە و نمرەی لێی شکاندووە، کاتێکیش پرسیاری لە مامۆستاکەی کردووە، بۆچی ڕەفتاری وای بەرانبەر دەنوێنێت؟ مامۆستاکەی وتویەتی: چونکە من هەر کاتێك نوکتە بەسەر عەرەبدا دەڵێم تۆ پێناکەنیت!

ئەگەر مامۆستایەك خوێندکارێك داوای ڕووخسەتی لێ بخوازێت بۆ چوونەدەرەوە، پێی بڵێت: پێویستە کۆنترۆڵی پێش و پاشی خۆت بکەیت، دەیان جاریش ئەمە دوبارەبکاتەوە، بە چی لێکدەدرێتەوە؟!

مامۆستایەکی زانکۆ لە کاتی تاقیکردنەوەدا بە خوێندکاران بڵێت: " هەرکەس دەس بۆ گوێچکەی ببات یان لوتی بخورێنێت، دەیکەمە دەرەوە "، چۆنی لێکدەدەنەوە؟!

مامۆستایەك لە سەرەختی تاقیکردنەوەدا، گاڵتە بە خوێندکارێکی دیاریکراو بکات و پێی ڕابوێرێت، مامۆستایە یان دڕندە؟!

مامۆستایەك گاڵتە بە لەهجەی خوێندکارێك بکات و لە ناو خوێندکارانی تردا بیشکێنێتەوە، چی پێدەوترێت؟

ئەمە و سەدان نموونەی تر، کە ئەگەر هەموویان بگێڕینەوە، بابەتەکەمان تەنها بە نموونەهێنانەوە تەواو دەبێت .

## تاوانی خوێندکار لەم کارانەی مامۆستادا

ڕاستییەك هەیە نابێت چاوی لێبپۆشین، ئەویش ئەوەیە هەموو مامۆستایەك تاوانبار نییە، گشت خوێندکارێکیش بێتاوان نییە, خوێندکار لە چەند ڕوویەکەوە خەتابارە, بۆ نمونە زۆرجار کە مامۆستایەکی نەرمونیان پەیدا دەبێت, چەند خوێندکارێك هەوڵدەدەن ئیستیغلالی بکەن و دەنگەدەنگ و ژاوەژاو لە هۆڵی خوێندندا بەرپا دەکەن, بە مەش تێڕوانینی مامۆستا بەرانبەر بە خوێندکاران بە گشتی دەگۆڕێت و تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنێت, لە ڕوویەکی ترەوە خوێندکاری زانکۆ خۆی بە کەسێکی گرنگ دێتە پێش چاو و هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مامۆستادا نادات, چونکە بە حیسابی خۆی دەڵێت منیش ساڵێك یان دوو ساڵی تر دەبم بە پزیشك و مامۆستا و ئەندازیار و، چ پێویست دەکات بۆ کەسێك کە حیسابم بۆ ناکات، تەنازول بکەم! دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین هەر یەك لە خوێندکار و مامۆستا لە ناو یەك کولتووردا گەورەبوون, بۆیە هیچ سەیر نییە تێڕوانینیان لە یەك بچێت! ئەوەش پێویستە بووترێت خوێندکاری دوێنێ مامۆستای ئەمڕۆیە و خوێندکاری ئەمڕۆش مامۆستای سبەینێیە, ئیتر ئەم کردارە بازنەییە هەر بەردەوام دەبێت .

## داوای مامۆستا لە خوێندکار چییە؟!

مامۆستا دەیەوێت خوێندکار ڕێزی لێبگرێت, بە چاوی گەورەییەوە تەماشای بکات. لە کاتی وانە وتنەودا گوێی بۆ ڕادێرێت, قسە نەکات, غائیب نەبێت، ئەگەر ئەم _ واتە مامۆستا _ قسەیەکی ناخۆشی پێ وت سەر دابخات و ورتە نەکات، تەنانەت لە پاشملەش بە خراپە باسی نەکات!

ئەگەر مامۆستایەك خوێندکارێکی خۆش نەوێت گوێ لە داواکارییەکانی ناگرێت و ڕەنگە ئەگەر خوێندکارەکە پرسیارێکی کرد ئەم بە شتێکی تر

لێکیبداتەوە، یان بڵێت ئەو خوێندکارە دەیەوێت گومان دروستبکات. مامۆستا لە زانکۆکانی ئێمەدا زۆرجار بە پرسیارکردن قەڵس دەبێت, لەم بارەیەوە د.عەبدولکەریم سروش لە کتێبی(فربه تر از ایدئولوژی)دا دەڵێت: " کۆمەڵگەی بێپرسیار کۆمەڵگەیەکی مردووە, زانستێك کە پرسیاری تیادا نەبێت لە گەشە دەکەوێت... لە کایەیەکی زانستیدا مرۆڤی پرسیارکەر دەبێت ڕێزلێگراوترین مرۆڤ بێت, نەك مرۆڤی ڕاپۆرتنووس, کە هەرچی پێ بڵێیت لەبەریبکات و دواییش وەك خۆی بیڵێتەوە, ئەگەر مرۆڤێك هەمیشە ترسا لەوەی نابێت پرسیارەکانی بەدەر لە سنورێکی دیاریکراو ڕووبەری نە خۆی و نە کەسی تریش بکاتەوە, ئەوا هەم زیان بە خۆی دەگەیەنێت و هەم بە کەسانی تریش".

لە کاتێکدا مامۆستا داوا لە فێرخواز دەکات ڕێزی لێبگرێت, کەچی خۆی ئامادە نییە ڕێز لە خوێندکار بگرێت و وەك کۆیلە تەماشای دەکات, ئاشکرایشە دۆستایەتی لە نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا دروستنابێت. لەم بارەیەشەوە د.عەبدولکەریم سروش دەڵێت: " پێشینان کە گوتوویانە لە نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا دۆستایەتی مەحاڵە، قسەیەکی حەکیمانەیان کردووە, کاتێك دوو کەس لە یەك ئاستدا نەبن هاوڕێیەتی پەیدا نابێت, ئاغایەك ناتوانێت لەگەڵ نۆکەرەکەیدا ببێت بە هاوڕێ. کاری عیشق و خۆشەویستیی ئەوەیە جیاوازی لە نێواندا نەهێڵێت و کەسەکان بخاتە یەك ئاستەوە، شاعیر دەڵێت:

بنازم به بزم محبت که انجا          گدای با شاهی مقابل نشید

" واتە: بە بەزمی خۆشەویستییەوە دەنازم، کە تێیدا شا و گەدا هاومەجلیسن".

## گلەیی خوێندکاران

مەرج نییە ئەوەی هەر خوێندکارێك دەیڵێت ڕاستبێت, بەڵام هەموو گلەییەکانیش بێبناغە نین, زۆرجار خوێندکارێك گلەیی لە مامۆستاکەی دەکات لەوەی نمرەی لێدەشکێنێت و وەکو خوێندکارانی تر تەماشای ناکات, یان ڕووی پێ نادات یان فلانە خوێندکار لەبەر ئەوەی خزمی فیسارە کەسە، مامۆستا نمرەی باشی پێ دەدات یان هەندێ مامۆستا جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا دەکەن، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەلایەن هەر مامۆستایەکەوە بکرێت نابەجێیە و دەبێت بە توندی لەلایەن بەرپرسانی زانکۆوە لێپێچینەوەی لەتەکدا بکرێت، یان ئەگەر مامۆستایەك تەنها لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیای خوێندکارێك لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکەی ویدا ویکنەیەتەوە نمرەی لێببڕێت! ئەمە گەورەترین تاوانە و هەقوایە ئەو مامۆستایە بڕوانامەی مامۆستایەتیشی لێبسێنرێتەوە، چونکە ئەو کارە ناپاکییە دەرهەق بە پیشەکەی و هەرگیز ناشێت مامۆستا وا بێت .

## پەیامێك بۆ مامۆستایانی زانکۆ

لە دوای ئەوەی ئەو خاڵانەم خستەڕوو کە ئاه و ناڵە و حەسرەتی زۆرێك لە خوێندکارانی زانکۆیە و منیش لەبەر نزیکیم_لێیانەوە زیاتر لە دەردەدڵێکانیان ئاگادارم، بە مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆ دەڵێم: چی دەبێت ئەگەر چاوێك بە پەیوەندییەکانتاندا لەگەڵ خوێندکاراندا بخشێننەوە و چیتر وا نەزانن سڵاوکردنێك لە خوێندکاران لە نرختان کەم دەکاتەوە؟! حەز دەکەم بە مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆ بڵێم خۆشەویستترین و بەڕێزترین مامۆستا لای خوێندکار، ئەو مامۆستایەیە لەگەڵ خوێندکاردا هەڵسوکەوتی هاوڕێیانە دەکات و خۆی بە گەورەتر لەوان نازانێت, هەر ئەمەش وا دەکات خۆشەویستیی ئەو لە ناخیاندا بچەسپێت و لەبەرچاویان گەورەبێت و دەرگای دڵیان بۆ قسەکانی

بکەنەوە و جوانتر لە وانەکانی تێبگەن، بەمەش ئاستی مەعریفی خوێندکار بەرزدەبێتەوە و کەسێکی سوودمەندی بۆ پاشەڕۆژی وڵاتەکەی لێدەردەچێت. تاکەی خوێندکاران لە تاو خراپی مامۆستاکانیان و بێ وەڵامی لایەنە بەرپرسەکاندا پەنا ببەنە بەر بەیاننامە دەرکردن؟! تاکەی بڵاوکراوەکان شەڕی نێوان خوێندکار و مامۆستا بڵاوبکەنەوە؟! تاکەی ڕۆژنامەکان بە مانشێتی گەورە قسەی سەیروسەمەرەی هەندێ لە مامۆستاکان کە بەرانبەر بە خوێندکارانیان وتووە بنووسن؟! تاکەی لە کرانەوە بترسین؟ تاکەی ڕێگە بە خوێندکار نەدەین چی لە دڵیایەتی بیڵێت و بە دەستی کەسانی ناحەزی نەزانین؟! تاکەی مامۆستا جێگەی ڕازی خوێندکار نەبێت؟

تۆ بڵێی مامۆستایەکی زانکۆ نەبێت ئەم بابەتە بخوێنێتەوە؟ باشە مامۆستایان تاکەی تاقەتی خوێندنەوەی ئەم جۆرە باسانەیان نییە و بە شتی بێمانای دەزانن؟!

# پرسەی مەرگی خۆشەویستی لە زانکۆدا

## (کاتێك خۆشەویستی واتاکانی لە دەستدەدات)

### لە بارەی خۆشەویستییەوە

لە زمانی کوردیدا وشەی خۆشەویستی بە مانای حەزلێکردنی بوونەوەرێکی زیندوو بۆ بوونەوەرێکی زیندووی تر بەکاردێت، بۆ نموونە خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ دایك و باوك, منداڵ یان هاوسەر، هەروەها خۆشەویستیی کوڕ بۆ کچ و یان بە پێچەوانەوە, بەڵام حەزی بوونەوەرێکی زیندوو بۆ شتێکی بێگیان پێی ناوترێت خۆشەویستی، بەڵکو هەر بە حەزلێکردن ناو دەبرێت, بۆ نموونە ناوترێت فلانەکەس سێوی خۆشدەوێت, بەڵکو دەوترێت حەزی لە سێوە .

ئێمە لەم بابەتەدا تەنها باس لە خۆشەویستیی هەردوو ڕەگەز _ نێرو مێ _ بۆ یەکتر دەکەین، ئەویش زۆر بە کورتی، پاشانیش هەوڵدەدەین گۆشەیەکی بچووك لە مۆدی درۆیینانەی بە ناوخۆشەویستی بەرچاوی خوێنەر بخەین، ئەو مۆدەی ئەمڕۆکە لە زانکۆکاندا باوە و پاڵەوانەکانی خۆیان بە شیرین و فەرهاد و مەم و زین ناگۆڕنەوە!

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (المحبّة) بەرانبەرە بە وشەی خۆشەویستیی ناو زمانی کوردی، زانای مسوڵمان (ئیبنولقەییمی جەوزییە) لە کتێبی(روضةُ المُحبّین ونزهةُ المُشتاقین)دا پەنجا هاوواتای(مرادف) بۆ وشەی (المحبّة) هێناوە, هەر ئەو زانایە دەڵێت: " (المحبّة) زیاتر لە شەست ناوی لە زمانی عەرەبیدا بۆ دانراوە ".

### واتاکانی خۆشەویستیی

لە بارەی خۆشەویستییەوە زۆر وتراوە, ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە پێناسەکانی خۆشەویستیین:

" هی المَیل الدّائِم بِالقلب الهائم" واته: حەزی بەردەوام بە دڵێکی سەرگەردانەوە، هەروەها " موافقةُ الحَبیب فی المَشهد و المَغیب"، واتە: گونجان لەگەڵ خۆشەویستدا لە کاتی ئامادەبوون و ئامادەنەبووندا، یان " إستیلاء ذِکر المحبوبِ علی قلب المُحب" واتە: زاڵبوونی باسی مەعشوق بەسەر دڵی عاشقدا .

## لەبارەی (عیشق)ەوە

لە زمانی کوردیدا زۆرجار وشەی عیشق بە مانای خۆشەویستیی بەکاردێت, راستییەکەی عیشق شتێکی جیایە لە خۆشەویستیی، (جاحظ) دەڵێت: " عیشق زیادەڕۆییە لە خۆشەویستییدا، هەروەك چۆن دەستبلاوی(إسراف) زیادەڕۆییە لە بەخشندەیی (سخاوة)دا"، (ئەفلاتوون) دەڵێت: " عیشق جوڵەی دەروونێکی خاڵییە". (ئەرەستۆ) ئێژێت: " عیشق نادانییەکی کتوپڕە، تووشی دڵێك دەبێت کە خاڵییە لە ئیش و سەرقاڵی". بە بڕوای من جوانترین وتەیەك دەربارەی عیشق وترابێت، ئەم دوو بەیتەی مەولانا جەلالەدینی رووەمییە:

هــرچە گویم عشق را شرح و بیان

چون بەعشق ایم خجل باشم أز ان

گرچە تفسیر زبان روشنـــگرست

لیك عیشق بی زبان روشنــترست

واتە:" هەرچەند بمەوێت ڕاڤە و بەیانی مانای عیشق بکەم، لێی کەمدەکەمەوە، هەرچەند شەرحکردن بە زمان بۆ هەر شتێك ڕوونکەرەوەی واتایە، لێ عیشق بە بێ زمان و بێ لێکدانەوە ڕوونترە! ".

هەروەها لەبارەی سەرەتاکانی عیشق و ئەنجامی عیشقەوە زۆر وتراوە، زۆرێك بڕوایان وایە کە عیشق سەرەتاکانی ئاسان و خۆشە، بەڵام ئەنجامەکەی بەخەم و ناخۆشی تەواو دەبێت، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

ألا یــا أیّهــا السّاقی أدر کـأسـاً و نــاولــهـا

که عشق اسان نمود أول ولی أفتاد مشکلها

هەندێکی تر دەڵێن عیشق سەرەتا ماندوبوونە، لە ناوەڕاستدا دەبێت بە نەخۆشی و بە کوشتنیش کۆتایی دێت. شاعیرێکی عەرەب دەڵێت:

وعِش خالياً فالحُبُّ أوّله عنىً

وأوسَطُهُ سُقم وآخِره قتل

## ئاکارەکانی عاشق

لێرەدا لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی دوو ڕاستیدا، بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، دەمەوێت هەندێک لە سیفەتەکانی کەسی عاشق بخەمەڕوو، ئەو دوو ڕاستییەش ئەمانەن:

_ عیشق پەیوەندییەکی زۆری بە جوانییەوە نییە، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

ومالحُبّ مِن حُسن ولا من ملاحة

ولكنّه شيء تعلّقت به الرّوح

شاعیرێك عەشقی ژنێکی ڕەشپێست دەبێت، وەختێ خەڵکی سەرزەنشتی دەکەن، وا وەڵامیان دەداتەوە:

النّاس يعشق من خال بِوجنَتِها

فكيفَ بي و حبيبي كلُّها خال!

(واتە: خەڵکی عەشقی کەسێك کە تەنها خاڵێك بە گونایەوەیە، دەبن، ئەی من چ بکەم کە ڕووخساری یارەکەم خۆی یەك خاڵی گەورەیە؟!)

_ عیشق پەیوەندیی بە دەوڵەمەندی و سامانەوە نییە، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

بنازم به بزم محبت که انجا

گدایی با شاهی مقابل نشیند

واتە: بە بەزمی خۆشەویستییەوە دەنازم کە تێیدا شا و گەدا بەرانبەر یەك دادەنیشن، واتە دەشێت یەك لە دوو خۆشەویستەکە شازادە بێت و ئەویتریان گەدازادە!

## ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە سیفەتەکانی عاشقن:

_ عاشق لەسەر ئازارەکانی مەعشوق ئارام دەگرێت. لەم بارەیەوە شێخی سەعدی لە (کلیّات)دا دەڵێت:

عـاشق گل دروغ می گوید
کـه تحمل نمی کنـد خـارش

واتە: ئەو کەسەی بانگەشەی(ئیددیعا) عیشقی گوڵ دەکات و ئارام لەسەر ئازاری دڕکەکانی ناگرێت، عاشق نییە، درۆ دەکات!

_ عاشق حەزەکانی مەعشوقەکەی بە لاوە گرنگترە تا حەزەکانی خۆی و لە هەموو بارێکدا بە گوێی مەعشوقەکەی دەکات، مەولانا دەڵێت:

گفت کە دیوانە نە ای
لائق ایـن خـانـه نـه ای
رفتـم و دیـوانـه شـدم
سلسله بندنده شـدم

واتە یارم پێی گوتم تۆ شێت نیت, بۆیە شایەن نیت بێیتە ماڵی منەوە، منیش چووم شێت بووم و زنجیربەند کرام!

_ عاشق هیچ کاتێك لە مەعشوقەکەی زویر نابێت، (نالی) دەڵێت:

شەو و ڕۆژم دوعایە داخۆ کەی بێ

بە تیرێکم شەهیدی کەربەلا کـەی

گلە ناکەم ئەوەندەی دەنکە جۆیـە

ئەگەر کەللەی سەریشم پڕ لە کا کەی

_ مەرج نییە خۆشەویستیی عاشق بۆ مەعشوقەکەی هەمیشە لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشی لێبکرێت, بەڵکو زۆرجار خۆشەویستیی بێزمانە، مەولانا لە (مثنوی)دا دەڵێت:

ما زبان را ننگریم و قال را

ما درون را بنگریم و حال را!

واتە: ئێمە ناڕوانینە زمان و دەربڕین، دەڕوانینە حاڵی مرۆڤ بۆ ئەوین .

(رجاء النّقاش) لە کتێبی (تأمّلات فی الإنسان)دا نموونەی خۆشەویستیی نێوان ژن و مێردێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ژن و مێردە دوو پاڵەوانی نێو ڕۆمانی (الساعة الخامسة والعشرون)ی نووسەری بەناوبانگ (کونستانتتان جورجیۆ)یە. ئەم ڕۆمانە باس لە سەفەری مێردێك بۆ شوێنێکی دوور دەکات, دوا ساتەکانی کۆتا شەوی پێکەوەبوونی دوو هاوسەرمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو دیمەنەمان پیشاندەدات چۆن ژنی کابرا بۆ ئەوەی ساتێك زیاتر پێکەوە بن, هەر جارەی قسەیەکی تازە دەکات و باسی شتێکی نوێ دێنێتە ناوەوە، ئەوە دەخاتەڕوو چۆن ئەو ئافرەتەی کە مێردەکەی لەڕادەبەدر خۆشدەوێت، هەرچی دەکات ناتوانێت قسەی ناو دڵی بە مێردەکەی بڵێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر قسەگەلێ کە لە ورێنە دەچن و مانایەکی ئەوتۆیان نییە, ئەم کارانەشی تەنها بۆ ئەوە دەکات تا ساتێك زیاتر مێردەکەی لەگەڵیدا بێت, ئەو دەیەوێت بە هاوسەرەکەی بڵێت خۆشمدەوێیت, کەچی هەرچی هەوڵدەدات ناتوانێت بە زمان ئەوەی پێ بڵێت, بەڵام خۆشەویستیی پێویستی بە زمان نییە، خۆشەویستیی بێزمانە، زۆرجار ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسێك بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستییەکەی. (رجاء النّقاش) بەشێکی کتێبەکەی بە ناونیشانی (الحبّ

لايتكلمُ كثيراً)_ خۆشەویستی زۆر قسە ناکات _ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە تەرخانکردووە.

هەندێجار دوو خۆشەویست تەنها بە چاو خۆشەویستیی بۆ یەکتری دەردەبڕن, یان تەنانەت ناتوانن سەیری چاوی یەکتریش بکەن:

چوار چاو
بەرامبەر یەك وەستاو
دووان ڕاوچی، دووانیش ڕاو
کاتێك ئەم سەیری ئەو دەکات
ئەو داخراو
هەر کاتێکیش ئەم دادەخرێت
ئەو دێتە ڕاو
ئای لەو ساتەی
هەردوو نیگا پێکدادەدەن
بڕوا بکەن
دڵی مرۆڤ دەکەن بە ئاو!

( دیوانی شووشە)

_ عاشق پێی خۆشە هەمیشە باسی مەعشوقەکەی بکات, هەروەها حەزیش دەکات هەمیشە مەعشوقەکەی بیر لەم بکاتەوە و ناوی بهێنێت, تەنانەت ئەگەر بزانێت مەعشوکەی جنێویشی پێداوە دڵخۆشدەبێت, شاعیرێك دەڵێت:

ولئِن ساءَني ان نلتَني بمساءة
لقد سرّني إنّي خطرت ببالك!

واتە: ئەگەرچی پێم ناخۆشە کە بە خراپە باستکردووم، وەلیّ لە هەمان کاتیشدا پێم خۆشە بیرت لێکردوومەتەوە و هاتووم بە خەیاڵتدا!

_ عاشق هەمیشە دەترسێت لەوەی کەسێکی تر کە پێی دەوترێت ڕەقیب، چاوی تەماح ببڕێتە مەعشوقەکەی، ئەو بەمە دڵگران دەبێت و (غیرە) دەیگرێت، تەنانەت عاشقی وا هەیە غیرە لەخودی خۆیشی دەکات و ناتوانێت پڕ بە چاوی بڕوانێتە مەعشوقەکەی، شاعیرێك دەڵێت:

إني لمَن نَظَري أغارُ عليك و إنّني
بِكَ عَن سِواي من الأنــام لأنفس

(واتە: من لە سەیرکردنی خۆیشم بۆ تۆ غیرە دەمگرێت).

هەندێکی تر زۆر زیاتر لەوەش ڕۆیشتون، ئەوەتا شاعیرێك ئێژێت:

أغار عليكِ من نظري و منّي
ومنكِ و من خيالكِ والزّمان
ولو أنّي وضَعتُكِ في عيوني
الى يوم القيامةِ مـا كفاني

بە گوێرەی ئەو شیعرەی سەرەوە شاعیر غیرە لە نیگای و لە خۆی و تەنانەت لە خودی مەعشوق و لە خەیاڵی مەعشوق و لە زەمانیش دەکات!

## ئایا کەس بەبێ خۆشەویستی دەژێت؟!

لەم دونیایەدا کەس نییە بەبێ خۆشەویستی بژێت، هەر کەسیش بە جۆرێك گوزارشت لە خۆشەویستیی دەکات، خۆشەویستی بنەمای ژیانە، مرۆڤی دوور لە خۆشەویستی مرۆڤێکی نەساغ و نەخۆشە، بۆیە هەمیشە توورە و پەست و بێئۆمێد و سەرگەردانە، لە خوارەوە بۆچوونی هەندێك لە نووسەران و شاعیران لەم بارەوە دەخەمەڕوو:

وتراوە:

"من لم يذُق طَعم العِشق لم يذُق طَعم العَيش"، واتە: ئەوەی تامی عیشقی نەکردبێت، خۆشی ژیانی نەچەشتووە.

(عباسُ بن الأحنف) دەڵێت:

وما النّاسُ إلاّ العاشقونَ ذوو الهوى

ولاخـيـرَ فيـمـن لايُحـبُّ ويَعـشــق

(واتە: مرۆڤەکان تەنها بریتین لە عاشقانی ئەویندار, کەسی بێ عیشق و ئەوین هیچ خێرێکی تێدا نییە). هەروەها وتراوە:

ولاخيَر فى الدُّنيا ولا فى نعيمها

وأنتَ وحيدٌ مُفرَدٌ غيرُ عاشِق

(واتە: دونیاو خۆشییەکانی هیچ خێرێکیان تێدا نییە، ئەگەر تۆ به تەنها و بێ ئەو بژێیت).

تا دەگاتە ئەوەی هەندێك بڵێن:

إذا أنت لم تعشَق ولم تَدرِ ماالهوى

فأنتَ وعيرٌ في الفلاةِ سـواء

یان:

إذا أنتَ لم تعشَق ولم تدرِ ماالهوى

فقُم فاعتلِف تبنـاً فأنتَ حِمار!

لەم دوو بەیتەی سەرەوەدا کەسانی دوور لە عیشق خراونەتە ڕیزی ئاژەڵ و گوێدرێژەوە، لە بەیتی دووەمدا دەڵێت: ئەگەر نازانیت عیشق چییە، دە هەستە بلەوەڕێ چونکە تۆ گوێدرێژیت!

## زانكۆ و مەرگی خۆشەویستی

هەر کە ناوی زانکۆ دەبەین، ئیتر کۆمەڵێك تراژیدیای یەك لە دوای یەکمان بیردێتەوە، نەخوێندەواری، بێهەستی، دیکتاتۆریەت، تێنەگەیشتن لە هەستی بەرانبەر، جەنجاڵی و بێسەروبەری . . . بەداخەوە زانکۆ بووەتە ئەو جێگەیەی کەس تیایدا نازانێت ئیشی چییە و بۆچی هاتووە؟! گەورەترین درۆیەك لە خوێندکارانی زانکۆ دەبیسترێت ئەوەیە دەڵێن: (زانکۆ جێگەی مەعریفەیە)!

لەم شوێنەدا کۆمەڵێك کەس دەژین، ڕۆژانە زیاد لە (٥-٦) کاتژمێری تەمەنیانی تێدا بەسەر دەبەن، دواییش هیلاك و ماندوو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، سبەینێ دیسانەوە خولەکە دووبارە دەبێتەوە، ڕێك وەك (سیزیف) ﯙ بەردەکەی، بە بێهوودەیی دێن و دەچن وەك پاڵەوانی چیرۆکەکانی (ئەلبێرکامۆ). ئەوەی بەهای نەبێت لەم شوێنەدا خۆشەویستییە، سەیر لەوەدایە خەڵکانێکی ئاڵۆشاوی و بارگاوی بە سێکس، خۆیان بە گەورەترین عاشق دەزانن و ئەگەر باسی مەولانایان لە لا بکەیت وا دەزانن حەممالێکی ناو بازاڕی شێخەڵلای هەولێرە! لەم شوێنەدا ( تەحسین حمه غريب) گووتەنی "مرۆڤ حسێب بۆ ڕووحی تۆ ناکات، بۆ حیکمەتی تۆ... لای مرۆڤ ڕەنگەکان نرخیان هەیە، بەڵام ڕووح و حیکمەتی قووڵ بەهایان نییە." (نۆڤڵێتی چاوی ماسی).

لەم شوێنەدا هەموو جوانییەکان شێوێنراون، گشت هێماکان ناشیرین کراون، خۆشەویستییش وەك هەموو شتەکانی تر بووە بە قوربانیی ڕێسا ناتەواوەکانی ئەم شوێنە. مەرگەسات لەوەوە دەست پێدەکات ئەو هەموو وشە جوانانەی وەك: خۆشەویستیی، عیشق، ئەویندارى . . . بە وشەگەلێکی وەك: کەپلاندن، ئاڕ. . . هتد بگۆڕدرێتەوە!

ئاڕ (R) ناخۆشترین و بێماناترین زاراوەیە کە تەنها لە مەملەکەتێکی قیزەونی وەك زانکۆدا بەرگوێ دەکەوێت، ئەو وشەیە نەك هەر تەنها لەسەر زمانمان، بەڵکو بە ڕووحیشمان نامۆیە، ئێمە لە نێو زانکۆیەکداین کە (هێشتا تێگەیشتن مانا و شوناسی خۆی وەرنەگرتووە... لە زانکۆکانی ئێمەدا زۆربەی

کەسەکان شوناسی خۆیان لە دەستداوە، لەم شوێنەدا هەموو شتەکان بە دیکۆر دەپێورێن، ئەوەی حیسابی بۆ نەکرێت ڕووحی مرۆڤە..). (زانکۆ و تراژیدیای مەعریفە).

## کچانی زانکۆ و وەهم

لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرەیەدا باسی نەخوێندەواریی کچانی زانکۆم کرد. هەر ئەم نەخوێندەوارییە وای کردووە هەندێ لە کچان هەمیشە هەست بە کەمی خۆیان بکەن، ئەوان بە شێوەیەك لە شێوەکان تووشی گرێی خۆبەکەمزانیی (inferiority) بوون و، لە فرسەتێك دەگەڕێن تا خۆیان نمایش بکەن و بڵێن ئێمەش هەین، ئێمەش گرنگین، ئێمە جێگەی ڕێزی کوڕانین!

ئەو کچەی فرەترین ڕەفزی داوە, خۆی لە هەمووان بە گرنگتر دێتە پێش چاو, تەنانەت وەك زانراوە هەندێك لەو کیژانەی ناسراون بەوەی ئاڕی زۆریان داوە، دەچن لە ناو هاوڕێکانیاندا باسی دەکەن و خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن، ئەوان بێئاگان لەوەی هەر کوڕێك لە زانکۆدا بگریت، (ئاڕ)ی بە زۆربەی کچانی زانکۆ داوە بێئەوەی باسی بکات، ئەویش بەوەی لێیان ناچێتە پێشەوە و گرنگییان پێنادات! بە بۆچونی من ئەو کچەی بەبێ بیانوو زۆرترین ڕەفز دەدات، لە هەموو ئەوانی تر نەخۆشترە و جێگەی بەزەییە، ئەو ئالوودەیە بە نەخۆشی دەروونی و گرێی خۆبەکەمزانین. زۆرێك لە کچان بیر لە سەرەنجامی ئەو ڕەفزانە ناکەنەوە کە ئێستا دەیدەن, ئەوان هێندە مەغرورن لەو تاووسە دەچن کە لە ئاوێنەدا خۆی بینی و بە جوانی خۆی سەرسام بوو و، لەبەر مەستی و لەخۆباییبوون پەڕوپۆی خۆی هەمووی فرۆشت!

بە قسەی یەکێك لەو کچانەی وەختی خۆی گاڵتەی بە هەموو کوڕێك کردووە و ڕەفزی زۆری داوە و، ئێستاش لە ماڵی باوکیدا ماوەتەوە و چاوەڕوانە کوڕێك بە مەبەستی خوازبێنیکردنی لە دەرکەی ماڵیان بدات، زۆرێك لە کچان لە وەهم و خەیاڵدا دەژین, ئەوان زۆر جار بیر لەو کەسەی لێیان دێتە پێشەوە ناکەنەوە و

گرنگیش نییە بزانن کێیە! گرنگ بە لایانەوە ڕەفزدانە، ئەوان لە کەمیندان بۆ ئەوەی ئاڕێکیتر بخەنەسەر ئاڕەکانی پێشوویان تا بتوانن کێبڕکێی هاوڕێکانیانی پێ بکەن! زۆر جار لە نێو کوڕ و کچە ساویلکەکاندا، ئەوانەی بۆنی نەسیمی خۆشەویستییش نەچووە بە لوتیاندا، چ جای ئەوەی بزانن خۆشەویستیی چییە، تێبینی کراوە کچێك بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات سەرنجی کوڕێك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و سەرەنجامیش ئەو کارە دەکات _ چونکە کوڕان هەمیشە سادەن و زوو هەڵدەخەڵەتێن بە پێچەوانەی ئەوەی دەوترێت گوایە کچان زوو هەڵدەخەڵەتێن _ ، دوای ئەوەی کوڕە مەست دەبێت و لە دڵی خۆیدا بڕوا دەکات بەوەی کچەش ئەمی خۆشدەوێت دەنا هێندە ناز و عیشوەی بۆ نەدەکرد، لێی دەچێتە پێشەوە، کیژی باسکراویش هەر کە زانی کوڕە شێت و حەیرانی بووە، ئاڕێکی سەر زلی دەداتێ و بەمەش خاڵێك دەخاتە سەر خاڵەکانی لەوەو پێشی!

خاوەنی کتێبی (زانکۆو تراژیدیای مەعریفە) دەڵێت: " تۆ کەلتورێکت هەیە کیژێکی زانکۆ هیچ شتێك لە دونیادا بە قەد ئەوە سەرفراز و دڵشادی ناکات کە ڕەفزی خۆشەویستیی کوڕێك بکات!"، کەچی نووسەر توانای لێکدانەوەی ئەم بارەی نییە, بە بۆچونی من ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بنووسی ئەو کتێبە کەسێکی زانکۆیی نییە و بە میوانی هاتووەتە زانکۆ، ئەو شتێکی ئەوتۆ دەربارەی دەروونی کچانی زانکۆ نازانێت، ئەو نازانێت کچان هێندە گرنگی بە تێروانینی دەوروبەریان دەدەن نیو هێندە کەسی بەرانبەریان بە لاوە گرنگ نییە، ئەو نازانێت زۆرێك لە کچانی زانکۆ ڕۆژانە جلوبەرگی یەکتری لەبەر دەکەن _ ئەوانەی وا هەر یەکە و لە کۆلێژێکن _ بۆ ئەوەی هەر ڕۆژەی بە جلێکەوە دەرکەون و دەوروبەر بڵێن ئای کە فلانە کەنیشك بەرگی زۆرە! ئەو نوسەرە گەنجە هەموو تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی کولتوورێك کە گوایە کوڕان و کچانی خەساندووە، لە کاتێکدا پێمان ناڵێت ئەم کولتوورە کامەیە و کێ خولقاندویەتی؟ ئەو نازانێت زۆرترینی ئەو کچانەی ئاڕبازی دەکەن ئەوانەن کە

بە خەیاڵی خاویان، خۆیان لە کۆت و بەندی کۆمەڵگە و نەریتی کۆمەڵگە ڕزگارکردووە!

## خۆشەویستی یان درۆ؟!

ئەوەی لە پێشەکیی ئەم بابەتەدا لەسەر خۆشەویستی باسمانکرد، مشتێك بوو لە خەروارێك، مەبەستیشم ئەوە بوو بەراوردێك لە نێوان خۆشەویستیی ڕاستەقینە و ئەو وڕینانەی لە زانکۆدا بە ناوی (کەپلایەتی!) دەکرێن، بکەم.

شاعیرێك دەڵێت:

فَما هو إلا أن يراهـا فَجأةً        فتَصطكُّ رِجلاهُ ويُسقطُ لِلجَنب

واتە: هەر کە لە پڕ مەعشوق دەرکەوت، عاشق پێی لە یەك دەئاڵێت و دەکەوێتە سەر زەوی!

بەراوردی ئەم وێنەیە لەگەڵ ئەو خۆشەویستییە درۆینانەی لە زانکۆدا دەبینرێن، بکە. ئاسمان و ڕێسمانیان نێوانە. ٩٠٪ و بگرە زیاتری ئەو بەناو خۆشەویستییانەی لە زانکۆدا دەبینرێن بە جیابوونەوە کۆتاییان دێت، بەڵگەشمان ئەوەیە ساڵانە چوار گرێبەستی هاوسەرگیری لە نێوان کوڕان و کچانی زانکۆدا نابینین، لە کاتێکدا ڕۆژانە دەبینی هەروا کەپڵە و دەستی کەپڵەکەی گرتووە و بە دوای سووچێکی خەڵوەتدا دەگەڕێن!

زۆربەی ئەو کەپلایەتییانە، تەنها بۆ کات بەسەر بردنن و بچووکترین ئاماژەی خۆشەویستییان تێدا نییە.

خاوەنی کتێبی زانکۆو تراژیدیای مەعریفە، لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەبێژێت: " . .خوێندکارەکان ئەمە چی بوو؟ چی وای کرد کیژە خرپنەکانمان ببنە پارووەیەکی چەور بۆ نێو گەرووی پلەدار و خاوەن سەرمایە، بۆ نێو جانتایەك، بەرەو شەپۆلی دەریا و بۆ نێو بەفر و سەهۆڵبەندانی ڕۆژئاوا، بۆ هەندەران..؟! "

ئەو نازانێت زۆرێك لە كیژگەلی زانكۆ وەختێ خۆشەویستییش دەكەن بیریان هەر لە لای پارەیە!

وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێكرد، لە زانكۆدا كوڕان چاویان بەس لە سەر جوانییە و كچانیش تەنها سەیری گیرفانی كوڕان دەكەن .

لە ماوەی پێشوودا و لە یەكێك لە بڵاوكراوەكاندا بابەتێكم بەرچاو كەوت باسی لە خۆشەویستیی لە دونیای مۆدێرندا دەكرد، نووسەری ئەو بابەتە نووسیبوی: " خۆشەویستیی لە سەردەمی جیهانگیری و ئینتەرنێتدا باوی نەماوە ."

ئێمە دەربارەی عاشقانی زەمانی كۆن دەخوێنینەوە: بە هەواڵپێدانی مەرگی مەعشوقێك بە ئەڤیندارەكەی، دەستبەجێ ئەویش گیانی دەرچووە و بە پێچەوانەشەوە. . ئەم جۆرە باسانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەك ئەفسانە سەیر دەكرێن و كەس باوەڕیان پێناكات!

نووسەری زانكۆ و تراژیدیای مەعریفە دەڵێت: " نەفامی كوڕان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە كچان بیركردنەوەی سەقەتیان هەیە، داواكاری ناڕێكیان هەیە، كوڕانیش هەمان داواكاری ئەوان پەیڕەو دەكەن، كچێك پارە و سەیارە و مەعدەن ڕووحیان وشك كردووە، كوڕەی داماویش بە سەیارە و ملوانكەی ئاڵتون وەڵامی دەداتەوە".

بە خستنە نێو كەوانەی وشەی (سەقەت) و دانانی نیشانەی سەرسووڕمان لە بەردەم وشەی (مەعدەن)دا_ چونكە یەكەمیان وشەیەكی نا ئەدەبییە و دووەمیشیان لەو شوێنەدا واتایەكی ڕوون نابەخشێت _، ئەو نووسەرە جارێكی تر تووشی هەڵەیەكی زەق هاتووە، ئەو وا وێنای كوڕی زانكۆ دەكات وەك بڵێی لە دونیایەكی ترەوە هاتبێت، بێئاگا لەوەی لە زانكۆدا زمانی خۆشەویستیی نییە و مێشكی كچ تەنها پرسیاری پارە و سامان دەكات، ئیتر كوڕەی دڵپاك و ئەویندار بێ فڕوفێڵ، مەگەر تا ماوە لە سای سێبەری داری بێبەردا دابنیشێت

و تەماشای ئەو دەوڵەمەندانەی بە بەرچاوییەوە یەك یەك کچانی زانکۆ دەکڕن، بکات . .

چوار ساڵی تەواو کچ و کوڕێك پێکەوەن و هەموو کەسێك بە پەیوەندییان دەزانێت، کەچی لە پڕێکدا کچە دەفڕێ بۆ هەندەران و دەنگوباسی شووکردنی بە کوڕێکی (خاریجی!) زانکۆ پڕ دەکات، یان لە شەو و ڕۆژێکدا دونیا سەرەو قووچ دەبێتەوە و لە ناکاو دەبینی کوڕە قۆڵی کچێکی لەو جوانتری لە قۆڵدایە! نازانم ئەو چوار ساڵە چییان وتووە و پەیوەندییەکەیان بۆ ئەوەندە پتەو بووە؟! .

بە بڕوای من خوێندکاری زانکۆ _ چ کچ و چ کوڕ _ هەموو لە بێئاگاییدا مەستن و، جیاوازییان نییە لەگەڵ ئەو لیڤێکس و قەڵەم و کتێبانەی بە دەستیانەوەن . .

## گەورەترین هەڵە

ئەوانەی خۆشەویستی لە سێکسدا کورت دەکەنەوە هەڵەیەکی گەورە دەکەن، لە دوا لاپەڕەی هەندێ لە ڕۆژنامەکاندا وێنەی ڕووتی ئەوتۆ بڵاودەکرێتەوە، من لە شوێنی خۆمەوە هەست بە شەرمەزاری دەکەم، کەس نکووڵی لە گرنگی هەستی زایەندی لە ژیانی مرۆڤدا ناکات، بەڵام دەبێت بزانین کردەی سێکسی دوا هەنگاوی خۆشەویستیی و، چڵەپۆپەی ئاوێزانبوونی دوو ئەویندارە، نەك هەنگاوی یەکەم وەك هەندێ کەسی دوور لە عیشق و بارگاوی بە حەزە ڕیزپەڕەکان تێیگەیشتوون .

جگێك لە بلیمەتەکانی مێژوو ژنیان نەهێناوە، بۆ ئەوەی تا مردن بە عاشقی بمێننەوە، (برناردشۆ) لە تەمەنی چل ساڵیدا ژنی هێناوە و سی ساڵی ڕێك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بووە، بێئەوەی سێکسکردن لە نێوانیاندا ڕوو بدات، پەیوەندیی نێوانیان لەو سی ساڵەدا تەنها پەیوەندییەکی ڕووحی بووە! هەندێکی تر هاوسەرگیرییان بە هۆکاری نەمانی خۆشەویستیی زانیوە، دیل کارینگی لە کتێبی (کیف تَکسبُ الأصدقاء)دا لە زمانی (أدناسای فنسنت میلای)ەوە دەگێڕێتەوە، وتویەتی: " لایشقی أیامي أن الحُب ذهبت، بل لأنّه ذهبتْ لأتفه الأسباب " واتە: (

ئەوەی ژیانی لێ تاڵ کردووم لەدەستچوونی خۆشەویستیی نییە، ئەوەی پووچترین هۆکار بووە مایەی نەمانی ئەو ئەوینە خەمبارم دەکات). مەبەستی ژنهێنانە!

کاتێك وێنەی دوو خۆشەویست لە کاتی ئاوێزانبووندا بڵاودەکەیتەوە، پێ بزانیت یان نا مافی ئەو دوو کەسە پێشێل دەکەیت و کارێکی نا ئەخلاقییش ئەنجامدەدەیت. ئەو ساتە، تایبەتە بەوان و نە مافی منە و نە هی تۆ و نە هیچ کەسێکی تر، بڵاویبکەینەوە و تەماشایان بکەین. نەتبیستووە عاشق و مەعشووق هەمیشە حەزیان لە خەڵوەتە و دوور لە چاوی خەڵك ڕازەکانیان بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن؟! ئەوانەی بە بەرچاوی دونیاوە ئاوێزانی یەکدی دەبن، پلەیەك لە خوار حوشترەوەن، چون ئەو ئاژەڵەش شەرم لەو کارە دەکات!

## دوا وتە

لە یەکێك لەو کۆڕانەی ناو زانکۆدا لەسەر خۆشەویستیی بەسترا، کچێك هەستاو زۆر بە ڕاشکاوی وتی: " لە زانکۆدا هەمیشە کوڕان قوربانیی ئێمەی کچانن، ئێمەی کچ ئامادە نین بچوکترین قوربانی بدەین، لە زانکۆدا سەدان مەم هەن کەچی تاقە زینێك نییە! "

من دەڵێم لەو سەدان (مەم)ەیش کە ئەو بەڕێزە باسیان دەکات، دووانیان ڕاستناکەن، زۆربەی زۆری کوڕانی زانکۆیش بە دوای ئەوینی ڕاستەقینەدا ناگەڕێن .

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە داخراوە، تاکەکانی هەر لادانێکی ڕەوشتیی ئەنجامبدەن هەست بە تاوان دەکەن و لە بەرانبەریشدا خەڵکی بە چاوی سووکەوە لە کەسی لادەر دەڕوانێت، لەمەشدا کچ قوربانیی پلە یەکە، کەوایە باشتر نییە کوڕان و کچان لە هەندێ داواکاریی لاوەکی دەست هەڵبگرن و هەر لە سەرەتای ژیانی زانکۆییاندا بەگوێرەی گرێبەستێکی شەرعی و یاسایی ژیانی هاوبەش پێکبهێنن، تا لەو ڕێگەیەشەوە ئەو جەنجاڵی و بێحاڵییەی ناو زانکۆ تۆزێك کەمبێتەوە؟!

# هەرەسهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیریی لە زانکۆدا

پێناسەی هاوسەرگیری: هاوسەرگیری لە زمانی کوردیدا بەرانبەرە بە وشەی (الزواج)ی عەرەبی و (marriage)ی ئینگلیزی . بریتییە لە بە یەکگەیشتنی دوو کەس لە دوو ڕەگەزی جیاواز (نێرو مێ) و پێکهێنانی ژیانێکی نوێ بە پێی گرێبەستێکی شەرعی و یاسایی. ئامانجەکانی هاوسەرگیری بریتین لە:

١. پڕکردنەوەی فەراغی سۆزداری و ڕووحی .

٢. تێرکردنی غەریزەی زایەندی .

٣. خستنەوەی وەچە و درێژەدان بە ژیانی خود، لە ڕێگەی بینینی بەرهەمی ڕووحی و جەستەیی مرۆڤەوە کە لە منداڵدا بەرجەستە دەبێت .

سەرەڕای ئەمانەش بەردەوامیدان بە ژیانی ئادەمیزاد لەسەر زەوی و مانابەخشین بە ژیان .

دەستووری هاوسەرگرتن لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا جیاوازە و، بە پێی کولتوور و دابونەریت و ئایینی ئەو گەلە ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە. لە ناو میللەتی ئێمەدا و لەژێر کاریگەریی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا و بەپێی نەریتی کوردانە، هەمیشە کوڕ دەستپێشخەرە بۆ ئەم کارە و دواییش لە ڕێگەی ڕێککەوتنیماڵی هەردوولاوە، بە ئەنجام دەگات .

## هاوسەرگیریی لە زانکۆدا

زانکۆ ئەو شوێنەیە خوێندکار تێیدا پسپۆڕی لە بوارێکدا وەردەگرێت، ئامانجی سەرەکی هاتنە زانکۆ تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنە کە بەرهەمی عومری خوێندکارە. ئەوەش شاراوە نییە خوێندکار کاتێك دێتە زانکۆ تەمەنی لە نێوان (١٨-٣٠) ساڵیدایە و بەزۆری تا دوای تەواوکردنی زانکۆ توانای پێکەوەنیانی ژیانی هاوسەریی نییە، خوێندکار لەبەر سەرقاڵبوونی بە خوێندنەوە هەمیشە بار بووە بەسەرماڵەوە و نەیتوانیوە تەنانەت بژێوی خۆیشی دابین بکات، ئیتر چۆن دەتوانێت خێزان دروستبکات؟!

لە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندندا وردە وردە کوڕان دەبنە ڕاوچی و کچانیش بە نێچیر! تا ئێرە هیچ کێشەیەك نییە و ئاساییە هەر کەسێك بە دوای کەسێکی گونجاودا بگەڕێت بۆ پێکەوەنیانی ژیانی پاشەڕۆژی خۆی لە تەکیدا، ئەوەی جێگەی پرسیار و تێڕامانە ئەوەیە: بۆچی پرۆسەی هاوسەرگیری لە زانکۆدا زۆر بە کەمی ڕوودەدات؟ لە کاتێکدا زانکۆیەکی وەك سلێمانی _بۆ نموونە_ نزیکەی (٨٠٠٠)[١] و زیاتریش خوێندکاری لە هەردوو ڕەگەز تێدایە..

یان ئەوەیە کوڕان و کچان بە نیاز نین لە ڕێگەی زانکۆوە بە یەك بگەن و ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن، ئەمەش ڕێی تێناچێت، چونکە خوێندکاری زانکۆ لەو شوێنە باشتری بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر دەستناکەوێت، لەوێ هەردوولا دەتوانن پێکەوە دانیشن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن، چونکە لە زمانی یەکتری باشتر تێدەگەن و ئاستی مەعریفی هەردوولا لە یەکەوە نزیکە.

یان هۆکاری تر هەیە. ئەوەی ڕۆژانە دەیبیستین و دەیبینین، پێمان دەڵێت: هۆکاری سەرەکی کەمبوونی پێکهانینی هاوسەرگیریی نێو زانکۆ، نەگونجانی نێوان کوڕ و کچە، ئەوان بە بیانووگەلێکی جیاواز ئەم کارە دوا دەخەن و ڕۆژەکانی تەنهایی بۆ خۆیان و بەرانبەرەکانیشیان درێژ دەکەنەوە. بە بڕوای من

---

[١]. ئەم ژمارەیە هی کاتی نووسینی بابەتەکەیە و باسی زانکۆی سلێمانی دەکات، ئێستا ژمارەی خوێندکار لە زانکۆی ناوبراودا ڕەنگە چوار بە قەد ئەو ژمارەیە بێت.

خەتاکە بەزۆری لە ئەستۆی کچاندایە و ئەوان پشکی شێریان لە هەرەسهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەردەکەوێت، چونکە (لە زانکۆدا تێگەیشتن هێشتا مانا و شوناسی خۆی پەیدا نەکردووە، بۆ نموونە کوڕێك بە نیازە لە کچێك بچێتە پێشەوە کە مەرج نییە لە پۆلی خۆیدا یان لە کۆلێژی خۆیدا بێت، کچەکەش ئەو ناناسێت، کاتێك کە دەچێتە پێشەوە بێ یەك و دوو کچەکە ڕەفزی دەکات، حاڵەتی وایش زۆر ڕوویداوە لە زانکۆدا. ئەمە لای کوڕە مانایەك دەدات، بەڵام کاتێك گوێ لە کچان دەگریت ئەوان بە شێوەیەکی تر باس لە مەسەلەکە دەکەن و پاساوی خۆیان بۆ ئەم حاڵەتە هەیە. ئەوان دەڵێن کوڕێك دێتە پێشەوە لە کچێك بە دڵنیاییەوە زۆر پرسیاری دەربارەی کردووە و، هەموو شتێکی زانیوە، بەڵام بۆ کچەکە ئەمە هەواڵێکی کتوپڕە، ئەم هیچ لە بارەی ئەوەوە نازانێت ئیتر چۆن ڕازی ببێت؟!).

منیش لەگەڵ ئەوەدام کچان زۆر جار بێئاگان لەوەی کوڕێك یان چەند کوڕێك بە تەمان لێیان بچنە پێشەوە، لێ کاتێك لە یەکتر نزیکدەبنەوە، هەڵەیەکی گەورەیە کچە لە خۆیەوە و بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك کوڕە ڕەتبکاتەوە. کچ وەختێك کوڕێك لێی دێتە پێشەوە، دەتوانێت هەموو پرسیارێکی دەربارە بکات و دوای ماوەیەك وەڵامی بداتەوە. ڕەنگە هەندێ لە خوێنەران بە لایانەوە سەیر بێت و بڕوا نەکەن کچ هەبێت بەبێ پرسیارکردن کوڕ ڕەتبکاتەوە، بەڵام زۆر حاڵەتی وا ڕوویداوە و ڕوودەدات. زۆرم بە لاوە سەیرە کچێك لە زانکۆدا بڕوای بە خۆشەویستیی پێش هاوسەرگیری نەبێت و دواییش بڵێت من کوڕێك ناناسم چۆن ڕازی دەبم پێی؟! لەوەش سەیرتر ئەوەیە، هەندێك لە کیژێل لە بەر هەر هۆیەك بێت ئامادە نین لەگەڵ هیچ کوڕێکدا قسە بکەن و کیسەیەکی پڕ لە ئاریان بە دەستەوەیە و دەیبەخشنەوە(!) پێدەچێت ئەم جۆرە کەنیشکانە بە جوانی یان زەنگینی خۆیانەوە بنازن و لە خەیاڵی خۆیاندا وای دابنێن تا هەتایە هەروا کوڕە و دێت و دەستەودامانیان دەبێت و ئەمانیش پێیان ڕادەبوێرن! دەبێت ئەوە بڵێم ئەو کچانەی ڕەفزی زۆر دەدەن، لە ڕووی دەروونییەوە تەواو نین،

چونکە کچ بە سرووشتی خۆی موتەههەری گووتەنی: داواکراوە (مطلوب)[٢]، بۆیە وا پێویستدەکات کوڕان لەم بێنە پێشەوە، زۆرجار کاتێك کچێك لە شوێنێکی وەك زانکۆدا دارای ڕەوشتێکی بەرز و قەد و بالآ و ڕوخسارێکی ڕێك و جوانە، کەسانێکی زۆر لێی دەچنە پێشەوە، بە مەش کچە لە خۆی بایی دەبێت و بەبێ بیرکردنەوە ڕەفز دەدات، ئەو لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێت جارێ زووە، مادام کڕیار زۆرە! نازانێت ئەو هەموو ڕەفزدانەی دەبێتە مایەی ئەوەی ترسێك لای کوڕان دروستبکات و ئیتر کەس لێی نزیك نەبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە هەواڵانە زوو دەست بە دەست دەکەن و بلاودەبنەوە، تا وای لێدێت کوڕان لێی بێئومید دەبن و ئەویش لە دواییدا بە قەیرەیی دەمێنێتەوە، ئەمە ئەو هۆکارەیە کە زۆرجار خەڵکی نایزانن و تووشی سەرسووڕمان دەبن کاتێك کچێکی جوانی خاوەن بڕوانامە، بە قەیرەیی لە ماڵی باوکیدا دەبینن!

## کێشەی شوێنی نیشتەجیبوون

ئەمەش یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی پشت سەرنەگرتنی هاوسەرگیری ناو زانکۆ، وەك دەزانین بەپێی دابونەریتی کوردەواری هەمیشە بوك دەچێتە ماڵی زاوا و کچ میوان و کوڕ خانەخوێیە. ئەوەی لە زانکۆدا هەندێجار دەبینرێت و مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان دەکات ئەوەیە کیژە ئامادە نییە بچێتە ئەو شوێنەی ماڵی باوکی کوڕەی لێیە و داوا دەکات کوڕەکە بێتە شارەکەی ئەم، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەم ناتوانێت لە ماڵ دوور بکەوێتەوە! پێدەچێت لە سەردەمی جیهانگیریدا هەموو شتەکان پێچەوانە بوبێتنەوە، ئەم گرفتە ئەگەر لە نێوان قەزا و ناحییەکاندا بێت تا ڕادەیەك ئومێدی چارەسەرکردنی لێدەکرێت, گرفتەکە لەوێوە دەستپێ دەکات کچە دانیشتووی یەکێك لە شارە گەورەکان بێت (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) و کوڕەش خەڵکی دەرەوەی ئەو شارانە, لەم بارەدا ئەگەر ماڵی کوڕەیش ڕازیی بوون کوڕەکەیان ماڵی بباتە شار، ئایا کوڕە

---

[٢]. بڕوانە کتێبی: نظام حقوق المرأة في الإسلام .

دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ بێگومان نەخێر. ئاخر چۆن دەتوانێ لە یەك کاتدا ژن بهێنێت و ماڵیش درووستبکات و کرێ خانوویش بدت؟ لە کاتێکدا ئەو تازە زانکۆی تەواوکردووە و تا ئێستاش دینارێکی نەخستووەتە تەنکەی گیرفانییەوە. چۆن دەتوانێت خانوویەك لە شاردا بگرێت لە کاتێکدا کرێی مانگانەی ئاییخترین خانووی شارێکی وەك سلێمانی دوو بە قەد مووچەکەیەتی؟! پێویستە کوڕان و کچان بزانن شوێن و جێگەی نیشتەجێبوون شتانێکی کاتین و پاش چەند ساڵێك هەموو شتێك دەگۆڕێت. مرۆڤ دەتوانێت ناخۆشترین جێگای سەر زەوی بگۆڕێت بە بەهەشت بۆ خۆی، بە مەرجێك لە تەك هاوسەر و منداڵەکانیدا تەبا بێت, وەلێ کاتێك تۆ کەسێکت لەگەڵدا بژێت هەموو ڕۆژێك تف لێکردن و شەڕەجنێو بێت لە ماڵدا, ئیتر با لە بەهەشتی سەرزەوی و کۆشکی بیست قاتیشدا بژێیت بە چی دەچێت؟ لە کۆندا وتراوە: " إنَّ شرَّ البلاءِ أن یبتلیك اللهُ بِمَن لایُوافِقُكَ ولا یُفارِقُك"، واتە: خراپترین شەڕێك تووشت بێت لە ژیاندا، بوونی هاوڕێیەکە نە بگونجێت لەگەڵتدا و نە لێیشت جیاببێتەوە .

## گرفتی ڕووکەشبینی (گرنگیدان بە شتە ڕواڵەتییەکان)

لە زانکۆدا کوڕان بە زۆری چاویان لە جوانی کچانە و کچانیش تەنها تەماشای گیرفانی کوڕان دەکەن. ڕەنگە کوڕان بە ڕاشکاوی دان بەم ڕاستییەدا بنێن, بەڵام کچان هەرگیز ئامادە نین بڵێن وایە! ئەگەر ئێمە هەموو شتێك بە ڕواڵەت هەڵبسەنگێنین, ئەوا بەدڵنیاییەوە زیانێکی گەورەمان کردووە. من ناڵێم جوانیی مەرج نییە، بەس هەقوایە بزانین هەموو مرۆڤێك شتێك لە جوانیی تێدایە, جوانی وەك وتراوە ڕێژەییە, کەم جوان هەیە هەموو کەسێك بە جوانی بزانێت, بۆ نموونە دەبینیت کوڕێك کچێکی خۆش دەوێت و ئامادەیە لە پێناویدا گیان ببەخشێت، کەچی بە لای یەکێ ترەوە سەرکە پیازێك ناهێنێت. کێشەی زۆرێك لە کوڕان ئەوەیە دەیانەوێت بە ناو زانکۆدا بگەڕێن تا چاویان

لەسەر جوانترین ڕووخسار دەگیرسێتەوە، ئەمەش مەحاڵە, چونکە زۆرجار تەنها قسەکردنی کەسێك سەرنجت ڕادەکێشێت, یان بزەپێکەنینێك، تەنانەت ڕەنگە هەندێجار تووڕەبوونێك! لە شیعرێکدا وتوومە:

ڕەنگە زۆرجار
تیلەچاوێ
دڵی لاوێ
بخاتە نێو تۆڕی داوێ
نیگایەکی تەلیسماوی
ئاگر بەردا
لە هەناوێ
ڕەنگە زۆرجار پێکەنینێ
سەرەتا بێ
بۆ ئەوینێ
یان خەندەیەکی ئاسایی
سنوور دیاریکا
بۆ ژینێ!

لەم لایشەوە تەنها ڕووانین بۆ گیرفانی کوڕان لە لایەن کچانەوە، گەورەترین گرفتە, ئەو چاك دەزانێت هاوڕێ کوڕەکەی یەك دینار لە گیرفانیدا نییە، چەند ساڵە وەك ئەم خوێندکار بووە، لە لایەن ماڵەوە یارمەتی دراوە و خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نییە، کەچی دێت داوای خانوو و سەیارە و ناوماڵەی ئاخیر مۆدێلی لێدەکات!

دەبێت کچان لەوە تێبگەن هەرگیز پارە و سامان و ماڵ و موڵك خۆشبەختی ناهێنن, ئەمە تەنها قسەی ناو کتێب و گۆڤارەکان نییە, بەڵکو ئەزمونی زۆرێك لە مرۆڤەکانیشە .

دەبێت کچ، کوڕێکی خاوەن بەهرەی هەژاری لە یەکێکی زەنگینی بێئاگا پێ باشتر بێت، چون بەهرەدارەکە پێدەچێت ڕۆژێك بە هۆی بەهرەکەیەوە دەوڵەمەند بێت, بەڵام خاوەن سامانەکە کە پارەکەی چوو هیچی نامێنێت. (کیژێك لە زانکۆدا ناتوانێت لە خەیاڵ و ڕۆمانسیەتی کوڕێکی هەژار تێبگات! بۆ دەبێت ئێمە ئامادە نەبین لە تام و ڕەنگی یەکتری تێبگەین..؟) (زانکۆ و تراژیدیای مەعریفە)

## کێشەی ئایدۆلۆژی

لە زانکۆدا مرۆڤەکان دابەشبوون بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا، گرووپێك بەپێی پێوەری ئایینیی مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکەن و پێیان دەوترێت (ئیسلامی)، کچانی سەر بەم گرووپە بە کچانی سەرپۆشبەسەر (مُحجِّبة) ناودەبرێن، گرووپی دووەمیش خەڵکانێکی نا ئیسلامیین (نا ئیسلامی بە واتای بێباوەر و مولحید نا، ئێمە باسی دینداری و بێدینی ناکەین). لە زانکۆدا مۆدی باو ئەوەیە کوڕانی نا ئیسلامی داوای کچانی دانەپۆشراو (سافرە) دەکەن و کوڕانی ئیسلامییش کچانی داپۆشراو (مُحجِّبە)یان دەوێت، ئەمە بووەتە نەریتێکی باو و کەم کەس سەرکێشی دەکەن بیشکێنن, من دەپرسم: ئایا ناکرێت ئەو ڕێسایە بشکێنرێت و لە ڕێگای قسەکردنەوە کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە و کوڕان و کچان بتوانن یەکتری قایل بکەن؟! کێ ئەم سنوورانەی داناوە؟ هەموو دەزانین لای خۆمان ئیسلامی و نائیسلامی، کچی بە سەرپۆش و کچی بێسەرپۆش بە زۆری هەر مسوڵمانن, لە ئیسلامدا ڕێگە دراوە کوڕی مسولمان کچی گاور و جوولەکەش بخوازێت، بە دەقی ئایەتی قورئان، ئیتر بۆ ئێمە بێین حیجاب و سفور بکەینە کێشە و، فەرتەنە بنێینەوە؟![٣]

---

٣. پێدەچێت ئێستا ئەو بارودۆخە تا ڕادەیەك گۆڕابێت.

کاتێك خۆشەویستی یەك لایەنە دەبێت

لە شیعرێکیدا بابا تاهیری هەمەدانی، دەڵێت:

چ خوش بی میهربانی هردو سر بی
که یك سر میهربانی دردی سر بی
أگر مجنون دلی شوریدەای داشت
دلی لیلی از او شوریدەتر بی

واتە: چەند خۆشە خۆشەویستی لە هەردوو لاوە بێت، کە خۆشەویستیی یەك لایەنە دەردەسەرە، کاتێك مەجنوون دڵێکی بێئۆقرەی لە سنگدا بێت، دڵی لەیلی لەو بێئۆقرەتر بێت .

شافیعی دەڵێت:

ومن الشّقاوةِ أنْ تُحب وَمَن تُحبُ يُحبُّ غَيرَك
أو أن تُريدَ الخيرَ للإنسان وهوَ يُريدُ ضَيرَك

واتە: یەکێك لە نیشانەکانی بەدبەختی ئەوەیە، تۆ کوشتەی کەسێك بیت، کەچی دڵی ئەو شەیدای یەکێکی تر بێت، یان چاکەی یەکێك گشت ئاواتت بێت، لە کاتێکدا ئەو حەزی لە زیانت بێت .

لە کۆندا وتراوە: (دڵ ئاوێنەی دڵە)، مانای ئەوەیە تۆ هەر کەسێکت خۆشویست، ئەویش تۆی خۆشدەوێت .

(إبن القيّم) لە کتێبی (روضةُ المُحبّين و نزهةُ المُشتاقين)دا دەڵێت: " ئەگەر دوو کەس یەکێکیان ئەویتری خۆشویست و ئەو ئەمی خۆشنەویست, ئەوا دڵی یەکێکیان بە هۆی ئارەزووی دونیاییەوە بە پەردەیەك داپۆشراوە، هەر وەختێ ئەو پەردەیە لاچوو، ئەویش هەستدەکات ئەمی خۆشدەوێت ".

ڕەنگە یەکێك بپرسێت ئارەزووی دونیایی وەکو چی؟ خۆشەویستیی ناو زانکۆ زۆربەی کات ئامانجێکی تری لە پشتەوەیە، بۆ نموونە کوڕێك ڕوخساری کچێکی جوانی بینیوە, بۆیە خۆشی ویستووە نەك دڵی لە ئاکار و ڕەفتاری چووبێت، کەواتە ئەو عاشقی جەستەی کچە بووە نەك ڕووحی, بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئەو ئەمی خۆش نەوێت, تەماحە دونیاییەکە لە قسەکەی ئیبنولقەییمدا

ئەمەیە. من دڵنیام لەوەی هەر کەسێك بەرانبەرەکەی بە دڵ خۆشبوێت, چاك دەزانێت ئەویش ئەمی خۆشدەوێت, ئیتر با بە زمانیش نکووڵی لێبکات!

## کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا زیرەکترن

هەندێ لە دەروونناسەکان باس لەوە دەکەن، لە هەڵبژاردنی هاوسەردا کچان لە کوڕان لەسەرخۆتر و دووربینترن، کچان درەنگ عاشق دەبن لێ ئەگەر عاشق بوون, لە پای عیشقەکەیاندا دەسوتێن, ئەمە زیاتر لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەبینرێت، ڕەنگە هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی وا بکات ئافرەت وریاتر بێت, بەبڕوای کچان زۆرێك لە کوڕان بێوەفان، کچ لەم کۆمەڵگایانەدا زۆر لە پاشەڕۆژی خۆی دەترسێت, هەمیشە ترسی ئەوەی هەیە لە هەر ساتێکدا بەرانبەرەکەی وازی لێبێنێت و جێی بهێڵێت، کاتێکیش داوای مارەیی زۆر دەکەن بۆ ئەوەیە کوڕە ببەستنەوە و وای لێبکەن نەتوانێت هەرکات ویستی دەست لە کچە هەڵگرێت، هەر ئەمەیشە وا دەکات لە کاتی شووکردندا، لەسەرخۆتر هەنگاو هەڵبگرن و بە وریایی زیاترەوە بڕیار بدەن .

## دوا وتە

ئایا ناکرێت کوڕان و کچانی زانکۆ لە ڕێگەی دەستهەڵگرتن لە هەندێ داوای نابەجێ و نەگونجاوەوە، پرۆسەی هاوسەرگیری پێشبخەن لە زانکۆدا؟ هەقوایە هەموو بیر لەوە بکەنەوە دوای تەواوکردنی زانکۆ کارەکە گرانتر دەبێت و ئەو کەسەی ڕەنگە ئەمڕۆ بە ئاسانی دەستتکەوێت، سبەی نەیەتە بەردەستت. . بە ئومێدی ئەو ڕۆژەی زانکۆکانمان لەم جەنجاڵی و بێسەروبەرییەی ئەمڕۆ تێیکەوتوون دەربازیان بێت!

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە چەند سەرچاوەیەك وەرگرتووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:


١- روضةُ المحبِّين ونزهةُ المُشتاقين، إبن قيّم الجوزية .

٢- دع القلق وابدأ الحياة، ديل كارينجي .

٣- كيف تكسب الاصدقاء وتؤثر في الناس، ديل كارينجي .

٤- تأملات في الانسان، رجاء النقاش .

٥- فربه تر أز ايدئولوژى، د.عبدالكريم سروش .

٦- عیشق لە نێوان عەقڵ و ئاییندا، قانع خورشید .

٧- زانکۆ و تراژیدیای مەعریفە، ئاوات عەبدوڵڵا .

٨- چاوی ماسی ، تەحسین حەمە غەریب .

٩- ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیضی .

## وا ساڵێکی تریش، خوێندن یەخەی پێ گرتینەوە!

لە کاتێکدا ئەم بابەتە دەنووسم، بیرم لای ئەوەیە زۆرێك لە خوێنەران هەر کە چاویان بە ناونیشانی بابەتەکە دەکەوێت، بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانن، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا خەڵکی بە شێوەیەکی تەقلیدی دەڕواننە شتەکان، لەبەر ئەوەی خوێندن هەر لە کۆنەوە وەك کارێزمایەك سەیرکراوە، تا ئێستاش بە چاوێکی پیرۆزەوە تێی دەڕوانرێت و هەر ڕەخنەیەك لە خوێندن بە کوفر دەژمێردرێت .

ئەگەر خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم بابەتە بەردەوام بێت، بۆی دەسەلمێنم نەخوێندەواری لەم وڵاتەدا لە خوێندەواری باشترە . مەبەستم لە خوێندەواری ئەوە نییە کەسێك بتوانێت بخوێنێتەوە، یان بە هەوڵ و کۆششی خۆی لە ڕووی مەعریفییەوە پێش بکەوێت _ ئەگەر ڕاستت بوێت خوێندەواریی ڕاستەقینە ئەوەیە_، بەڵکو مەبەستم مانەوەیە لە قۆناغەکانی خوێندندا تا وەرگرتنی ئەوەی پێی دەوترێت بڕوانامەی دەرچوون (شهادة التّخرج)، کە لە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا یان خوێندنە پیشەییەکان، بە خوێندکار دەدرێت .

ئەوانەی بە هەر هۆیەکەوە لە گەیشتن بە تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامە بێبەش بوون، بەردەوام بە چاوی ئیرەییەوە دەڕواننە خاوەن بڕوانامەکان و، بە گەورە دەیانبینن. تەنانەت کەسێکی بێ بڕوانامە ئەگەر ملیۆنێریش بێت، هەمیشە لە بەرانبەر کەسێکی خاوەن شەهادەدا هەست بە کەمی دەکات .

ئەگەر لەمە بکۆڵینەوە هەستدەکەین ئەو کەسانەی بەم شێوە بیردەکەنەوە بە هەڵەدا چوون، چونکە کەسی خاوەن بڕوانامە _ ئەگەر تەزویر نەبێت! _ تا ئەو بڕوانامەیە وەردەگرێت زۆر شتی لە دەست دەچێت کە تاماوە جارێکی تر دەستی ناکەوێتەوە، گرنگترین شتێکیش لە دەستی دەدات (تەمەن)ە .

لای ئێمە، ئەوەی حسابی بۆ نەکرێت تەمەنی مرۆڤە، هەڵبەت ئەوەیش لە گوێنەدان بە کاتەوە کە تەمەنی لێ پێکدێت سەرچاوە دەگرێت، من لە تۆی خوێنەر دەپرسم: ئایا دەبێت نرخی ئەو بڕوانامەیە چی بێت کە منی مرۆڤ ناسکترین ساڵەکانی تەمەنم لە پێناو وەرگرتنیدا لە دەستبدەم؟

کە دەنووسم، چاوەڕێ نیم ئەم نووسینە شۆڕشێك لە پرۆسەی خوێندندا هەڵبگیرسێنێت، چونکە ئەقڵی ئێمە لە خەوێکی قوڵدایە و بەم زووانە لە خەو ڕانابێت .

ئەوەی دەینووسم داخێکە لە دەروونمدا و، دڵنیام زۆر کەسی تریش وەك من بیر لەم کێشەیە دەکەنەوە، بەڵام نە من و نە ئەوانیش کەسمان هیچمان لە دەستنایە و بە دەیان میلیش لە سەرچاوەی گۆڕانکارییەکانەوە دوورین . .

ئەگەر ئەم نووسینانە تەنها مێشکی چەند کەسێك بوروژێنێت تا (لە چەند سەد ساڵی داهاتوودا!) گۆڕانکارییەکی بچووك بکرێت، هێشتا هەر زۆرە بۆ وڵاتێك کە هیچ گۆڕانکارییەکی ژیرانەی تێدا ڕوو نادات .

ئەگەر چاوێك بەو سەدان و هەزاران بە ناو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا کە ڕۆژانە لەسەر شۆستە و کەناری شەقامەکانی ناو بازاڕدا دادەنرێن، بخشێنیت، دەبینیت باس هەر باسی گۆڕانکارییە لە مەنهەج و پرۆگرامی خوێندندا، بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی دیار بۆ گۆڕانکاری هەبێت، تا وای لێهاتووە هەندێ لە ڕێکخراوە (حزبییەکان!)ی قوتابیان و خوێندکاران، کردوویانە بە درووشمی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا!

ئەوەی بە لای منەوە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە: زۆرێك لەو کەسانەی باس لە گۆڕانکاری لە پرۆگرامی خوێندندا دەکەن _ ناڵێم هەموویان، چونکە کەسانی جددیش هەن لەم بارەیەوە قسەدەکەن _ بۆ مەبەستێکی ئایدۆلۆژیی خۆیان بەکاری دەهێنن و شەڕی بەرانبەرەکانیانی پێدەکەن، ئەوانەی خاوەنی ئایدیایەکی جیاواز لە مانن، هەر بۆ نموونە لابردنی وانەی پەروەردەی ئیسلامی کە پێشتر ناوی گۆڕا بۆ (ئایین!)، یان کەمکردنەوەی وانەی (زمان و ئەدەبی

عەرەبی) و زیادکردنی وانەی ئینگلیزی و.. لە بەرامبەریشدا بەرهەڵستیکردنی چەند لایەنێك، ئەمە ئاشکرا دیارە شەڕی نێوان دوو تەوژمی ئایدۆلۆژیی جیاواز لە یەکترە و بچووکترین ئاماژەی بۆ گۆڕانکاریی پیشەیی تێدا نابینریّ!

گەورەترین شتێك لەم گفتوگۆ گەرموگوڕانەدا باسی لێوە نەکراوە، تەمەنی خوێندکارە کە لەو هەموو ساڵەی خوێندندا بە فیڕۆ دەدرێت!

ڕەنگە لێرەشدا کەسانێك بەرهەڵستی بکەن و گاڵتەیان بەم بۆچوونە بێت، چونکە لەو کاتەوەی هۆشیان کردووەتەوە ساڵەکانی خوێندن هەر ئەوەندە بوون کە هەن، ئیتر لە مێشکیاندا چەسپیوە کە (ئەمە ئەوەیە کە دەبێت وابێت!) وەك لە سەرەتاکانی لۆژیکدا باسدەکرێت، بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە بۆ دەبێت خوێندنی سەرەتایی شەش ساڵ بێت و سێ ساڵ نەبێت؟! هەروەها خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی . .

لە وڵاتی ئێمەدا ساڵەکانی خوێندن بەم شێوەیەی لای خوارەوەن: شەش ساڵ سەرەتایی، شەش ساڵ ناوەندی و ئامادەیی، دوای ئەوەش پەیمانگا دوو ساڵ، زانکۆش چوار بۆ شەش ساڵ، بەبێ ئەوەی کەسێك تا ئێستا بیری کردبێتەوە، یان ئەگەر بیرکردنەوەکەش هەبێت، جورئەت بکات و بڵێت: ئەمەی کە هەیە، کێ بڕیاری لەسەر داوە و بۆ دەبێت هەر وا بمێنێتەوە؟!

بە بۆچوونی من، خوێندنی سەرەتایی لە نووسین و خوێندنەوە و کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە زیاتر هیچی تری فێرنەکردوم، دڵنیاشم لەوەی هەموو کەس هەر وەك منە و کەس نە لە مێژوو، نە لە جوگرافیا، نە لە زانست و نە لە زمانی عەرەبی و . . . شتێکی ئەوتۆ فێر نەبووە، خۆ ئەگەر شتێکیش فێر بوو بێت، بە دڵنیاییەوە دوای چەند ساڵێك هەمووی لە بیر چووەتەوە و شتێکی ئەوتۆی لە یاد نەماوە! مەگەر ئەوەی بزانێت ناپلیۆن داگیرکەرێکی فەرەنسی بوو، یان لوتکەی (ئیڤیریست) لە زنجیرە چیای هیمالایا، بەرزترین لوتکەیە لە جیهاندا، یان (فاعل) لە زمانی عەرەبیدا هەمیشە دەبێت (مرفوع) بێت! بڕوا

ناکەم خوێندکاری ئەم زەمانە ئەو شتانەش هەر بزانێت، تا ترسی لە بیرچوونەوەی هەبێت!

ئەمانەش دیسان هیچ سوودێك بە ژیانی ڕۆژانە ناگەیەنن و، هەموو کەسێك دەتوانێت لە ڕێگەی خوێندنەوەوە ئەو زانیارییانە، بەبێ ئەوەی شەش ساڵ پێیانەوە خەریك بێت، بە دەست بێنێت!

لە تۆی خوێنەر دەپرسم: ئایا ئەگەر پزیشکێك بزانێ (فاعل) (مرفوع)ە یان نەزانێ، چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی دەبێت؟!

لە ناوەندی و ئامادەییشدا، بارەکە ناتەندروستترە، لە سەرەتاوە خوێندکار دەبێت چوار ساڵ جوگرافیا و مێژوو بخوێنێت، پاشان دەچێتە بەشی زانستی.. یان بە پێچەوانەوە، چوار ساڵ مێشکی دەبەن بە خوێندنی کیمیا و فیزیا، دواییش دەچێتە بەشی وێژەیی، کە لە دوای ئەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان پێویستی بەوە نییە بزانێ هێمای کیمیایی گۆگرد (S)ە، تەنانەت ئەگەر وا بزانێ هێمای گۆگرد (ق)یشە، هیچ زیانێکی بۆی نییە، هەروەك چۆن کابرایەکی بەشی زانستی، ئەگەر وا تێگەیشتبێت (محەمەد عەلی) پاشای میسر، خەڵکی (ولووبەیە)، گرفتێك دروست نابێت!

خۆ مەرج نییە ئەو ببێت بە ئینسایکلۆپیدیا، ئەوەتا ئێستا لە گەورەترین وڵاتی دونیادا کە ئەمریکایە، سەرۆکێکی وەك (جۆرج بۆش) پێتەختی هەندێ لە وڵاتانی دنیای لێدەپرسن و بە هەڵە وەڵام دەداتەوە، کەچی ئەمە هیچ لەو پیاوە کەم ناکاتەوە، لە کاتێکدا سەرۆکی وڵاتە و بابەتەکەش پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە!

پێناسەیەکی کۆنی سواو بۆ ڕۆشنبیر هەیە، دەڵێت: " ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە هەموو شتێك شتێك بزانێت و، لە شتێکیش هەموو شت". بە بۆچوونی من ئەم پێناسەیە نەك تەنها هەڵەیە، بەڵکو نەگونجاو و دوور لە واقیعیشە و، هەرگیز شتی وا مومکین نییە!

له دونیادا نه كەسێك هەیە لە هەموو شتێك شتێك بزانێ و، نە كەسێكیش دەستدەكەوێت لە شتێك هەموو شتێك بزانێ!

ئەمە تەنها خەیاڵی ئەو كەسەیە كە پێناسەكەی داناوە و ناكرێت بە ستاندارد، بەڵام بە داخەوە لای ئێمە ئەم پێناسەیە بووەتە بنەمای پرۆگرامی خوێندن و، پێویستە خوێندكار بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕێت، لەو قۆناغانەشدا مێشكی بە دەیان زانیاریی بێبنەما و بێماناوە خەریك دەكرێ و، تەمەنی منداڵی و لاوێتیی لێدەسێنرێ، پاشانیش دوای چەند ساڵێك یەك وشەی لەو لافاوە زانیارییە لە بیر نامێنێ و دەبێ بەو كەسەی پەندە عەرەبییەكە باسی دەكات: (سبع صنائع و البخت ضائع)..

ئەم پرۆسەی مێشكماندووكردنی خوێندكارە، تەنها لە سەرەتایی و ئامادەییدا نییە، بەڵكو خوێندنی زانكۆش درێژەپێدانی هەمان كارە، لە زانكۆدا كەوا بڕیارە خوێندكار تێیدا بوارێكی تایبەت بخوێنێ، دیسانەوە دەبینی دەیان وانەی لاوەكی دەخوێنرێن، كە دوور و نزیك پەیوەندییان بەو بوارەوە نییە كە خوێندكارەكە دەیخوێنێت و ئەم كارەیش لە مێشك هیلاككردنی خوێندكار بەولاوە هیچی تر نییە، تەنانەت ئەو وانانەیش كە پەیوەندییان بەو بوارەوە هەیە كە خوێندكار دەیخوێنێت، بە شێوەیەك پێشكەش ناكرێن، خوێندكار بتوانێت بە جوانی لێیان تێبگات و هەرسیان بكات، هەر ئەوەیە موحازەرە لەسەر موحازەرە دەدرێت بە كوڵیدا و، ئەویش هەر ئەوەندەی پێ دەكرێ بیانخوێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە تاقیكردنەوەكاندا دەرچێت، نەك بۆ ئەوەی فێری زانستەكە بێت. ئەمەش وا دەكات هەر دوا بە دوای تاقیكردنەوەكان، هەرچی زانیارییە لە مێشكی خوێندكاردا بفڕێت. هەر ئەمەشە هۆكاری ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ دەیبینین. زۆرێك لە خوێندكاران لە زانكۆ دەردەچن و پڕی لیڤێكسەكەی دەستیان زانیارییان لە بارەی بوارەكەی خۆیانەوە پێ نییە!

دەمەوێ بڵێم، پرۆسەی خوێندن لە وڵاتی ئێمەدا هێندەی دووبارەكردنەوەی كارێكی تەقلیدییە، نیو هێندە زەرووڕەتی فێربون نییە كە دەكرێ خوێندكار بە

دوو لەسەر سێی ئەو ساڵانە ئەگەر نەڵێم نیوەی، فێری ئەو شتانە ببێت کە ئێستا بە ١٨ یان ١٦ ساڵ فێر دەکرێت .

لەلایەکی ترەوە، خوێندکارێك لە شەش ساڵان دەچێتە بەرخوێندن و لە تەمەنی ٢٢ یا ٢٤ ساڵیدا زانکۆ تەواو دەکات، کە خوێندنیش تەواو دەکات دەبێت لە سفرەوە دەستپێ بکات، لە کاتێکدا دەبینێت خزم و کەسوکارەکانی تری کە لە تەمەنەی ئەم دان، زۆرێکیان خاوەنی ماڵ و سامان و خانوو و ئۆتۆمبێلن . .

ئێستا پۆلیسێك بە قەد دووسێ مامۆستا مانگانە وەردەگرێت، ئەمە بە هەموو پێوەرێك نادرووستە، بیستوومە لە هەندێ شوێن، مووچەی ئەو پۆلیسەی لە پرسگەی نەخۆشخانەیەکدا دادەنیشێت، لەو پزیشکەی لە هەمان خەستەخانەدا نەخۆش چارەسەر دەکات، زیاترە![4]

لە کاتێکدایە ئەو پزیشکە بە سێ قۆناغی شەش ساڵی خوێندندا تێپەڕیوە، سەرەڕای ئەوەی خوێندنێکی قورسی بە بەردەوام لەسەر شان بووە، ئەو هەموو ساڵەی تەمەنیشی لەو پێناوەدا بەختکردووە، کە ئەگەر لەو ساڵانەدا هەر کارێکی بکردایە با بە پارەیەکی کەمیش بێ، ئێستا خاوەنی هەموو شتێك بوو!

ئەگەر بێینە سەر لایەنێکی تری کێشەکە، دەبینین لەم وڵاتەدا هێندەی واسیتە و تەزکییەی حیزبیی دەور دەبینێت، یەك لە دەی ئەوە حیساب بۆ بڕوانامە ناکرێ، چەندان کەسی خاوەن پلە و پایە لەم وڵاتەدا دەبینی هیچ بڕوانامەیەکیان نییە، دەیان خاوەن بڕوانامەش لەو لاوە کەوتوون و کەس لێیان ناپرسێت!

لێرەوە ناونیشانی بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمە ڕەوشی خوێندن و خوێندەواریی بێت لە وڵاتدا، مافی هەموو خوێندکارێك نییە بە بێزارییەوە پێشوازی لە ساڵی تازەی خوێندن بکات؟!

---

[4]. ئەو زانیارییانە پێوەندییان بە کاتی نووسینی بابەتەکەوە هەیە و، ئێستا بارودۆخ لەو ڕووەوە باشتر بووە .

ماندووبونی بەردەوام و نەخەوتن و ئێشکگرتن بە دیار خوێندنی موحازەرەی وشکەوە و دەستهەڵگرتن لە هەموو خۆشییەکی ژیان، لەوەی گەڕێ ئەگەر خوێندکار خەڵکی دەرەوەی شار بێت، خەمەکانی بەشی ناوخۆییشی لە بێئاوی و بێ جێگەیی و کێشەی چێشتلێنان و... دێتە سەر!

ئەمساڵیش چەند هەزار خوێندکار روو دەکەنە زانکۆکانی کوردستان، بەو هیوایەی بێ ئومێد نەبن لە خوێندن، ئەم نووسینە تەنها گوزارشتێکە لە بۆچونی نووسەری بابەتەکە، بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێك بێت گۆڕانکاری جیدی لە پرۆگرامی خوێندندا بکرێت و کەمکردنەوەی ساڵەکانی خوێندنیشی تێدا ڕەچاوبکرێت[٥].

---

[٥]. بە داخەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخی خوێندن لە وڵاتدا خراپ و خراپتر دەبێت، وا چەند ساڵ بەسەر نووسینی ئەم بابەتەدا تێدەپەڕێت، کەچی ئێستا لەو کاتە زۆر پەرپووتترە، کێشەی وەرنەگیرانی خوێندکار لەزانکۆ و پەیمانگا و دانەمەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا هەر باسیشی نەبوو، کەچی ئێستا گەورەترین گرفتی بەردەم خوێندکارانە!

## بەهەدەرچوونی بەهاری تەمەنم لە نێو تەلبەندەکانی زانکۆدا!
### گوزەرێك بە نێو هەشت ساڵ تەمەنی پڕ لە نائومێدیی ژیانی زانکۆمدا

کە من هاتمە زانکۆ زەمان زەمانێکی تر بوو، ئەو کات پاییز بوو، بەڵام خەڵکی هەر چاوەڕوانی بەهار بوون، کە من هاتم ئاسەواری شەڕی یەکترکوژی هێشتا بە تەوێڵی هەر تاکێکی ئەم نیشتمانەوە دەبینرا، کە من هاتم سەدەیەك بەر لە ئێستا بوو، سەدەی بیست بوو. کە من هاتم لە خەیاڵدانی هیچ داماوێکی دانیشتووی نیویۆرکدا گرتێبەربوون و بەلاداهاتنی دوو تاوەرە جمکەکەی ئەو شارە نەزابوو، کە من هاتم نەك لەسێدارەدانی سەددام حسێن، نەك دەستگیرکردنی عەلی حەسەن مەجید و گەورەپیاوانی بەعس، نەك دادگاییکردن، بەڵکو تەنانەت بیرکردنەوە لە نەمان و لەناوچوونی ڕژێمی بەعسیش، نەك هەر خەیاڵ خەویش نەبوو . ئەو کات سەددام حوسێن بەردەوام لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی (بغداد) و (الشّباب)ەوە دەردەکەوت، لە دوای هەر نوێژێ دوعایەکی ئەو دەخوێنرایەوە، لە ماوەی بەرنامەی زارۆکاندا، منداڵان بەڕیز چەپڵەیان لێدەدا و هاواریان دەکرد: " بابە صدّام. . بابە صدّام!"

کە من هاتم هێشتا یەکەم هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجام نەدرابوو، وا کورسیی سەرۆك شارەوانییەکان ڕزان هێندەیان کات بە سەردا تێپەڕی، کەچی زۆرێك لە سەرۆك شارەوانییەکان هێشتا هەر لە جێی خۆیاندان!

کە من هاتمە زانکۆ زەمان زەمانێکی تر بوو، ئەو کات خەڵکی هەر چاوەڕوانی بەهار بوون، کەچی ئەو بەهارە هەر نەهات . . کە من هاتم تەنها سێ زانکۆ لە کوردستاندا هەبوون، نە زانکۆی کۆیە هەبوو، نە زانکۆی کەرکوك، نە لە کەلاردا کۆلێژ هەبوو، نەیش خانەقین دەیزانی ڕۆژێك دێت خەڵکی لە سلێمانییەوە بۆ خوێندن ڕووی تێدەکەن، کە من هاتم لە جیاتی ئاڵای کوردستان تەنها ئاڵای حیزبەکان دەبینران، کە بە کۆیەدا ڕەتدەبوویت لەسەر هەر گرد و

تەپۆڵکەیەك ئالآیەکی سەوزت دەبینی، کاتێکیش دەگەیشتیتە دێگەڵە ڕیزێك ئالآی زەردت بەرچاو دەکەوت, لەسەر هەر خانوویەك یەکێك چەقێنرابوو! لەو سەردەمەدا تەنها بارەگای حیزبی زەحمەتکێشان ئالآی کوردستانی بە سەرەوە بوو, ئەوانیش بە ئالآی حیزبەکەی خۆیانیان دەزانی. .

کە من هاتم ڕێگەوبان وەك ئێستا نەبوو, پیاو ئەو پیاوە بوو بتوانێت لە سلێمانییەوە بە سەر کەرکوکدا بچێت بۆ هەولێر, ناچار دەبوایە لە ڕێگەی هەیبەت سوڵتان و بە کۆیەدا بڕۆیشتایەی, بەڵام خۆ ئەو ڕێگایەیش بە سەعات و دوو سەعات نەدەبڕا, لە سلێمانی دەردەچوویت تا دەگەیشتیتە هەولێر نزیکەی دە بازگە و خاڵی پشکنینت دەهاتنە ڕێ, دەبوایە هەموو نەفەرەکانی ناو هەر ئۆتۆمبێلێك بە تایبەتی پاس دابەزیبان و بڕۆیشتبان بۆ پشکنین، پێش گەیشتن بە هەر بازگەیەك شۆفێری پاسەکە بانگی لە نەفەرەکان دەکرد: " کاکە شوناسنامەکانتان کۆ بکەنەوە، تکایە! ".. ئیتر ئەم بەزمە هەموو جارێك و لە هەموو بازگەیەکدا دووبارە و سەدبارە دەبوویەوە, لە هەر خاڵێکی پشکنیندا لانیکەم چارەگێك دەیانوەستاندیت.. ڕەنگە ئێوە وا بزانن بە دوای تیرۆریست و ئەو جۆرە شتانەدا دەگەڕان, نەخێر ئەو کات زۆرێك لە پارتە کوردییەکان جیاوازی نێوان (تیرۆریست) و (تیۆریستیان) نەدەزانی! ئەو کات وشەی تیرۆریست وەك ئێستا باو نەبوو.. لەو سەردەمەدا هاتوچۆکردن لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا دەبوایە مەبەستێکی لە پشتەوە بووایە, چۆن دەبێت تۆماڵت لە سلێمانی بێت و هەرواو بە بێ هیچ مەبەستێك یان تەنها بۆ سەردانێك، ملی پێوە بنێیت بۆ هەولێر؟! تا دەگەیشتیتە دێگەڵە, تۆمەتباربوویت بە پارتێتی و ڕەنگە سیخوڕی لایەنی ئەوبەر بیت, وەختێکیش دەگەیشتیتە دێگەڵە, ئیتر بە قاسیدێکی یەکێتی دەدرایتە قەڵەم و, دەگەڕان بزانن تەسبیحێکی سەوز, پێنووسێکی سەوز یا هەر شتێکی لەو ڕەنگەت پێ نییە! ئەوەی خوێندکار بووایە لە زۆرێك لەو پرسیار و بگرە و بەردانەی لە بازگەکاندا، ڕووبەڕووی هاتووچۆکەران دەبوویەوە, بەخشرابوو.

کە من هاتم وشەی مۆبایل(mobile) کەس نەیبیستبوو, کە لە کەسوکارت دادەبڕایت, ئیتر دەبوایە چاوەڕوانی یەکێك بیت, لە شارەکەی تۆوە بێت و ڕێی بکەوێتە ئەو شارەی تێیدا دەخوێنیت, سا بەڵکو هەواڵێك, نامەیەك ...ی پێ بێت. کە لە ماڵ دەردەچوویت و بۆ شارێکی تر دەچوویت، ڕێك وەك ئەوە وابوو, لە بازاڕدا خەریکی پیاسەکردن بیت و لە پڕ مەفرەزەیەکی ئاسایش لە لاتدا ئیستۆپ بکات و چاوت ببەستێتەوە و فڕێت بداتە پشتی سەیارەیەکەوە و ئیتر کەس هەواڵێکت نەزانێت . .

کە من هاتم زەمانێکی تر بوو, خەڵکی ئەو کات هەر چاوەڕوانی هاتنی بەهار بوون کەچی زۆرێکیان سەریان سپی بوو و ئەو بەهارە هەر نەهات, زمانحاڵی زۆرینەی خەڵکی ئەم نیشتمانە غەمگینە, ئەو دێڕە شیعرەی (مەحوی)یە:

دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهـاتی

نەهاتی, هەر نەهاتی, هەر نەهاتی

کە من هاتم زانکۆ واتایەکی تری هەبوو, خوێندکاری زانکۆ شتێکی تر بوو, ئەو کات ئەگەر ماڵێك کوڕێك یان کچێکی لە زانکۆ بوایە, بە چاوێکی جیاواز تەماشا دەکرا, هەر کوڵانێك کوڕە خوێندکارێك یان کچە خوێندکارێکی زانکۆی تێدا بووایە خەڵکی دەبوایە بە دەستی بە دەستنوێژەوە پێیدا تێپەڕینایە, کەچی ئێستا ماڵ نیە لانیکەم کوڕێك یان کچێکی لە زانکۆ نەبێت..

بەر لەوەی بێمە زانکۆ، کاتێك باسی زانکۆ دەکرا وێنەیەکم لە خەیاڵدا دروستدەبوو, وام هەستدەکرد ئەو وێنەیەم لە شوێنێکی تر بینیوە, چەند ساڵ دواتر بۆم ڕوون بووەوە, ئەو وێنەیەی لە خەیاڵمدا بۆ زانکۆم کێشابوو, پێشتر لە هیچ شوێنێکی سەر ئەم زەمینەدا نەمبینیبوو, بەڵکو ئەوە وێنەیەکی خەیاڵیی تر بوو کە پێشتر لە زیهنمدا بۆ بەهەشتم دروستکردبوو, وەختی خۆی کە گوێم لە مەلایەك دەبوو باسی بەهەشت و حۆری دەکرد، دەستبەجێ وێنەی شوێنێکی

جوان و ڕازاوەم دەهاتە پێش چاو, تومەز بۆ زانکۆیش هەر ئەو وێنەیەم کێشاوە!

عەیامێکە من لەم زانکۆیەدا لە هاتووچۆدام, زەمانێکە من سەرقاڵی چاندنی خوێم لەم خاکە بێپیتەدا, سەردەمانێکە من ئاو دەکوتم و کا بە بادا دەکەم.. کە من هاتم منداڵی وا کە ئێستا پۆلی یەکەمی سەرەتاییە, نەك هەر لە سکی دایکیدا نەبوو, نەك هەر لە پشتی باوکیدا نەبوو, بەڵکو ڕەنگە ئەو کات پارچەیەك بوبێت لە سێوێك, یان لەتی پرتەقاڵێك بووبێت بە دارێکەوە، دوای ئەوە باوکی لێی کردبێتەوە و خواردبێتی و ئێستاش بوو بێت بەو منداڵە! ئێستا ئەو منداڵە ڕۆژانە خەریکی خوێندنی (دارا دوو داری دی)یە, کەچی منیش هێشتا هەر (دارا دوو داری دی) دەخوێنم, داراکەی من هەزار داری دی و هێشتا هەر هیچی نەدیوە, شەڕی براکوژی دی و هێشتا هەر چەپڵە لێدەدات, براکەی بوو بە قوربانیی و ئێستایش خۆی دەکات بە قوربانیی, داراکەی من بڕیار نییە قەت پێ بگرێت.. داراکەی من ساڵانێکە دارێکی ناشتووە و بە دیاریەوە دانیشتووە, کەچی هێشتا یەك بەرهەمی نەگرتووە و هەر بەتەمایە بەر بگرێ.. کە من هاتم لە عێراقدا نزیکەی سێ چوار دەسەڵات هەبوو, هەر لەم هەرێمەدا دوو حکومەتی جیاواز و نیمچە دەسەڵاتێکیش هەبوو.. لە بەغداد حکومەتێك هەبوو, لە هەولێردا یەکێك و لە سلێمانیشدا یەکێکی تر, لەو ناوچانەی هەڵەبجە و هەورامانیشدا دەسەڵاتێکی لاوەکیی حوکمی دەکرد. .

کە من هاتم حکومەت ئەو کات ساوا بوو, هێشتا بە جوانی زمانی نەپژابوو, کەچی ئێستایش هەر ساوایە, ئێستا زمانی گرتووە, بەڵام جارجار لە کاتی ڕۆیشتنیدا دێت بە لایا!، بیری خۆتان توند بگۆشن و بیرکەنەوە, لەو کاتەوەی من هاتووم تاوەکو ئێستا، چەند نامەی ماستەر دراوە؟ چەند دوکتۆرا وەرگیراوە؟! لە ئەندازە, لە پزیشکی لە کشتوکاڵ, لە ئابوری, لە یاسا و زمان و زانست, یا لە زانستی مرۆیی و...هتد

لەوەیش خۆشتر, کەم نامەی ماجستێر هەیە, بە پلەی (باڵا) یان (زۆرباش) نەدرا بێ, بڕوا ناکەم خۆ تەنها یەك نامەیش هەبێت کەوا قبوڵ نەکرا بێ! بەو پێیە دەبوایە زانکۆ ناوەندێکی ئەکادیمی زۆر بەرز و باڵا بووایە, ساڵانە سەدان لێکۆڵینەوەی زانستیی تازە، لە نێو تاقیگەکانی کۆلێژەکانی پزیشکی, زانست و دەرمانسازییەوە بکەوتنایەتە بازاڕەوە. کەچی من دەبینم ساڵانە، هەروا خوێندکاری پزیشکییە بە لێشاو تەخەڕوج دەکەن, بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەك ببینم, تەنها باجی سەر (سەدرییە)کەی بەریان دەگۆڕێت و لە جیاتی ئەوەی جاران نووسرابوو (خوێندکاری پزیشکی)، ئێستا دەنووسرێت (پزیشك)! ڕۆژانە دونیایەك پزیشك خوێندنی دوکتۆرا(بۆرد) تەواو دەکەن، کەچی لە جیای ئەوەی دەردی ئەم کۆمەڵگایە دەرمان کەن, دەبن بە بار بە سەر شانی خەڵکی داماوی ئەم نیشتیمانە پەرتپەرتکراوەوە, ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەردەرگای کلینیکەکان(عیادە) قەرەباڵختر دەبن و نرخی بلیتی عیادەکان هەڵدەکشێن، کەچی خەڵکی لە جاران نەخۆشتر, دەردەدارتر, خەمۆکتر و بێزارترن! هەندێك لەوانەی بە ناوی پزیشکەوە چارەسەری خەڵك دەکەن, دەبوایە لە شوێنی نەخۆشدا بخەوێنرانایە و لە ژێر چاودێریی پزیشکیدا بوونایە, ئاخر نەخۆش خۆی پێویستی بە دەرمانە نەك دەرمان بۆ خەڵك بنووسێت!

لە سوێندی تەخەڕوجی خوێندکارانی پزیشکیدا هاتووە: "... سوێند دەخۆم ناپاکی لە خەڵکی نەکەم, پیشەکەم بۆ مەبەستی چاکەکاری بەکاربهێنم.." ئایا خەڵك ڕووتاندنەوە, گیرفان پڕکردن, باڵەخانە بەرزکردنەوە لەسەر حیسابی گیرفانی خەڵکی. . خیانەت نییە؟! ئەی قۆڵبڕیی ئیتر بە چی دەوترێت؟!

کۆلێژی کارگێڕیی و ئابووریی ساڵانە چەند خوێندکاری لێ دەردەچێت؟! ئەگەر بەو پێیە بووایە دەبوا ئێستا, ئابووریی ئەم کوردستانە، هاوشانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بووایە، ئێمە تەماتە لە سوریاوە ، بڕوێش لە سوودانەوە, ساوەر لە مالیزیاوەو دۆینەش لە مۆزەمبیقەوە دەهێنین, لە هەمووی خۆشتر

ئەوەیە قات و مراخانی کوردیی لەبەر دەکەین و دەبینین لێی نووسراوە: (made in china) واتە: دروستکراوی چینە! (چین!)

جاران گاڵتەمان بە ڕژێمی بەعس دەکرد, گوایە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، حکوومەتی عێراق، باری یەك کەشتیی دەرزی درووماني بە کووننەکراوی، لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆ هاتووە, نەیتوانیوە کونی بکات و گەڕاندوویەتییەوە, ئێستا ئێمە دەرزییەکەیشمان کونکراوە, پارچە و قوماشەکەیشمان هەیە, دەزوو و تیرەیشمان لە دەرەوە بۆ دێت, کەچی ناتوانین قوماشەکە ببڕین و بیدوورینەوە, خەڵکی تر جلوبەرگمان بۆ دەدوورن!

بیرتان نەچێت کۆلێژی کشتوکاڵ چوار پێنج بەشی تێدایە: باخداریی، بەروبوومی کێڵگەیی, بەروبومی ئاژەڵیی.. ئێمە سێو لە ئێرانەوە دەهێنین, خەیار لە سووریاوە، دۆیش لە تورکیاوە...!

کارگێڕی، ئیشی تەنها بەرهەمهێنانی مرۆڤی پسپۆڕە لە بواری بەڕێوەبردندا, کەواتە: دەبوایە ئێستا هیچ نەبێت پێنج سەد شەش سەد پسپۆڕی بواری بەڕێوەبردنمان هەبوایە, ئەریٚ ئێوە قەت سەرێکتان لە یەکێك لە فەرمانگەکان داوە؟ دڵنیام زۆرتان ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت ئیشێکتان هەر کەوتووەتە یەکێك لەو فەرمانگە زۆرە بێئیشانەی بڕیارە کاری ئێمەومانان بەڕێبخەن. فەرمانگەیەك بۆ نموونە دە ژووری تێدایە, دەچیتە پرسگە، پێت دەڵێت: " بڕۆ بۆ ژووری یەکەم"

- تەق تەق!

+ فەرموو!

دەرگاکە دەکەیتەوە، دەبینیت کچ و کوڕێکی نیمچەپیر _کە هێشتا خۆیان بە گەنج دەزانن _ تریق و هوڕ پێدەکەنن, کوڕە بە لاچاوێك تەماشات دەکات و پێت دەڵێت:

- ها کاکە ئیشت چییە؟!

لەو کاتەدا، ڕێك وا خۆتت دێتە پێشچاو، دەرۆزەکەرێکیت و دەست لەو پاندەکەیتەوە, بە ئەسپایی عەرزوحاڵەکەت دەخەیتە سەر مێزەکەی بەردەمی, بەبێ ئەوەی بیخوێنێتەوە، دەڵێت:

– کاکە ئەمە لە ژووری _ بۆ نموونە _ ژمارە سێیە!

لاحول و لا... دەکەویتە رێ..

+ تەق تەق!

– فەرموو..

دەرگا دەکەیتەوە، دەبینیت دوو کچی سەروو سی ساڵ، خەریکی دەموچاو هەڵگرتنن بۆ یەکتری, یەکسەر گرژ دەبیتەوە و شەرم دەتگرێت و بە ئەسپایی دەکشێیتە دواوە, یەکێکیان بانگت دەکات:

+ ها کاکە بۆ گەڕایتەوە؟ چیت دەوێ؟

تۆیش دووبارە دەچیتە ژوورەوە, هەر کە سەیری وەرەقەکەی دەستت دەکات، بەبێ یەك و دوو، پێت دەڵێت:

– ئەمە لە ژووری شەشەمە، بە دەستی ڕاستدا!

ژووری شەشەم، تەق تەق.. تەماشا دەکەیت کچێك خەریکی میکیاژکردنە. .

– ها کاکە فەرموو..؟ ژووری نۆیەم لە سەرەوە . .

+ تەق تەق.. هەر کە دەرگاکە دەکەیتەوە (أعوذ باللە!)، یەکسەر لە شەرما سوورهەڵدەگەڕێیت و بۆ هەفتەیەك سەر بەو فەرمانگەیەدا ناکەیتەوە!

دوای هەفتەیەك دیسان بەزمەکەیە, بڕۆ بۆ ئەوێ. .

– وەڵڵا کاك فلان لە ژورەکەی بەرانبەرە، ئیشی هەیە!

دوای نیو سەعات چاوەڕوانیکردن، پەتی سەبرت دەپسێت و، لە دەرگای ئەو ژوورەی کاك فلانی تێدایە دەدەیت, دەبینیت بەرانبەر کۆمپیوتەرێك دانیشتووە و خەریکی (پلەیستەیشن)کردنە!

+ کاك فلان!

– ببورە کاکە هەر نیوسەعاتم ماوە، ئێستا دوا قۆناغ دەبڕم و لێدەبمەوە!

سەعاتێ چاوەڕوانی، دوو سەعات چاوەڕوانی.. ئەرێ وەڵلا کاک فلان لە ژوورەکەی هاتەدەر!

+ کاک فلان ئەوە ئەم عەرزوحاڵەم تەنها ئیمزایەکی ماوە، یەک مانگە بە دوایەوەم، ئێستا دەڵێن: دەبێت بەڕێزتان ببینن!

تۆزێك لێت ورد دەبێتەوە و سەیرێکی وەرەقەکەی دەستت دەکات:

– کاکە ئەمە لە قاتی خوارەوەیە!

بە پەلە دەچیتە خوارەوە، دەگەیتە بەردەم ژوورەکە, پۆلیسەکە بانگت لێدەکات:

– بۆ کوێ کاکە، بۆ کوێ؟ هەر لە خۆتەوە مل دەنێیت!

دێی زار بکەیتەوە, یەکسەر پێت دەڵێت:

– کاکە دەوام تەواوبووە، تازە سێ سبەی وەرەوە, چونکە سبەی هەینییە و دووسبەیش شەممەیە دەوام نییە!

ئەمەیش کاروباری کارگێڕیی. .

لەوەتی من هاتومەتە زانکۆ تا ئێستا، دونیایەك شتی سەیروسەمەرە ڕوویانداوە، بە چاوی خۆم چەندین شەرواڵی کورتم بینیوە شۆڕبوونەتەوە, دونیایەك ڕیشی درێژ کورت بوونەتەوە, چەندان سمێڵ زڵ بێ سمێڵ بوون, چەندین قژی ڕووت داپۆشراون, هەندێ جاریش سەرپۆشم بینیوە لابراوە. . تاقە یەك شت کە تا ئێستا نەمدیبێت، گۆڕانی ئەقڵە!

ڕەنگە هەڵەیش بم, چونکە ئاوەز نابێت لە شوێنی خۆیدا بووەستێت, ڕەنگە بەرەو دواوە چووبێت, لێ من مەبەستم گۆڕان بەرەو باشترە!

مامۆستای وام بینیوە, هەموو عیلمەکەی ناو سەری، دابەشکەیت بەسەر شەش نامیلکەدا، پێنج لاپەڕەی تری لێ نامێنێتەوە, کەچی بە هەوەسی خۆی گاڵتەی بە خوێندکار کردووە! مامۆستام بینیوە ڕقی لە هەر خوێندکارێك گرتبێت، پێی وتووە: سوێندم خواردووە، هەتا من مابم نابێت تۆ لە وانەی مندا دەربچیت, کەچی کەسێك نەهاتووە بەو بەڕێزە بڵێت: ئەرێ کاکە ئەو قسەیەی

تۆ دەیکەیت و ئەو حوکمەی تۆ دەریدەکەیت, خوا بە خوایی خۆی، بۆ خۆی بە ڕەوای نابینێت, ئەوەتا ڕۆژانە خەڵکی، جنێوی پێدەدەن و کەچی ئەو، ئێوارانێك ناهێڵێت بە برسێتی سەربنێنەوە!

ڕاگری کۆلێژ هەیە، لە نزیکەوە دەیناسم، بۆ هەر خوێندکارێك خۆی حەزی لێبێت، یان لەسەرەوە ئەمری بۆ دەربکرێت! ئەگەر لە مانگی پێنجیشەوە دەستی بە دەوام کردبێت، ناجیحی دەکات و بە مامۆستا و فەرمانبەرەکانی کۆلێژ دەڵێت: نمرەکەی لێکدانی دوو بکەن بۆ ئەوەی دەربچێت, کەچی ڕقی لە هەر خوێندکارێك بێت، بۆ نموونە ئەگەر بیروڕای ئەو خوێندکارە لە تەك ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەیدا یەکنەگرێتەوە، دەیخات و، ئامادەیە ساڵێك خوێندکارێك لەبەر نیو دەرەجە بهێڵێتەوە و هەرچی تکایەکیشی لێبکەیت، دەڵێت: " دووکەڕەت سێ ، شەش دەکات! "، کەچی هەر ئەم مامۆستا بەڕێزە بە دەست هەندێ خوێندکاری دەستڕۆیشتووەوە، مێکوتی ساوەرە!

خوێندکاری وام بینیوە، هێشتا قۆناغی یەکەمی زانکۆی نەبڕیوە و بۆینباخەکەی مەترێك درێژە و خۆی بە (ژان ژاك ڕۆسۆ) ناگۆڕێتەوە, تا ئێستایش وا دەزانێت (هاوڵاتی) گۆڤارە و، پەیمانگەیش بە یەکێك لە کۆلێژەکانی زانکۆ تێگەیشتووەو, بە کۆمپیوتەریش دەڵێت: کۆمفیوتەر, کەچی بە نیازە لەم ڕۆژانەدا ڕۆمانە تازەکەی بۆ چاپخانە ببات!

من بۆ یەکەمجار لە (١٤/١٠/١٩٩٩)دا، پێمخستە ناو کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سەلاحەددینەوە, وا مانگی پێنجی ساڵی (٢٠٠٧)ە, بڕیارە من ئەمساڵ زانکۆ تەواو بکەم و ببمە پزیشك! هەشت ساڵە من لە زانکۆدام, ڕێك دوو خولی کۆلێژێکی چوار ساڵە لەو شوێنەدا ژیاوم . .

منِ هاتم سەرۆکی زانکۆ پیاوێکی تربوو, ڕاگری زۆربەی کۆلێژەکان، کەسانی تر بوون... ئەگەرچی من ساڵێکیش دوور لە زانکۆ بووم, لێ دوور و نزیك لە ڕێگای چەند دۆستێکمەوە، ئاگاداری هەواڵی ئەوێ دەبووم.. هەشت ساڵە من ئازار دەچێژم, هەشت ساڵە هاوار بە گوێی کەڕدا دەکەم, هەشت ساڵە

له زینداندام.. ئەگەر یەکێك لێم بپرسێت: زانکۆ چی پێ بەخشیت و چی لێ سەندیت؟ لە وەڵامیدا دەڵێم: زانکۆ بڕیارە بڕوانامەیەکم پێبدات، تا پێی بژێم _ نەك خزمەت بکەم، وەك هەندێ کەس حەزیان لێیە ئەو فشەیە بکەن _ لە بەرانبەردا بەهاری عومری لێسەندم! کە هاتمە زانکۆ لایەکی ڕیشم بە تەواوەتی پڕ نەبوبووەوە, کەچی ئێستا تاڵ تاڵ سپی تێدا دەرکەوتووە!

من لە هەشت ساڵی تەمەنی زانکۆدا، باوەڕم هێنا بەوەی، زانکۆ تا ماوە ئەگەر بەم شێوەیە بێت, هەنگاوێك کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە نابات. . حەزدەکەم خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، سەرێکی کتێبخانەی گشتیی زانکۆ بدات و, بە دوای ئەویشدا، سەرێك بکێشێتە یەکێك لە کافتریاکانی هەمان شوێن, ئینجا بە هێواشی، بەراوردێکی ئەو دوو شوێنە بکات. . کتێبخانە چۆڵ, ئەوانەیشی تێیدا دانیشتوون، نیوەیان تاقیکردنەوەیان هەیەو لە ترسانا دەخوێنن _ نەك دەخوێننەوە _و هەندێکیشیان (کەپڵ و مەپڵن!) و شوێنێکی ئارامیان پێویست بووە، تا هەندێ دەردەدڵ بۆ یەکتر بکەن! کافتریا پڕ پڕە لە خەڵك, هەموو پێدەکەنن, کەسیش نازانێت بۆ؟ کچان لەبەر کوڕان و کوڕانیش لەبەر کچان, کاتێکیش لە یەکتر نزیکدەکەنەوە, (مونافیقانە) خۆیان لە یەکتر مۆن دەکەنەوە و بە بێدەنگی، بە لای یەکدا تێدەپەڕن!

ئەزمونی هەشت ساڵی تەمەن لە زانکۆدا ئەوەی بۆ دەرخستم، ژمارەی خوێندەوار لە ناو حەرەمی زانکۆدا، لە پەنجەی دەست تێپەڕنابێت و ئەو دوای خەڵکەکە بەزۆری، یان خوێندەوارییەکی کەمیان هەیە یان هەر نییانە!

بەهەرحاڵ، خۆشحاڵم لە زانکۆ دەردەچم و, کەشکۆڵی عیلمەکەم وەك زۆربەی خوێندکارانی تری زانکۆ، بەتاڵ و حەتاڵە.. خۆشحاڵم خوێندن تەواو دەکەم، لەبەر هیچیش نەبێت، خۆ دڵی دایکم خۆش دەکەم!

کە من هاتم زەمان زەمانێکی تر بوو, ئەو کات خەڵکی هەر چاوەڕوانی بەهاربوون, بەڵام ئەو بەهارە هەر نەهات . .

## هاکە دارەکە دەرچوو!

تێبینی: ئەم بابەتە لە خوارەوە دەستپێ دەکات. .

.... بە هەرحاڵ، باوا دانێین ئەو دارەی باسمانکرد، لە قورقگیدایە!

بە بڕوای تۆ، مرۆڤێك ئەگەر دارێك لە قورگیدا یان لە هەر شوێنێکی هەستیاری تریدا بێت، دەبێت ڕۆژگاری چۆن لە سەر بڕوات؟!

ئەم دارە ڕێگەی هەموو شتێکی لێگرتووە، نە دەتوانێ پڕ بە دڵی خۆی پێبکەنێت، نە پڕ بە دڵی نان بخوات و، نە پڕ بە دڵی بخەوێت، هەر کاتێکیش پڕ بوو لێڕژانی زۆر ئەستەمە. .

ئەم دارەی ئێمە باسی دەکەین، ڕاستییەکەی یەك دار نییە، بەڵکو چەند دارێکە و ئەوانیش لە ڕووی قەبارەوە جیاوازن، هەیانە ئەستوورترە و، هەیشیانە باریکترە، لە ڕووی درێژییشەوە دیسانەوە جیاوازن، جیاوازیی درێژییەکەیان بە مەتر و سەنتیمتر ناپێورێت، بەڵکو بە گرێکانیاندا دەزانرێت کامیان لەویتریان درێژترە . .

داری وا هەیە دوو گرێیە، هەیە چوار گرێیی، هەیە پێنج گرێیی و، هەیشە شەش گرێیە . .

نێوان هەر گرێیەك بۆ ئەویتر یەك ساڵی ڕەبەقە، ڕەنگە بە لاتانەوە سەیر بێت، با زیاتر ڕوونی بکەمەوە: دەبێت هەموو هەوڵی خۆت بخەیتە کار بۆ ئەوەی بتوانیت لە ماوەی ساڵێکدا، گرێیەك لە گرێیەکانی ئەو دارە لە قوڕگت بهێنیتەدەر، واتە: دارە دوو گرێییەکە بە دوو ساڵ و، چوار گرێییەکە بە چوار ساڵ و، شەش گرێییەکەش بە شەش ساڵ، لە قوڕگت دەردەچێت . .

پێدەچێت بچووکترین هەڵە، ببێتە مایەی ئەوەی ساڵێکی تر بچێتە سەر عومری ئەو گرێیە، بۆ نموونە ڕەنگە دارە شەش گرێییەکە بە حەوت یان هەشت

ساڵ و یانیش زیاتر دەربچێت. . دووریش نییە، کەسێك بمرێت و ئەو دارە هەر لە قورگیدا بێت!

بوونی ئەو دارە لە قورگی مرۆڤەکەدا، ئارامی لەبەر هەڵدەگرێت و، تا دەرچوونی دوا سەنتیمەتری کۆتا گرێ، ئەو کەسە ناتوانێت ساتێك، بە بێ ئازار دابنیشێت. .

بە بڕوای ئێوە، ئەگەر مرۆڤێك نزیکەی شەش ساڵ و یانیش زیاتر دارێکی لە قورگدا بێت، دوای چەندێك لە دەرچوونی ئەو دارە، برینەکانی قورگی ساڕێژ دەبن و دەتوانێت بکەویتەوە قسەکردن؟!

ئایا لەگەڵ دەرچوونی دارەکەدا، خوێن بەربوونێك ڕوو نادات، کە مرۆڤەکە لە مەرگ نزیك بخاتەوە؟!

خوێنەری ئازیز ڕەنگە هەندێك ماندووم کردبیت، بەر لەوەی جنێوێکی مزرم پێ بدەیت و تفێك لە ناونیشانی بابەتەکەم بکەیت و کتێبەکە تووڕهەڵدەیت، با خۆم گرێی ئەو دار و گرێیانەت بۆ بکەمەوە . .

ئەگەر شارەزای نووسینەکانی (بەدیعوززەمان سەعید نوورسی) بیت، یان تەنانەت بۆ تەنها جارێك یەکێك لە پەیامەکانی نوورت گرتبێت بە دەستتەوە و، بە خێرایی چاوت پێداخشاندبێت، لەم جۆرە لێکچواندنانەت زۆر بەرچاو دەکەوێت _ لەگەڵ جیاوازیی ئەم نووسینە لەتەك پەیامەکانی نووردا، کە ئەوان باسێکی قووڵتر و پیرۆزتر دەگێڕنەوە _.

ئەو مرۆڤەی دارەکەی لە قورگدایە، خوێندکاری زانکۆیە، دارەکەیش خوێندنی زانکۆیە (یان ئەو کۆلێژەیە کە خوێندکارەکە تێیدا دەخوێنێت)، گرێیەکانیش ئەو ساڵانەن کە بۆ خوێندنی زانکۆ _ یان پەیمانگا _ دانراون ، بۆ نموونە دارە دوو گرێییەکە، پەیمانگایە، چوار گرێییەکە کۆلێژە چوار ساڵییەکانە، پێنج گرێییەکە کۆلێژە پێنج ساڵییەکانە و شەش گرێییەکەیش کۆلێژە شەش ساڵییەکانە .

وا بزانم لە هەموو دونیادا، تەنها کۆلێژی پزیشکی خوێندن تیایدا شەش ساڵە، لە وڵاتی خۆماندا ئەم شەش ساڵە بۆ بەفیڕۆدانی تەمەنی خوێندکار نەبێت بۆ هیچی تر نییە، بەهرەی تەمەنی گەنجەکان لەو شەش ساڵەدا بە بەلاش و حەلاش بەفیڕۆ دەدرێت، ڕەنگە سەرت سووڕ بمێنێت لەم قسەیە و بڵێیت چۆن وایە؟! ئەو خوێندکارە سبەی دەبێت بە پزیشك و گیانی هەزاران کەسی دێتە بەردەست!

نکوولّی لەو پرسیارەی بەڕێزتان ناکەم، وەلێ ئەگەر چاوێك بە ئیش و کاری خوێندکاری پزیشکییدا لە دوای تەخەڕروج بخشێنێت، ئەوجا دەزانیت نیوەی ئەو شەش ساڵەش زیادەیە!

ئەم قسەیە بۆ گشت کۆلێژەکانی تریش هەر ڕاستە، خوێندکارێکی بەشی فیزیا _ بۆ نموونە_ ، چوار ساڵ بە خوێندنی گەرد و گەردیلەوە سەرقاڵ دەکرێت، کەچی هێندەی کەسێکی کە دوو کتێبی باشی دەربارەی گەرد (ذرّة_Atom) خوێندبێتەوە، لێنازانێت، بۆ؟ چونکە ئەو کەسەی دوو کتێبەکەی خوێندووەتەوە، بە حەزی خۆی ئەو کارەی کردووە و کەس زۆری لێی نەکردووە، لە ترسی تاقیکردنەوەیشدا نەیخوێندووەتەوە، بەڵکو بۆ زانیارییوەرگرتن خوێندوویەتییەوە، کەچی ئەوەی لە زانکۆ دەیخوێنێت، تەنها لە ترسی تاقیکردنەوەدا و بۆ لەکۆڵکردنەوە دەیخوێنێت، لە کاتێکدا بابەتی گەرد(Atom) باسوخواسێکی جیهانیی زۆر گرنگە، لە دونیادا ڕۆژ نییە قسەی لەسەر نەکرێت، بە تایبەتی دوای دروستکردنی بۆمبی گەردیلەیی( Atomic bomb) و بەکارهێنانی لەلایەن ئەمریکاوە دژی ژاپۆن، لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا.

لە دونیادا ئەگەر کەسێك شارەزای بواری گەرد بێت، ئیتر هەم جێگەی گرنگیپێدان و هەم جێگەی مەترسیشە، زۆر نییە زانایەکی پاکستانیی پسپۆڕی بواری ئەتۆم، ڕووبەڕووی دادگا و هەڕەشە بوویەوە، کاتێك تۆمەتی ئەوەی درایە پاڵ کە گوایە زانیاری ناوەکیی داوەتە وڵاتی ئێران. کەچی لە وڵاتی

ئێمەدا، سەدان کەس بەشی فیزیا تەواو دەکەن و زانیارییەکەیان باری حوشترێك نییە، ڕەنگە کەسێك هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆراش بێت لە بواری گەرددا، وەلێ زانیارییەکەی سنووری لاپەڕەی کتێبەکان تێناپەڕێنێت، لەمەیشدا بەرپرسیاری پلە یەك، خوێندکار نییە، هۆکاری سەرەکیی ئەم کێشەیە، ئەو پرۆگرامە ئیفلیجەی خوێندنە کە خوێندکارەکەی لەسەر پەروەردە دەبێت، عەقڵێکی هەڵکەوتوویش نییە هاوارێك بە گوێی ئەو هەموو کەڕەدا بکات، هەر چەند نازانم دەبێت کێ هاوار بە گوێی کێدا بکات؟! چون وەك پەندە عەرەبییەکە ئێژێت: "*فاقد الشّئ لايُعطيه*"، واتە: (کەسێك شتێکی پێنەبێت، ناتوانێت بیبەخشێت)، لەم وڵاتەدا یەکێك شك نابەم جێگەی دڵپێخۆشکردن بێت و بتوانێت لە گەورەیی و جوانی و زانیاریی خۆی ببەخشێت، تۆ دەبینیت کابرا چەندساڵ لافی فەیلەسوفبوون لێدەدات، کەچی لە پڕ دەستدەکات بە جنێودان و دەربارەی سفتەکە جگەرە و پاکەتە شقارتە بابەتنووسین!

نازانم کێ هاوار بەگوێی کێدا بکات؟! ئێمە هەموومان قسە دەکەین، هەمووومان هاوار دەکەین و، کەچی هەر هەموویشمان کەڕین، هەر هەموویشمان گوێمان هیچ نابیستێت!

ئێوە قەت بیرتان کرووەتەوە لە خوێندکارێکی بەشی ماتماتیك؟! تۆ بڕوانە ئەو بەدبەختە چوار ساڵی ڕەبەق _ ئەگەر هەموو ساڵێکیش دەرنەچێت _ هاوکێشە شیکار دەکات و (س) لەگەڵ (ص)دا ئاشتدەکاتەوە و (X) لە جێی (Y) دادەنێت و شەو تا بەیانی ناخەوێت، زۆرجار دوو کاتژمێر خەریکی شیکارکردنی هاوکێشەیەکە کەچی ئەنجامەکەی دەکاتە هیچ(سفر)! چوار ساڵ شەو و ڕۆژ هەڕەشەی لێدەکرێت، ها دەی خوا ئەمساڵ نەکەوم، تۆ بڵێی ئەمساڵ یاسای پەڕینەوە(عوبور) پەیڕەو بکرێت، دەی خوایە عوبور لە یەك دەرسییەوە ببێت بە دوو دەرسی... دەبینی دوای چوار ساڵەکە بڕوانامەیەکی لە بەشەکەی خۆیەوە پێدەدرێت، یەڵلا تێیتەقێنە بۆ پەروەردە و، بە هەزار واسیتە و تەزکییە لە خوێندنگایەکدا دادەمەزرێت و دەبێت بە مامۆستا، ئینجا داخی ئەو چەند

ساڵە وشك و ڕەق و ناخۆشەی تەمەنی زانكۆیی خۆی، بەسەر ئەو قوتابییە داماوانەی ژێر دەستیدا دەڕێژێت، پرسیاری گران و قسەی ناشیرین . . .

ئەو قوتابیانەش دیسان بە هەمان بەزمدا دەڕۆن و نەفسی تاس و نەفسی حەمام . . بە هەمان پەیژەدا كە وەختی خۆی مامۆستاكەیان پێیدا ڕۆیشتووە سەردەكەون و. . بڕیار نییە ئەم بازنەیە تا مردن بكرێتەوە، كەسێكیش نییە بپرسێت: پێم ناڵێن ئەم گاڵتەجاڕییە، تاكەی درێژەی دەبێت؟!

باشە زانستی بیركاری(Mathematics) لە بنەمادا بۆچی دانراوە؟ بۆ ئەزیەتدانی مێشك یان بۆ ئامانجێكی گەورەتر؟ ئایا ئەگەر (فیثاگۆرس) بیزانیایە بیركاری دەبێتە چەكێك و خەڵكی پێ گێل و گەمژە دەكرێت، تفی لە بیردۆزەكانی خۆی نەدەكرد؟! باشە چ حیكمەتێك لەوەدایە مامۆستایەك، تەختەڕەشێك پڕبكاتەوە لە(س) و (ص) و (س+ص=١) و. . . پاشان بیسڕێتەوە و، لە تاقیكردنەوەیشدا پرسیارێكی سەخت بهێنێتەوە و دونیایەك قوتابی تووشی نەخۆشیی دەروونیی بكات؟! ئەی نابێت ئەم كارە خزمەتێك بە مرۆڤ بگەیەنێت؟ ڕەنگە زۆرێكمان وا بزانین لە هەموو دونیادا بیركاری هەروا دەخوێنرێت، بێئاگا لەوەی هەموو سیستەمەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و مۆبایل و... بە پێی یاساكانی ماتماتیك دەڕۆن بەڕێوە، كەچی ئێمە لە بواری كردارییدا هیچی لێنازانین!

كۆلێژی یاسا، بڕیارە خەڵكی یاسایی بەرهەم بهێنێت، بیستوومە لەو كۆلێژەدا مامۆستای وا هەیە خاوەنی بڕوانامەی دوكتۆرایە، كەچی لە هەر خوێندكارێك تووڕە بێت، بە زمانی هەڕەشە لەگەڵیدا دەدوێت و وەك سەرۆك خێڵ دێتەگۆ. .!

بەبڕوای من زانكۆ و ژیانی زانكۆیی لە وڵاتی ئێمەدا، هیچ نییە جگە لە بێزاری و بێمانایی بۆ هەندێك و، كەیف و ڕابواردن و هەڵپەڕكێ بۆ هەندێكی تر، ئەوەی لەو نێوەندەدا نەبێت، مەعریفەیە!

دەبینیت خوێندکارێك بەشی عەرەبی تەواو دەکات، هێشتا نازانێت (مَبني للمَجهول)ی فیعلی (قالَ)، چییە؟ لەوانەیە وا بزانێت (قوّل)یە!

خوێندکارێك کوردی تەواو دەکات و، لەم بەیتە شیعرەی (مەحوی) تێناگات:

ناوی زەنەخـــدانت لـە نـاو بـاخی بەهشتــا بێتە نێو
باخەوان ڕوو وەردەگێڕێ هەر زوو بە زوو بۆ تف لە سێو

کۆمەڵناسی تەواو دەکات و نازانێت نووسەری کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کێیە؟ یان ڕەنگە وا بزانێت (دۆرکهایم) برازای (ژان ژاك ڕۆسۆ)یە!

دەروونناسی تەواو دەکات و نازانێت (سیگمۆند فرۆید) لە بارەی نەستەوە چی وتووە؟ یان تیۆری شیکاری دەروونیی(psychoanalysis_التّحليل النفسي) باس لە چی دەکات؟!

کشتوکاڵ تەواو دەکات و نازانێت خواردنی کەرەوز کاریگەری زیاترە لەسەر سێکس یان مەعدەنووس؟!

هونەرەجوانەکان تەواو دەکات و نازانێت (لیۆناردۆ داڤینشی) مۆسیقارە یان وێنەکێش؟

بایۆلۆژی تەواو دەکات و نازانێت (مەندڵ) چی وتووە و مۆرگان کێیە؟

پزیشکی تەواو دەکات و ناتوانێت چارەسەری قەبزیی (constipation) بکات و، نازانێت (anal atresia) مانای چییە؟!

یاسا تەواو دەکات و یەکجاریش دەستووری عێراقیی نەخوێندووەتەوە . . !.

هەر زوو گووتومە، زانکۆ هەقبوو ناوبنرایە (فشکۆ) یان (نمایشکۆ)! بە کورتی و بە کوردی لە وڵاتی ئێمەدا زانکۆ، تەنها جێگەی کوشتنی، کات و جوانی و تەمەنی مرۆڤە .

زانكۆ دارێكی چەند گرێییە و بە گەرووی خوێندكاردا چووەتە خوارەوە، هەر گرێیەكی ئەو دارە بە ساڵێك دەردەچێت، ئەوەی من شوكر دوا گرێیە و هاكە دارەكە بە تەواوی دەرچوو!

*     *     *     *

بە خەیاڵ بیهێنە بەر چاوت، مرۆڤێك بە ڕووتوقووتی بە ناو جەنگەڵێكدا ڕێدەكات، لەپڕ چاوی بە دڕندەیەك دەكەوێت بەرەوڕووی دێت، دڕندەكە زۆر دوورە، ڕەنگە هەر تەنها خەیاڵی كابرا خۆیشی بێت، مرۆڤەكە هێواش هێواش پاشەوپاش دەگەڕێتە دواوە، هێشتا بە تەواوی بە خۆی نەكەوتووە ڕابكات، یەك دوو هەنگاو بە بەگ(back)دا دێت، لە پڕ دەكەوێت بە سەر دارێكدا، وەختێ بە ئاگا دێتەوە دەبینێت دارێك چەقیوە بە شوێنێكیدا، دارێكی چەند گرێیی . . . .

## تێکەڵاویی کوڕان و کچان لە نێوان دووبەرداشی( دەستارێک )دا[٦]

دەربارەی گرفتی نووسین و خوێندنەوە لای خوێنەری ئەم وڵاتە

لەم وڵاتە بێسەروبەرەی ئێمەدا، کە قەڵەمەکان زۆر بوون و کەسیش تاقەتی خوێندنەوەی نەماوە، بە دەردی یەکێک لە برادەران دەڵێت: " من هەر بە دوای وێنەی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەگەڕێم تا سەیرێکیان بکەم، دەنا هیچیان لێناخوێنمەوە ". بەڕاستی ئەمڕۆ هەموومان وامان لێهاتووە، هەموو هەر قسە دەکەین، بێئەوەی کەسمان گوێ بگرین، لەم وڵاتەدا ئەگەر تۆ بتەوێت شتێک بنووسیت، دەبێت یان سەر بە بەرەی فلان بیت یان دیلی بیرۆکەی فیسار!

کەسێك پێش ئەوەی نووسینێك بخوێنێتەوە، پرسیار دەربارەی نووسەرەکەی دەکات کە کێیە و هەڵگری چ ئایدۆلۆژیایەکە؟ پاشان سەیری ئەو بڵاوکراوەیە دەکات کە بابەتەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئینجا بڕیار دەدات بیخوێنێتەوە یان نا! ئەمانە هەندێ لەو کێشانەن کە زۆرجار وا دەکەن مرۆڤ لە هەر هەوڵێکی نووسین ساردببێتەوە. تۆی خوێنەر هەوڵبدە ئەم بابەتە بە چاوێکی بێلایەنانەوە بخوێنیتەوە، ئینجا بریاری باشی و خراپی بەسەردا بدە، بە تکا!

---

٦. ڕۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ)، ژ: (٩)، نیسانی ٢٠٠٣ .

## ڕاڤەکردنی وشەی زانکۆ

زانکۆ وشەیەکی لێکدراوە، لە هەدوو وشەی (زانست و کۆکەرەوە) پێکهاتووە، بە مانای ئەو شوێنە دێت کە زانستە جیاوازەکانی تێدا کۆکراونەتەوە، زانکۆ لە زمانی کوردیدا بەرانبەرە بە (دانشگا)ی فارسی و (الجامعة)ی عەرەبی .

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ناوەڕۆکی زانکۆکانی وڵاتی خۆمان ئەو مانایەیان لە دەستداوە، بۆیە دەکرێت لە جیاتی زانکۆ بڵێین (نمایشکۆ) یان (فشکۆ)، چونکە زانکۆکانمان خەریکە دەبنە جێگای خۆنمایشکردن و فشەلێدان و جلوبەرگ گۆڕین!

دەشێت مرۆڤی وردبین هەر لە سەرەتای پەیدابوونی بیرۆکەیەکەوە، پیشبینیی پاشەڕۆژی ئەو بیرۆکەیە بکات، زانای بەناوبانگی میسری (شێخ عەبدولحەمید کوشك) دەڵێت: لەوەتەی (جامع)ی ئەزهەر (ة)ی کۆتایی بۆ زیادکرا و بوو بە (جامعة)ی ئەزهەر، مرۆڤی ژیر دەیزانی بەو دەردە دەچێت کە ئەمڕۆ دەیبینین!

لێرەدا باسی وردەکارییەکانی بێسەروبەری زانکۆ ناکەم، تەنها دەمەوێت باس لە کێشەیەك بکەم کە کۆمەڵێك خەڵك لێرە و لەوێ قسەی لە بارەوە دەکەن و هەندێ جاریش شتی سەیر و سەمەرە لەو بارەیەوە دەوروژێنرێت، ئەم باسەش ڕوونکردنەوەیەکی کورتی قازانج و زیانەکانی تێکەڵاوی کوڕ و کچە لە شوێنێکی وەك زانکۆ، یان هەر ئاستێکی تری خوێندندا .

## دوو بۆچوون دەربارەی تێکەڵاوی لە ناوەندەکانی خوێندندا

لەم نووسینەدا، بۆچوونی دوو گروپ یان دوو بەرەی جیاواز لە بارەی تێکەڵاوی کوڕو کچەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا دەخەمەڕوو، بۆچوونی هەر بەرەیەکیش ڕوون دەکەمەوە:

بەرەی یەکەم: کەسانێکن قۆناغی (مۆدێرنە) و (پۆست مۆدێرنە)شیان تێپەڕاندووە، بێئەوەی بزانن پێناسەی وشەی (مۆدێرن) بکەن! ئەم بەرەیە بەرانبەر هەر دەنگێك کە لە ئاست ئەم گۆمە وەستاوەدا بە نیازی شڵەقاندنی بەرزببێتەوە، قوت دەبێتەوە و بە دەیان تۆمەت تاوانباری دەکات (توندڕەو، دواکەوتوو، خیانەتکار، ناحەز. . .)

ئەم بەرەیە پێیان وایە تێکەڵاوی کوڕ و کچ لە هەموو ناوەندەکانی خوێندندا پێویستە و، ئەم تێکەڵاوییە کاریگەریی ئیجابیی لەسەر پرۆسەی خوێندن هەیە، بە بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستییان بە دەستەوە بێت، ئاشکرایشە چ نەفسییەتێك لە پشت ئەم بۆچوونانەوە خۆی حەشار داوە!

بەرەی دووەم: خەڵکانێکن کە بەپێی پێناسەی بەرەی یەکەم بێت، دواکەوتوون و چاویان بەرایی نادات سەیرێکی ئەم هەموو پێشکەوتنە ماددی و مەعنەوییەی کۆمەڵگای کوردی بکەن!

ئەم گرووپە دەڵێن: تێکەڵاوی کوڕ و کچ زیانی زیاترە لە قازانجی و، بەڵگەی زۆریشیان پێیە، ئەوان دەڵێن: ئەوەتا دوای دەیان ساڵ ئەزموون، ئێستا هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گەیشتوون بەو باوەڕەی هەردوو ڕەگەز لە ناوەندەکانی خوێندندا لە یەکتر جیا بکەنەوە، بەتایبەت لە چەند ویلایەتێکی ئەمریکادا جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە ناوەندەکانی خوێندندا بە کردارییی جێبەجێکراوە .

من بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونی گروپی دووەمدام و دەشزانم ئەم بیروڕایانەی لێرەدا دەیانخەمەڕوو، پێش منیش چەندین کەسی تر ئاماژەیان پێداوە، بەڵام وەك شاعیرە عەرەبەکە دەڵێت: " لَقد أسمَعتَ لو نادیتَ حیاً و لکن لا حیاةَ لمن

تُنادي"، واتە: " ئەگەر بانگت لە زیندووان بکردایە، تا ئێستا گوێیان لێت دەبوو، بەڵام ئەوەی تۆ بە گوێیدا هاوار دەکەی ژیانی تێدا نییە.."، ئایا هاوارکردن بە گوێی کەسێکدا کە کاسەدەماری ژمارە هەشتی بچڕابێت سوودی هەیە[٧]؟!

## زیانەکانی تێکەڵاوی هەردوو ڕەگەز لە ناوەندەکانی خوێندندا:

١. نێر(male) و مێ(female) دوو درووستکراوی خودان، لە هەموو ئایینە ئاسمانییەکاندا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە ئەم دوو کائینە سەرەتا لە یەکەوە پەیدابوون، قسەیەکی گەورە فەیلەسووفی مێژووی مرۆڤایەتی (ئەفلاتۆن) لەم بارەیەوە هەیە دەبێژێت: " پیاو و ژن سەرەتا یەك زات بوون، خواوەندەکان لە یەکتریان جیاکردنەوە و کردنیان بە دوو مرۆڤی سەربەخۆ، هەر یەکێك لەوان لەو کاتەوە تا ئێستا و بۆ تا ئەبەدیش هەر بەدوای دۆزینەوەی ئەویتریانەوەیە، چونکە نیوەی ونبووی خۆیەتی، کە دەبینی هەر ڕەگەزێك مەیلی بۆ ڕەگەزی بەرانبەر هەیە و حەز دەکات پێی بگات، ئەوە مەیلی گەیشتنە بە نیوە ونبووەکەی خۆی، نەك کەسێکی ترا ". کەواتە بوونی ئەم دوو ڕەگەزە لە یەك مەڵبەندی ڕۆشنبیریدا، بیری هەر یەکێکیان بەوی ترەوە خەریك دەکات.

٢. تەمەنی خوێندکاری زانکۆ، لە نێوان (١٨-٣٠)ساڵدایە، دەگمەنە بگاتە سی ساڵ، زانستی دەروونناسی پێمان دەڵێت ئەم تەمەنە ترۆپکی شور و هەڵچوون و وەرگرتنە، لە هەمان کاتیشدا تەمەنێکە مرۆڤ هێشتا لە ڕووی دەروونییەوە جێگیر نەبووە و ناسکترین شت تێیدا ڕوودات کاریگەریی لەسەر مێشك دەبێت، سەرەڕای ئەمانە لەم تەمەنەدا غەریزەی سێکسی و مەیلی گەیشتن بە ڕەگەزی بەرانبەر دەگاتە ئەوپەڕی، کاتێك ئەم دوو کائینە لەم تەمەنە

---

[٧] کاسەدەماری ژمارە هەشت کە پێی دەگووترێت vestibulocochlear nerve بەرپرسە لە بیستن و ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەش، پچڕانی ئەم دەمارە دەبێتە هۆی کەڕبوون و ناهاوسەنگی لەشی مرۆڤ.

هەستیارەدا پێکەوە دەبن، بە دڵنیاییەوە هەر یەکێکیان کاریگەریی لەسەر دەروون و مێشکی ئەوی تر جێدەهێڵێت، ئەمەش وا دەکات مێشکی خوێندکار لە جیاتی ئەوەی بەوەرگرتنی زانستەوە خەریکبێت، بە بیرکردنەوە لە ڕەگەزی بەرانبەرەوە خەریکدەبێت، بەردەوام بیر دەکاتەوە چۆن سەرنجی بەرانبەرەکەی ڕابکێشێت؟ هەر ڕۆژەی بە دیکۆرێ خۆی دەڕازێنێتەوە، هەر ڕۆژە بە جلوبەرگێکی نوێ و مۆدێکی تازەوە دەردەکەوێت. لە کاتێکدا بڕیارە زانکۆ ناوەندێك بێت بۆ زانیاری وەرگرتن، نەك پێشانگایەك بۆ خۆنمایشکردن. . ئەمڕۆ خوێندکاری زانکۆ لە ڕووی دیکۆرەوە عەیبی نییە، بە هەموو ڕەنگێک نەخشێنراوە، بەڵام لە زانیاری مەپرسە، خاوەنی دەروونێکە خاڵی لە عیلم، بەتاڵ لە هەر جۆرە خولیایەکی بەرز، خوێندکاری زانکۆ ئەمڕۆ ئامانجێکی بەرزی نییە لە پێناویدا تێبکۆشێت، هەموو ئاواتێکی ئەوەیە ڕۆژ هەڵبێت و زوو بگات بە خۆشەویستەکەی، یان بە تەعبیری خۆی (کەپلەکەی)! (فاروق ڕەفیق) دەڵێت:" خوێندکاری زانکۆ خوێندن تەواو دەکات، کەچی ناتوانێت مەقالێك بنووسێت! "، ئەو ڕاستدەکات، نەك هەر ئەوە بەڵکو خوێندکاری وا هەیە زانکۆ تەواو دەکات کەچی نازانێت دوو قسەی ئاسایی لە شوێنێکی قەرەباڵغدا بکات، فێری مامەڵەکردن نەبووە، نازانێت چۆن لەگەڵ دەرودراوسێدا هەڵسوکەوت بکات!

٣- کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی داخراوە، کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسقان موحافیزکارە، ئایین و داب و نەریت لە ناخی تاکەکانیدا ڕیشەیان داکوتاوە، حەز دەکەم نموونەیەکتان، کە زۆر سەرنجی خۆمی ڕاکێشاوە، بۆ بگێڕمەوە: چەند مانگێك لەمەوپێش لە کۆڕێکدا برادەرێکیان پیشاندام، وتیان ئەو پیاوە دەناسی؟! هەرچی نیری خۆم گووشی، نەکەوتە بیرم قەت پێشتر لە هیچ شوێنێکدا بینیبێتم، بەڵام وای بۆ چووم کەسێکی ئایینی و بگرە ئوسوڵیش بێت، چونکە کاتێك بینیم هاوسەرەکەی لەگەڵدا بوو، بە جلوبەرگی هاوسەرەکەیدا کە حیجابێکی شۆڕی پۆشیبوو و لەچکێکی توندیشی بەسەرەوە

بوو، وتم ئەمە هەبێ و نەبێ سەر بە پارتێکی ئیسلامییە، سەرەڕای ئەوە کابرا توند خۆی بە هاوسەرەکەیەوە نووساندبوو و بە چرکە لێی دوور نەدەکەوتەوە (نەبادا بخووڕێت!)، هاوڕێکەم بە ئەسپایی پێی وتم: " حەز دەکەی بزانی ئەم بەڕێزە کێیە؟! "، بە تامەزرۆییەوە وتم: " ئەرێ وەڵڵا زۆریش! "، وتی: " ناوی فلانە کەست بیستووە؟ "، ئەو کەسەی ئەو وتی ناویم بیستبوو، ژنەفتبووم لە زۆر کۆڕ و بۆنەدا دادەبەزێتە سەر ڕەوشتدا و، ئایین بە دواکەوتوویی وەسف دەکات و گاڵتەی بە داب و نەریت دێت، بیستبووم ئەو کەسە بانگەواز بۆ سەربەستیی ئافرەت دەکات و بڕوایشی بە ئازادی سێکسی هەیە، وتم: " ناشێت ئەمە ئەو کەسە بێت؟! "، هاوڕێکەم وتی: " لەم کۆمەڵگەیەدا هەموو شتێك دەشێت، بۆ ناشێت؟! " کۆمەڵگەیەك ئەمە حاڵی بانگەشەکەرانی ئازادیی سێکسی بێت تێیدا، چاوەڕێ دەکەیت خەڵکە ئاساییەکەی چۆن بن؟! خەڵکێك کە تا ئێستاش سوێند بە ناموس و شەرەفیان دەخۆن!

لەم کورتە باسەی سەرەوەوە دەگەین بەو دەرئەنجامەی خوێندکار لە زانکۆدا دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشی دەستاڕێکەوە:

*بەرداشی یەکەم* : حەز و ئارەزووی دەروون، مەیلی گەیشتن بە ڕەگەزی بەرانبەر کە بەهێزترین غەریزەیە و لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە .

*بەرداشی دووەم* : کاریگەریی داب و نەریت و بەها و ڕەوشتێك کە لە منداڵییەوە لە ناخیدا ڕیشەی داکوتاوە و بە ئاسانی ناتوانێت فەرامۆشی بکات .

دەبینی کاتێك کوڕێك سەیری کچێك دەکات، یەکسەر غیرەتی ئەوەی نەبادا کەسێك سەیری خوشکەکەی بکات وای لێدەکات هیچ نەبێت ئیستێك بکات و ماوەیەك بە داڵغەدا بچێت! بۆیە ئەمانە وا لە خوێندکار دەکەن بەردەوام لە دوو دڵیدا بژێت، ئەوەی باسمانکرد تەنها پەیوەست نییە بە کەسێکەوە کە زۆر بە ئایینەوە پابەندە، بەڵکو کەسی بێباوەڕیش هەروایە، جیاوازییەکە تەنها ئەوەیە کەسانی دیندار توند ترن .

لێرەوە دەگەین بەو ئەنجامەی تێکەڵیی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لە ناوەندەکانی خوێندندا زیان بە ڕەوتی خوێندن و هەروەها بە دەروونی خوێندکاریش دەگەیەنێت و، ئەوانەشی بانگەواز بۆ تێکەڵاوکردنی هەردوو ڕەگەز دەکەن، پشتیان بە هیچ بنەمایەکی زانستی نەبەستووە، بەڵکو ئامانجی تریان هەیە و پاڵنەریشیان بۆ ئەم کارە لەم دوو شتە بەدەر نییە:

. چاولێکەریی کوێرانە بۆ ڕۆژئاوا و بێگانە .

. ئارەزووی دەروونیی خۆیان ڕێگەی خۆشکردووە بۆیان .[8]

---

8

. دوو بابەت لە ژمارە (١٠)ی هەمان ڕۆژنامەدا وەك وەڵامێك بۆ ئەو نووسینەی سەرەوەی من بڵاوکرابوونەوە، لێرەدا من هەردوو بابەتەکە وەك خۆی بەرچاوی خوێنەر دەخەم و، بە دوایشیاندا وەڵامەکەی خۆم کە بۆ هەریەك لەو دوو بابەتەم نووسیبوو، دەخەمەڕوو:

## تێکەڵاوی کوڕ و کچ لە زانکۆدا

## لە نێوان زەرورەتێکی کۆمەڵگەی کوردەواری و دوو بەرداشی دەستاڕەکەی کاك( هێمن خورشید )دا

محمد عەبدولکەریم _ زانکۆی سەلاحەدین

ماوەیەکە لە ڕووی لاپەڕەکانی (خوێندنی لیبراڵ)دا، کۆمەڵە بابەتێکی گەرم بەرچاو دەکەون لەمەڕ مەسەلەی پەیوەندیی ئازادی سێکسی لە نێو قوتابیانی زانکۆدا، لە لایەکی تریشەوە لە لاپەڕەکانی بڵاوکراوەی (داهێنان)ی (یەکگرتووی قوتابیان)دا کۆمەڵە بابەتێکی تر دەنووسرێن کە داوای جیاکردنەوەی کوڕانی قوتابی دەکەن لە کچان لە ناو حەرەمی زانکۆدا .

کاك (هێمن خورشید)یش وەك حەکەمێك لە ژمارە(٦)ی (خوێندنی لیبراڵ)دا، هەوڵدەدات ئەم دوو بەرداشە ڕاگرێت و قوتابی ئازاد بکات، بەڵام لە کۆتاییدا تەسلیمی بەرداشی (موحافیزکاران) دەبێت. بە پێویستم زانی ڕۆڵی حەکەم ڕاست بکەمەوە و بێلایەنانە چەند قسەیەك بڵێم. بە بۆچوونی من ئەوانەی داوای تێکەڵاوی ڕەهای کوڕان و کچان دەکەن تا پلەی ئیباحییەت و (سێکسی ئازاد)، ئەوانە عوقدەی سێکسییان هەیە و، ئەگەر واقیعییانە سەیری ژیان بکەن، خاوەنی ئەو هەڵوێستە نابن کە (١٠٠٪) غەریزەی سێکسی پاڵنەرێتی، گرووپی دووەمیش کە موحافیزکارن و بە هەموو چەشنێك دەیانەوێ کوڕ لە کچ جیا بکەنەوە، ئەوانیش عوقدەی (غیرە) یان هەیەو بە بەرگی (ئایین) دایدەپۆشن.

نووسەر بەدەر لە هەر ئینتمایەکی سیاسی و فکری کە هەیبێت، پێویستە لە کاتی نووسینێکی ئاوا چارەنووسسازدا، واقیعییانە بڕوانێتە مەسەلەکان، ئینجا ئەم بابەتەش پێویستە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی بۆ بکرێت، نەك هەر کەسێك لە خۆیەوە بە کاردانەوەیەك چەند بەردێکی تر بخاتە گۆمەکە و شێلووتری بکات، لەم سۆنگەیەوە هەوڵدەدەم لە چەند وتەیەکدا تان و پۆی ئەو بابەتە دیار بکەم و هەندێك لە تەمومژەکان بڕەوێنمەوە.. ئاشکرایە پیاو و ژن (نێر و مێ) تەواوکەری یەکترین و بە بێ یەکتری ناژین، سنووره ڕێگرەکانی سێکسی ئازاد لە ئایینی کۆمەڵگای ئێمە (ئیسلام)دا بۆ پاراستنی وەچەیە، کە دیارە نەمانی وەچە، چ کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر هەر کۆمەڵگایەك هەیە، بەڵام لە یەکتر دابڕینی کوڕ و کچ لە زانکۆ بە بیانوی ئەوەی کە تێکەڵاوبوونیان حەرامە، ئەمە کارێکی نائیسلامییە، چونکە هەموو ئایەت و فەرموودەکان لە بارەی (چاوپاراستن: غضُّ البَصَر) لە ئاست سەیرکردنی شەهوانی، بەڵگەی ئەوەن کە لە کۆمەڵگادا کوڕ و کچ تێکەڵن، ئەگەرنا مرۆڤ دەبێ چاوی لە سەیرکردنی چی بپارێزێ؟ کەواتە کەسێکی موحافیزکار بە ناوی ئیسلام یان هەر ناوێکی ترەوە، مافی ئەوەی نییە کوڕ و کچ لە یەکتر دابڕێت. لە لایەکی ترەوە ئێمە نابێ، بێئاگا بین لەوەی، ئەو باکگراوندە عەشایەرییەی کە لە پشت هەڵوێستەکانمانەوەیە فڕی بەسەر هیچ پرەنسیپێکی ئیسلامەوە نییە، ئینجا ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمە موحافیزکارە بە چەشنێك کە کوڕ ختووکە دەیگرێت کە دەزانێ کوڕێك سەیری خوشکەکەی کردووە، ئەمە هەڵەیەکی عەشایەرییە و ئەنجامەکەیشی بە زۆر بەشوودانی ئەو(خوشك)ەیە بە پیاوێك کە کەمترین شارەزایی لە بارەوە نییە، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆر پێویستە کچ و کوڕ شارەزای یەکتر بن لە قۆناغی پێش زەواجیاندا. واتە ئەگەر باری کۆمەڵایەتی ڕێگری تێکەڵبوونە، ئەوە ئەو بارە هەڵەیە و زانکۆ دەبێت ڕاستی بکاتەوە. کۆمەڵگای عەشایەری ئێمە تا ئێستا زۆر هەڵەی کۆمەڵایەتی گەورەی تێدایە، کە چارەسەریان نە بە یاسا کراوە و نە بە ئامۆژگاری مەلا و چاکسازان، ئەو هەڵە عەشایەریانەی کە دەرهەق بە کچ ئەنجام دەدرێن، چارەسەرێکی ڕیشەییان پێویستە، ئەمەش بە تێکەڵاوی کوڕو کچ دەبێت لە زانکۆ، نەك هەر ئەمەندەش، بەڵکو پێویستە مەڵبەندی تریش هەبن لە دەرەوەی زانکۆ کوڕ و کچ لەسەر کۆمەڵە ئامانجێکی زانستی و مەعریفی ڕەسەن کۆبکەنەوە. زۆرجاری تر لایەنگرانی لە یەکتر دابڕینی کوڕ و کچ، بەڵگە بۆ ڕاستیی کارەکەیان بەوە دەهێننەوە، کە ئەمریکا خەریکی ئەو کارەیە و پلانی سەرۆکی ئەمریکای دوای زاڵبوون بەسەر ئیرهاب، لە یەکتر جیاکردنەوەی کوڕان و کچانە، وەك کاك (هێمن)یش لە خاڵێکدا دەیکاتە بەڵگە... ڕاستییەکەی ئەو تێکەڵاوبوونە پۆزەتیڤەی لە پێشەوە باسکرا، ئەوە نییە کە ئەمریکا دەیەوێ بیگۆڕێت و بنەبڕی بکات، یان بە شێوازێکی تر بڵێین، چارەڕەشیی کۆمەڵایەتی ئەمریکا لەوەدا نییە کە کوڕ و کچی لە زانکۆدا تێکەڵ کردووە، چارەڕەشی لەوەدایە کە ڕێگەی بە سێکسی ئازاد داوەو کۆمەڵگەی ئەمریکای لەسەر ڕاهێناوە، ئەویش بووەتە هۆی نەمانی خێزان و پچڕانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و دەستدرێژی کردنەسەر کچان و بازرگانیکردن بە ئافرەت و... هتد.

لێرەوە دەبینین کە سرووشتی کۆمەڵایەتی کورد زۆر جیایە لە سروشتی کۆمەڵایەتی ئەمریکا، بۆیە ڕەوا نییە، ئێمە بڕیاری کۆمەڵایەتی خۆمان لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەوان بنیات بنێین، ئەگەر لە ئەمریکا (بە پێی ئامارەکان)، ڕۆژانە دەیان دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر کچانی نێو زانکۆ (سەرەڕای ئەو هەموو پەیوەندییە پەنهانەی کە بە ڕەزامەندی هەردوولا ڕوودەدات)، ئەوە لە وڵاتی ئێمە لە ساڵێکدا دیاردەیەکی لەو شێوازە ڕوو نادات، یان بە دەگمەن ڕوودەدات. ئەگەر چەند پەیوەندییەکی سێکسی پەنهانیش درووست ببێت لە ئەنجامی تێکەڵاوییەوە، بە لای منەوە ئەمەیان باشترە لەوەی کە کچان بە بێ ئەوەی خۆشەویستەکانیان بناسن، شوویان پێ بکەن و سەدان خێزانی پڕ لە گرفت دروست بکرێت و تووشی چەرمەسەری هەتا هەتایی بن، ئینجا پایەی بەرزی خێزان لە هزری کوردەوارییدا، خۆی ڕێگە بەوە نادات کە زانکۆکانمان وەك زانکۆی ئەمریکایی بەسەر بێت.. لەبەر ئەوە من نە لەگەڵ ئەو کەسانەم کە بانگەشەی سێکسی ئازاد دەکەن و دەیانەوێ بۆ تێرکردنی غەریزەی سێکسیی خۆیان کۆمەڵگا وێران بکەن، یان جوانترە بڵێم لەوانەیە نیەتیان باش بێت بەڵام هەرزەکارانە بیردەکەنەوە، نە لەگەڵ ئەوانەشم کە دیانەوێ کوڕ و کچ لە یەکتری دابڕێن و هەردوولا بە پەرگیر دەزانم لە بیرکردنەوەیاندا، چارەسەری گونجاو ئەوەیە، کچ و کوڕ بە یەکەوە بن لە پرۆسەی خوێندندا، بەڵام نەك وەکو ئێستای زانکۆکانمان کە هیچ ڕێپیشاندەر و چاوساغێك نییە بۆ پەیوەندییەکانیان، بەڵکو پێویستە لە وانەکانی پرۆگرامی خوێندندا هۆشیاری سێکسی و کۆمەڵایەتی لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەوردی بگەیەنرێتە قوتابیان، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەسەر بناغەیەکی واقیعی و ڕەسەن دروست بێت.

## بەرەو تێکەڵکردنی کوڕان و کچان لە ناوەندی و ئامادەییەکاندا

وەڵامێك بۆ: (تێکەڵاوی کوڕان و کچان لە نێوان دوو بەرداشی دەستاڕێکدا)

دانا عەزیز

لە ژمارە(٩)ی ڕۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ)دا، کاك (هێمن خورشید) بابەتێکی بەو ناونیشانەی سەرەوە بڵاوکردۆتەوە، منیش بە پێویستم زانی، چەند ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بخەمەڕوو:

١/ سەرەتا ئەو بەڕێزە بە چەند ناوێکی نەشیاو، هەموو ئەو جوانیانەی کە لە ناو زانکۆدا هەن دەسڕێتەوە و لەسەرەوە تا خوارەوەی تاکەکانی ناو زانکۆ لە دوو وشەی تەسکدا کۆدەکاتەوە و چییەتی زانکۆکەمان تەفسیر دەکات .

٢/ هێمن خورشید دێت بە توندی ئەوە ڕادەگەیەنێ کە تاکەکانی زانکۆ هەموو قسەکەرن و ئامادە نین گوێ بۆ کەس بگرن، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا تەنها سەیری وێنەکان دەکەن. نازانم ئەم بەڕێزە لەگەڵ چ تاقم و گرووپێکدا مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکات وا بەو شێوەیە حاڵی بووە، خۆ ئەگەر ئەو

قسەیە ڕاست بوایە، ئەوا هەموومان بەپێچەوانەوە لەبابەتەکەی تێدەگەیشتین، چونکە لەتەك بابەتەکەی ئەودا وێنەی چەند کوڕ و کچێکی منداڵ پێکەوە دانراون کە تەواو پێچەوانەی ڕاکانی ئەوە .

٣/ ئەو بەڕێزە دوای پێشەکییەك کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە نییە، دێتە سەر ئەوەی سیستەمی جیاکردنەوەی کوڕ و کچ لە ناوەندە جیاوازەکانی خوێندندا، پەسندترە و ئەوانەی دەڵێن تێکەڵی کوڕ و کچ قازانجی زۆرترە، پشتیان بە بنەمایەکی زانستی نەبەستووە، وە ئەم بەڵگانەی خوارەوە دێنێتەوە:

أ. بوونی کوڕ و کچ پێکەوە هیچ نەبێت بیری هەردووکیان بەوەی دیکەوە خەریك دەکات. نازانم کاك هێمن چۆن لە پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ گەیشتووە دیارە ئەو، لە ٢٤ سەعاتی شەو و ڕۆژدا، چەند کاتێکی کەم بۆ پێکەوەبوونی کوڕ و کچ بە ڕەوا نابینێ، یان مەگەر هەر بڕوای بە شتێك نییە ناوی خۆشەویستی بێت، کە بە ڕای من وجودی خۆشەویستی لەو شوێنانەدا ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ دروستکردنی کێبڕکێ و گەشەکردنی ڕوئیای جیاواز و جوانتر بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر، بەدەر لە مانە خۆشەویستی شتێك نییە ڕێگەی لێبگیرێت، چونکە کەسی عاشق شەپۆلەکانی خۆشەویستی بە نێو دیوار و پرسگەی زانکۆدا دەنێرێتە دەرەوە و شڵپەی ماچ لە خۆشەویستەکەی هەڵدەستێنێ، بەڵکو بەپێچەوانەی ڕاکانی (هێمن)ەوە، من پێم وایە دووربوونی کوڕان و کچان لە یەکەوە، زیاتر بیریان بە یەکترەوە خەریکدەکات و، ئەو هەستە درووستدەکات کە شتێك هەیە ناوی ڕەگەزی بەرامبەرە، بەڵام کاتێ هەردوو ڕەگەز لە شوێنێکدا و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا پێکەوەن، ئەوا بێئەوەی هیچ وزەیەك بە فیڕۆ بڕوات، ئارەزووی هەردووکیان تێربووە بە شێوەیەکی ئاسایی، چیدی شتێك ناشبێ مێشکیانی پێوە گیرۆدە بێ و حەز و ئارەزووەکانیان داتەپێنێ و بیانکاتە کەسانێك لە کۆمەڵدا، کە بە تەواوی نیشانەی چەپاندنیان پێوە دیار بێ، واتە من پێموایە کێشەکە دەبێ لە قۆناغە بەراییەکانی هاتنە ناو کۆمەڵگاوە چارەسەر بکرێ، واتا لە ڕەوزەکان و قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنەوە دەستپێبکرێت، نەك بێین کوڕان و کچان لە زانکۆ و پەیمانگا لە یەك جیا بکەینەوە (وەك کاك هێمن دەڵێت). بەڕای من بە جۆرێك لە جۆرەکان، واتا لە بنەڕەتدا شتێك نییە ناوی نێرو مێ بێت، نازانم کاك هێمن پێی باشە لە کوێ یەکتری ببینین؟ دەبێ ئێمە شتەکە ئاسانتر و ڕۆتینی تر بکەین، نەك وا بکەین کوڕان و کچان وەك بارەگای دوو لایەنی جیاواز لێك جوودا بکەینەوە، چونکە کاتێك لێکمان جوودا کردنەوە، ئەوا بۆ هەلێکیش دەگەڕێین کە بەرژەوەندی یەکتر تێکبدەین، بۆیە پێم وایە کاك هێمن بە چاوێکی ڕەش و سپی دەڕوانێتە بەها ئەخلاقییەکان و گوێ بەوە نادات، کە ڕەنگە کەسانێك هەبن هێندە عاشق بن، ماچێکی تەڕی جەننەتی نەگۆڕنەوە بە گەورەترین شەهادەی دنیا!

ب. پاشان دەنووسێت: " کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە، ئایین و ڕەوشت لە ناخی تاکەکانیدا ڕیشەی داکوتاوە". نازانم پێناسەی کاك هێمن چییە بۆ ڕەوشت؟! ئایا چەمکی ڕەوشت لە کۆمەڵگەی

کوردیدا، ئەوە ڕەفز دەکات کە کوڕان و کچان لە زانکۆدا پێکەوە بن؟ بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا، کە لەو ئاستە تێپەڕبووین کە تەنانەت بیر لەو بابەتەش بکەینەوە و کاتی خۆمانی پێوە بکوژین! سەرەڕای ئەمانە، ئەو نموونەیەی کە هێناویەتییەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە نییە. دواجار کاك هێمن شتێك شك نابات ناوی هاوڕێیەتی نێوان کوڕ و کچ بێت و، بە ڕای ئەو، ئەوە تەنها حەز و ئارەزوی ئیرۆسی مرۆڤە کە پاڵمان پێوە دەنێ، هاوڕێیەتی ڕەگەزی بەرامبەر بکەین، هەموو ئەو گفتوگۆ ناسکانەی نێوان دوو هاوڕێی ڕەگەز پێچەوانە، نەك بە گفتوگۆیەکی عاشقانە، بەڵکو بە سێکسی سرفی دەداتە قەڵەم. ڕەنگە کاك هێمن فرۆیدیستێکی توندڕەو بێت!!

ج. سەبارەت بەو قسەیەی فاروق ڕەفیق کە کاك هێمن ئاماژەی پێداوە، بڕوا ناکەم یەك تۆزقاڵ پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە هەبێت، چونکە کاتێ فاروق ڕەفیق ئەو قسەیە دەکات، مەبەستی لەوە نییە کە خوێندکاری زانکۆ بە هۆی ڕەگەزی بەرامبەرەوە توانا عەقڵییەکانیان فەرامۆش دەکەن و، لە دواڕۆژدا کەسێکی بێموستەوایان لێدەردەچێ، بەڵکو ئەو دەیەوێت بڵێت خوێندکاری کورد خۆیان کەم تەرخەمن لە ئاستی خوێندندا و، هەروەها ڕەنگە فاکتەری تریش وەك ئاستی ئابووری و شتی تر کاریگەرییان بەسەر ئەو مەسەلەیەوە هەبێ، نەك ئەو پاساوەی کە کاك هێمن هێناویەتیەوە .

# جارێکی تریش تێکەڵاویی کوڕان و کچان لە نێوان دوو بەرداشی (دەستارێک)دا!؟[٩]

لە ژمارە(١٠)ی ڕۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ)دا و لە لاپەڕە حەوتدا، دوو بابەتی لە دوای یەکم خوێندەوە، کە هەردووکیان ڕەخنەو بەدواداچوون بوون لەسەر بابەتێکی پێشووتری بەندە، کە لە ژمارە(٩)ی هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکرابووەوە. سەرەتا دەستخۆشی لە خاوەنی ئەو دوو بابەتە دەکەم و سوپاسیان دەکەم گرنگییان بە بابەتەکەم داوە و بە ڕەخنەکانیان دەوڵەمەندیان کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو دوو بابەتە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە نووسراون، بە باشی دەزانم وەڵامی هەریەکەیان بە جیا بدەمەوە. سەرەتا لە بابەتی یەکەمەوە دەست پێدەکەم کە بە ناونیشانی (تێکەڵاوی کوڕوکچ لە نێوان زەرورەتێکی کۆمەڵگەی کوردەواری و دوو بەرداشی دەستاڕەکەی کاك هێمن خورشیدا) لە لایەن بەڕێزێکەوە بەناوی (محەمەد عەبدولکەریم)ەوە نووسراوە. لە سەرەتای بابەتەکەوە ئەو بەڕێزە منی بە حەکەمێکی نادادپەروەر زانیوە لە نێوان ئەو بابەتانەی لە (داهێنان)دا نووسراون و ئەوانەشی لە (خوێندنی لیبراڵ)دا دەنووسرێن، گوایە من هەوڵی وەستاندنی ئەو دوو بەرداشەم داوە و، بەڵام لە دواییدا بە لایەکدا شکاندوومەتەوە(!) لە کاتێکدا خامەی من تا ئێستا لە هیچ یەك لەو دوو ڕۆژنامەیەدا بەشداری ئەو جۆرە باس و موناقەشانەی نەکردووە، دەکرێت بڵێم ئەوەی من نووسیومە زۆر جیاوازە لەو شتانەی لە هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراودا نووسراون چونکە:

---

[٩]. خوێندنی لیبراڵ، ژ: (١١)، ئیاری ٢٠٠٣ .

١- ئەو بابەتانەی لە (داهێنان)دا بڵاودەکرێنەوە، هزری کۆمەڵێك نووسەری لەیەکچوون، کە بەدیدێکی لە ڕووکەشدا جیاواز و لە ناوەڕۆکدا هاوشێوە کێشەکان دەخەنەڕوو . .

٢- ئەو بابەتانەی (خوێندنی لیبراڵ)یش کۆمەڵێك کەس دەیاننوسن، کە تەنها ڕووکەشی شتەکان دەبینن، دەتوانم بڵێم زۆرێك لەو نووسینانە تەنها پەرچەکردارن. وەلێ من هاتووم دوو بۆچوونم خستووەتەڕوو، دواییش بۆچوونی بەرەیەکیانم بەڕاستتر زانیوە و، هۆکارەکانیشم ڕوونکردووەتەوە. نووسەر دەڵێت: "... بەلام لە دواییدا تەسلیمی بەرداشی محافیزکارەکان دەبێت "، واتە: من تەسلیمی ئەو بەرەیە دەبم کە داوای جیاکردنەوەی کوڕ و کچ دەکات، لێ بەڕێزی ناوی بەرەکەی بەرانبەرمان پێ ناڵێت، چونکە کاتێك بەرەیەك (محافیزکار) بێت، دەبێت بەرەی بەرانبەری (پێشکەوتنخواز) یان (ڕیفۆرمخواز) بێت، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکانی دوایی کاك (محەمەد)دا وێکنایەتەوە. من لەو بابەتەدا بێئەوەی باس لە هیچ ئیدیۆلۆژیایەك بکەم، هاتووم ئەوەم ڕوونکردووەتەوە، خوێندکاری زانکۆ لە نێوان دوو بەرداشدا دەهاڕدرێت، ئەوانیش ئەم دووانەن: حەزی دەروون، داب و نەریت. نەیشموتووە ئەو داب و نەریتە باشە یان خراپە، تەنها ئاماژەم پێداوە، چونکە ناکرێت هەموو نەریتێکی کۆمەڵگا باش بێت، هەروەك چۆن ناشبێت هەمووی خراپ و قێزەون بێت، من مەبەستمە، ئەوە بە خوێنەر بگەیەنم، خوێندکاری زانکۆ (چ کوڕ، چ کچ) لەم بارەی ئێستادا لە وەزعێکی باشدا ناژێت، هەر کەسێکیش چاوی لە ئاست ڕاستییەکان نەنووقێنێت و بە مێشکێکی کراوەوە بڕوانێتە زانکۆکانمان، ئەوەی لا دەچەسپێت دیکۆر لە زانکۆدا دە ئەوەندەی ناوەڕۆك گرنگی پێدراوە، ئەوەی لە بنەمادا ئێمەی لە زانکۆدا کۆکردووەتەوە _ کە فێربوونی زانیارییە_ بە پلەی دووەم دێت، دوای مۆدە و کەشخەیی نواندن.

ئەو برادەرە لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا دەڵێت: " گرووپی دووەمیش کە محافیزکارن، ئەوانیش عوقدەی غیرەیان هەیە و بە بەرگی ئایین

دایەپۆشن..."، لە کاتێکدا بابەتەکەی من هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئایین تێدا نەکراوە، سەیر لەوەدایە پاش چەند دێڕێك دێت و خۆی باس لە ئایین دەکات و وەك کەسێکی ئایینی قسە دەکات و دەڵێت: " بەڵام لە یەکتر دابڕینی کوڕ و کچ لە زانکۆدا بە بیانووی ئەوەی حەرامە، کارێکی نائیسلامییە..."، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەی بەوە دەهێنێتەوە گوایە" ئەو هەموو ئایەت و فەرموودانەی لە بارەی چاو پاراستن (غضُّ البَصَر)ەوە هاتوون، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کچ و کوڕ لە کۆمەڵگادا تێکەڵن، ئەگەرنا مرۆڤ چاوی لە سەیرکردنی چی بپارێزێت؟! "، لەوەدا کچ و کوڕ لە کۆمەڵگەدا تێکەڵن شتێکی حاشاهەڵنەگرە، منیش داوای لێکجیاکردنەوەی کوڕ و کچم لە کۆمەڵگەدا نەکردووە، دەبێت ئەوەش بزانین کاتێك دەقێکی قورئان یان فەرموودە باس لەم بابەتە دەکات، بۆ ئەوە نییە تۆ بێیت کچ و کوڕ لە یەك مەڵبەندا کۆ بکەیتەوە و ئینجا بڵێیت سەیری یەکتری مەکەن! دەقەکە باس لەوە دەکات ئەگەر جارێك کوڕێك کچێکی بینی یان بە پێچەوانەوە با چاو دابخات، نەك تۆ بێیت هەموو کەشێکی سەیرکردن و لە یەکترڕوانین(نەزەرکردن) بۆ هەردوو ڕەگەز برەخسێنیت و بڵێیت ئەمە بۆ ئەوەیە دەقی ئایەتێك بێتەدی! من نەمدەویست باسی ئایین تێکەڵ بە بابەتەکەم بکەم، تەنها لە ڕووی دەروونناسییەوە لەو گرفتە دواوم و گاریکەرییە دەروونییە خراپەکانی تێکەڵاویی کوڕ و کچم لەسەر هەردوو ڕەگەز خستووەتەڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزە باس لە ئایین و دەقی ئایینی دەکات، ناچارم بە هەمان چەکی خۆی وەڵامی بدەمەوە، دیارترین دەقی قورئانیی کە باس لە چاوداخستن(غض البصر) بکات، ئایەتی(٣١)ی سورەتی(النور)ە، لەم ئایەتەدا کە باس لە چاوداخستنی کچ دەکات بەرامبەر بە کوڕ، لەگەڵ چاوداخستنەکەدا دوو مەرجی تریش لەسەر کچان فەرز دەکات، دەقی ئایەتەکە ئاوایە ﴿وَقُل لِلمُؤمِناتِ یَغضُضنَ مِن أبصارِهِنَّ و یَحفَضنَ فُرُوجَهُنَّ و لیَضرِبنَ بخمُورِهِنَّ علی جیُوبهِنَّ و لایُبدینَ زینتهنَّ إلّا ماظَهَرَ منها...﴾، داواکراوەکانی ئایەتەکە لە ئافرەتی موسوڵمان ئەمانەی خوارەوەن:

١. چاوی لە ڕاست پیاوی نامەحرەم دابخات و داوێنی بپارێزێت .

٢. لەش ولار و جوانییەکانی بەدەر نەخات مەگەر ئەوەی کە بەدەرەوەیە، واتا هەردوو دەست و دەموچاوی .

٣. ئەو لەچکەی دەیدات بە سەریدا دەبێت شۆڕببێتەوە تا سەر یەخەی کراسەکەشی دادەپۆشێت .

کاتێك دێین بە ناوی ئایینەوە بەرگری لەم تێکەڵاوییەی ئێستا دەکەین، دەبێت خۆمان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئامادە بکەین: ئایا دوو داواکراوی دووەم و سێیەمی ئایەتەکە لە چەند لە سەدی کچانی زانکۆدا دەبینرێن؟!

سەیرم لێدێت کەسێك بێت و بە ناوی ئایینەوە بەرگری لەم تێکەڵاوییەی زانکۆ بکات، ئەگەر هەر ڕێباز و ئایدۆلۆژیایەك بڕوای بەم تێکەڵییە هەبێت ئەوا هەرگیز ئایین _مەبەستم لە ئایین لە هەموو شوێنەکاندا ئیسلامە_ پێی قبووڵ نییە و ڕێگای پێ نادات، ئیتر نازانم بۆ ئەم برادەرەمان لە جیاتی هەموو شتێك، دێت بە ناوی ئیسلامەوە بەرگری لەم حاڵەتە دەکات؟!

لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا، ئەو بەڕێزە باس لەو باکگراوندە عەشایەرییەی کۆمەڵگا دەکات کە فری بەسەر ئیسلامەوە نییە و دەڵێت: " ئەوەی کە کوڕێك بزانێت سەیری خوشکەکەی دەکرێت ختووکە دەیگرێت، ئەمە هەڵەیەکی عەشایەرییە" لێرەشدا دیسانەوە دەکەوێتە دوو هەڵەوە:

١. پاساو بۆ ئیسلام دەهێنێتەوە کە بەرپرس نییە لەم هەڵانەی ئێمە، وەك ئەوەی من وتبێتم ئیسلام لەم حاڵەتانە بەرپرسە، لە کاتێکدا من نە بە باش و نە بە خراپ باسی ئیسلامم نەکردووە .

٢. دەیەوێت دەری بخات ئەم هەڵوێستانەی کۆمەڵگە، کە من هەندێکیانم لە نووسینەکەمدا وەك نموونە هیناوەتەوە، هەڵەن، لە کاتێکدا منیش نەموتووە ئەو هەڵوێستانە پیرۆزن، بەڵکو وەك نموونەیەکی خراپ باسم کروون، نموونەی پیاوێکم هێناوەتەوە کە باس لە ئازادیی ئافرەت دەکات و کەچی بۆ خۆی بڕوای پێی نییە، ئەمەش ئاشکرایە هەڵەیە! باسم لە ئیزدیواجییەتی تاکەکانی

کۆمەڵگای خۆمان کردووە، لەو نووسینەمدا ویستوومە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە دابونەریت لە دڵی هەموو تاکێکی کۆمەڵگادا_ سەرەڕای جیاوازیی ئینتیمایان _ ڕیشەی داکوتاوە، وتووومە و هەزار جاری تریش دەیڵێمەوە: کام کەس لەم کۆمەڵگایەدا ئیددیعای ئەوە دەکات بڕوای بە ئازادیی ڕەهای ئافرەت هەیە و بانگەواز بۆ ئازادیی سێکسی دەکات لە مونافیقێك زیاتر نییە[١٠]، چونکە نە بۆ خوشکی خۆی نە بۆ دایکی خۆی، ئەوەی قبوڵ نییە کە خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکات و، بۆ خۆی بە ڕەوای دەزانێت لەگەڵ کچی خەڵکیدا بیکات، نازانم تاکەی ئێمە لە ناو کتێبدا دەژین و بە قسەی زل و بێناوەڕۆك، پاساو بۆ کاری ناڕەوای هەندێك بێئابڕوو و ئارەزووپەرست دەهێنینەوە، بێئەوەی بە خۆمان بزانین بەرگری لە کارێك دەکەین کە ڕەنگە دوای سەد ساڵی تر بەرهەمی خراپ و بۆگەنیمان بۆ دەربکەوێت؟!

نووسەر بڕوای وایە ئەو هەڵە عەشایەرییانەی کۆمەڵگا تووشی بوون و تا ئێستا نە بە یاسا و نە بە قسەی چاکسازان ڕاست نەبوونەتەوە و ڕێگرن لە یەکترناسینی کوڕ و کچ لە پێش هاوسەرگیرییدا، پێویستە چارەسەرێکی ڕیشەییان بۆ بکرێت، ئەو بڕوای وایە ئەم کارە بە تێکەڵکردنی کوڕ و کچ لە زانکۆدا دەکرێت! ئەم قسەیە فۆرمێکی جوانی هەیە، منیش لەگەڵیدام لەوەدا کە کۆمەڵگەی ئێمە هەڵەی تێدایە و زۆرجار بە ناوی ئایینەوە ستەم لە ئافرەت دەکرێت یان ناهێڵرێت کوڕ و کچ پێش زەواج لە یەکتر تێبگەن، منیش دەڵێم: با زانکۆ شوێنێك بێت تێیدا کوڕو کچ بتوانن یەکتر بناسن و لەسەر کۆمەڵێك خاڵ ڕێك بکەون بۆ درووستکردنی ژیانی هاوسەرێتی، ئەمە کارێکی درووستە هەرچەند زانکۆ لە بنەمادا بڕیارە ناوەندێکی ڕۆشنبیری بێت، نەك دەزگایەك بۆ پێکهێنانی گرێبەستی هاوسەرگیریی، وەڵێ من لەو کاکەیە و هەموو خوێنەرانیش دەپرسم: ئایا زانکۆکانی ئێمە تا ئێستا بوونەتە جێگایەك بۆ

---

[١٠] کە دەڵێم مونافیق، مەبەستم کەسێکی ئیزدواجییە، کە پێش هەموو کەس لەگەڵ خۆیدا درۆ دەکات، لێرەدا وشەکە بە مانا شەرعییەکەی بە کارنەهاتووە.

ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە عەشایەرییانە؟! بۆ نموونە زانکۆی سلێمانی نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کچ و بگرە زیاتریشی تێدایە لە کۆی نزیکەی شەش هەزار خوێندکار[11]، لەو هەموو خوێندکارە کوڕو کچە، ساڵانە چەندیان لەگەڵ یەکدا ڕێکدەکەون و، گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن؟! بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.. کەواتە تا ئێستاش زۆربەی خوێندکاران چ کوڕ چ کچ هاوسەری خۆیان لە دەرەوەی دیواری زانکۆ هەڵدەبژێرن، کەوابوو پێم ناڵێی ئەو ڕۆڵەی زانکۆ لەم بوارەدا دەیگێڕێت کامەیە؟! زۆرێك لەو دڵداری و کەپلایەتی و حوبحوبێنانەی ناو زانکۆش تەنها بۆ کات بەسەربردنە و هیچی تر!

ئینجا ئەو بەڕێزە، دێتە سەر باسی جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە زانکۆکانی ئەمریکادا و، پاساوی بڕیارەکانی ئەوان دەربارەی جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەز لە ناوەندەکانی خوێندندا، بەوە دەداتەوە: ڕۆژانە لەوێ دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچان و لای ئێمە وا نییە و دەڵێت: " چارەڕەشی ئەوان لە تێکەڵاوی کوڕ و کچدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە ڕێگەیان بە سێکسی ئازاد داوە..."! بەڕاستی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە یەك کاتدا جێگەی گریان و پێکەنینیشن، نووسەر لە نووسینەکەیەوە وا دەردەکەوێت لەو کەسانەیە کە حەز لە (خورمژ) دەکەن، هەم خورماکەی دەوێت و هەم مێوژەکەش، ئەوەتا دەڵێت قەینا با تێکەڵی هەبێت، بەڵام با ئازادیی سێکسی نەبێت، چارەڕەشی ئەمریکاش بۆ ئازادیی سێکسی دەگەڕێنێتەوە نەك تێکەڵی! تۆ بڵێی ئەمریکا لە پڕ ئەم کارەساتەی بەسەردا هاتبێت و لە ناکاو سێکسی تێدا بەرەڵا کرابێت؟ یان ئەویش سەرەتا هەر لە ڕێگەدان بە تێکەڵی کوڕ و کچەوە دەستیپێکردووە تا گەیشتووە بەوەی ئەمڕۆ ناچارە جارێکی تر چاو بە یاساکانیدا بخشێنێتەوە، یان دەبێت ئێمەش بە هەمان ڕێگەدا بڕۆین کە ئەوان پێشتر پێیدا ڕۆیشتوون، تا بگەین بەو باوەڕەی ئەوان پێی گەیشتوون، وەك ئەوەی لەسەرمان نووسرا بێت؟!

---

[11]. ئاماری کاتی نووسینی بابەتەکەیە، ساڵی ٢٠٠٣.

ئینجا ئەو بەڕێزە دەنوسێت:" پایەی بەرزی خێزان لە هزری کوردییدا خۆی ڕێگە بەوە نادات کە زانکۆکانمان وەك زانکۆی ئەمریکایی سەربەست بن"! بە بڕوای من خستنەڕووی ئەم جۆرە بۆچوونانە زۆر لەو ڕایەی کە داوای ئازادیی سێکسی دەکات ترسناکترە، لە لایەك باس لە پیرۆزی خێزان و بەها و ڕەوشت دەکات و، لەو لایشەوە داوای تێکەڵی دەکات، دواییش دەڵێت دەبێت ئەم پەیوەندییە لەم ئاستەی ئێستادا بمێنێتەوە، هەروەك ئەوەی غەریزەی سێکسی شتێکی میکانیکی بێت و پەیوەندیی هەردوو ڕەگەزیش ئامێرێکی کارەبایی بێت، مرۆڤ هەر کاتێك ویستی ڕایگرێت! بێ ئاگا لەوەی، ئەم پەیوەندییانە بەردەوام لە بەرەوپێشچووندان و ئەگەر لە بنەماوە چارە نەکرێن، لە ماوەیەکی نە زۆر دووردا، کۆمەڵگا لەبەر یەك هەڵدەوەشێننەوە.. پەیوەندیی نێوان کوڕ و کچ لە زانکۆکانی لای خۆماندا ئەوەندەی من دەیبینم، پەیوەندییەکی ناتەندروستە! ئێمە هاتووین دوو زاتی تەواو جیاوازمان لە یەك کایەی مەعریفی دا کۆکردووەتەوە، بەبێ پێدانی هیچ جۆرە ڕێنماییەکی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا، کچانمان بە هەموو دیکۆرێك خۆیان دەنەخشێنن و هەر ڕۆژەی بە مۆدێکی تازەوە خۆیان پیشانی کوڕان دەدەن، لەو لایشە دابونەریت لێمان قەدەغە دەکات لە یەکتر نزیك بکەوینەوە و دەڵێت بڤەیە؟! ئایا ئەمە لە هەبوونی ئازادیی سێکسی خراپتر نییە؟! خەفەکردنی سێکس و لە هەمان کاتیشدا وروژاندنی! مەبەستی منیش لەو نووسینەدا پیشاندان و خستنەڕووی ناتەواوی و ناتەدرووستیی ئەم پەیوەندییە بووە کە لە زانکۆدا دەیبینم و هیچیتر، ئەمەش لە (ئەلف تا یا)ی بابەتەکەدا بە ڕوونی دەبینرێت!

* بابەتی دووەم، باسێك بوو بە ناونیشانی (بەرەو تێکەڵکردنی کوڕان و کچان لە ناوەندی و ئامادەییەکاندا . . وەڵامێك بۆ تێکەڵاوی کوڕان و کچان لە نێوان دوو بەرداشی دەستاڕێکدا) بەڕێزێك بە ناوی (دانا عەزیز) لە زانکۆی سلێمانی نووسیویەتی. حەز دەکەم ئەوە بڵێم، ئەم بابەتە شتێکی تێدا بەدیناکرێت شایانی وەڵامدانەوە بێت، نەك لەبەر ئەوەی هەمووی ڕاستە، بەڵکو

لەبەر ئەوەی نووسینەکە لە کەڵەکەکردنی کۆمەڵێك وشە بەولاوە هیچی تر نییە، وا دیارە بنووسی ئەو بابەتە، ویستوویەتی لەسەر هەموو قسەکانی من قسە بکات، با پەیوەندیشی بە مەبەستی سەرەکی باسەکەوە نەبێت، پێدەچێت بابەتەکەی من زۆر کاریگەریی لەسەریان دانابێت و لە خەیاڵی شیرین بە خەبەری هێنابێتن! چەند وشە و دەستەواژەیەکم لە بابەتی ئەو بەڕێزەدا بەدیکرد کە بە باشی لە ماناکانیان _جوانتر وایە بڵێم لە مەبەستەکانیان _ تێنەگەیشتم . . لە خاڵی دووەمی ڕەخنەکانیدا لەسەر قسەکانی من، لێم دەپرسێت:" نازانم ئەو بەڕێزە لەگەڵ چ تاقم و گرووپێکدا مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکات وا بەو شێوەیە حاڵی بووە "، منیش حەزدەکەم لە بەڕێزیان بپرسم:" مەبەستت لە تاقم و گرووپ چییە؟! " ئەگەر مەبەستت لە گرووپ و تاقمی خوێندکارییە، ئەوا منیش وەکو تۆ خوێندکاری زانکۆم و قسەکانیشم قسەی خوێندکارێکی وەك بەڕێزتن.. لە شوێنێکی تردا باس لەو وێنەیە دەکات کە لەگەڵ بابەتەکەی مندا بلاّوکرابووەوە و دەنووسێت:" ... خۆ ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بووایە، ئەوا هەموومان بە پێچەوانەوە لە بابەتەکەی تێدەگەیشتین، چونکە لەتەك بابەتەکەی ئەودا، وێنەی چەند کوڕ و کچێکی منداڵ پێکەوە دانراون، کە تەواو پێچەوانەی ڕاکانی ئەوە... "، ئەو کەسەی کەمێك شارەزای بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی بێت، دەزانێت کاری وێنە دانان و جۆری دیزاینی هەر بابەتێك، لە ئەستۆی دیزاینەر و ستافی ڕۆژنامەیە نەك نووسەری بابەتەکە. ئەمە لە لایەك، ئینجا نازانم چ دژیەکییەك لە نێوان ئەو وێنەیە و بابەتەکەی مندا هەیە؟! من باسی تێکەڵاوی کوڕ و کچم کردووە، وێنەکەش چەند کوڕ و کچێکی منداڵ پیشاندەدات، بە یەکەوە یاریدەکەن! لە خاڵێکی تردا دەڵێت گوایە پێشەکییەکەی من پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی بابەتەکەمەوە نییە، من لەسەرەتای بابەتەکەوە تا کۆتایی، باسم لە نەهامەتییەکانی زانکۆ و خوێندکاری زانکۆ کردووە، ئیتر نازانم بۆ پێشەکییەکەی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکەکەیەوە نییە؟ وا هەستدەکەم ئەو برادەرە بە جوانی لە بابەتەکە تێنەگەیشتێت.. قسەیەکی ئەو

بەڕێزە زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە هەم لە ڕووی دارشتنەوە و هەم لە ڕووی مانایشەوە کەموکورتی تێدا بەدیدەکرێت، بڕوانە ئەم ڕستەیە: "... چونکە کەسی عاشق شەپۆلەکانی خۆشەویستی بە نێو دیوار و پرسگەی زانکۆدا دەنێرێتە دەرەوە و شڵپەی ماچ لە خۆشەویستەکەی هەڵدەستێنێ "! ئەو ویستوویەتی ڕستەیەکی ئەدەبی دروستبکات، بەڵام سەری لە خۆی و لە خوێنەریش تێکداوە، لە ڕستەکەدا سەرەڕای ئەوەی خەیاڵ و واقیع لەیەك ڕستەدا کۆنەکراونەتەوە و بە بۆچوونی من (دیوار و پرسگەی زانکۆ) ڕستەکەیان لە خەیاڵێکی فەنتازییەوە گواستووەتەوە بۆ واقیع و لە هەموو جوانییەك دایانڕنیوە، بەڵام هەرچۆن بێت ئەوەیان بە هەڵەیەکی دارشتن دەدرێتە قەڵەم و زۆر لێی ناگیرێت. ئەوەی بە لای منەوە جێگەی ئیشکالە، هێنانی ناوی (عاشق) و (شڵپەی ماچ)ە لە یەك ڕستەدا! عاشق کەسێکە لە سادەترین پێناسەیدا: بێدەنگ، هەمیشە لە نێوان ترسی زیزبوون و هیوای گەیشتندا (ویصاڵ) دەژی. . ماچی عاشق دەنگی نایە، چ جای ئەوەی (شڵپە) هەڵبستێنێ، (شڵپە) بۆ شتێك بەکاردێت کە تێکچوون (disturbance) لە دەوروبەردا دروستبکات، بۆ نموونە کە بەردێك فرێدەدەیتە ناو گۆمێکەوە شڵپە هەڵدەستێنێت! ئینجا نازانم بۆ دەبێت ماچەکەی بنێرێتە دەرەوەی پرسگەی زانکۆ، لە کاتێکدا خۆی و خۆشەویستەکەشی خوێندکاری زانکۆن؟!

لە دوا دێڕەکانی نووسینەکەیدا، ئەو بەڕێزە دێت و مافی ئەوەشمان لێدەستێنێتەوە، ئیستیدلال بە قسەی کەسێك یان نووسەرێك بکەین، دەیەوێت بڵێت: تۆ نابێت قسەی فاروق ڕەفیق بەکار بێنیت، چونکە ئەو مەبەستی ئەوە نەبووە کە تۆ باسي دەکەیت! لە کاتێکدا من نەموتووە مەبەستی ئەو فلانە شتە، بەڵکو وتوومە ئەو ئاوا باس لە خوێندکاری زانکۆ دەکات .

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم من لە بابەتەکەمدا جەختم لەسەر ئەوە کردبووەوە، ئەو بەرەیەی داوای تێکەڵی دەکەن، هیچ بەڵگەیەکی زانستییان بە دەستەوە

نییە، دەبوایە ئەو دوو بەڕێزە زیاتر جەختیان لەسەر ئەو خاڵە بکردایەتەوە، کەچی بەداخەوە هیچ کامیان بەو لایەدا نەچوبوون!

جارێکی تریش دەڵێم: تا ئەو دوو بەرداشی دەستارە لە کاردا بن، بەردەوام ناخی خوێندکار دەهاڕن و ناهێڵن ساتێك ئارامی بە خۆیەوە ببینێت!

# قوتابیانی کۆلێژی پزیشکیی و دیاردەی نەخوێندنەوە[12]

ئاشکرایە، کۆلێژی پزیشکی پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆرە و، قوتابی دەبێت هەوڵ و کۆششێکی بەردەوام بدات بۆ ئەوەی تێیدا سەرکەوتووبێت، وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، قوتابی هێندە سەرقاڵی خوێندن بێت، نەیپەرژێتە سەر هیچی دیکە .

مەبەستی من لەم نووسینەدا ئەوەیە: بۆچی زۆربەی قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی، لە خوێندنەوەی کتێب و بابەتی بەدەر لە مەنهەجەوە دوورن؟! یان بۆ زۆرێك لە پزیشکەکان، دوای ئەوەی کە خوێندن تەواو دەکەن، زانیارییەکی ئەوتۆیان بەدەر لە بووارەکەی خۆیاندا پێ نییە؟! کەچی دەبوایە بەپێچەوانەوە بوایە، چونکە ئەو قوتابیانەی کە دەچنە کۆلێژی پزیشکی زیرەکترین قوتابیانی ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین، چونکە ئەو قوتابییەی کە بە حەقی خۆی گەیشتووەتە کۆلێژی پزیشکی، بێگومان تێکڕای نمرەکانی زیاتر بووە لە (٩٠٪)_ باسی سیستمی وڵاتی خۆمان دەکەین _، ئەمەش ئامادەباشییەکی تەواوی دەوێت لە ڕووی زەین و بیرکردنەوەوە .

بەڵام دەبینین کەمێکی کەمیانی لێدەرچێت، پزیشکەکان بەگشتی شتێکی ئەوتۆ لە بوارە مەعریفییە جیاوازەکانی وەك ئەدەب و مێژوو و جوگرافیا و زمان و... نازانن، ئەوەشی دەیزانن کەم و کاڵ و کرچە .

ڕۆژێك لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابیی کۆلێژی پزیشکییدا ڕاوەستابووین، دێڕە شیعرێکی (نالی)م بۆ خویندنەوە و پرسیم: کێ دەتوانێت ئەم دێڕە شیعرە شیبکاتەوە؟

---

[12]. ئەم بابەتە لە ژمارە ٤٠ ی ڕێکەوتی ٦/١٧/ ٢٠٠٠ی ڕۆژنامەی (داهێنان)دا، بلاوکراوەتەوە .

یەکێك لە قوتابییەکان وتی:" ئێمە بۆیە هاتووین بۆ کۆلێژی پزیشکی، تا لە دەست شیعر ڕزگارمان ببێت"!

گەورە نووسەرێکی وەك د.نەجیب گەیلانی، پزیشکیش بووە و بە ئەستێرەی گەشی ئەدەبی ئیسلامییش ناو دەبرێت، ئەو خاوەنی ٤١ ڕۆمانی بە پێز و دەیان وتاری ئەدەبیی گرنگە، سەرەڕای کار و لێکۆڵینەوەی زۆریش لە بوارەکەی خۆیدا!

زۆرێك لە قوتابیان بە بیانووی ئەوەی، خوێندنیان زۆرە و بواریان نییە و بۆیان ناکرێت، خۆیان لە خوێندنەوە دەدزنەوە، لێ ئەمە پاساوێکی درووست نییە، بە ئەقڵەوە ناچێت بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر، دە خولەك بۆ مرۆڤ نەڕەخسێت تیایدا بخوێنێتەوە، پێم وایە کام خوێندکارەی لە خوێندندا جیددییە، ڕۆژانە زیاد لە دوو کاتژمێری هەر بە دەمەتەقێوە دەچێت.

ڕەنگە دە خولەك خوێندنەوە لە ڕۆژێکدا بە کەم بزانرێت. تاقیبکەرەوە، دوای ماوەیەك بزانە چۆن بەرهەمی دەچنییەوە.

هەر لێرەوە بە قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی دەڵێم: ئەگەر چاوەڕوانبن پاش شەش ساڵی تر دەست بە خوێندنەوە بکەن، ئەوا دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەوکات سەرقاڵتر و بێتواناتریش دەبن لە ئێستا، هەر بۆیە هەتا زووە بازوی هەوڵی لێ هەڵبماڵن و تا زووە دەست بە خوێندنەوە بکەن.

# خوێندکاری پزیشکی لە نێوان ئومێدە سەرابییەکان و ترسی بەردەوامدا

(تێڕوانینێکی سایکۆسۆسیۆلۆژییە، لە ناخی خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی دەکۆڵێتەوە)

## بۆ تەنها خوێندکاری پزیشکی؟!

١. من خۆم کۆلێژی پزیشکیم تەواوکردووە و، بۆ زیاتر لە شەش ساڵ، لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا لەگەڵ ئەو کۆلێژە و خوێندکارەکانیدا_ چ لە زانکۆ، چ لە بەشی ناوخۆیی _ ژیانم بەسەر بردووە .

٢. خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی لە ناو کۆمەڵگە و تەنانەت لە ناو خوێندکاران و مامۆستایانی کۆلێژەکانی تری زانکۆشدا، بە چاوێکی جیا سەیر دەکرێن، ئەم کۆلێژە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و بگرە لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی جیهانیشدا، لە پۆلێنکردندا بە یەکەم کۆلێژ دادەنرێت .

٣. خوێندکاری پزیشکی درێژترین تەمەن و لە هەمان کاتدا پڕ تەنگوچەڵەمەترین ژیانیش لە زانکۆدا بەسەر دەبات. ئەو شەش ساڵ بە بەردەوامی شەو دەخاتە سەر ڕۆژ و، لە نێوان ئومێدی ئایندەیەکی دوور و ترسێکدا کە هەمیشە وەك چەکوشێکی ئامادە سەری دەکوتێت _ترسی دەرنەچوون و تاقیکردنەوە و فێرنەبوونی زانست...._، ژیان دەگوزەرێنێت. ئەمانە و چەند هۆکارێکی تر کە لە دووتوێی بابەتەکەدا بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، وای لێکردم ئەم ڕیسکە بکەم و، شتێك لە بارەی خوێندکاری پزیشکییەوە بنووسم، کە وا بزانم کەس پێش من دەستی بۆ نەبردووە، بە ئومێدی ئەوەی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی لێم زویر نەبن، ئەگەر هەندێ ڕاستیم لە بارەیانەوە درکاند .

## خوێندکاری پزیشکی کێیه؟!

خوێندکارانی هەر سێ کۆلێژی (پزیشکیی گشتی، پزیشکیی ددان و دەرمانسازی) بە کۆلێژە پزیشکییەکان ناوزەند دەکرێن، بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستە، تەنها خوێندکارانی پزیشکیی گشتییە، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

أ. لەگەڵ ئەواندا ژیاوم و لە ناخی ئەوان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان زیاتر شارەزام .

ب. بە بۆچونی من خوێندکاری پزیشکیی گشتی لە هەموو ڕوویەکەوە لەوانی تر جیایە، تەنها ناوی پزیشکی کۆیان دەکاتەوە، دەنا خوێندن و مەنهەج و یان... تەواو لە یەکتر جیاوازە .

## خوێندکاری پزیشکی قوربانیی زیرەکی خۆی

ڕەنگە خوێنەر لەو ناونیشانەی سەرەوە سەری بسوڕمێ, چۆن کەسێك دەبێتە قوربانیی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی؟! بە ڕاستی زۆرێك لەو خوێندکارانەی دێنە کۆلێژی پزیشکی قوربانییەکی ئاشکرای ئەو زیرەکییەن کە خوا پێی بەخشیون, خوێندکاری زیرەك هەر کە دەچێتە بەر خوێندن، ئەگەر لە یەکەم ساڵەکانی خوێندندا ئاستی خوێندنی باش بێت، ئیتر دەبێتە مایەی چاوتێبڕینی دەوروبەر، بە تایبەت باوك و دایك کە زۆرجار لە ناو خێزان و دەرەوەی خێزانیشدا باسی زیرەکی منداڵەکەیان دەکەن و خۆیانی پێوە هەڵدەنێن بەسەر هاوماڵ و دراوسێکانیاندا, ئەم کارە لە نەستی(لاشعور) خوێندکاردا ئەوە دروستدەکات: کە ئەم مایەی سەربەرزیی دایە و بابە و خزم و عەشیرەتە و پێویستە زیاتر هەوڵبدات, لەگەڵ گەورەبوونیشیدا ئەم هەستەی لەگەڵدا گەورە دەبێت, ئەگەر خوانەخواستە(!) ئەم منداڵە لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا لە تاقیکرنەوەکانی بەکالۆریدا نمرەی بەرزی بەدەستهێنا، ئەوا ئیتر کاری تەواوە، دەبێت زیاتر هەوڵبدات, لە یەك و دووی ناوەندییشدا لە وانەکاندا

دەبەخشریێت و، لە پۆلی سێیش دیسان هەنگاوێکی تر دەهاوێژێت و دێتە پۆلی چوارەمی گشتی کە یەك ساڵ پێش بڕیاردانە: ئایا بچێتە بەشی زانستی یان وێژەیی[١٣]؟! ئەمە لە کاتێکدایە ئەو هەر لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتاییەوە، ئەوەندەیان بەگوێیدا خوێندووە: کوڕەکەمان دەبێت بە دوکتۆر و کچەکەمان دەچێتە کۆلێژی پزیشکی، ئەوەی لە نەستدا دروستبووە هەر دەبێت ببێت بە پزیشك.. پێویستە ئەوەش بڵێم، کۆمەڵگە هەمووی لەم تەڵەنانەوەیەدا بەشدارە، بۆ؟! چونکە کەسایەتی پزیشك لە کۆمەڵگەدا، پێگەیەکی تایبەتی هەیە و خەڵکی زۆر بە چاوی گەورەییەوە لێی دەڕوانن_ لە کاتێکدا پزیشکییش پیشەیەکە وەك ئەودوای پیشەکان، سەرباری ئەوەش ماندووترین کەسی کۆمەڵگا پزیشکە! _, نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت خەڵك کەسایەتی پزیشك لەبەر ئەوە بە پیرۆز نازانن کە ئەرکێکی مرۆییانە ئەنجامدەدات و خەڵکی لە مردن ڕزگار دەکات، بەڵکو ٩٩٪ی خەڵکی تەنها بیریان لای پارەی زۆر و ناوبانگە، ئەم تێڕوانینەی کۆمەڵگاش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دڵی خوێندکار و هەروەها لەسەر خێزانی خوێندکاریش_ بە تایبەت باوك و دایك_ دەبێت .

د.عەلی وەردی لە کتێبی (خوارق اللاشعور)دا دەڵێت:" زۆرێك لە باوکان دەیانەوێت، ئەگەر بە زۆریش بووە، منداڵەکانیان بنێرنە کۆلێژی پزیشکی، تا لە داهاتوودا ببنە پزیشك و ئەمانیش شانازییان پێوە بکەن ... و هەروەها سامانێکی بەرچاویشیان هەبێت، ئەمەش وا دەکات باوك هەمیشە بچپێنێت بە گوێی کوڕەکەیدا: بۆچی کوڕی فلانە کەسی دراوسێمان کە تا دوێنێ نان نەبوو بیخوات، بوو بە دوکتۆر و ماڵی باوکی ژیاندەوە, ئەی تۆ بۆ ئەوەندەی ئەوت لە دەست نایەت؟! ئەو باوکە وا دەزانێت کۆلێژی پزیشکییش، چەند ساڵێك خوێندنە و دواییش پارە کۆکردنەوە, بێئاگا لەوەی هەموو کەسێك با زیرەکیش بێت, وەکو یەك نییە لە حەز و بەهرە و زیرەکیدا, ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کوڕە یان کچە ناچار بکات، بچێتە کۆلێژی پزیشکی و، پاش چەند ساڵ، بە

---

[١٣]. ئێستا سیستمی خوێندن گۆڕاوە، لە پۆلی چوارەوە بەشی زانستی و وێژەیی، لە یەکتر جیا دەبنەوە .

پاڵپێوەنان دەربچێت و سەرەنجام ببێت بە پزیشك, بەڵام چۆن پزیشكێك؟! خاڵی لە هەموو زانستێك, چونكە ئەو هەر لەسەرەتاوە حەزی لەو پیشەیە نەبووە, بە مەش پزیشكێكی لێدەردەچێت پیاوكوژ, چونكە پزیشكی نەزان لە جەللادێكی پیاوكوژ خراپترە "!

ئەو وتەیەی وەردی پراوپر بۆ ئێستای كۆمەڵگەی خۆمان دەگونجێت.. وتمان خوێندكاری زیرەك كاتێك دەگاتە پۆلی پێنجی ئامادەیی، ناوێرێت لەگەڵ خۆیشیدا باسی ئەوە بكات، دەیەوێت بەشی وێژەیی هەڵبژێرێت, چونكە لە وڵاتی ئێمەدا_ زۆر بەداخەوە دەڵێم_ بەشی وێژەی، بە بەشی تەمەڵ و تەوەزلەكان دادەنرێت, لە كاتێكدا نەك هەر وا نییە, بەڵكو زۆربەی فەیلەسوف و بیریارو و سیاسەتمەدارە دیارەكانی دونیا، لەم بەشەوە گەیشتوون بەو پێگەیەی ئێستایان.. لێرەدا خوێندكاری زیرەكی (بەدبەخت!) ناچارە بەشی زانستی هەڵبژێرێت، ئەگەر حەزیشی لێی نەبێت. رەنگە لێرەدا پرسیارێك لە مێشكی خوێنەردا سەرهەڵبدات كە: بۆچی خوێندكار، هێندە بێئیرادەیە، ناتوانێت هەڵوێستی هەبێت و بە گژ بۆچوونی كۆمەڵگەدا بچێتەوە؟! ئەمە لە خەیاڵدا ئاسانە, بەڵام ئایا لە واقیعیشدا هەروا سانایە؟! نموونەیەكی بچووك دەهێنمەوە، رەنگە تۆی خوێنەر كوڕە خویندكارێكی زانكۆ بیت. ئەگەر وایە دەپرسم: بڕوانە خۆت و دەوروبەری خۆت لە كوڕانی زانكۆ، بزانە ئەزمەی (سمێڵ) نییە! بۆ نوكتە ئەمە ناڵێم، دەمەوێت خاڵێكت بۆ ڕوون بكەمەوە، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆكە لە زانكۆدا سمێڵتاشین و قەنافز درێژكردنی كوڕان بووەتە مۆد, ئایا چەند كوڕ توانیویانە لە بەرانبەر ئەو تەوژمەدا خۆیان بگرن و تەسلیم نەبن؟! دیارە زۆر كەم.. كوڕی وا هەیە ماڵیان لە قەزا و ناحییەكانی دەرەوەی شارە، كاتێك لە ماڵەوەیە، دەبینی، لە ترسی عادەت و تەقالیدی ماڵ و خێزاندا، هێندەی سمێڵ پێوەیە، بەشی دوانزە كەس دەكات، كەچی كە دێتە زانكۆ لە یەك شەو و ڕۆژدا پاك دەیتاشێت و تەسفیری دەكات! هۆكەیشی ئەوەیە، ئیرادەی بەرەنگاریكردنی عادەت و تەقالیدی نییە, ئەوە كچان هەر مەپرسە، ئەوان لە ڕێگەی

سەتەلایتیشەوە جلوبەرگێك دەبینن، سبەی ماڵ کاوەسار دەکەن و، بەرەو بازار دەیاندەن لەبەر، تا بۆیان بکڕن..!

ئەمەی دەیڵێم، تاپۆ نییە لەسەر مرۆڤی یەك شوێن و یەك جێگا, بەڵکو لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەمان شت هەیە، ئەگەر ئیرادەی بەرەنگاربوونەوە لە گشت مرۆڤێکدا هەبووایە، ئەوا هەموو کەسێك دەبوو بە بلیمەت و پاڵەوانی مێژوو!

وتمان خوێندکار بە حەزی خۆی یان حەزی کۆمەڵگە دەچێتە بەشی زانستیی، لێرەوە نەگبەتییەکی تر دەستپێدەکات، ئەویش ئەوەیە: ئایا من بۆ هاتمە ئەم بەشە؟ ئەگەر دەمویست ببمە مامۆستا، خۆ ئەگەر مامۆستای زیندەوەرزانی بم یان جوگرافیا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، یان ئەگەر حەز لە کۆلێژی یاسا یان زمان بکەم، خۆ لە بەشی وێژەییشەوە بە ئاسانی دەمتوانی بۆیان بچم، کە وایە من بۆ هاتمە بەشی زانستی؟! لێرەدا خوێندکاری زیرەك بیری بۆ دوو کۆلێژ دەچێت: پزیشکی، بە گشت بەشەکانییەوە لەگەڵ ئەندازیاری، لە نێوان ئەم دووانەشدا ئاشکرایە دەبێت یەکەمەکە بکات بە ئامانجی خۆی، چونکە:

١. لە منداڵییەوە لە (لاشعور)یدا ئەوە هەیە، ئەم لە داهاتوودا دەبێت بە دوکتۆر!

٢. ئەو کە هاتە بەشی زانستی، بۆ یەکەم کۆلێژ بەدەستنەهێنێت؟ تا بۆ هەموو کەس و کارو دۆست و دووژمنی بسەلمێنێت توانای بەدەستهێنانی بەرزترین کۆلێژی هەیە! ئەمە جگە لە هاندانی بەردەوامی ماڵ و کەس و کار و مامۆستا و... کە زۆرجار خوێندکاری نەگبەت هەر لە پۆلی شەشەمی زانستییدا بە دوکتۆر بانگدەکرێت، هەروەها حەزی کێبڕکێکردنی نێوان خوێندکارەکان لەگەڵ یەکتردا، ئارام لە هەر یەکەیان دەبڕێت و قوڕەکەیان بۆ خەستتر دەکاتەوە, هەندێجار خوێندکار نمرەی بەرز بەدەستدێنێت و، بە یەکەم ساڵ پۆلی شەش دەبڕێت و دەبێتە فسفسپاڵەوانی نێو خێزان و بنەماڵە و شار و دێ و... بەڵام

هەندێجاریش لەبەر هەر هۆیەك بێت، ڕەنگە بۆی نەلوێت نمرەی شیاو بۆ کۆلێژی پزیشکی بەدەستبێنێت، پێدەچێت نمرەکەی ئەم(٩٩,٩٣) بێت، کەچی ئەو ساڵە کۆلێژی پزیشکی، کەمترین نمرەیەك وەری بگرێت (٩٤) بێت, بە مەش خوێندکاری داماو دەبێتە قوربانیی یەك پۆینت[١٤]، نموونەی لەم جۆرەش لە وڵاتی خۆماندا زۆرە!

خوێندکار کە ئەم نمرەیەی هێنا، زۆرجار خۆی دەهێڵێتەوە لەپۆلی شەشدا، بە ئومێدی ئەوەی ساڵێکی تر، بتوانێت ئەو (٠,١) نمرەیە بخاتە سەر نمرەکانی و دەروازەی بەهەشتی کۆلێژی پزیشکی لێبکرێتەوە! لێرەدا سەرەڕای ئەوەی ساڵێك لە تەمەنی بەفیڕۆ دەچێت، ساڵێکیش خەم و خەفەت دەخوات.. بە هەرحاڵ ساڵی یەکەم بێت یان دووەم، خوێندکار نمرە دەهێنێت و دێتە ناو بەهاری(طب)ەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، هێدی هێدی خەونەکانی دەبن بەسەراب و، تا دەگات بە قۆناغی شەشی پزیشکی _ کە دوا قۆناغە_ هیچ یەك لەو خەیاڵانەی لە مێشکیدا دایبنابوون، وەك خۆی نامێنێت و، لەگەڵ هەر تاقیکردنەوەیەکدا یەکێك لە ئاواتەکانی زیندەبەچاڵ دەکرێت!

لێرەدا پێویستە شتێك بڵێم، ئەویش ئەوەیە خوێندکاری زانکۆ چ لە کۆلێژی پزیشکیدا بێت و چ لە هەر کۆلێژێکی تر، لە ڕووی دەروونییەوە جیاوازیی زۆرە ئەگەر ماڵی لە شاردا بێت لەوەی لە بەشی ناوخۆییدا بژێت (ئەمە بابەتێکی سەربەخۆیە و ئێرە جێی باسکردنی نییە) .

خوێندکار کە لە پۆلی شەشەمی زانستییدا فسفسپاڵەوانی ئەرز و ئاسمان بووە.. ڕەنگە لە تاقیکردنەوەیەکی (کیوز)دا سفر بێنێت، ئیتر لەوێدا ڕەنگی مردوووی لێدەنیشێت, چۆن دەبێت منێکی پاڵەوان، سفر بێنم؟! بێ ئاگا لەوەی، ئەمە سەرەتایە و کۆتایی نەگبەتییەکانیش مەگەر بە مردن بێت! کێشەی ئەوەی:" ئایا تۆ بڵێی من دەربچم و، تۆ بڵێی ئەم هەموو زاراوە قەبە و زەلامانەم پێ لەبەر بکرێت؟" کێشەی سەرەکی خوێندکاری قۆناغی یەکەمی پزیشکییە . .

---

[١٤]. پۆینت: یەك لەسەر دە .

لە کۆتایی ساڵدا، هەندێك خوێندکار بە خولی یەکەم و هەندێك بە خولی دووەم و.. بە عوبور و هەندێکیش لە هەمان قۆناغدا دەمێننەوە. کەوتن لە قۆناغی یەکەمدا، گەورەترین کێشەی دەروونی بۆ خوێندکار دروستدەکات, زورجار وا دەکات خوێندکار، نەتوانێت لەسەر خوێندن بەردەوام بێت, لە نەستیدا ئەوە پەیدا دەبێت، ئەم شایانی ئەو کۆلێژە نییە و، پێدەچێت تا ماوە نەتوانێت قۆناغی یەکەم ببڕێت! بە هەرحاڵ دەکرێت بڵێین قۆناغی یەکەم و دووەم و سێهەم قۆناغی سڕبوون و بێئاگایی و بێتاقەتی و ترس و دڵەڕاوکێن, تێیدا خوێندکار هەمیشە وشەو زاراوە و موحازەرەرە لەبەر دەکات و دوای ساتێك لە بیری دەچێتەوە. . هیچ یەك لەو خەیاڵپلاوییانەی لە پۆلی شەشدا دەیکردن، لە بیری نامێنێت، ئەو ئێستا تەنها لە خەمی ئەوەدایە چۆن ئەم قۆناغە ببڕێت و بڕواتە قۆناغی دواتر, ڕەنگە ئەگەر لە پۆلی شەشی زانستییدا یەکێك پێی بگوتبا دوکتۆر، بستێك بچووایەتە سەر بالای, بەلام ئێستا کە پێی دەڵێن دوکتۆر شەرم دایدەگرێت, ئەمەش تەنها کێشەی خوێندکارە تەمبەڵەکان نییە, لە کۆلێژی پزیشکیدا هیچ کەسێك لە ئارامییدا نییە, لە زیرەکترینەوە تا تەنبەڵترین خوێندکار، هەیە دەترسێت ئەمساڵ، یاسای عوبور دەرنەچێت و ئەم بمێنێتەوە، هەیە لەوە دەترسێت لە نیوەی وانەکان زیاتر بکەوێت و خولی دووەم ڕێی پێنەدرێت بچێتە تاقیکردنەوەکانەوە، هەیە دەترسێت لە دە یەکەمەکە نەبێت. . هەر یەکە و خەمێکی هەس .

کاتێکیش لە دەرسێ دووان دەکەوێت، ئیتر سەری دونیای لێدێتەوە یەك _بە تایبەت ئەگەر لە ماڵێکی نیمچەخوێندەوار یان عەشایەردا بێت_، چونکە دەزانێت، دەبێت وەڵامی دونیایەك پرسیاری ناماقوڵ بداتەوە: چۆن دەبێت تۆ بکەویت لە کاتێکدا لە سەرەتایی و ئامادەییدا هەمیشە یەکەم دەبوویت؟! تۆ بزانە بە چییەوە خەریکی وا ناخوێنیت؟! و دەیان پرسیاری لەم جۆرە کە دە ئەوەندەیتر خوێندکار بێزار و بێ ورە و بێ وزە دەکەن.. ئەوان _ماڵەوە_ هیچ کات بە بیریاندا نایەت، ئەوانەی لە کۆلێژەکەی ئەمدان، هەر یەکەیان لە

ئامادەییدا پاڵەوانی خوێندنگا و پۆلەکەی خۆیان بوون, ئەگەر ئێستاش هەموویان هەر یەکەم بن، ئەی کێ دووەم و کێ سێیەم بێت؟! ئەمە چۆن دەبێت؟!

خوێندکار هەتا قۆناغێك لە خوێندنی(طب) دەبڕێت، چەند کیلۆ کەم دەکات_ یان ڕەنگە زیاد بکات, چونکە مرۆڤی وا هەیە بە ترس و خەفەت قەڵەو دەبێت!_

قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پزیشکی قۆناغێکە، تێیدا خوێندکار کەمێك هەست بە ئارامی دەکات، نەك لەبەر ئەوەی _وەك دەوترێت_ بەهاری پزیشکییە(ربیع الطّب)، چونکە ئەوە ڕاست نییە و ئەم قۆناغە لە ڕووی خویندنەوە هیچی لە قۆناغەکانی پێشوو کەمتر نییە، هەر تەنها ئەوەیە خوێندکار لە ڕووی دەروونییەوە هەست دەکات، نیوەی قۆناغەکانی بڕیوە و لەمەودوا قۆناغی لێژبونەوە(نشێو) دەستپێدەکات، هەروەها وانە پراکتیکییەکان لە نەخۆشخانەکاندا دەخوێنرێن، ئیتر خوێندکار لە دەست تاقیگە ڕزگاری دەبێت و دەردی بێ دەرمان و بەڵای ناگەهانی (move)[١٥]ی لە کۆڵ دەبێتەوە، کە مەگەر هەر خوێندکاری پزیشکی بزانێت چ بەڵایەکە!

لە قۆناغی پێنجەم و شەشەمدا هێواش هێواش، خوێندکار بەبێ ویستی خۆی، خەیاڵی بۆ لای پاشەڕۆژی ژیانی خۆی دەڕوات و ئەو بیرە بە خۆیەوە دەیخەریکێنێت، زۆرجار خوێندکار لەوە دەترسێت دوای تەواوکردنی خوێندن، هیچ نەزانێت و نەتوانێت نەخۆشێك چارەسەر بکات! خوێندکار لە قۆناغەکانی کۆتاییدا هەستدەکات چەند ساڵە، بە لێشاو زانیاریی تیۆری دەئاخنرێتە

---

[١٥]. مووڤ، جۆرێك لە تاقیکردنەوەیە، تیایدا خوێندکار لە بەردەم جەند (بۆ نموونە ده) (سپۆت)ێکدا دەوەستێنرێت، هەر سپۆتەی لەسەر مێزێك دادەنرێت، خوێندکارەکانیش یەك لە دوای یەك دەوەستن، پێویستە هەر کەسە لە ماوەی دیاریکراودا، کە زۆر جار خولەکێك یان خولەك و نیوێکە وەڵام بداتەوە، مامۆستایەك (چاودێری تاقیکردنەوەکە) هاوار دەکات: مووڤ! واتە: بجوولێ، هەر سپۆتە دوو پرسیاری لەسەرە، بۆ نموونە: پ١: ئەم سپۆتە ناوی چییە؟ پ٢: بۆچی بەکاردێت؟ خوێندکار وەڵام بداتەوە یان نا، هەر کە ماوەکەی تەواو بوو، دەبێت شوێنەکەی خۆی بۆ ئەوی دوای خۆی، بەجێبهێڵێت. . ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە، لە وانە پراکتیکییەکاندا ئەنجامدەدرێت و، فشارێکی دەررونیی زۆر لای خوێندکار درووستدەکات .

سەریەوە و، سەری مار و بنی داری پێ لەبەر دەکرێت، کەچی ئێستا هیچ نازانێت, لەمەشدا ناهەقی نییە، پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژی پزیشکی، لە وڵاتی ئێمەدا بە شێوەیەك دارێژراوە، لەسەرئێشە زیاتر شتێکی بۆ خوێندکار تێدا نییە و ئەو هەموو زانیارییە تیۆرییەی، لە شەش ساڵدا دەرخواردی دەدرێت، دەستی خوێندکار ناگرێت و ڕێنمایی ناکات، خوێندکاری پزیشکی، دونیایەك زانیاری تیۆری دەخوێنێت، کە تا مردن سوودیان لێنابینێت, لەم لایشەوە لە ئاست سادەترین کاری پراکتیکییدا دەستەوسانە و، دوای بوونی بە پزیشك، دەبێت وەك منداڵی ساوا هەموو شتێك لە سەرەتاوە فێربێت, ڕەنگە بوترێت قۆناغی نیشتەجێبوونی خولاوی (الإقامة الدورية) _کە تێیدا لە دوای دەرچوون لە کۆلێژی پزیشکی و بۆ ماوەی دوو ساڵ، پزیشکی تازە دامەزراو، لەژێر چاودێریی پزیشکی پسپۆڕدا کار دەکات و، لەو ماوەیەدا هەموو شتێك فێر دەبێت_ بۆچی دانراوە؟! ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام ئەگەر لەو بڕوایەداین پزیشك تەنها لە قۆناغی ئیقامەدا فێری شت دەبێت، ئەی ئەو هەموو ساڵە بۆچی خوێندکار بە لەبەرکردنی بابەتی بێسوودەوە دەخەریکێنین؟ چ دەبێت ئەگەر خوێندکار هەر لە قۆناغی دووەم و سێیەمەوە فێری ڕێگەی نەخۆشخانە بکرێت و بە کارەکانی داهاتووی ئاشنا بکرێت؟ کەسێك پێم ناڵێت خوێندنی کوردۆلۆژی و کیمیای نائەندامی یان فیزیای تیۆری و یاسای بۆیڵ و پەندۆڵ و... چ زانیارییەك بە خوێندکاری پزیشکیی دەبەخشن؟!

لە وڵاتی ئێمەدا خوێندکاری پزیشکی، ئەگەر لە تەمەنی شەش ساڵیش بچێتە بەر خوێندن و یەك ساڵیش دوانەکەوێت، ئەو کاتەی خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە پزیشك، تەمەنی (٢٤)ساڵە، لە کاتێکدا وەك جوجەڵەیەکی تازە لە هێلکەدەرچوو دەبێت تازە بە تازە فێری دان خواردن بکرێت!

## پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار لە کۆلێژی پزیشکیدا

کۆلێژی پزیشکی گشتی تەنها یەك بەشە، سەرەڕای ئەوەیش ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار وەردەگرێت_ نموونەی نزیکی من کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانییە_ ، هەر قۆناغێك نزیکەی (٩٠-١٠٠) و هەندێجار زیاتریش خوێندکاری تێدایە، لە وانە تیۆرییەکاندا، هەموو خوێندکارەکان بەیەکەوە دادەنیشن، بەڵام لە وانە پراکتیکیەکاندا، بەسەر چەند گروپێکدا دابەش دەکرێن, لە کۆلێژی پزیشکییدا خوێندکار تەنها گوێگرە و کەمجار دەبینیت خوێندکارێك پرسیارێك ئاراستەی مامۆستا بکات, مامۆستاکە پزیشکێکی پسپۆڕە، دێت کاتژمێرێك یان زیاتر قسە دەکات و خوێندکاریش بەبێ پشوودان دەنووسێت، چی دەنووسێت؟ ئەو قسانەی لە دەمی مامۆستاکەی دەردەچن. . هەموو قسەکانی! هەر کەسێکیش تاقەتی نووسینی نەبێت، دەبێت تا کۆتایی دەرس بە ئارامی دابنیشێت و هیچ قسە نەکات[١٦], خوێندکار بۆی نییە نەیەتە دەرسەوە، ئەگەر نەیەت ناوی دەچێتە لیستی ئامادەنەبووانەوە و بە غائیب دەنووسرێت، ئەمەیش کار دەکاتە سەر ئەنجامی ئەو ساڵەی و لە هەندێ وانەیشدا نمرەی لێ دەشکێنرێت, فلان مامۆستا باشە یان خراپ، فیسار موحازەرەی بە دڵە یان نا.. خوێندکار پێویستە ئامادە بێت، تەنانەت سەرخەوشکاندنیش قەدەغەیە، لە کاتێکدا زۆرێك لە وانەکان بە شێوەیەك دەوترێنەوە خەو لە مرۆڤ دەخەن، تەواو وەك یاسایەکی سەربازی!

هەرچی وانە پراکتیکیەکانیشە، ئەوا لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا (یەك، دوو، سێ) بریتییە لە کاری ناو تاقیگە، لە نموونەی وێنەکێشانی (سلاید) و تاقیکردنەوە فیزیایی و کیمیاییەکان... لەوێدا خوێندکار هێندە سەرقاڵە، کە نەك لەتەك مامۆستادا، بەڵکو لەتەك هاوپۆلەکانیشیدا بواری دەمەتەقێ و

---

[١٦]. لەم ساڵانەی دواییدا، نووسینەوەی موحازەرات کەمبووەتەوە، یان هەر نەماوە، لێکچەرەکان بە کۆمپیوتەر دەنووسرێنەوەو بە ئامادەکراوی، دەدرێنە دەست خوێندکار.

مشتومڕی نییە، بە درێژایی ئەو یەك دوو كاتژمێرەی لە ناو تاقیگەدایە، وەك مێرووله لە هاتوچۆدایە!

لە قۆناغی چوارەوە وانە عەمەلییەكان دەبن بە وانەی كلینیكی و لە نەخۆشخانەكاندا دەخوێنرێن، لێرەشدا دیسانەوە پەیوەندیی خوێندكار و مامۆستا پەیوەندییەكی تەندرووست نییە! دەبینیت خوێندكارێك لە قۆناغی شەشدایە و دوكتۆرێك كە لە قۆناغی یەكەوە وانەی پێ وتووە نایناسێت، یان هەر نازانێت خوێندكاری پزیشكییە! كاتێك پەیوەندیی نێوان خوێندكار لەگەڵ مامۆستاكەیدا تەنها پەیوەندیی قسەكەر و گوێگر (المتكلم والمستمع) بێت، لە ڕووی دەروونییەوە زۆر بە خراپی كار دەكاتە سەر دڵی خوێندكار، چون لەو كاتەدا خوێندكار هەستدەكات هیچ كەسێك نییە لەسەر هەوڵەكانی ئافەرینی بكات، لە كاتێكدا مرۆڤ تا دەمرێت پێویستی بە یەكێكە ئافەرینی بكات.. نەك هەر ئەمە، بەڵكو هەندێ لە مامۆستاكان وا دەكەن خوێندكار لێیان بترسێت!

## گرفتی نمرە لە كۆلێژی پزیشكییدا

لە كۆلێژی پزیشكییدا، لە قۆناغی یەكەم تا چوارەم، تاقیكردنەوەكان بە پێی یەك سیستم ئەنجامدەدرێن، هەر وانەیەك (١٠٠) نمرەی لەسەرە، (٥)نمرە بۆ پێش نیوەی ساڵ و (٥) نمرەیش بۆ دوای نیوەی ساڵ، ئەم دە نمرەیە دادەنرێت بۆ تاقیكردنەوە كورت و خێراكان كە بە كیوز (Quiz) ناودەبرێت، هەروەها بۆ (راپۆرت) و (ئامادەبوون_غیابات)، (٣٠) نمرە لەسەر تاقیكردنەوەكانی نیوەی ساڵەو (٦٠)یش لەسەر كۆتایی ساڵ .

ئەم ٩٠ نمرەیەش دابەشكراوەتە سەر وانە تیۆری و پراكتیكییەكاندا, ڕێژەی ٢/٣ ی نمرەكان بۆ وانە تیۆریەكان و ٣/١ یش بۆ وانە پراكتیكییەكان تەرخانكراوە . لە پۆلی پێنجەمدا سیستمەكە تۆزێك دەگۆڕێت، وانە پراكتیكییەكان دەبن بە كۆرسی و هەر وانەیەكی پراكتیكی (٢٠) نمرەی لەسەرە، (٧٠) نمرە بۆ وانە تیۆرییەكان و (١٠) نمرەش بۆ كیوز و غیابات, پۆلی شەشەم سیستمی خوێندن و تاقیكردنەوەی تەواو جیاوازە لە قۆناغەكانی

پێشوتر، ئەم قۆناغە وانەی تیۆری تێدا ناخوێنرێت، وانەکان تەنها کردارییِن و بە چوار کۆرس دەخوێنرێن، دوو کۆرسی سێ مانگە و دوو کۆرسی یەك مانگ و نیوی . .

پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم، ئەنجامی زۆربەی خوێندکاران لە هەر شەش قۆناغەکەدا _ئەنجامی کۆتایی_ پەسەندە (مقبول) ، ڕێژەیەکی کەم پلەی ناوەند بەدەستدێنن (متوسط)، ژمارەیەکی لەوانیش کەمتر پلەی باش (جیّد)، کە ژمارەیان لە دوو سێ خوێندکار تێناپەڕێت. هەرچی زۆرباشەیە (جید جدا)، ئەوا زۆر دەگمەنە و بگرە هەر نییە، پلەی باڵایش (إمتیان) مەگەر لە خەودا دەنا هەر نییە! خۆ ئەگەر دە ساڵ جارێك خوێندکارێك پەیدا ببێت وەك موعجیزە پلەی زۆر باش بەدەستبێنێت، ئەوا باڵا بە موعجیزەیش پەیدا نابێت! هەندێجار دە یەکەمەکەش (عشر الاوائل) یەك دووانێکیان، تەقدیریان پەسەندە!

هەنێجار لە تاقیکرنەوەکانی ئەم کۆلێژەدا، جۆرە سیستمێك پەیڕەو دەکرێت، پێی دەوترێت (MCQ)، لەم جۆرە پرسیارەدا ژمارەیەك پرسیاری _ ڕەنگە بگاتە (٢٠٠) _ ڕاست و هەڵە دێتەوە، خوێندکار سێ ڕێگەی لەبەردەمدایە، دەبێت یەکێك لەم سێ هێمایە هەڵبژێرێت: T، F، D .

T بە مانای ڕاست، F بە مانای هەڵە و T یش بە واتای نازانم. ئەگەر بۆ نموونە وەڵامی ژمارە بیست هەڵە بێت و خوێندکارێك وا بزانێت ڕاستە و لە جیاتی هێمای F، هێمای T دابنێت، ئەوا لەو پرسیارەدا سفری نادرێتێ و بەس، بەڵکو لە جیاتی سفر (-١)ی دەدرێتێ، کە(-١)یشی وەرگرت، ئەوا دەستبەجێ سەری یەکێك لە وەڵامە ڕاستەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەخوات، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر: وا دابنێ (٥٠) پرسیار هاتبێتەوە، تۆ وەڵامی (٢٥) پرسیارت ڕاست بێت و (٢٥)ەکەی تریشت هەڵە بێت، ئەوا ئەنجامەکەت دەکاتە سفر و هیچت بۆ نامێنێتەوە، بە کورتی قازانج سەری دەستمایەش دەخوات!

ئەمەش نەك هەر تەنها لەسەر نمرەی خوێندکار، بەڵکو لەسەر دەروونی خوێندکاریش کاریگەریی خراپ دادەنێت، ئیتر زۆر بە دەگمەن خوێندکارێك، نمرەی تەواو لە وانەیەکدا بەدەستدێنێت . یان ڕەنگە هەرگیز یەکێك پەیدا نەبێت بە دەستیبهێنێت!

## خوێندکاری پزیشکیی لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا

لە کاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵدا خوێندکار بە گشتی و خوێندکاری پزیشکی بە تایبەتی، لە بارێکی دەروونیی ناجێگیر و شلەژاودا دەژێت، ئەوەی باری خوێندکاری پزیشکی قورستر و دەردی گرانتر دەکات، زۆریی وانەکانیەتی، کە زۆر زیاترە لەوەی بتوانرێت لەو ماوەیەدا کە بۆی دیاریکراوە تەواو بکرێت, بۆ نموونە (٢٠ کاتژمێر) موحازەرەی خوێندووە، کەچی بۆ خوێندنەوە و پێداچوونەوەی، تەنها ڕۆژێك یان دووانی بۆ دانراوە، پێویستە خوێندکار لەو یەك دوو ڕۆژەدا هەموو ئەو موحازەرانە بخوێنێتەوە و پێیشیاندا بچێتەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەبێت زۆرێکیشیان لەبەر بکات، نەوەك لەسەر هەڵەیەکی بچووك ساڵێکی ڕەبەق لە هەمان پۆلدا بمێنێتەوە، ئەم بارە دەرونییە وا لە خوێندکار دەکات لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، تووڕە و بێتاقەت و بێئاگا دەربکەوێت.. ئەم حاڵەتە لە بەشە ناخۆییەکاندا زیاتر بەرچاو دەکەوێت، چونکە خوێندکار لە ماوەی تاقیکردنەوەکانیشدا، دەبێت خۆی خواردن بۆ خۆی ئامادە بکات و جلی خۆیشی خۆی بیشوات، ئەمەش بارودخێکە کەس خۆزگەی پێ ناخوازێت .

## خوێندکاری پزیشکی و بێئاگایی

نموونەیەك دەهێنمەوە کە هەرچەند لە نوکتەیش دەچێت، بەڵام ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، برادەرێك بۆی گێڕامەوە و وتی: ساڵێکیان یەکێك لە خوێندکارە یەکەمەکانی کۆلیژی پزیشکیی ددان لە زانکۆی سەلاحەدین، هەواڵێکی پێداوم و وا باسی لێی کردووە کە دوێنێ ڕووی داوە، کەچی دوو مانگ زیاتر بووە لە میدیاکاندا ئەو هەواڵە بڵاوکراوەتەوە و باسێکی ئەوەندە کەمیش نەبووە تا مرۆڤ دوای دوو مانگ بیبیستێت، ڕەنگە هەموو کەسێك لە کاتی خۆیدا بیستبێتی. وەك ئەوەی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ بێت و کەسێك بێت، پێت

بلێت:" دەزانیت دوو فڕۆکە خۆیان بە دوو تاوەرە بازرگانییەکەی نیویۆرکدا کێشاوە؟ "!

لە ناو خەڵکیدا، زۆر بە چاوێکی گەورەوە لە خوێندکاری پزیشکی دەڕوانرێت، لە کاتێکدا خوێندکاری پزیشکی کەمترین زانیارییان دەربارەی شتەکانی دەوروبەریان لە لایە, ئەگەر لەم کۆلێژەدا بزانرێت خوێندکارێك هەیە سەرقاڵی خوێندنەوەی دەرەکییە _ بەدەر لە مەنهەجی کۆلێژ _، ئەوا لەلایەن هاوڕێکانییەوە وەك نامۆ و عاجباتی تەماشا دەکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت خوێندکاری پزیشکی زیرەك نەبن، زۆربەی خوێندکارانی پزیشکی بە جۆرێك لە جۆرەکان بەهرەمەندن، تیایاندایە وەرزشەوانە، هەیە نووسەرە، تیایاندایە شاعیرە و هەیشیانە مۆزیکژەنێکی کەموێنەیە.. لێ پرۆگرامی سەختی خوێندن، کە وەك مۆتەکە سەردڵیانی گرتووە، بووەتە هۆی لە پەلوپۆ خستنیان .

بێئاگایی خوێندکاران لە دەوروبەر، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تریان دەگۆڕێت، خوێندکار هەیە وریایە و دەبزوێت و دەخوێنێتەوە، بەگشتی بێئاگایی پەیوەستە بە چەند خاڵێکەوە، بۆ نموونە ئەو خوێندکارەی زیاتر سەرقاڵی خوێندن بێت بێئاگاترە، لە کاتێکدا ڕەنگە یەکەمی کۆلێژەکەی بێت، هەروەها خوێندکارێك کە لە بەشی ناخۆییدا بێت، بێئاگاترە لەو خوێندکارەی لە ماڵی خۆیدایە و، لەگەڵ کەسوکار و دەرودراوسێدا لە تەماسدایە .

## خوێندکاری پزیشکی و پەشیمانی

زۆرێك لە خوێندکارانی پزیشکی _ بەتایبەت لە قۆناغەکانی کۆتاییدا_ پەشیمان دەبنەوە لەو بڕیارەی کاتی خۆی داویانە، لە هاتنیان بۆ ئەم کۆلێژە, بەتایبەت کاتێك دەبینن هاوڕێکانیان لە کۆلێژ و بەشەکانی تر، هەموو بوون بە مامۆستا و ئەندازیار و پارێزەر, لە کاتێکدا هێشتا ئەمان هەر خوێندکارن. هۆیەکی تری بێزارییان دەگەڕێتەوە بۆ درێژیی ڕێگەی خوێندن لەم کۆلێژەدا و نەگەیشتن بە ئامانج، دەبینی کۆلێژ تەواو دەکەن کەچی تازە سەرەتای ڕێگەیە،

لە کاتێکدا خوێندکاری کۆلێژەکانی تر، هەر کە خوێندنیان تەواوکرد، ئیتر دەتوانن تا ماون پەڕەیەك نەخوێننەوە و کاریشیان بە باشی دەڕوات. . ئەمە وای لە هەندێ لە خوێندکارانی پزیشکی کردووە، بیر لەوە بکەنەوە دوای دەرچوون لە زانکۆ، وەك پزیشك دانەمەزرێن، بەڵکو بە دوای کارێکی تردا بگەڕێن، برادەرێکمان دەیووت: سوێندم خواردووە دوای تەواوکردنی خوێندن نەبم بە پزیشك و، دەستبکەم بە گوڵۆبەڕۆژە فرۆشتن! ئەگەرچی ئەم بیرە، ڕەنگە لای هەندێکیان هەڵچوونێکی کاتی بێت, بەڵام لای هەندێکی تر زۆر جیددییە و بە بەرنامە کاری بۆ دەکەن .

هەقیقەتێك هەیە پێویستە باس بکرێت، ئەویش ئەوەیە هەر کەس هاتە کۆلێژی پزیشکی و تەواویکرد، ئیتر زۆر ئەستەمە بتوانێت وازی لێبێنێت، وەك یەکێك لە پزیشکەکان دەیوت:" خوێندنی پزیشکی وەك تریاك وایە، مرۆڤ چەند ڕقی لێی بێت و حەز بە تەرککردنی بکات ناتوانێت". هەروەها نابێت تێڕوانینی کۆمەڵگە و قسەی خەڵکیشمان لەبیر بچێت, ئەوێك کە سەرەتا لە ژێر کاریگەریی قسەی خەڵکیدا هاتبێت بۆ ئەم کۆلێژە، ئیتر چۆن ئێستا دەتوانێت بڕیاری وازهێنان و دانەمەزراندن بدات و بەگژ تەوژمی باوی ناو کۆمەڵگەدا بچێتەوە و مەلە بە پێچەوانەی ئاراستەی شەپۆل بکات؟!![١٧]

---

.١٧

**خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی قوربانیی قسەی خەڵك، نەك زیرەکییەکەی**

تریفە عومەر، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان_ ڕاگەیاندن

کە تایتڵی لاپەڕە (٨)ی ژمارە (٢٠)ی ڕێکەوتی ٢١ی شوباتی٢٠٠٣ی ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ و لەگەڵیشیدا وێنەیەکی تۆقێنراو دەبینیت، ئیدی وا هەستدەکەیت بابەتێك، ڕۆمانێك یا فیلمێك، شانۆیەکی ترسناك لەمەڕ خوێندکاری پزیشکی دەخوێنیتەوە، بە شێوەیەك لە خانەی ئەدەبیاتدا بوونی هەبێت نەك لە دیفاکتۆدا، بەڵام دواتر کە ئاشنا دەبیت بە کرۆکی باسەکە چیدی دنیایەك بێ ئومێدی سەبارەت بە خوێندکارە (زەلیلەکان...ی...؟) کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی دەخوێنیتەوە، کە لە لایەن خوێندکاری کۆلێژی ئاماژە پێکراو (هێمن خورشید)ەوە خراوەتەڕوو، سەرەتا ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەشێ خوێنەر

ئاڕاستەی بکات، جگە لە دەستنیشانکردنی سێ خاڵ لە پەرەگرافێکدا دەنووسێت:" خوێندکاری پزیشکی لە نێوان ئومێدی ئایندەیەکی دوور و ترسێك کە هەمیشە وەك چەکوشێکی ئامادە سەری دەکوتێت.. دواتر چەندین ڕستەی دیکە دەبینرێتەوە کە لە ئاستی سایکۆلوجیدا لێکدانەوەی جودا سەبارەت بە خاڵی لاوازی خوێندکاری پزیشکی هەڵدەگرێت، بێگومان دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانیش بە پێی باسەکەی هێمن، لە قۆناغی منداڵییەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی هەرزەکاری و لاوی، ئێستا خوێندکار کاتێك دەگاتە پۆلی پێنج ناوێرێت لەگەڵ خۆیشیدا باس لەوە بکات، دەیەوێت بەشی وێژەیی هەڵبژێرێت، خوێندکاری زیرەکی بەدبەخت ناچارە بەشی زانستی هەڵبژێرێت،_ چونکە_ لە منداڵییەوە لە لاشعوریدا ئەوە هەیە کە دەبێت ببێت بە دکتۆر... ئەم دەسپێکەشی وەك تەعریفی خوێندکاری پزیشکی کەسایەتییەکی ترسێنراو و تۆقێنراو دەخاتەڕوو بە چەشنێك هۆکاری پەیوەستبوونی ئەم حاڵەتە بۆ یەکەم یەکەی کۆمەڵگا، خێزان، دەگەڕێنێتەوە کە لە لایەن (دایك و باوك) و دواتریش دەووروبەرەوە دەستپێدەکات. لێرەوە خوێندکاری زیرەك دەبێتە قوربانی، بەڵام قوربانیی کێ؟ قوربانیی کۆمەڵگا یان خاڵە لاوازەکانی خودی خۆی؟ لە نەبوونی وشیاری کۆمەڵایەتیدا، هێمن لەم باسەدا جەخت لە بێ بڕوایی خوێندکاری زیرەك دەکاتەوە بەرامبەر بە خودی خۆی، بەڵکو ئەو بیرکردنەوەکانی دەبەخشێتە ئەوی تر... چیدی ئەویتر لە بری ئەم قەرار دەدات و خواستەکانی تەحقیق دەکات، ئیدی ئەم سفرە، بەڵکو پاشکۆی خێزان و دەوروبەرەکەیەتی و بە هەموو شێوەیەك دەرخ دەکات تا چەپڵەیەك بباتەوە و ئافەرینێك وەربگرێت، بەم جۆرەش (خوێندکاری پزیشکی دەبێتە قوربانیی زیرەکیەکەی خۆی)! دیارە هەڵوێستەکردن و پرسیارەکەی من لەم ناونیشانە فەرعییەی هێمن دایە، نازانم تێگەی (زیرەکی) لای ناوبراو هەڵگری چ واتایەکە...؟! بە پێی زانیارییەکی کەم _ کە بەندە هەیەتی _ لەسەر ئەم مەفهومە، (زیرەکی) دەرخ کردن نییە، بەڵکە ئیستیعاب کردنی بابەتە، هەر یەك لە لێکۆڵەرەوەکانی وەك: (جان پیامێ، جاکۆبسن، دۆناڵد هیب، ڕۆبەرت ڕۆسناڵ و.. هتد)، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زیرەکی پەیوەستە بە دەوروبەر و فەرهەنگی زمانەوە، وێڕای ئەوەش جوڵەی خانەکانی مێشك لە بۆشاییدا کارا نابێت، بەڵکە پێویستیان بە فەزایەکی مەعریفی هەیە و، بوونی ئەزموونە جوداکان کاریگەر دەبن لەسەر مرۆڤ، نەك بە پێی باسەکەی کاك هێمن زیرەکی بەهرەی خودایی بێت... پێموایە ئەوە زیرەکی نییە تۆ دەکات بە دوکتۆر، ئەوە ڕاهێنراوی تاکی کوردە بە ئامادەیی شتەکان وەردەگرێت. ئێمە هەرگیز ڕازی نەبووین بەدووی زانست بکەوین و خۆمان داهێنان بکەین، بەڵکو خواستوومانە وەك بەرمەجەی کۆمپیوتەر وانەکان (محازەرەکان) بە پوختەکراوی بێنە بەردەستمان، بۆیە دواجار ملکەچ دەبین و گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانیش زۆر قورس و ئەستەمە. ئەم خاڵەش بە تەواوی ڕەهەندەکانیەوە لە باسەکەی هێمن دا ڕەنگ دەداتەوە، ئەو کە پێی وا بێت لاشعور تۆ بکات بە دوکتۆر ئیدی چۆن خوێنەر چاوەڕێی جەللادێك ناکات؟ تۆ لەبەر قسەی ئەم و ئەو و لە کەشێکی لەباردا بۆت ڕەخساوە بوویتە دوکتۆر، تۆ بە درێژایی خوێندنی پۆلی شەشەمی زانستی لەبەر ڕەحمەتی مامۆستای تایبەتی گیراو لەماڵەوە و لە قوتابخانە پلەی باڵات بەدەستهێناوە و خەڵکیش ئافەرینیان کردویت. تۆی دوکتۆر لەبەر هەندێ قسەی سواو و سەقەتی کۆمەڵگا، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم سیستەمە پەروەردەییە ئیفلیجە، هەوڵتدا و بوویتە دوکتۆر، نەك لەبەر زانستی بە پزیشك بوون،

ئیدی ( عەلی وەردی) وەتەنی، چۆن چاوەڕێی بوونە جەللادت لیٚ نەکەین؟ خوێندکارێك لە ئەزمەی سمێلێشدا تەسلیم بە بەرامبەرەکەی بیٚ، ئیدی دەبێت ئومێدی چ ئایندەیەك بێت؟! خوێندکارێکی پزیشکی، بە نیاز بێت لە دوای دەرچوون، گولەبەڕۆژە بفرۆشێت، هەر لەبەر ئەوەی وای زانیوە بەشی ویژەیی جێی تەمەڵ و تەوەزەلەکانە، دەبێت چاوەڕێی چی لە گولەبەڕۆژەفرۆشەکانی تر بکەین؟ پێموایە ئەم باسەی هێمن خورشید لەمەڕ کەسایەتی خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی گشتی خستوویەتیەڕوو، تەنها تەعریفی ئەوان نیە، بەڵکو بەگشتی شوناسی تاکی کوردە، کە بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت توانای سەرکردایەتی کردن و بڕیاردانی لەسەر ئایندەی خۆی نیە، هەر بۆیە دواکات دەبێتە قوربانیی کەسایەتی خۆمان. ناوبراو لە ستوونەکانی تردا لە ژێر تایتڵە فەرعیەکاندا، باس لە سستی پەیوەندی مامۆستا و خوێندکار دەکات، کە ئەمەش پێموانیە تەنها کێشەی کۆلیژی پزیشکی بێت و کۆلیژەکانی تر بەشی شێریان بەرکەوتبێت، بەڵکە کەلتورێکە وایکردووە مامۆستا چەشنی باوك مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بکات و خۆی بە قسەکەری یەکەم لە قەڵەم بدات، دیارە بەرامبەر بەمەش چەندین مامۆستامان هەیە وەك هاوڕێ ڕەفتار دەکات، بە هەرحاڵ من دەپرسم: خوێندکارێکی (زیرەك_ بالاترینی کۆمەڵگا) توانای لەبەرکردنی زاراوە قەبە و زلەکانی پزیشکی نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانێت پەیوەندییەکی کراوە لەگەڵ مامۆستادا درووستبکات و حیوارێکی زانستی لەنێوانیاندا بخولقێنن؟ لە مەدا، کوا بەرهەمی زیرەکیەکەی..؟! لە کۆتاییدا دیسان و بە شێوەیەکی تر دێتەوە سەر چەمکی زیرەکی و دەڵێت:" لەوەتەی لەم چەند ساڵەی تەمەنی زانکۆییدا خوێندکاری پزیشکیم ناسیوە، زۆربەیان خاوەنی بەهرەی زیرەکین، بەڵام ئەو مەنهەجە قورسەی وەك مۆتەکە سەردڵیانی گرتووە بووەتە مایەی ئەوەی لە پەلوپۆ بکەون". ئیدی ناپرسێت کامە زیرەکی کە کەسێکی مت بووی کۆلیژەکەی بێت؟ کامە زیرەکی کە ئاگای لە هەواڵی دنیا نەبێت؟ کە هیچ مەعریفەیەکی دیکەی نەبێت لەسەر بابەتە گشتی یەکان...؟ دوکتۆری زیرەك ئەو کەسەیە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی گشتی بێت و قسەی هەبێت لەمەڕ مەسەلەکان و شتە جیاجیاکانی کۆمەڵ. لێرەشەوە تەنها ڕستەیەك مابێتەوە بیڵێم ئەوەیە پزیشك جێگەی شانازییە و هەمیشە بوونەوەر بۆ سارێژکردنی برینەکانی پێویستی پێی دەبێت، بەڵام پزیشکێك لەبەر فێربوونی زانست و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ بدات نەك لەبەر خاتری پێشاندانی عەزەلات و ئافەرین وەرگرتن و پارەو بەدەستهێنانی ناونیشانی دوکتۆر وەك لە بابەتەکەی (هێمن خورشید)دا ڕەچاو دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا نووسینی باسێکی وەها و دەرخستنی لایەنە نادیارەکانی خودی خوێندکار و هەم کۆلیژەکە بە شێوەیەکی بوێرانە و لێهاتووانە، جێگەی دەستخۆشیکردنە لە نووسەر، تا _خوێندکار_ لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە باسەدا بڕیاردەر بێت و مومارەسەی حەزەکانی خۆی بکات، نەك کەسێکی دیکە بیری بۆ بکاتەوە و دواتریش دەستی پەشیمانی بگەزێت. دیارە بە ڕەچاوکردنی ئەمەش زانکۆ و کۆمەڵگا دەتوانن کەسی بەرهەمهێن و بەسوود بۆمیللەت پێبگەیەنن .

# کەری نیوەسەرێ[18]

**تێبینی: خوێنەری بەڕێز ئەگەر وا ڕاهاتوویت، خۆت تەنها بە خوێندنەوەی بابەتی تەقلیدییەوە سەرقاڵ بکەیت، ئەوە تکات لێدەکەم ئەم بابەتە مەخوێنەوە، چونکە لە نیوەی ڕێدا بەبێ وەڵام جێتدەهێڵێت!**

بە خەیاڵ خۆت بخەرە جێگەی منداڵێکی لادێیی، کە لە کاتی ڕۆیشتنندا بۆ سەر بێستانەکەی باوکی مێز زۆری بۆ دەهێنێت و، بە یارمەتی ئێوەی بەڕێز، لادەداتە ناو باخێك تا لەو بارە گرانە خۆی قوتار بکات، کەچی هێشتا لە نیوەی کاردایە، خشەخشێك دێتە گوێیا و لە ناکاو دەنگە دەنگی کابرای خاوەن باخ بەرزدەبێتەوە و، بە کۆکەکۆك تا بێت نزیك دەبێتەوە، ئەو منداڵە بەستەزمانە هەر ئەوەندە پێڕادەگا، بە ئەسپایی شەرواڵەکەی هەڵکێشێت و، تا خوا هێزی داوەتەبەر، هەڵێ! بەڵام ئایا ئازاری ئەو لە نیوەی کاردا هەڵسانە، هەتا ماوە لە ناو ناخ و دەروونیدا کاریگەری جێناهێڵێت؟! باس لە زیانی جەستەیی ناکەم، چونکە من بە سروشتی خۆم حەزم لە زانستی پزیشکی نییە!

ئێمە ئازاری ئەو منداڵە چۆن هەست پێدەکەین؟! وەڵامەکەی، هەڵهێنانی یەکێك لە مەتەڵەکانی (ئەنیشتاین) نییە، ڕەنگە ئەو منداڵە من بم یان تۆ بیت . . . کە گەورە بووین باسی دەکەین، ئەی ئەگەر کەرێك . . . نا ببورن جارێ کاتی نەهاتووە!

کەر بە واتا (عومەر)ییەکەی_ مەبەستم عومەر کلۆلی سکرتێری گروپی کەرگەلی کوردستانە_ ئاژەڵێکی بەرز و بەڕێزە، منیش ئەوەندەی سۆزم بۆ کەر دەجووڵێت بۆ هیچ ئاژەڵێکی تر ناجولێت، ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت، زۆر بە خراپی باسی دەکرێت، لە کاتێکدا زۆر بێدەنگ و لەسەرخۆیە، کارەکانیشی بە

[18]. ئاسۆی گەنج، ژ: (١١)، ٢٠٠٧/٢/١٧

جوانی ئەنجامدەدات. . هەر ئەمەیشە وایکردووە، کەم شاعیری کورد هەیە لە (نالی)یەوە تا (عەبدوڵڵا پەشێو)، لە شیعرەکانیاندا باسی کەریان نەکردبێت.

من لێرەدا ئەم هەموو گورگ و ڕێوییەتان بۆیە بۆ دەهێنمەوە، تا باسی (کەری نیوەسەر)تان بۆ بکەم، بەڵام لە جیاتی ئەو، قەیناکا باسی خۆمتان بۆ دەکەم! ئەو منەی لێرەدا باسی دەکەم، بەشێکی منی خۆمە و بەشێکیشی هەموو گەنجێکی کلۆڵی ئەم نیشتمانە غەمگینەیە.

قەدەری من وا بوو لە وڵاتێکدا لەدایکبووم کە لەسەر گۆمی خوێن و خاشاکی خانوو و ماڵی وێران و کەللەسەری بەناهەق لێکراوەی مرۆڤی چارەڕەش و خۆشی لەخۆنەدیو بونیادنرابوو. لە چارەنووسی مندا نووسرابوو نە منداڵیم منداڵی بێت و نە گەنجیشم گەنجێتی، تەمەنێك سەراپا پیری. . هەر لەگەڵ لەدایکبوونمدا، تاڵێك قژی ڕەش لەسەرمدا نەمابوو. بە پیری هاتمە دونیا و بڕیاریشە هەر بە پیری بژیم، بیستوچوار سەعاتی ڕۆژانەی تەمەنم، هەموو چرکەکانی لەیەکدەچن و (سیزیف) ئاسا هەموو ڕۆژێك تا ئێوارە خەریکی بردنەسەرەوەی بەردێکم بۆ سەرشاخەکە و، کە تاریکیش داهات، بۆ خوارەوە غلۆری دەکەمەوە...! کەس لێم نەپرسێت بۆ بێزاری؟ کەس هەوڵی پەشیمانکردنەوەم نەدات لە کۆچکردن بەرەو ئەو بەهەشتە نادیارەی هیچی لە بارەوە نازانم! من زیاد لە بیستوپێنج ساڵ لەم وڵاتەدا ژیام، تامی شیرینیی ئەم نیشتیمانەم نەکرد، تەمەنێك هاتم و چووم بە بێئەوەی بزانم کێم و خەریکی چیم. . ئاخر لەم نیشتیمانەی مندا، ئەوەی دەیبیسیت و ئەوەی دەیبینیت ئاسمان و ڕێسمانیان نێوانە. .

هاوڕێیان! من کە لە زانکۆ دەرچووم، یەکەمی سەر بەشەکەم بووم، نمرەیەکی باشم هەبوو، چاوەڕوانبووم لە خوێندنی باڵا وەربگیرێم، کەچی دوای دوو ساڵ چاوەڕوانی و خزمەتکردن، ناوم دەرنەچوو، کەچی(...)ی هاوڕێم کە هەموو ساڵێك بە ئایەتولکورسی خوێندن دەردەچوو، هات بۆ لام و دڵنەوایی کردم،

وتی: ئیشەڵڵا ساڵێکی تر تۆیش وەردەگیرێیت، خەم مەخۆ هەوڵێکی تر بدە...!

هاوڕێیان! من تا بە ئێستای تەمەنم، بۆنم بە تاڵێك قژی، کچێکی ئەم نیشتیمانەوە نەکردووە، دەستی کچێکم نەگوشیوە، تامی لێوی کیژۆڵەیەکم لەم سەرزەمینەدا نەکردووە، تا ئەوەندەیش چاوی خەیاڵ بڕ بکات، ئومێدی هاوسەرگرتن نابینم... ئاخر من نە کولبەیەکم هەیە و نە بستێك زەمین کە تێیدا نیشتەجێ بم، ئەگەر هەموو مانگێك پارەی مووچەکەم، بە بێ یەك دینار لێدەرکردن کۆبکەمەوە، ئەوا ئومێدی ئەوە هەیە دوای هەشتا ساڵی تر خانوویەك بکڕم، بەمەرجێك تا ئەو وەختە خانوو گران نەبێت، ئەمەیش مەحاڵە...!

من دەمویست باسی کەری نیوەسەرتان بۆ بکەم، وەلێ کەوتمە باسکردنی خۆم.. کێشەیەك نییە، ژیانی منیش هەر لەو دەچێت، کە باسی خۆمتان بۆ دەکەم ڕێك وەك ئەوە وایە ژیانی ئەوتان بۆ بگێڕمەوە! من لە خێزانێکدا هاتمە بوون، باوکم بە دەستی ڕژێم بە زۆر ڕاپێچی مەرگ کرابوو، کە چاوم کردەوە دایکم بە ڕەشپۆشی بینی، ئێستایش بێز لە ڕەنگی ڕەش دەکەمەوە، چونکە هەمیشە دایکم بە جلی ڕەشەوە دەبینی دەگریا و گۆرانی مەرگی دەچڕی.. کە لە پۆلی دووەمی سەرەتاییدا بووم، بەر شاڵاوی دێهات ڕووخان و ئەنفال کەوتین، من نەمدەزانی ئەو شۆفلانە چ ڕقێکیان لە خانووەکانی ئێمەیە، کە هێندە بە تووڕەیی قەپاڵی لێدەگرن و دەیڕوخێنن؟! هەر لە سەرەتای تەمەنی خوێندنمەوە، ساڵێکم بوو بە قوربانی شەڕی بەعس و وەك تڕی بن گۆم چوو!

برادەران من زۆر کۆنم، مفاوەزاتی ١٩٨٤م لە بیرە، دێهات ڕووخانی ١٩٦٧ و ئەنفالی ١٩٨٨یشم لە بیرە.. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا دوانزە ساڵ عومرم بوو، ئیتر کۆن بە چی دەڵێن؟! بەڵام قەدەری من وا بوو گەنجی دوای ڕاپەڕین بم، من کوڕەوم بینی، شەڕی یەکتر کوشتنم بینی.. بڕوا بکەن لە شەڕی ئێران_عێراقەوە

تا ڕووخانی ڕژێم له ٢٠٠٣دا، له هەر ڕووداوێکدا کارەساتێك بەسەر خێزانی ئێمەدا هاتووە .

ئەریَ خۆ خەریکە بیرمدەچێت و بابەتەکە دەکەم بە ژیاننامەنووسینی خۆم!

هاوڕێیان! بڕوابکەن تا بە ئێستا، هیچ کارێك دەستم پێیەوە دابێت، تەواوم نەکردووە، هیچ کارێك بەخوێندنەکەیشمەوە. .!

وەختیَ مندڵ بووم، زۆرجار گوێم لە دایکم بوو دەیگوت: " کاکە مەمانکەن بە کەری نیوەسەڕ". . تا گەورەبووم ئەمە گرێیەك بوو و لە ناو دڵ و مێشك و دەروونمدا دەسووڕایەوە، مەتەڵێك بوو هەڵهێنانی کاری من نەبوو، تا دواجار ..!

سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ سەرەتای بابەتەکە و لای ئەو منداڵەی کارێکی بە نیوە ناتەواوی بە جێهێلا_ یان ڕاستتر وایە بڵێم: وایان لێی کرد جێیبهێڵێت_ و سەرەنجام گرێیەکی لە دەروونیدا دروستبوو، کە کاریگەریی بەسەر هەموو ژیانییەوە بە جێهێشت. کەر ئاژەڵە، ئاژەڵیش زمانی گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئێمەی مرۆڤدا نییە، منداڵیش دیسان زمانی گفتوگۆکردنی نییە، بەڵام جیاوازیی ئەم دوانە لەوەدایە، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئەو منداڵە گەورەبێت و باسی ئەو بەسەرهاتەمان بۆ بگێڕێتەوە، یان ئەگەر لاڵیش بێت، بە چەند دێڕێك ئەو چیرۆکەی خۆی بنووسێت و ئێمەیش بیخوێنینەوە، بەڵام بەدبەختیی کەر لەوەدایە، قەت ناتوانێت باسی مەینەتییەکانی خۆیمان بە زمان بۆ دەربڕێت! بەڵام کەسی هەستیار و وردبین و خاوەن ویژدان، بە چاوی دڵ و بە گوێی ئەقڵ خەمەکانی ئەو ئاژەڵە دەبینێت و دەیبیسێت. ئێوە وێنەی گوێدرێژێك بهێننە بەرچاوتان، لە گەرمای چلەی هاوینی گەرمیاندا، لەبەر خۆری سوتێنەردا، بە مێخسکەیەك بەستراوەتەوە و مشتێك جۆ و سەتڵێك ئاوی خراوەتە بەردەم، هەر بە بیرکردنەوە لێی ئازارتان پێناگات؟!

یان بهێنە بەرچاوت، زستانێکی سارده و قەدەری تۆیش وایە، لە خۆرماڵەوە بە پیَ بچیت بۆ ئەحمەدئاوا، بارانێکی بەخوڕ دەبارێت و تۆیش چەترێکت بە دەستەوەیە و هەڵتداوە بەسەرتدا و پاڵتۆیەکی زلیشت لەبەردایە، کەچی

هێشتاش ئەو ماوە کەمەت لێدەبێت بە نێوان ئەرز و ئاسمان و لە هەندێ چرکەدا، کە بارانەکە زۆرت بۆ دەهێنێت، سوێند دەخۆیت قەت ئەم ماوەیە نابڕیت و هەتا ماوە هەر بەڕێوە دەبیت! ڕێك لەم کاتەدا، چاوت بە لای چەپی ڕێگاکەدا دەسوڕێنیت و لەپڕ چاوت بە گوێدرێژێك کە شەلاڵی ئاوە دەکەوێت، ئیتر نازانی ئەم ئاوە ئاوی بارانەکەیە تەڕی کردووە؟ یان عارەقەی خەم و ئازار و هاواری ئەو بەستەزمانەیە لە دەست بێدادی و ستەمی مرۆڤەکان، ئا لەو کاتەدا ڕێك هەست بە ئازاری ئەو کەرە دەکەیت، وا نییە؟!

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە کەری نیوەسەر تێبگەین و، گرێی ئەم گوزارەیەتان بۆ بکرێتەوە. . کاتێك کەرێك دەیەوێت بزەڕێنێت، ئەمە ئەوپەڕی مەودای ئازادیی ئەوە، هەروەك چۆن لە زانستی پزیشکیی منداڵاندا (pediatric) دەوترێت: گریانی منداڵ دەیان واتای جیاوازی هەیە، ڕەنگە ئەو گریانە بە مەبەستی داواکردنی نان بێت، یان منداڵەکە تینووی بێت و داوای ئاو بکات، یان خەوی بێت و بیەوێت بنوێت، یان داوای دایکی بکات، یان میزی بێت، یان خۆی پیس کردبێت و داوای پاککردنەوە بکات، یان لە یەکێك تووڕە بووبێت، یان...هتد. زەڕەی کەریش بە هەمان شێوە دونیایەك واتای لە دوو توێی خۆیدا هەڵگرتووە، ڕەنگە ئەو زەڕەکردنە وتنەوەی گۆرانییەك بێت و لە بەرخۆیەوە بیڵێتەوە، ڕەنگە یادکردنەوەی هاوڕێیەکی بێت کە لە کاتی جاشوولکەییدا پێکەوە بووبێتن و، ستەمی مرۆڤ و شەقی ڕۆژگار لە یەکتریانی جوودا کردبێتەوە، ڕەنگە هاواری تەنهایی بێت، یاخود بانگکردنی هاوڕاز و هاونشینێك بێت، ئەوەتا دەبینین هەرکات نێرەکەرێك ماکەرێك دەبینێت، یەکسەر دەستدەکات بە زەڕەزەڕ!

مرۆڤ کە لە کوشتنی هاوخوێن و هاوڕەگەزەکانی خۆی باکی نییە و لە هیچ شتێك سڵناکاتەوە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی، نابێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین لەگەڵ ئاژەڵێکدا _ئەویش چ ئاژەڵێك؟ گوێدرێژ!_ نەرمونیان و بەسۆز و میهرەبان بێت... لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، تا ئێستایش هەرکەس بە بێئەقڵ و

دەبەنگ بزانرێت، پێیدەوترێت کەر، یان کەسێك کە خیانەتکار و سیخوڕ بێت بە جاش ناودەبرێت، ئەمەیە تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ئەو ئاژەڵەی لە بەرەبەیانی مێژووەوە و ئێستایشی لەگەڵدا بێت _لە هەندێ ناوچەدا_ کارەکەر و خزمەتگوزارێکی بێدەنگ و بێ داواکاری بووە .

هەندێجار وا دێتە پێش، دوو بە دوو لەگەڵ هاوڕێیەکتدا خەریکی پیاسەکردنن لە شوێنێکدا، لە پڕ گۆرانییەکی لە شێوەی: (گیانە بەسیەتی.. گیانە بەسیەتی) هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (عەلی مەردان) دەکەوێتە سەر زمانت و، لەگەڵیدا دەچیتە ناو خەیاڵەوە، هاوڕێکەت هەرچەند قسەت لەگەڵ دەکات، تۆ هیچ ئاگات لێی نییە و لەسەر وتنی گۆرانییەکە بەردەوام دەبیت. . بێنە بەرچاوت یەکێك بێت و بە زۆر گۆرانییەکەت پێ ببڕێت، هەست بە چی دەکەیت؟! یان بە تەنها لە شوێنێکدا دانیشتویت و، بیر لە ناسۆر و دەردەسەرییەکانی ژیانت دەکەیتەوە و خوڕخوڕ فرمێسك لە چاوت دێتەخوارەوە، لە پڕ یەکێك بە تریق و هوڕی پێکەنینێکی ناقۆڵا، بێت بە سەرتدا و بارەکەت لێ تێکبدات... لێرەدا تۆ ڕێك بەو منداڵە دەچیت کە لە سەرەتاوە باسمانکرد..

وتمان زەڕینی کەر هەموو هەست دەربڕینێکی ئەوە.. جاری وا هەیە کەرێك دەستدەکات بە زەڕەزەڕ، هێشتا لە نیوەی کاردایە، خاوەنەکەی دێت و لێی تێکدەدات و، ناهێڵێت تەواوی بکات، ئەمەیە (کەری نیوەسەڕ) جا لە گەرمیاندا بە زەڕین دەوترێت سەڕین، بۆیە کراوە بە کەری نیوەسەڕ لە جیاتی کەری نیوەزەڕ .

ئای دەبێت ئەم کەرە چەند هاواری تاساو و خەوی بەدینەهێنراوی لە ناخدا کۆبووبێتەوە؟!

ئەگەر بێزار نەبوویت لە درێژەدان بە خوێندنەوەی بابەتەکە، دەمەوێت بەراوردێك لە نێوان ئەو کەرە نیوەسەڕەدا_ کە بە زۆر پێبڕینی زەڕەکەی لەلایەن بێویژدانێکەوە باری دەروونی تەواو تێکداوە_ و منی گەنجی ئەم وڵاتەدا بکەم،

منێك كه دەسەڵاتدارانی ستەمکاری وڵاتەکەم لە ئاستمدا بوونە بەو کەسە بێویژدانە و ناهێڵن هیچ پرۆژەیەکم تەواو بکەم. تا بۆت بسەلمێنم دەشێت من لەمەودوا ناوی خۆم بگۆڕم بۆ (کەری نیوەسەڕ)!

گەنجی ئەم وڵاتە . . . (ببورن کۆمەڵێك میوان خۆیان کرد بە ژووردا و نووسینەکەیان پێ بڕیم و دیسانەوە بووم بە کەری نیوەسەڕ!)

*سوپاس بۆ دایکم، (کەری نیوەسەڕ)م یەکەمجار، لە دەم ئەو بیستووە!

## نەوەیەکی سمێڵسز!

### تێبینی: تکایە با گەنجانی سمێڵسز ئەم بابەتە نەخوێننەوە..

### دەربارەی پاشگری (سن)

ڕێکەوتێکی سەیرە هەردوو وشەی (سمێڵ) و (سن) بە پیتی (س) دەستپێدەکەن، (سن) پاشگرە و خۆی بە تەنها واتا نابەخشێت. وەکو ڤایرۆس تا نەچێتە جەستەیەکی زیندووەوە حیسابی مردووی بۆ دەکرێت، دڵنیام دەیشزانن (سن) تورکییە!

ئەوەتا تورکەکان چۆن (سن)یان بۆ ناردووین و سواری زمانەکەمان بووە، ئاوەهایش ڤایرۆسمان بۆ دەنێرن تا سواری کۆمپیوتەرەکانمان بێت .

ئەم پاشگرە بلکێت بە هەر وشەیەکەوە ڕیسوای دەکات و دەیکات بە هیچ، (سن)ی تورکی واتای (Less)ی ئینگلیزی دەدات، لە کوردییشدا بەرانبەرە بە پێشگری (بێ) .

(سن)یش وەك زۆر وشەی تری تورکی، لە ئەنجامی داگیرکاری تورکەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا، پەڕیوەتە ناو زمانی کوردییەوە. . وشەگەلی وەك (ئەدەب سن)، (ئەخلاق سن)، (دەماغ سن) بە واتای: (بێ ئەدەب)، (بێ ڕەوشت)، (بێ مێشك)، لە زمانی کوردیدا باون و لەسەر زوانی خەڵکی کوردزمان دەبیسترێن. بیرمە لە قوتابخانە مامۆستا بە هەندێ قوتابی تەنبەڵی دەوت: دانیشە دەماغ سز!

سەیر لەوەدایە لە هەرسێ نموونەکەی سەرەوەدا، نە وشە بنچینەییەکان و نەش پاشگرەکە (سن) کوردین، هەرسێ وشەی (أدب)، (أخلاق)، (دماغ) عەرەبین و پاشگرەکەش وەك پێشتر باسمانکرد، تورکییە!

خەیاڵ بردمی بۆ ئەوەی بڵێم، وشەی (سن) لەسەر هەمان وەزنی وشەی (قز)ە، کە واتای (کچ) دەدات لە زمانی تورکیدا، بۆ ئەو ویژدانسزانەی تورك لە

جیاتی سن، (قن)یان نەپەڕاندە ناو زمانەکەمانەوە؟ وەك دەزانن (سن) هەموو وشەیەکی واتادار بێ واتا دەکات، لە کاتێکدا ژیان بەبێ (قن) بێواتایە!

## دەربارەی سمێڵ

لە زمانی کوردیدا وشەی سمێڵ چەند هاوواتایەکی تریشی هەیە، وەك: سیمۆڵ، سوێڵ، سمبیل، شوارب . .

سوێڵ و سیمۆڵ گەرمیانین، سمبیل لە ناوچەی بادیناندا بە کاردەهێنرێت، هەرچی (شوارب)یشە، ئەوا ڕێك لە (الشارب)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، شارب لە عەرەبیدا بەو کەسەیش دەوترێت کە ئاو یان هەر شلەیەکی تر دەخواتەوە، لەو کاتەدا (إسم فاعل)ی فیعلی (شرب)ەیە .

وشەی (سمبیل)ی دەڤەری بادینان، لەتەك وشەی (سبیل)ی فارسیدا تەنیا (م)ێکیان جیاوازی هەیە، (سبیل)ی فارسییش هەر واتای سمێڵەکەی لای خۆمان دەدات. سبیل لە کوردیدا بەو ئامرازەیش دەوترێت کە جگەرەی پێوە دەکرێت لە کاتی کێشاندا.

لە زمانی ئینگلیزیدا بە سمێڵ، (Moustache) دەگووترێت، ئەگەر بمانەوێت بە پیتی عەرەبی بینوسین ئەوا ئاوها دەنووسرێت: (موس تاچ) یان (موس تاش)، هەموو دەزانین سمێڵ بە مووس دەتاشرێت، تۆ بڵێی ئەمە بە ڕێکەوت وا دەرچووبێت، یان ئینگلیز وشەکەیان لە ئێمەی کورد دزیوە؟! بەڵام خۆ وشەی (موس)یش کوردی نییە، کوردی ڕەسەن گوێزان دەڵێن، کەوابوو ئەگەر لە ئێمەیان دزیبا دەبا بیانگوتبا: (گوێزان تاش). . یان بۆ نەیانکردووە بە ئینگلیزی، ئەوان بە موس دەڵێن: (Razor) و بە تاشینیش (Shaving) ئێژن، ئیتر بۆ ناڵێن:(Razor shaving)؟!

لە زمانی تورکییشدا وشەی ( بییك _ Biyik) بە واتای سمێڵەکەی لای خۆمان دێت. بە کوردی و بە کورتی سمێڵسز یانی بێ سمێڵ .

## سمێڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، سمێڵ حیسابێکی تایبەتی هەیە، لە کۆندا لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا سمێڵ بە شتێکی زۆر گرنگ زانراوە و، زۆر کات پێوەری پیاوەتی و ناپیاویش بووە . پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: " هەموو سمێڵ سوورێك هەمزاغا نییە". ئەگەر واز لە هەردوو وشەی (سمێڵ سوور) و (هەمزە ئاغا) بێنین و نەچینە بنج و بنەوانیان_ چونکە ئاوکێشن_، دەتوانین بڵێین، هەمزەغا هێمای پیاوێکی بەناوبانگ و گەورەیە و، دیارە سمێڵیشی سوور بووە_ ئەم سمێڵ سوورە وەك ڕیش سپییە، لە ناو ئینگلیزیشدا بە پیاوماقوڵ دەوترێت: (Grey bearded)، واتە: ڕیش خۆڵەمێشی!_.

لەو پەندەدا سمێڵ نیشانەی گەورەییە، چونکە هەمزاغا کە پیاوێکی گەورە و بەناوبانگە، سمێڵە سوورەکەی بووەتە هۆی جیاکردنەوەی لە خەڵکی تر، تا ئەو ڕادەیەی دەبێت وریا بین نەبا یەکێکی تری سمێڵ سوور بێت و خۆی بکات بە ئەو و بمانخەڵەتێنێت!

پەندێکی تری کوردی هەیە ئێژێت: " بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی دۆڕاند،" یان " ڕۆیی بۆ سوێڵ ڕیشیشی ناوە بانی "، کەواتە سمێڵ هێندە گرنگە، لەدەستدانی کۆست کەوتنە و نابێت بۆ ڕیش کە لەو کەمترە بیدۆڕێنیت!

هەندێ ئایین و ئایینزا سمێڵ بە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ئایینەکەیان دەزانن و ئیمانیان لە سمێڵیاندایە، هەر کەس سمێڵی لابدات، بێباوەڕ دەبێت و فڕی بەسەر ئایینەوە نامێنێت!

دەبێت بزانین سمێڵ تەنها چەند تاڵە مویەکی ڕەش نییە و لەبەر لووتی پیاودا ڕووابێت، بەڵکو دەتوانیت لە ڕەنگ و شێوە و بوون و نەبوونییەوە حوکم بەسەر خاوەنەکەیدا بدەیت_ ئەمە لە دیدی کۆمەڵگاوە _.

بەڵام هەر زوو، شاعیرێکی وەك (ئەحمەد موختار جاف) دژی ئەم دیدە باوەی ناو کۆمەڵگا دەوەستێتەوە و پێوەری باشی و خراپی لە سمێڵ دەستێنێتەوە، ئەو ئێژێت:

خەڵکە دەمێکە سەرم سووڕماوە    ئەدەب و ڕەحم و وەفا نەماوە

مرۆڤ بە وەفا و ئەدەب دەناسرێ    گەر بە سمێڵ بێ پشیلەش پیاوە

لە ژیانمدا دوو جاری تر بابەتی سمێڵ یەخەی پێگرتووم، هەردوو جارەکەش بە شیعر لەسەریم نووسیوە، جارێکیان هەجوی بێسمێڵم کردووە و تانەم لێداوە، جارێکیش هەجوی سمێڵزلم کردووە، هەڵبەت من بۆ خۆشیم نووسیون و مەبەستم بڵاوکردنەوە نەبووە، بەڵام لە هەریەکێکیان چەند دێڕێکتان دەخەمە بەرچاو بۆ خۆشکردنی باسەکە.

لە ساڵی نەوەدوشەشدا و لەسەر داوای برادەرێکم کە دۆستێکی هەبوو سمێڵی دەتاشی و ئەمیش حەزی بەو ڕەفتارەی نەدەکرد، شیعرێکم بە ناونیشانی (پیاوی بێسمێڵ) نووسی، پێویستە خوێنەر ئەوە لە بەرچاو بگرێت ئەم شیعرە لە تەمەنی تازەلاویدا نووسراوە، بۆیە کەفوکوڵی لاوێتی پێوە دیارە، هەروەها هەندێ وشە و دەستەواژەی ناوچەیی (گەرمیانی) تێدا بەکارهاتووە، وەك لەسەرەوە وتم مەبەستم لە هێنانی ئەم چەند دێڕە شیعرە تەنها بۆ خۆشکردنی بابەتەکەیە و هیچی تر، ئەمەش چەند دێڕێکیەتی:

پیـــاو بەوە ئەڵێن خاوەن سمێڵ بێ

ناڵــێم سوێڵێکی وەك کلکە بێڵ بێ

نەك وەك فلانی دوو تــاکــی قــەوی

نەش وەکو ئافرەت پاك ساف ونەوی

......

من بۆ خۆت دەڵێم سمێڵ تــاشراو

بچـۆ بە خۆتدا و تۆزێ ببــە پیــاو

سمێڵ لــە بۆ پیاو شتێکی باشــە

تکـات لێدەکەم چیتر مـــەیتاشــە
سوێلێکی جـوانـی قەڵەمـــی دانـە
گشت بەیانیانێك جوان بیکە شانە
لـە ئەمڕۆ بەدوا مـــوس بنێ لاوە
سمێـڵ بەشێکی پیـاوەتـی پیـاوە
.......
بۆ ئـەو تاقمەی کە سمێڵ تـــاشـە
ئەم هۆنراوەیـــە تەقریبەن بـاشــە
هیــوام وەهـــایـــە دڵگـــران نەبـن
بەم پارە شیـعرە هەراسـان نەبـن

لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ و لە بەشی ناوخۆییدا هاوژووریێکم هەبوو، زۆرم خۆشدەویست، ئەو کوڕە گەنجێکی کورتە بالای ڕووح سوك و بزێو بوو، ئەوەی دیمەنی ئەوی ناقۆڵا و ناهاوسەنگ کردبوو، ئەو جووتە سمێڵە ڕەشە زلەی بوو کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ قەدوبالا و ڕووخساریدا وێکنەدەهاتەوە، من و برادەرانی تر، زۆر تکامان لێی دەکرد هیچ نەبێت تۆزێك لە سمێڵی کەمبکاتەوە، بەڵام ئەو هیچی بە گوێدا نەدەچوو و لە کەلی شەیتان نەدەهاتە خوارەوە. منیش بڕیارمدا بە شیعرێك هەجوی بکەم. چەند ساڵێك دوای ئەوەی لە یەك دابڕاین جارێکی تر بە یەکتر شادبووینەوە، کە بینیم زۆر سەرم سووڕما، پاك سمێڵی تاشیبوو. ئەو کاتیش هەر باسی شیعرەکەی دەکرد، ئەمەش چەند دێڕێکی ئەو شیعرە کۆمیدییەیە:

سمێڵـەکەم سـمێڵەکـــەم
هەی جووتە کلکە بێڵەکەم
سمێڵم بە شەرد سمـــێڵە

پـڕ ژێری لــــه فڕ و فێڵــه
لانــەی جڕ و جانـــەوەره
هەر دەڵێی دەسکی کەوەره
سمێڵم بە شەرد سمیــــڵه
ڕێك بەقەد یەك کلـکه بێڵه
دەڵێن گــوایه نــاشرینــه
هاوشێوەی کلکی سابرینه
مـن دەڵێم سـمێڵـم شـازه
بەڵام یەك تــۆزێ بێنـــازه
ئەگــەر دانیشم بە جوانــی
بـە درێژایـی و بە پـانــی
بـە شـانـه ڕێك دایبهێــنم
تەڵ بــه تەڵ لێکی ئاڵێنـم
کاتێ سەیـری ئاوێنەکـەم
ڕەنگه خۆیشم بڕوا نەکەم
هەرگیـز غەڵـەتی وا ناکەم
یـەك تاڵیشـی لێ لانـادەم
چونکـه من بـاوەڕم وایـه
سمێڵەکـەم پــڕ بـەهـایـه
........

## نەوەیەکی سمێڵسز

ڕاستییەکەی بە لای منەوە بوون یان نەبوونی سمێڵ شتێکی هێندە گرنگ نییە و، ناونیشانەکەش تەنها بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە، وە نەبێ ئەم نەوەیە هەموویان بێ سمێڵ بن، بەڵکو هی وایان تێدایە، ڕەنگە بەشی بیست کەس سمێڵی پێوە بێت، بریا بە هەموویانەوە یەك تاڵ سمێڵیان نەبوایە، بەڵام خاوەنی خەون و خولیای بەرز و ئاواتی جوان بوونایە . لێ بەداخەوە بە سمێڵدار و بێسمێڵیانەوە لە گێژاوی سەرگەردانیدا دەتلێنەوە .

ئەمڕۆکە ئێمە، لەگەڵ نەوەیەکدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین کە لە دوای ڕاپەڕینەوە سەریانهەڵداوە و هەڵتۆقیون، نەوەیەك کە من دەمەوێت لە بارەیانەوە بدوێم و بە نەوەیەکی سمێڵسز ناویان دەبەم، تازەگەنجانی ئەم وڵاتەن و زۆرێکیان خۆیان بە نووسەر و ڕووناکبیر دەزانن، مەراقیانە جانتایەك بکەن بە شانیاندا و زۆرێکیان حەزیان لێیە چەند تاڵە ڕیشێك بەسەر چەناگەیانەوە بهێڵنەوە و سمێڵیشیان پاك بتاشن، ئەوان حەز دەکەن پێیان بوترێت ڕۆژنامەنووس، هەندێ لەوان ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیشن، چییان بوێت لەسەری دەنووسن و هەرکەسیان مەبەست بێت دەیدوێنن، پارەیەکی موفتیشیان لە ڕێی نووسینەوە دێتە گیرفانەوە. ئەم نەوە سمێڵسزە حەزیان لە بەکارهێنانی وشەی زل و زاراوەی قەبەیە و، گرنگیش نییە بە لایانەوە ماناکانیان بزانن یان نا، ئەوان بە (بەدیل) ئێژن (ئەلتەرناتیڤ) و (تراث)یش بە (ترادیسیۆن) ناو دەبەن، لە هەندێ کەسیشەوە وشەی (جڤات) فێربوون بەبێ ئەوەی واتاکەی بزانن!

نەوەیەك هیوا و ئاواتیان ئەوەیە وشەگەلی وەك: (پێمواية) و (بە ڕاستی) و (دواجار) لە قسەکانیاندا دووبارە و سەدبارە بکەنەوە. . ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ نەوەیەکدا ڕووبەڕووین کە بە قومێ ئاو دەکەونە مەلە، هێشتا تەمەنیان بیستساڵی تێنەپەڕاندووە کەچی لافی فەیلەسوفبوون لێدەدەن، ئەوان کتێبی هەندێ لە نووسەرە باوەکانی ئەمڕۆ دەخوێننەوە و خۆیانی پێوە هەڵدەنێن .. ئەوان

چاو له کۆمەڵه نووسەرێك دەکەن که لەجیاتی پێکەوەنیانی ناومالّی فەرهەنگی کوردی دێن ئەمیش دەکەنە حیزبایەتییەکە و دووبەرەکی دەنێنەوە، ئەم نەوەیە ناوی هەندێ نووسەریان لەسەر زمانە که تووشی نێرگسییەت بوون و وا دەزانن لەوان زیاتر نه کەس دەنووسێت و نه کەس بیردەکاتەوە. . ڕۆمانگەلێك دەخوێننەوە که نووسەرەکانیان وا دەزانن ئەو کەسەی بایەعی دابەشدەکات، بەقالّی پێدەگووترێت!

ئەم نەوەیە، ناوی (مەسعود موحەممەد)یان نەبیستووە و کەچی هەندێ نووسەر و قەڵەم بەدەست _که هێشتا زمانی کوردی به باشی نازانن_ وەك پێغەمبەر سەیر دەکەن . . ئەم نەوە سمێڵسزە هەموویان خۆیان به (عەبباس مەحموود ئەلعەققاد) دەزانن، له کاتێکدا نەك هەر (هەڕ) له (بڕ) ، بەڵکو (تەڕ) و (تڕ)یش لەیەك جیاناکەنەوە. . سەری زمان و بنی زمانیان زمانی فارسی و لافلێدانی فارسی زانییە، له کاتێکدا نازانن (مەولانا) خەڵکی کوێیە و (شەریعەتی) و شەریعەت، یان سرووش و سرووشت فەرقیان چییە!

نەوەیەك سەرلەبەریان نووسەرن و جگه له زمانی کوردی فڕیان بەسەر هیچ زمانێکی ترەوە نییە.. گەنجێك خوێندکاری زانکۆیە و بەردەوام جانتایەکی زلی به شانەوەیە و خۆی پێوە بادەدات، له کاتێکدا ناتوانێت پێنج خولەك لەسەر مێژووی میللەتەکەی بدوێت. . نەوەیەك هەموو قسەدەکات و کەسێکی نییە گوێ بگرێت، گەورە و گچکەی دەنووسێت و کەسی ناخوێنێتەوە . . نەوەیەك جیاوازی له نێوان (شێلم) و (شێلمان)دا ناکات. . نەوەیەك نازانێت جیاوازی نێوان (گەرد) و (گارد: Guard) و (گاردیان: Guardian) و (گەردن) و (گاردن: Garden) و (گەردنم ئازاکە) چییە و کەسیش ناوێرێت پێیان بڵێت کاکەبرا پشتی چاوتان برۆیە . .

وەڕس بووین هێندە بابەتی ڕۆژنامەکان بخوێنینەوە و شتێکی وایان تێدا نەبێت پیاو دوای خوێندنەوەیان تف له خۆی نەکات و پەشیمان نەبێت لەوەی ئەو هەموو کاتەی بەو جۆرە خوێندنەوەوە کوشتووە. . مرۆڤ به دەست خۆی

نییە لەگەڵ ناوهێنانی زۆرێك لە بڵاوكراوەكانی ئەم وڵاتەدا هێلنج دەدات و ڕشانەوەی دێت. . ئەوە چ زمانێكە نەوەی ئەمڕۆ پێی دەنووسێت؟ ئەرێ ڕەحمێ بە زمانەكەتان. . ئەوە چ جۆرە زانیارییەكە بە ئێمەی دەدەن؟! مرۆڤ بۆ ئەوەی دێڕێك بنووسێت پێویستە_ وەك فەرهاد شاكەلی ئێژێت_ سەد دێڕ بخوێنێتەوە، گەنجێك كە دەیەوێت بە كوردی بنووسێت، با بەر لە نووسینی هەر بابەتێك دوو دێڕ لە (دایە باوە، كێ خراوە؟!)ەكەی هەژاری موكریانی بخوێنێتەوە، تا كەمێك شەرم بیگرێت و بە خۆیدا بچێتەوە و بزانێت ئەو زمانەی ئەو ئێستا پێی دەنووسێت كوردی نییە، زمانی جنۆكەیە. . ئەم نەوەیە زۆر سەرسامن بە ناوی بیریار و نوسەرانی ڕۆژئاوایی، پێیان خۆشە زوو زوو بڵێن: (نیچە) وای وت و (هیگڵ) وای كرد، لە كاتێكدا (نیچە) و (كولیچە) و (هێگڵ) و (هێلكە) و (فۆكۆ) و (فۆتۆ) و (سارتەر) و (ساتوور) لە یەك جیا ناكەنەوە. .!

نەوەیەك كە بە خوێندنەوەی دوو كتێب و سێ نامیلكە، خۆیان لێبووە بە (موحەممەد عابد ئەلجابری) و ڕەخنە ئاراستەی ئەملا و ئەولا دەكەن، لە كاتێكدا هێشتا بەباشی نازانن بیشخوێننەوە، ئەمەش تەنها كەفوكوڵێكی گەنجانەیە، نەك خوێندنەوەیەكی بە بەرنامە، دەبینی دوو ساڵ بەسەر دەستپێكردنی خوێندنەوەیاندا تێپەڕ نابێت، وەك چۆن مریشك لە هێلكە دەچێتەوە ئاوا لە خوێندنەوە دەچنەوە. . زۆرجار لە كاتی ئەم باسانەدا بە دەست خۆم نییە، هەندێ لەو گەنجە تازە دیندارانەم بیر دەكەوێتەوە كە ئاسمان بە چاتۆڵ دادەنێن و وادەزانن لەوان دیندارتر لەسەر زەویدا نییە و سەری دونیا لە خۆیان دەهێننە یەك و هەموو ژیان لە خۆیان حەرام دەكەن، كەچی ناگات بە دوو ساڵ لە هەموو شتێك پاشگەز دەبنەوە و حاشا لە دینیش دەكەن. . ئەوان وەك ئەو گوێدرێژە وان كە بارێكی قورسی لێدەنرێت، نە ڕێگە دەبڕێت و نە پشتیشی بە ساغی لەژێر بارەكەدا دەردەچێت، وەك لەو فەرموودەیەی پێغەمبەردا(د.خ) هاتووە:" فإنَّ المُنبَتّ لا أرضاً قطع ولا ظَهراً أبقا"!

بڕواننە ئەم نموونەیە کە ئاوێنەی زۆرێك لە گەنجانی ئەم سەردەمەی وڵاتی خۆمانە: (موحەممەد عەلی سابوونی) کە زانایەکی گەورەی ئاینییە دەگێڕێتەوە: ڕۆژێك گەنجێك لەو تازە دیندارانە دێتە لای و پێی دەڵێت: ماموٚستا لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە: "مسوڵمان کیسەی لۆکەیە"، دەقە عەرەبییەکەی ئاوهایە: "المُسلمُ کیسُ القُطُن"!، سابوونی دەڵێت:" چەند ڕۆژ تێپەڕی و من سەرگەردان بە دوای ئەو فەرموودەیەدا وێڵ بووم، ئێستا و ئەوساش نەمدۆزییەوە و لەوەش حاڵی نەبووم بۆ دەبێ مسوڵمان کیسەی لۆکە بێت؟!_قەینا لۆکە بێت، بەس بۆ کیسەکەی؟!_، دوای ماوەیەك بیرکردنەوە، گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی مەبەستی گەنجەکە ئەو فەرموودەیەیە کە دەڵێت:" المُسلمُ کَیّسٌ فَطِن" واتە:" مسوڵمان ژیرو هوشیارە"! ، کابرا وشەی (کیّس)ی لێبووە بە (کیس) و (فَطِن)یش بە (قُطُن) تێگەیشتووە، ئەوەیە دەردی نەزانی و تێنەگەیشتن. .

ئەمڕۆ گەنجانی وڵاتی ئێمە نازانن لەکاتێکدا نازانن کە نازانن، بەڵکو هەموو پێیان وایە حەکیمی مەملەکەت و فەیلەسووفی وڵاتن، ئەگەر لێیشیان بپرسی جیاوازی نێوان (فەلسەفە) و (فاسۆلیا) چییە؟ دەمیان دەچێت بە یەکدا و زمانیان تێکدەئاڵێ و نازانن وەڵام بدەنەوە. . ئەم جۆرە نەزانییەش ترسناکترین جۆری نەزانییە و بە نادانی چەند قات (الجهل المركّب) ناودەبرێت، چونکە خاوەنەکەی هەست بە نەزانیی خۆی ناکات، بۆیە تا ماوە هەر بە نادانی و گەمژەیی دەمێنێتەوە، ئاشکرایشە یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردنی نەزانی، _وەك سوکرات دەڵێت_ هەستکردنە بە نەزانی خۆت، زانای زمانزانی عەرەب (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)یش پێمان دەڵێت: ئەگەر تووشتان بوو بە تووشی کەسێکی ئاوهاوە، وازی لێبێنن و دەستی لێ بشۆرن .

نەوەیەك لە ڕۆژی ئەنفالدا، ئاهەنگی دەرچوون لە زانکۆدا دەگێڕێت و، ئەم یادە بە دەهۆڵ و زوڕنا لێدان دەکاتەوە. . ڕاگرایەتی ئەو کۆلێژەیش هەرزەکارە کە ئاهەنگی دەرچووانی دەخاتە ڕۆژی ئەنفالەوە!

من به هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دەڵێم: دەستتانخۆش، تا بۆتان دەکرێت سەروەت و داهاتی ئەم وڵاتە بخۆن، با جادە و شەقەمەکانمان تا ماون هەر لە حوشترەڕێ بچن. . کارەبامان بۆ چییە؟ تا پێتان دەکرێت، بانکەکانی دەرەوە پڕ بکەن. . دڵنیابن ئەم نەوە بێئاگایە لە خۆپیشاندان زیاتری پێناکرێت، نایشزانێت مەبەست لە خۆپیشاندان چییە، تەنها لەبەر ئەوەی مۆدێلیەتی و باوە، دەیکات، زۆر زوویش ماندوو دەبێت. . بنوون لەسەر کورسی و قەنەفەکانتان خاوەن شکۆیان، دەسەڵاتدارانی بەڕێزی نیشتمانە غەمگینەکەم! ئەم نەوەیە جارێ غەرقی خەوە و بەم زووانەیش ئومێدی بەخەبەرهاتنەوەی لێناکرێت..

وأدركَ شَهريارُ الصَّباح، فَسَكتَ عَنِ الكَلامِ المباح. . .

# نەنکیشم، دەیەوێت ببێت بە نووسەر![19]

ئەگەر دەتەوێت لەو نووسەرانە نەبیت کە هیچ ناخوێننەوە، ئەوا تاقەت وەبەرخۆت دە و؟، ئەم بابەتە بخوێنەوە، ڕەنگە زیانی نەبێت!

ناشوکری خوا نەبێت، کەوتوینەتە ڕۆژێکەوە کە (ڕۆژی تێدا ونە)، لە وڵاتێکدا دەژێین، (ماسی لە ئاسماندا هەڵدەفڕێت و قەلەڕەشکەیش مەلە دەکات لە دەریادا!) ڕۆژگارێکە، هەرچی هاوار دەکەیت بە با دەچێت، ژمارەی (نووسەر!) لەم بستە زەمینەدا کە پێی دەگوترێت کوردستان دووقاتی خوێنەرە، ئەگەر کەمیشم نەگووتبێت! ماڵی واشك دەبەم پێنج کەسن، چواریان شاعیرن، دایکیشیان جارجار لە پاڵەوە وردە بابەت وەردەگێڕێت!

ئەمە چ مەهزەلەیەکە ئەم وڵاتە تێی کەوتووە؟! خوایە ئەگەر درۆ دەکەم، ڕووم بە ساج کەی، کەسی وا دەناسم بابەتی بڵاودەبێتەوە، قورعان بە حەقت لە هەموو عومریدا پێنج کتێبی نەخوێندووەتەوە، ڕەحمیشم پێی کردووە کە دەڵێم پێنج کتێب! ئەرێ خەڵکینە، ئێوە دەزانن، ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی تەنیا لە سنوری گەرمیاندا دەردەچن چەندن؟! بڕوا بکەن لە بیستیان تێپەڕاندووە! ئاخر نابێت لە خۆمان بپرسین سوودی ئەم کارانەی دەیانکەین چییە؟ خوا قبوڵ ناکات، بۆ وا لە خۆمان دەکەین؟! تۆ بڕوانە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەو کاتی خوێندن بە زمانی کوردی ئاواتی هەرە گەورەی خوێندەوارانی کورد بوو و، تەنها چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەك، کە لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕین دەردەچوون، کەچی کەڵە نووسەر و شاعیری وامان هەبوو تاهەتایە مێژووی نووسین و ئەدەبیاتی ئەم وڵاتە شانازییان پێوە دەکات.. مەلا (شوکر موستەفا)، کە لە فەقێیەتییەوە دەستیپێکرد، وەرگێڕێکی وەهای لێدەرچوو، بۆ ئەوەی لە مانای نووسینەکانی بگەی پێویستە شارەزای هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بیت یان فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی لە لای

---

[19]. ئاسۆی گەنج، ژ (١٧)، ٢٠٠٧/٤/٧٠

خۆتدا دانێیت لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکانیدا، دەنا مەحاڵە بە جوانی لە واتای ڕستەکانی حاڵیی ببیت! (هەژاری موکریانی) کە سەرلەبەری تەمەنی بە هەژاری و نەداری و دەربەدەری بردەسەر، نووسینەکانی چێژێکی وەهایان تێدایە، هەندێجار لە کاتی خوێندنەوەیاندا مرۆڤ بیری دەچێتەوە بیر لە واتای قسەکانی بکاتەوە، هێندە وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی بە شێوەیەکی جوان و سفت داڕشتووە!

(مەسعود محمد)، ئەو پیاوە گەورەیەی هەرگیز نەمانزانی کێیە و، نە بەر لە مردنی و نەدوای مردنیشی هیچ ڕێزێکمان لێی نەنا، عەرەب بەز لە کورد سەرسامی داڕشتن و زمان و دەربڕینی بوون، ئەوەتا نووسەرێکی بەناوبانگی عەرەبی وەك (حميد المَطبعي) لە بارەیەوە دەڵێت: " شيخٌ كرديٌّ جليل، يكتب بالكردية بجلال اللّغةِ الكردية، ويكتبُ بالعربية بجلال اللّغةِ العربية" واتە: " کەڵەپیاوێکی بەڕێزی کوردە، کە ئەگەر بە کوردی بنووسێت، بە هەیبەتی زمانی کوردی دەنووسێت و کاتێکیش بە عەرەبی دەنووسێت، هەیبەتی زمانی عەرەبی پیشاندەدات "!

لەم ڕۆژانەی پێشوودا یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان پرسیارێکی ئاراستەکردم، وتی: بە ڕای تۆ هۆکاری نەخوێندنەوە، یان کەم خوێندنەوە لای لاوانی ئەمڕۆ چییە؟! لە وەڵامدا وتم: " کێشەی لاوانی کورد ئەمڕۆ نەخوێندنەوە نییە، هێندە ئیشکالەکەی خراپ خوێندنەوەیە.. " ، تۆ بڕوانە ژمارەی ئەو هەموو نووسین و وەرگێڕانانەی ڕۆژانە بڵاودەکرێنەوە، ئەو نووسەرە کوردەی ڕۆژهەڵات ناهەقی نەبوو ئاگری لە کتێبەکانی بەردا. زۆرجار من بە مانگ قەڵەم ناگرم بە دەستمەوە و دێڕێك چییە نایبنووسم، ئاخر چوزانم خەڵکانێك هەن نووسینی باش لە پرتەوبۆڵە و وڕێنە جیادەکەنەوە؟!

بڕوا بکەن کەسی وا دەناسم بابەت لە زمانێکەوە وەردەگێڕێت، نە شارەزای ئەو زمانەیە کە لێیەوە وەردەگێڕێت و نە زمانەکەی خۆیشی بە باشی دەزانێت. یەکێك لەو کوڵکە وەرگێڕانە ڕستەی (الطُّيورُ تُحَلِّق في السَّماء)ی وا

وەرگێڕاوەتە سەر کوردی: (مەلەکان لە ئاسماندا ریش دەتاشن)! یان (عِلمُ المَنطِق)ی بە (زانستی ناوچە) وەرگێڕاوە، ئیتر چۆن (عەزیز گەردی) و (عەبدوللای حەسەن زادە) و (ڕەئوف بێگەرد) شێت نەبن و قەڵەمەکانیان نەشکێنن؟! جاران_ لە حەفتا و هەشتاکاندا_ هەر کە کتێبێك بڵاودەکرایەوە، دەیان ڕەخنەی لەسەر دەنووسرا و بە باشی و خراپی لێکدەدرایەوە و کۆڕ و مێزگردی بۆ سازدەدرا، تۆ بڕوانە کتێبی (إعادة التّوازن الی میزانٍ مُختل)ی مەسعود مەحەمەد، ئەو کتێبە، وەڵامی ئەو ڕەخنانەیە کە لەسەر کتێبی (حاجی قادری کۆیی)، ئاراستەی کراون . . بڕوانە ئەو شەڕەقەڵەم و ڕەخنانەی لە لایەن ( کاکەی فەللاح) و چەند نووسەرێکی ترەوە ئاراستەی دیوانی (ڕازی تەنیایی)ی (ئەحمەد هەردی) کراون لە دوای بڵاوبوونەوەی دیوانەکە و، وەڵامی هەردییش بۆ ڕەخنەگرانی. . دەیان نموونەی وامان هەیە . . لێ ئەمڕۆ، ئەوەی لە دونیای نووسیندا باسی لێوەنەکرێت و کەس بە لایدا نەچێت، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنە، ئەمە سەرەڕای نەخوێندنەوە و ناخ بەتاڵی .

بڕوا بکەن هیچ زیادەڕۆییم نەکردووە، ئەگەر بڵێم: لە هەر پێنج تاکێکی کورددا، بە لایەنی کەمەوە دووانیان شاعیرن، ئەگەر سیانیان و چواریان نەبن! ماشەڵڵا بڕوانە ئەو (بازاڕە کەس بەکەسەی، هەر ڕۆژەی یەکێك حاکمە و یەکێك گەورەی ئەم شارەیە!) ڕۆژانە بە لێشاو، دیوانە شیعر، مۆبایلە شیعر، خەیاڵە شیعر و پرشی پژمەی شیعر . . . بڵاودەکرێتەوە، ناونیشانی سەیر سەیر: (ئاخ باوکەڕۆ مردم)، (بۆ یەك ماچت چووم بە دارا)، (بگەیە پێم تا نەخنکاوم)، (لە دووری تۆ بووم بە گوێزان)، (ئینتەلای عیشق) و . . . هتد!

هەرکە یەکەم لاپەڕەی یەکێ لەو کتێبانە هەڵدەدەیتەوە، تف لە خۆت دەکەیت کە دەنووسیت، بێز لە خۆت دەکەیتەوە کە شیعر دەڵێیت، لە ناخی دڵیشەوە بەزەییت بە (دلاوەر قەرەداغی) شاعیردا دێتەوە، کە دوای چەند مانگ لە بڵاوبوونەوەی دوا بەرهەمی شیعریی، تەنها شەستوچوار دانە لە کتێبەی دەفرۆشرێت!

لەم ڕۆژانەدا چووم بۆ چاپخانە بۆ چاپکردنی شیعرەکانم، خاوەن چاپخانەکە تەماشایەکی کردم و، ئینجا چاوی بە لای دیواری ژووری چاپخانەکەدا وەرگێڕا، کە بەرگی چەند نامیلکەیەکی شیعریی پێدا هەڵواسرابوو و، بەرگی زۆرێکیان وێنەی نیوە ڕووتی کچۆڵەیەکی جوانکیلەیان پێوە بوو، پێی وتم: ئەگەر بەرگی کتێبەکەت وێنەیەکی وای پێوە بێت، ئەوا دڵنیابە هەر زوو لە بازاڕدا نامێنێت، نموونەی یەکێك لەو نامیلکانەی بۆ هێنامەوە کە تا ئێستا سێ جار چاپکراوەتەوە، بە مەرجێك شیعرەکانی ناوی هیچ مەرجێکی شیعریان تێدا نییە!

بە ڕاستی، من بم لە جیاتی (شێرکۆ بێکەس) و (موحەمەد عومەر عوسمان) و (لەتیف هەڵمەت)، سەری خۆم هەڵدەگرم و (نالی) ئاسا دەڵێم:

ئەزیزان مـن، ئەوا ڕۆییم لـە لاتـان
لە مەزڵوومـان بلا چۆڵ بێ وڵاتتـان
بلا با شـار بە شار و دەربەدەر بـین
لە دەست یاران بکەین طەیی وڵاتان!

ئاخر کاکە چۆن دەبێت وڵاتێك نیوەی خەڵکەکەی نووسەر بێت و ئەو نیوەکەی تریشی کە توانای کتێب نووسینیان نییە، شاعیر و وەرگێڕو ڕۆژنامەنووس بن؟!

لە چاوپێکەوتنێکی (عەبدوڵڵای حەسەن زادە)دا، کە ڕۆژنامەی (ڕێبازی ئازادی) لەگەڵیدا سازیدابوو، وتبوی: " لای خۆمان ژمارەی ئەوانەی دەنووسن زیاترن لە ژمارەی ئەوانەی دەخوێننەوە..." .. من دەڵێم نەك هەر زیاترن، بەڵکو بگرە دە هێندەش دەبن .

## ڕۆژنامەگەری وەك نموونە

ئەم بێسەروبەرییەی ئەمڕۆ، لە کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا سەریهەڵداوە، چەندین زیانی بۆ ئێستا و دواڕۆژی خۆمان و نەوەکانی دوای خۆیشمان هەیە، با ئێمە چاوبپۆشین لەو هەموو پارەیەی بە بەلاش و حەلاش بە خەرجەدرێت لەدەرکردنی ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامە و ساڵنامانەدا، کە ڕاستییەکەی حەق نییە چاویشی لێ بپۆشین، بۆ چاوی لێ بپۆشین؟ لە کاتێکدا ئەو پارەیەی لە دەرکردنی گۆڤارێکدا بە هەدەر دەدرێت، کە زۆر کەس هەر ناویشیان نەبیستووە، هیچ نەبێت دەتوانرێت جادەی گوندێکی پێ ئاوەدان بکرێتەوە کە لەبەر خراپی ڕێگەکەی مامۆستاکانی وازیان لە دەوامکردن هێناوە (لەم ماوەی پێشوودا، هەواڵێکی لەو شێوەیەم لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا بەرچاوکەوت!)

لە کوردستاندا، ڕەنگە چواریەکی ژمارەی خەڵکەکە حیزب هەبێت، هەر حیزبێکی سیاسییش کۆمەڵێك ڕێکخراوی سەر بە خۆی هەیە (سەر بە حیزبەکە، نەك سەربەخۆ!)، ڕێکخراوێکی خوێندکاری و قوتابی، ڕێکخراوێکی ژنان و ئافرەتان، مامۆستایان، ئەندازیاران، کاسبکاران. . . سەیر لەوەدایە جگە لە حیزبەکە کە ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵی خۆی هەیە، دەبێت ڕێکخراوەکانی سەر بەو حیزبەیش، هەریەکە بڵاوکراوەیەکی خۆی هەبێت . . کۆمەڵێك لە حیزبەکان فێری شتێکی سەیر بوون، بۆ ئەوەی وای پیشانبدەن ئەمانیش، بڕوایان بە ئازادی هەیە، هەندێك ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بە ناوی ئازاد و سەربەخۆ و بێلایەنەوە دەردەکەن .. ئێستا وەك لە هەندێك کەسی جێگەی متمانە بیستوومە و خۆم بە چاوی خۆم نەمدیوە، وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمیش دەیانەوێت لاسایی حیزبەکان بکەنەوە و هەر یەکە بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبێت .

بەپێی هەواڵێك کە لە ڕۆژنامەی(میدیا)دا بەرچاوم کەوت، لە کوردستاندا (٣٥٢) ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و دەزگای ڕاگەیاندن هەنە. هەوڵدەدەم بڕوا بەو هەواڵە بکەم بەڵام ناتوانم، چونکە ئەو ژمارە زۆر بە کەمتر دەبینم لە چاو

ئەوەی خەیاڵم وێنای دەکات، ئاخر من وا هەستدەکەم زۆر لەو ژمارە زیاتر بڵاوکراوە لە کوردستاندا هەیە، تۆ وەرە تەنها ژمارەی حیزب و ڕێکخراوەکان حیساب بکە، ئێستا هەندێ لە شارەکانیش _نەك ناوچەکان_ ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمیش قەینا. . ئایا دەزانن لادێی وا هەیە ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆی هەیە؟! بەڕاستمە بە نوکتەی تێمەگەن، مەبەستیشم لاقرتێکردن بە کەس نییە تەنها مەبەستم پیشاندانی زۆری و بۆریی بڵاوکراوە و نووسینە لە کوردستاندا. وتمان با چاو لە لایەنی دارایی بپۆشین، چونکە گەندەڵیی دارایی تەنها ئەو لایەنەی نەگرتووەتەوە. . هەندێ لایەنی گرنگیی تر هەیە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، وەك:

زمانی نووسین: ئێمە تا ئێستا زمانێکی یەگرتوومان نییە، ئەمەیش زۆری لەسەر وتراوە و هەرچی بڵێم لە لاساییکردنەوە دەرناچێت، ئێستا لە ناوچەی بادینان زمانێك هەیە_ناڵێم لەهجە، چونکە کەم سۆرانی هەیە لەو زمانە تێبگات_ کوردەکانی کوردستانی سەر بە سوریا دانی پێدانانێن و دەڵێن زمانی کرمانجی زمانی ئێمەیە، نەك زمانی دهۆك و بادینان! لە سلێمانی دەیان بڵاوکراوە هەیە و هەریەکە شێوە نووسینێك و جۆرە زمانێك بەکار دەهێنن، کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لاقرتێی پێدەکەن و دەڵێن زمان زمانی ئێمەیە نەك ئەمە!

لە گەرمیاندا، تا ئێستا شتێك نییە پێی بگوترێت زمانی نووسینی تایبەت و بە شێوەیەکی کوێرانە لاسایی سلێمانی دەکرێتەوە، سەیرە گەرمیانییەکان لە هەموو شتێکدا لاسایی سلێمانی دەکەنەوە و، نایشزانن بە باشی لاساییبکەنەوە، چەندین ناوچە و شوێنی کوردستان گەڕاوم، خەڵکی هیچ شوێنێکم وەك خەڵکی گەرمیان خۆبەکەمزان نەدیوە، تەنانەت ناوی گەڕەکەکانی کەلاریش بە ناوی شاخەکانی سلێمانییەوە نراون، نموونەی ئەزمەڕ و. . . وەك ئەوەی لە گەرمیاندا ڕەمزێك، هێمایەك، دارێك، بەردێك نەبێت بشێت بکرێتە

ناوی گەڕەکێك، دەی خۆ (مرواری) ئەگەر لە (ئەزمەڕ) خۆشتر نەبێت ناخۆشتر نییە!

ئێستا هەندێ بڵاوکراوە بە هەورامییش دەردەچن. بڕوا بکەن دوو بڵاوکراوە لە گشت کوردستاندا پەیدا نابن، شێوازی دەربڕین و زمانی نووسینیان وەکو یەك بێت، بە هەڵەدا نەچووم ئەگەر بێژم هەر نووسەرە و زمانی خۆی هەیە، ئەوە واز لەوانە بێنە کە بە وشەی قەبە و ناوەڕۆك بەتاڵ لاپەڕە پڕدەکەنەوە و هەندێ زاراوەی بێگانە دێنن و بە سەقەتی دەیکوردێنن!

ڕێزمان و ڕێنووس: لەمەیشدا بێسەروبەرییەك هەیە ئەوسەری دیار نییە، بەتایبەت ڕێنووس تا ئێستا یاسایەکی وای بۆ دانەنراوە هەموو لەسەری کۆك بن، بەڵکو هەریەکە بە شێوەیەك دەنووسێت.

شێوازی گەیاندنی هەواڵ و بەخشینی زانیاری: تۆ دەبینی ئەمڕۆ ڕۆژنامەیەك هەواڵێك بڵاودەکاتەوە، کەچی سبەی ڕۆژنامەیەکی تر بە جۆرێکی تر باسی هەواڵەکە دەکات، هەندێك بۆ بازاڕگەرمکردن و هەندێکیش بە مەبەستی شکاندنی یەکتری و، کێبەرکێی نابەجێ و کێشەی شەخسی. ئەمانەیش هەموو لەلایەك. . باشە چ خوێنەرێکی جیددی هەیە بڵێت: من دەتوانم بە مانگێك هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کوردستان کە لە ماوەی تەنها یەك هەفتەدا دەردەچن بخوێنمەوە؟! بە مەرجێك هیچ ئیشێکی تری نەبێت و ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی خوێندنەوە بێت، کە دەیشڵێم بیانخوێنێتەوە مەبەستم چاوپێداخشاندنە نەك بەوردی خوێندنەوە!

ڕەنگە کەسانێك بە هەڵە تێبگەن و وا بزانن مەبەستم ڕێگرتنە لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی بیروڕا، من دەپرسم: لە کوێی دونیادا زۆری نیشانەی باشی بووە؟ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی هەر کارێك پەیوەستە بە چۆنێتییەوە نەك چەندێتی، واتە ئەگەر لە هەموو کوردستاندا تەنها یەك ڕۆژنامە و یەك تاقە گۆڤار هەبێت، بە مەرجێك بەهێز بێت، لەوە باشترە لەهەر گەڕەکێکدا ڕۆژنامەیەك دەربچێت و بەڵام لاواز و بێتوانا بێت، بگرە هەمیشە کەم و پوخت لە زۆر و بۆر

باشترە. من هەڵەی وا ناکەم و ناڵێم با ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان کەم بکەینەوە، نایشڵێم با زمانەکەمان یەك بخەین، چونکە ئەگەر وا بڵێم پێش هەموو کەسێ، خۆم بە خۆم پێدەکەنم، ئێمە تا دوو حکومەتمان کرد بە یەك_ ئەویش لەسەر نیوە_، قیر بوو بە شیر و بەرد هاتە زمان، ئاسیا و کۆڕەك و سانایش، کە سێ کۆمپانیای تەلەفۆنن، بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمیش نەبوون بە یەك، ئیتر هاواری من بە چی دەچێت؟! وەلێ با هیچ نەبێت کۆمەڵێك پێوەر و ستاندارد هەبێت بۆ کاری نووسین و، ئەم بەرەڵڵایی ڕاگەیاندنەی ناومان لێناوە ئازادیی ڕاگەیاندن، سنوورێکی بۆ دابنرێت. ئەوە باسی نووسین و شیعر و وەرگێڕان با بوەستێ، چونکە ئەگەر باسی ئەوانە بکەین بابەتەکەمان دوو هێندەی لێدێت!

## دەمەوێت چی بڵێم؟

کورتەی باسەکەم ئەوەیە لە تۆی خوێنەر بپرسم: باشە ئێمە، بۆ کەسمان تاقەتی خوێندنەوەمان نییە؟ کەچی بۆ نووسین ئەوەندە ئازاین، ئایا دەزانیت هەموو نووسینێك نووسین نییە و، هەندێك بابەت هەن ئەگەر خاوەنەکەیان قرقێنەیەکی بدایەتەوە لەو نووسینەی باشتر بوو؟! دەزانیت ئەو نووسەرانەی لە مێژوودا ناویان ماوەتەوە و دەیان ساڵە نووسینەکانیان جێگەی مشتومڕ و دەمەقاڵێی گەرموگوڕی نێوەندە ڕۆشنبیری و زانستییەکانن، چەندیان لە کاتی خۆیان بۆ خوێندنەوە تەرخانکردووە و ڕۆژانە چەند لاپەڕەیان خوێندووەتەوە ئینجا دەستیان داوەتە قەڵەم؟! باشە تۆی گەنج کە زۆرتر ڕووی دەمم لە تۆیە، بۆچی دەنووسیت؟ هەر بۆ ئەوەی خەڵکی بڵێن فلانەکەسیش دەنووسیت؟ یان ئامانجێکت هەیە لەو نووسینانەتدا؟!یان مەبەستت تەنها چەند دینارێکە بیخەیتە گیرفانتەوە؟ ئەگەر مەبەستت هەر لەو شتانەی سەرەوەیە، ئەوا دڵنیابە لە پاشەڕۆژدا پەشیمان دەبیتەوە. . جا هەر ئەمڕۆ وازبێنی لە سبەینێ باشترە، چونکە تۆ بەم کارانەت بەشداری لە تێکدانی باری ڕووناکبیری وڵاتەکەتدا دەکەیت و گەندەڵی بڵاودەکەیتەوە، ئەگەر مەبەستیشت خۆپێگەیاندنە و حەزی خزمەتکردن لە سەرتدایە، ئەوا لە جیاتی پرتەوبۆڵە نووسین، ڕۆژانە بە چڕوپڕی

**بخوێنەوە، دڵنیابە جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت، گرنگ نییە ئەمڕۆ ببیت بە نووسەر و تا ماوی کەس نەتناسێت، نووسین بە زۆری نییە. چەندین کەڵەزانا و بیریار لە مێژوودا هەن لە تەمەنێکی ئێجگار درەنگدا دەستیان بە نووسینکردووە، کەچی لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە نەمری ماونەتەوە، نووسەری وایش هەیە تەنها یەك دوو کتێبی هەیە و ناوبانگیشی دونیای تەنیوە. زۆرم پێخۆشە لە داهاتودا بووارم هەبێت و کتێبێك لەسەر ژیان و هەوڵی هەندێك لە بیریاران و زانایان بنووسم، جا نازانم دەمێنم یانا؟[٢٠]**

---

[٢٠]. ئەم بابەتە وەك بەدواداچوون لەسەر بابەتی پێشووم بڵاوکرابووەوە:

ئەگەر خۆت بە گەنج دەزانی

نە نووسەر بەو نە خوێنەر بە، تەنها و تەنها ژنهێنەر بە . .

سامان ماملێسی

ماوەیەکە هێمن خورشید، لە پاشکۆی (ئاسۆی گەنج)دا لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، کەوتۆتەکارو ڕۆڵێکی ئەکتیف و بەرچاوی هەیە لە هوشیارکردنەوەی گەنجان و ئاگادارکردنەوەیان لەو پرسە هەنووکەییانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گەنج و ئەو توێژە پەراوێزخراوەوە هەیە. سەرکەوتوویی ڕەوتی نووسین لەم پاشکۆیەدا دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی و وریایی ئەو ستافەی کە ئاراستەی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە ڕۆژانی شەممە هەر کە ڕۆژنامەکە دەکەوێتە بازاڕەوە، زۆرترین ژمارەی لێ دەفرۆشرێت، ئەوەندەی من ئاگادارم ژمارەیەکی زۆری گەنج لە ڕۆژانی پێشترەوە چاوەڕوانی ڕۆژی شەممان دەکەن، دیارە (ئاسۆی گەنج) توانیویەتی خۆی بکات بە دڵی سەدان لەو گەنج و لاوانەدا کە تراوسکاییەك شك نابەن، بۆ ئەوەی ڕووحە ماندوو و وێڵەکانیانی پێ بدرەوشێننەوە و خولیاو خەمە تاساوەکانیانی پێ بەڕێبکەن، ئەمە بەراییەك بوو بۆ چوونە ناو ئەم باسەی کە دەمەوێت لێرەدا کورتە ئاماژەیەکی بۆ بکەم.

فۆرمی نووسین لە وتارەکانی کاك هێمن دا فۆرمێکی گاڵتەجارِ و ساتیری گەنجانە بوو، دەربڕی ناسۆری و دەردەسەرییەکانی گەنجانو لاوان بوو، ناڵەی تەنهایی و سووتان و شەو نەنووستن بوو، بێ پەناگەیی و بێ دەربەستی لاوانی ئەم نیشتیمانەی دەردەبڕی، هاوارو ناڵەی ئەو هەموو ناشرینکردن و سوکایەتییە بوو کە ڕۆژێك بە ناوی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری و ڕۆژێك بە ناوی لە ڕێ دەرچوون و لادان لە دین و ئەخلاقی کۆمەڵگەوە لە دژی گەنج و لاوەکانمان پیادە دەکرێت و تیکەی چەورو نانی گەرمی پێوە دەخورێت، لە وتارەکانی کاك (هێمن)ەوە ئەوەم تێبینی کرد کە داخۆ دەبێت خەمە گەورەکەی ئەو چی بێت؟

ئەو بەختەوەرییەی کە ئەو باسی لێوە دەکات بەختەوەرییەکی یۆتۆپیاییە یان لە ناخی کەسێکەوەیە کە عەودالی حەوانەوە و دەستخستنی ئارامییە؟ گەوهەرە ونبووەکەی لە کوێدا دەدۆزێتەوە؟ لە کاتێکدا ئەو باش دەزانێ

کۆمەڵێ بەربەست لە بەردەمیدا خۆیان قوتکردۆتەوە. بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، خەمەکانی ئەو خەمی سەرجەم گەنج و لاوەکانی ئەم نیشتیمانە بێ دەربەستەیە، ناڵەی بێکەسی و تەنهایی ئەو، ناڵەی هەموو کوڕو کچێکی سەراسیمەی ئەم دەڤەرەیە، هاواری ئە، هاواری سەرجەم ئەو کوڕو کچانەیە کە هەر بەو هیوایەوەن ڕۆژێ لە ڕۆژان عەشقی پاکیان سەربگرێ و بێتەدی، ڕۆژێك بێت بتوانن ماڵێکی ئارام و بەختەوەر پێکەوەنێن و لە دەست ئەهریمەنەکانی سیاسەت و نەزانەکانی دینفرۆشی ڕزگاریان بێت.

خەمی کاك هێمن خەمی زۆری بڵاوکراوەو میدیای نیفاقکیار نیە، خەمی ئەو، خەمی زۆر نووسەری و کەم خوێنەری نیە، خەمی ئەو، بە دزی بردن و تالآنکردنی داهاتی وڵاتە، خەمی ئەو، بێدەربەستی دەسەڵاتە لە بەرانبەر کوڕو کچەکانماندا، خەمی بەرزبوونەوەی ئەو هەموو کۆشك و ڤێللایەیە لەسەر ئاستی نزمی عەقڵ و مەعریفەتی دانیشتووەکانی ناویان، خەمی ئەو، ئەو بێکاری و بێهیواییەیە کە گەنجەکانمانی ڕووبەڕووی چەندین دیاردەی دزێوی وەك کێشانی ماددە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کحولییەکان و کێشانی جگەرەو خۆکوشتن و خۆسوتاندن کردۆتەوە، خەمی کاك هێمن لەو وەزارەتەیە کە تەنها ناوێکی بێ ناوەڕۆکەو بێدەسەڵات و عاجزە لە ئاست گەنج و لاوی ئەم وڵاتەو چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا، داخۆ دەبێ ئەرکی وەزارەتی وەرزش و لاوان چی بێت؟ گەر نەتوانێت بیر لە پرۆژەیەکی کشتگیری هاوسەرگیری بکاتەوە بۆ سەرجەم لاوان بە بێ جیاوازی ئینتیمای حیزبی و سیاسی!

گەنجی ئێمە بۆچی ناچار دەبێت سەری خۆی هەڵبگرێت و ڕوو لە هەندەران بکاتەوە؟ کوڕو کچێك لە زانکۆدا گەیشتبنە دوا قۆناغی خوێندن، ئەو پرۆسەیەی کە بە کەپڵایەتی بەناوبانگە سەرەنجامی چی دەبێت؟ گەر هیوایەکیان بەوە هەبێت حکوومەت چارەسەری بۆ دۆزیونەتەوە، بۆ لەوە دوودڵ دەبن کە لەوانەیە نەتوانن لە داهاتوودا بە یەك بگەن و ماڵێکی خنجیلانە پێکەوەنێن؟ ئەو ناپاکی و بێوەفاییەی کە بووەتە قسەوباسی گەرمی نێو خوێندکاران لە چییەوە سەرهەڵدەدات؟ لەوەوە سەرهەڵدەدات کە خۆشەویستی و عەشقی کوڕو کچێك بۆ یەك، لە سەرچاوەیەکی پاکەوە هەڵنەقوڵاوە؟ بۆ کات بەسەربردن و گاڵتەوگەپە یان لەو بێمانایییەوە سەرهەڵدەدات کە دەسەڵات بەرانبەر بە ڕۆڵەکانی خۆی پیادەی دەکات؟ لەو بێهیوایی و نەبوونی چارەسەرەوە دێت کە ڕووبەڕووی هەموو عاشق و مەعشووقێکی دڵپاك و سینەساف دەبێتەوە، دینێك کە وەك سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا لەلایەن چینی پیاوە ئایینییەکانەوە داخوازی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری نییە، هەق نییە ئەو دیوارە ڕزیوەی کە نەزان و عەقڵ دۆگماکان بونیادیان ناوە لە بناغەوە هەڵتەکێنرێت؟ مەلایەك بە هەموو توانایەوە هاوار دەکات و دەقیرێنێت: " خەڵکینە با فریای کوڕ و کچەکانمان بکەوین، لافاوێك بەرێوەیە گەر وا بڕوات هەموومان ڕادەماڵێت ".. باشە کاکی برا جەنابت کە هێندە خەمخۆری کوڕو کچی ئەم وڵاتەیت، بۆ هاوارێکیش ناکەیت و؟ بڵێیت: " کورە خەڵکینە خوا هەڵناگرێت بۆ یارمەتی کوڕو کچەکانتان نادەن و کارئاسانییان بۆ ناکەن تا بەیەك بگەن؟ بۆ مارەیی و شەرت و شرووتی کچەکانتان کەم ناکەنەوە؟ بۆ ژن بۆ کوڕەکانتان ناهێنن؟...

# وەرن با سەگ بین![٢١]

**سەگ ئاژەڵێکە چوار پێ و کلکێك و دوو گوێی هەیە، شتێك کە زیاتر ئەم ئاژەڵەی پێ بناسرێتەوە زمانێتی، کە هەردەم لە کاتی ماندووبوون و ئیسراحەتیشدا بە دەرەوەیە و، دەڵێی دروێنەی کردووە!**

---

خۆ چی تێدەچێت ئەگەر جارێك بەرووی دەسەڵاتیشدا هاوار بکەیت: " هۆ جەردەو مافیاکانی وڵات! ئیتر بەسە تێر بخۆن و کەمێك _ هەر هیچ نەبێت _ لە بەرماوی خۆتان بەشی هەژاران و نەداران بدەن.. دەریای گەدەتان بۆ پڕ نابێت؟ خۆ حووت و ماسییەکانیشی گشت هەڵلوشی.. جارێکی تریش بیر لە خۆت بکەرەوەو گەر چارەسەرێکت پێ نیە، گەر ئەلتەرناتیڤێکت پێ نیە، ئیتر بێدەنگ بە.. چیتر هاوار مەکەن و مەقیڕێنن، نەبادا ئەو بڕیارەی ئەوقاف دەریکردووە زیاتر بتانگرێتەوەو موکەببەرەکانیشتان پێ لابدەن، ئیتر مەگەر هەر هاوار بکەن، ئینجا دەزانن ئەو لافاوەی باسی لێوە دەکەن لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت! ئەوجا دەزانن گەنجان، کوڕو کچەکانتان هۆکاری ئەو لافاوەن یان داماوانە لە پەراوێزیشدا ڕۆڵ نابینن؟! بۆیە مافی خۆمانە وەك کەسێك کە خۆمان بە کوردو هاوڵاتی ئەم کوردستانە دەزانین، هەم وەك کەسێکیش کە خۆمان بە دیندارو مسوڵمان دەزانین، داوا بکەین ئەو بێمانایيە بووەستێنین کە دەسەڵاتداران و دەمڕاسانی ئایین دەرهەق بە ئێمە دەیکەن.. هەر لێرەشەوە حەزدەکەم کاك هێمن دڵنیا بکەمەوە کە خەمی ئێمە نە کەم خوێندنەوەیەو نە زۆر نووسەری، ئەمانە هەموو بۆ گەنج هەر دەردەسەرین، خەمی ڕاستەقینەی ئێمە ئەوەیە چۆن بتوانین کوڕو کچێك کە یەکتریان خۆشدەوێت، بە یەکتر بگەیەنین؟ چۆن بتوانین کارئاسانییان بۆ بکەین؟ پێم خۆشە لەسەر ئەوەیش بووەستم، هەندێ جار لێرەو لەوێ، لاوان بەبێ دەربەست و بێ خەم ناوزەد دەکرێن، ئەمەیش لەلایەن کەسانێکەوە کە بە وتەی جەنابتان (هیچ خەمێکی ناوگەڵیان) نییە، بۆیە تەنها خەمی ئێمە لەو بەختەوەرییەدایە کە بە دوایدا وێڵین، لەو گەوهەرە ونبووەدایە کە لە عەشقی کچێکدا خۆی دەبینێتەوە، لەوەدایە چۆن بتوانین کاروانی خۆشەویستی و پاکیزەیی بگەیەنینە مەنزڵ، نەك خەمی ئەوەمان بێت چۆن فلانە حیزب پێش بخەین؟ لە کام ڕێکخراوەدا کاربکەین؟ پشتگیری کام دەستەو تاقم بکەین؟ ئێمە لە هەموو ئەوانە گەورەتر خەمی مرۆڤبوونمان هەیە، چونکە کاتێك (هایدگەر) ویستی باسی عەشق و خۆشەویستی بۆ (ژان دارك)ی هاوڕێی بنووسێت، کتێبێکی بە ناوی (پەیامێك دەربارەی مرۆڤبوون)ەوە بۆ نووسی، من کە خاوەنی جەستەیەکی شەکەت و ماندووم، جەستەیەك کە دوورە لە هەموو ڕۆمانسییەت و ئیرۆتیکێك، چۆن دەتوانم خەمی شتی تر بخۆم؟ بۆیە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم: ئەگەر گەنجی یاخود خۆت بە گەنج دەزانی، نە نووسەر بەو نە خوێنەر بە، تەنها و تەنها ژنهێنەر بە!

[٢١]. ئاسۆی گەنج، ژ: (١٩)، ٢٠٠٧/٤/٢١ .

سەگ لە کوردییدا، بەرانبەرە بە وشەی (کلب)ی عەرەبی و (dog)ی ئینگلیزی، لە فارسیشدا بە (سگ) دەنووسرێت و بە سەگ دەخوێنرێتەوە .

لە زمانی کوردیدا، وشەی سەگ هاوواتای زۆرە، واتە چەند ناوێکی تریش هەن بۆ سەگ بەکاردێن، یان چاکترە بڵێم لە جۆرەکانی سەگن، وەك ( تانجی: تاژی، گەماڵ، توولە، توڵە، دەڵ یان دێڵ، تووتك یان توتکە. . .) گەماڵ بۆ سەگی نێر بەکاردێت، دەڵ یان دێڵەسەگ مێینەی سەگە، تووتك یان توتکەسەگیش بە بێچووی سەگ دەوترێت . .

لە کولتووری ئێمەدا، سەگ بە ئاژەڵێکی بێشعور و بێئابڕو و پەست و نزم و ڕەزیل ناسراوە، بۆ؟! چونکە هەمیشە چاوی لە دەستی ساحیبەکەیەتی، مرۆڤی ئێمەیش وا ڕاهاتووە هەرکەس داوای شتێکی لێی کرد، ئیتر ئەو کەسە بە لایەوە، ڕیسوا و کۆیلەیە، کاتێکیش خۆی پێویستی بە کەسێك بوو دەبێت بە عەبد و کەنیزی ئەو کەسە! کەواتە سەگ مادام چاوەڕێی پاروە نانێك، یان پارچە ئێسقانێکە لە دەستی خاوەنەکەی بکەوێت و بە مەمنوونییەوە هەڵیبگرێتەوە و بەبێ هیچ ناشوکریکردنێك زمانی پێدابهێنێت و قووتی بدات، ئیتر کائینێکی سەرشۆڕ و نەفس نزمە، بێ ئاگا لەوەی ئەو سەگەی کەسێك لە ماڵەکەیدا ڕایگرتووە، بۆ پاسەوانیکردنی خۆی و خەزێنەکەی یان پاراستنی مێگەلەڕانەکەی یان بۆ چاودێریکردنی باخ و بێستانەکەی، دەتوانێت زۆر بە ئاسانی ڕۆژانە بە دزیی خاوەنەکەیەوە، قەڵەوترین مریشك و نەرمونۆڵترین کەروێشك بخوات و کەسیش پێی نەزانێت، بۆ ناتوانێت لە کاتێکدا ئەو خۆی چاودێرە و کەسیتر چاودێری ئەو ناکات؟!

لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، دیارترین سیفەت کە سەگی پێ دەناسرێتەوە وەفادارییە. هەر ئەم وەفادارییەیشە وا دەکات ئەو سەگە بە چاوی سوپاسکردنەوە لە خاوەنەکەی بڕوانێت و دزی و خیانەتی لێنەکات. ئەم بە کەمسەیرکردنەی سەگ لای تاکی کوردی بەرهەمی ئێستا و ئەم زەمانە نییە، لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەروەك لە ئەدەبیاتی زۆرێك لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتیشدا،

سەگ بە واتای خراپترین و ناشرینترین مەخلوق لە زیهنی خەڵکدا وێناکراوە، وەك چۆن کەر (گوێدرێژ)یش بە دەبەنگترین و گەلحۆترین بوونەوەر لە ئاوەزیاندا چەسپیوە، لە کاتێکدا زۆر ئاژەڵی لە سەگ خراپتر هەیە و، کەریش لە زۆرێك لە ئاژەڵەکانی تری وەك مانگا.. ئاقڵترە، هەندێجار بە هەندێك مرۆڤیشەوە!

لێرەدا، دیسانەوە جەختدەکەمەوە سەر ئەوەی خەڵکی بەگشتی تەنها ئەو پیاوەتییە بە پیاوەتی دەزانن، کە بەروبوومێکی بەرچاو و بەردەستی هەبێت, بۆ نموونە تۆ ئەگەر بە کۆڵی خۆت شلیفێکی پڕ لە پەتاتە بۆ ناسیاوێکت هەڵگریت و، دوو شەوو دوو ڕۆژ بە کۆڵتەوە بێت و یەك دەقیقە داینەنێیتە سەرزەوی تا دەیگەیەنیتە هەقەجێ_ جێگەی مەبەست_، ڕەنگە ئەو ناسیاوەت کە ئەم پیاوەتییەت بۆ کردووە، بە شتێکی هیچی بزانێت و دوور نییە ئەگەر دوای دوو ڕۆژ دەمەقاڵێیەك لە نێوانتاندا ڕوویدا پێت بڵێت: بە تەمەنم چاکەیەکم لێت نەبینیوە! لێ ئەگەر هەر ئەو دۆستەت داوای پێنج هەزار دیناری چاپی نوێت لێبکات بە قەرز بیدەیتێ و تۆیش دەست بکەیت بە گیرفانتدا و بیدەیتێ, ئەوا تا مردن خۆی بە قەرزارت دەزانێت و مەمنوونت دەبێت! کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە ئەو وابیر دەکاتەوە, بەڵکو لەوەدایە هەمان هەست لای تۆیش هەیە, واتە تۆیش کە کۆڵبەرییەکەت کردووە وا نازانیت پیاوەتییەکت بەرانبەری کردووە, بەڵام کاتێك پارەکەی دەدەیتێ وا دەزانیت کارێکی زۆر گرنگت ئەنجامداوە. نموونەی سەگ و کەرەکەیش وایە, وەرە با بەراوردێك لە نێوان (کەر) و (مانگا)دا بکەین, ئەم دووانە هەردووکیان ئاژەڵن و هەردووکیشیان کارەکەر و باربەری لە مێژینەی مرۆڤن، یەکەمیان نموونەی کۆلبەرەکە و دووەمیشیان پارەپێدەرەکەیە (شیر و گۆشتی هەیە, ئەویش پارەیە).

دەبینی ئەوەی کاری کۆڵبەری و باربەری بۆ مرۆڤ دەکات، کە کەرەکەیە, چەند بە چاوێکی کەمەوە تەماشا دەکرێت لەلایەن مرۆڤەوە, لە کاتێکدا مانگا کە شیر و گۆشتی هەیە و ئەو شیر و گۆشتەیش پارە بۆ خاوەنەکەی پەیدا دەکەن، چەند بە گرنگ دەبینرێت!

ڕەنگە بە بیری هەر یەکێك لە ئێوەی خوێنەردا بێت و بپرسن: باشە خۆ لە ئەمڕۆدا کۆڵبەرییەکەیش هەر بە پارە دەکرێت و, ئەوەی کۆڵێکت بە بەلاش بۆ هەڵدەگرێت یەك دوو هەزارت بۆ دەهێڵێتەوە؟ ئەمە ڕاستە, بەلاّم مرۆڤ هەر ئەوە بە پارە دەزانێت کە دەیبینێت و دەستی لێدەدات!

تا ساڵانێك لەمەوبەر, شیعر تاکە بەرهەمی کورد بووە و، ئەو میللەتە تەنها بە شیعر، تەعبیری لە حەز و ئارەزوو و خۆشەویستی و تووڕەیی و چاکی و خراپی کردووە, شاعیران زمانی ئەم کۆمەڵگەیە بوون لە کۆندا, نەك دوورێکی زۆر دوور، بەڵکو تا پەنجا ساڵێك لەمەوبەریش هەروا بووە. دەربارەی عەرەب دەوترێت: " الشِّعر ديوانُ العَرَب" ، بۆ کوردیش هەروایە. من دەمەوێت بچمە ناو ئەدەبیاتەوە و بە یەك دوو نموونەی شیعری، هەست و تێڕوانینی تاکی کورد بەرانبەر بەو ئاژەڵەی پێیدەوترێت سەگ بخەمەڕوو. (مەحوی) و (نالی) دوو ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی و دوو گەورەترین شاعیری کورد و دوو تەنافبازی بواری وشە و واتان لە شیعری کوردیدا

(مەحوی) گلەیی لە دەست یارەکەی دەکات کە لەگەڵ کەسێکی تردا کە بە ڕەقیب[٢٢] ناوی دەهێنێت، پەیوەندیی هەیە و گفت و لفتی خۆشە و حیساب بۆ ئەم ناکات, هەڵبەت ڕەقیبیش لای مەحوی_ و لای هەموو عاشقێکێکی تریش_ خراپترین و بێزراوترین کەسە. بڕوانە مەحوی چی دەڵێت:

ڕامە حەتتا بۆ سەگێکی وەك ڕەقیب
ئەو جەنــابە هەر لە منیە ئیجتینــاب

مەبەستم ڕاڤەی شیعرەکە نییە هێندەی مەبەستم هەردوو وشەی (ڕەقیب) و (سەگ)ە، لێرەدا ڕەقیب جنێوی پێدراوە، جنێوەکەیش کردنێتی بە سەگ!

لە بەیتێکی تریدا مەحوی، دەڵێت:

---

[٢٢]. ڕەقیب: کەسی سێیەمە، دەکەوێتە نێوان دوو عاشقەوە و لە یەکتریان جیادەکاتەوە, هەندێجار لەگەڵ یەکێك لەو دوو عاشقەدا، پەیوەندیی عیشقبازی دروستدەکات و، بە ڕاکێشانی دڵی یەکێکیان بۆ خۆی ئەویتریان بێ یار و ئەویندار دەهێڵێتەوە .

ڕەقیبێ سەگ حەزی بوو, کوشتمت, سەیری کە چۆنی بۆم
دوعـا بـۆ دەست و تێغت من دەکەم, بڕوانـە چـۆنـم بـۆت

لەم بەیتەی سەرەوەشدا ڕەقیب دراوەتە پاڵ سەگ, کە ئەمە لای مەحوی خراپترین وشەیەکە، بەرانبەر ڕەقیب بگووترێت و, دڵی ئەوی پێ ئازار بدرێت. لە شوێنێکی تردا, (مەحوی) ڕەخنە لە مەعشوقەکەی دەگرێت کە عاشقی ڕەجم کردووە، لە کاتێکدا دەبوایە ڕەقیبی ڕەجم بکردایە:

ڕەقـیبە لەعنەتی، عـاشـق دەکـەی ڕەجم
لە جیاتی سەگ, دەکەی شێرێ سەمەندۆك

وشەی (سەمەندۆك) بە واتای (بەپەندکراو) ..

بڕوانە هەردوو وشەی (سەگ) و (شێر)، کە لە بەرانبەر (ڕەقیب) و (عاشق)دا بەکار هێنراون, واتە: " تۆ ڕەجمی عاشق دەکەیت، لە کاتێکدا ئەو کەسەی لەعنەتییە و شایانی ڕەجمکردنە ڕەقیبە, تۆ بۆ لە جیاتی سەگ کە ڕەقیبە، دێی شێر کە عاشقە بە پەند دەکەیت؟!

سەیر لەوەدایە و هەرچی دەکەم تێیناگەم، بۆ مرۆڤ شێری لە سەگ پێ گرنگترە؟ لە کاتێکدا شێر نەك هەر هیچ خێرێکی بۆی نەبووە، بەڵکو ئەگەر لە شوێنێکیشدا بەر چنگی بکەوێت هەلاهەلای دەکات, کەچی سەگی داماو خزمەتکار و پاسەوانی بەردەستی سەدان ساڵەی مرۆڤە؟!

ئەم بەیتانەی سەرەوە، تا ڕادەیەك شتێکی تازە نین و، بە کەم سەیرکردنی سەگ لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کۆنیشدا، هەبووە و هەیە، بەلام لای (مەحوی) شتێکی سەیرتر دەبینرێت، ئەویش دانەپاڵی سیفەتی سپڵەیی و بێوەفاییە بۆ لای سەگ، بڕوانە ئەم بەیتە:

ئەو سەگانەن سپڵە، سەبب و ڕەفچی زاتی وا دەکەن
هیمەتی ئەو بەعدی ڕیحلەت، نەبووەوە ئەم دینە حەك

تەنها مەبەستم لە هێنانی ئەم بەیتە, تەماشاکردنی سەگە بە سپڵە لەلایەن (مەحوی)یەوە, بەیتەکە بە گشتی باسی (شیعە) و کەسێتی (ئەبو بەکری سیدیق) دەکات.

لێرەوە (نالی)ش هاوبەشی لەگەڵ (مەحوی)دا دەکات، لە دانەپاڵی سیفەتی بێوەفایی بۆ لای سەگ، ئەم بەیتە بخوێنەوە:

دوور لـە تۆ نالی سەگێکە بێوەفایە هەرزەگـۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کەنانی نانییە

لە کوێدا بیستراوە سەگ سپڵە و بێوەفا بێت؟! تۆ بڵێی ئەمەیش یەکێکی تر بێت لەو تەڵانەی نالی هەمیشە لە شیعرەکانیدا بۆ خوێنەری دەنێتەوە؟!

لەو بەیتانەی سەرەوەوە بۆمان دەرکەوت نە (مەحوی) و نە (نالی) سەگیان وەك ئەوەی کە هەیە باسکردووە, بەڵکو وەك شتێك کە هەرچی خراپیی خەڵکی تریش هەیە ئەو هەڵگرێتی باسی لێوە کراوە, لە بەرامبەر ئەماندا لە ئەدەبیاتی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا, شاعیرێك دەبینین پڕپڕە لە مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی, ئەو هەر بە مرۆڤەوە ناوەستێت هەموو سروشتی خۆش دەوێت, ئەو تەنانەت پاییزیشی خۆشدەوێت، پاییزێك کە گەڵای دارەکان لێدەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەیانبات, ئەو دار و دەوەن و گەڵای وەریویشی خۆش دەوێت, ئەو لە تاو تەنهاییدا دەچێت سەگێکی تەنها دەگرێتە باوەش, ئەو خەمی سەگە لانەوازەکانی بەر بارانیش دەخوات, ئەو کەسە ژەنەڕاڵی پاییزە!

(موحەمەد عومەر عوسمان)ی شاعیر، سەگ وەك ئەوەی هەیە تەماشا دەکات. . ئەم سێ چوارینەیە بخوێنەرەوە و ڕاڤەیشیان ناوێت:

لـەتــاو تـەنیـایـی دوێنێ نیـوەشـــەو
چووم سەگێکی مـات بگـرمە بـاوەش
چـاوانی ئەتـوت گــەڵای پـــایـــزە
ئەویش جێیهێشتم تف لەبەختی ڕەش
* * * * * *

شەو نیوەشـەوان پیاسەی نیـوەشـەو

سـەگێك ئاشـنا بە ڕۆشـتنـی ڕێـم
چـاوم ئەبـڕییـە چـاوانـی زەردی
چـەمـی عاتیفـەی ئەڕشتـە بەر پێم
*   *   *   *   *

لـەبەر ڕەهێڵەی برسێتی یا. . ئـای
ڕەنـگە ئەو سەگـە ئێستا مردبێت!
بەدەم هەناسەی گیان دەرچـوونەوە
یـادێکـی منـی تـەنیـایی کـردبێت!

ئەم شاعیرەی خۆیشی ڕەنگی سروشتی گرتووە، ئەم شاعیرە پایێزییە، تەعبیر لە ناخی یەکێك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە و لە هەمانکاتیشدا تاکێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، ئەو بەزەیی بەو سەگانەدا دێتەوە کە لە شەوانی شەستەی باراندا شوێنێکیان نیە تێیدا بحەوێنەوە و دەبێت تا بەیانی بە بەر بارانەوە شەوگار بگوزەرێنن .

تەماشای ئەم شیعرەی (محمد عومەر) بکەن:
شەو ڕاشکاوە و ئەفسونی پایز
سەری تەزیوی لە پەنجەرەوە پێهێناومە دەر
تا غەمی سەگی لانەوازی ژێر چۆڕاوگەش، ئەخۆم
یەك و دووانیش نین. . تا جلەکانی خۆمیان کەمە بەر!

خوێنەری بەڕێز! دەزانیت ئیلهامبەخشی، نووسینی ئەم بابەتە لای من چی بوو؟ ماوەیەك بەر لە ئێستا لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێیانمدا بە بەر دەرکی سەرادا تێپەڕبووین, کە گەیشتمە بەردەم کتێبفرۆشییەکانی سەر شۆستە، چاوم بە قەرەباڵغییەك کەوت, دەبینم یەك دوو گەنج مایکرۆفۆنێکی بچووکیان ناوە بە دەمیانەوە و, هاوار دەکەن: " کۆمەڵگە سەگ نییە, ئێمە سەگ نین مرۆڤین, وەرن ئیمزا بکەن لە دژی ئەوانەی کۆمەڵگە بە سەگ ناودەبەن..."

حەزدەکەم خوێنەر ئەوە بزانێت، من بە هیچ شێوەیەك قسەی ئەو کابرایەی ماوەیەك لەمەوبەر کۆمەڵگەی کوردیی بە سەگ شوبهاندبوو کاریگەریی لەسەرم

نەبووە بۆ نووسینی ئەم بابەتە, تەنها قسەی ئەو گەنجانە کاریان تێکردم کە دەیانگوت: " ئێمە سەگ نین..! "

ئەو ڕۆژەی قسەی ئەو گەنجانەم بەر گوێ کەوت، هەر لەوێدا ئیستێکم کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: " تۆ بڵێی سەگ هێندە تاوانبار بێت؟! باشە سەگ چ تاوانێکی کردووە وا ئێمە هێندە لە سەگبوون سڵدەکەینەوە؟! "

بە بۆچوونی من، ئێمە زۆرێك لە سیفەتەکانی سەگمان لەدەستداوە, بۆیە حاڵمان بەم ڕۆژە گەیشتووە! وەك لە پێشەوە باسمکرد, گرنگترین سیفەتێك سەگی پێبناسرێتەوە وەفادارییە, ئایا ئێمە وەفادارین؟! وەفادارین بەرانبەر خوێنی ئەو هەموو لاوەی خۆیان کرد بە قوربانی ئەم نیشتیمانە؟ تۆ دەزانیت شەهیدی وا هەبووە تا مردووە ڕەگەزنامەی عێراقیی نەبووە؟ بەو ئومێدەی ڕۆژێك بێت کوردستان ئازاد بێت و ببێت بە دەوڵەت و ئەویش ئەو ڕۆژە لە بری ڕەگەزنامەی عێراقی ڕەگەزنامەی کوردستانی دەربکات؟! باشە ئەگەر ئێستا ئەو شەهیدە زیندووببێتەوە و ببینێت, ئێمە ڕۆڵەکانی کورد پۆل پۆل بۆ بەغداد و باشوری عێراق دەنێرین لە پێناو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا، چیمان پێ دەڵێت؟! من بانگەوازی کوردستانیبوون و دەوڵەتی کوردی ناکەم, نەك بە کارێکی خراپی دەزانم، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەندێ کەس لافی ئەوە لێدەدەن، هێندە نزمن من خۆم بە هاوشانی ئەوان نازانم, وەلێ ئەوانەی وا ئێستا عێراقچێتیمان پێ دەفرۆشن، ساڵانێکە بە لافلێدانی کوردایەتی مێشکیان بردووین و هەموو کوردیان کردووە بە دوژمنی عەرەب, چۆن عەرەب وا دەزانن لە جولەکە زیاتر هیچ خراپەکارێك لەسەر زەویدا ناژێت, ئەمانیش وایان لە هەر تاکێکی کورد کردووە بێئەوەی بە خۆی بزانێت ڕقی لە هەر شتێکیشە بە عەرەبی نووسرابێت, چ جای عەرەب خۆی!

باشە خۆ فەلوجە و ڕومادییە کوردیان تێدا نییە و زۆرینەی _ئەگەر نەڵێم هەموو_ دانیشتوانەکەیان عەرەبن, بۆ کوڕی کورد دەنێرن بۆ پارێزگاریکردنیان؟! ئەی هەر ئێوە نین ساڵانێکە بە ئێمە دەڵێن: عەرەب دوژمنی

باوەکوشتەتانە؟! وەك وتم من بە یەك چاو سەیری هەموو نەتەوەیەك دەکەم و هەرگیز نەمتوانیوە ڕقم لە جولەکەیەك بێت لەبەر ئەوەی جولەکەیە, یان فارسێکم خۆشبوێت لەبەر خاتری ئەوەی فارسە, تەنها باشبوون و خراپبوونی تاك لای من پێوەرە, بەڵام باس لە نیفاق و دووڕوویی سەرانی کورد دەکەم!

ئێمە بێوەفاین, ئەگەر بێوەفا نەبین, لە چ فەرهەنگێکی وەفادارییدا نووسراوە تۆ دارو بەردی وڵاتەکەی خۆت تاڵان بکە و ئاودیوی سنوورەکانی ئێران و تورکیا و کوێ و کوێی بکە . . .؟! لە چ قاموسێکی ئەمەکدا گووتراوە: تۆ لایەك بە لای ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی بەجێماوی ئەنفالدا مەکەرەوە؟! ئێوە تا ئێستا ناوی (صمود)تان بیستووە, ئەو سموودەی ئێستا ناوی گۆڕاوە بۆ (ڕزگاری). .؟ کەستان سەرێکتان کێشاوەتە چەمچەماڵ و سەرێکی شۆڕشتان داوە؟! ئەگەرنا، دە بڕۆن لە تەوێڵی پڕ لە لۆچ هەر پیرێکی ئەو سەر زەمینانەدا، چیرۆکی بێئەمەکی خۆمان بخوێننەوە, بڕۆن لە کراسی دڕاو و پێڵاوی هەزار پارچەی ژنان و منداڵانی ئەو دەڤەرانەدا میتۆدی سپڵەیی و بێوەفاییمان دەربێنن.. بەڕێکەون سەرێکی سموود بدەن, بەڵام بیرتان نەچێت پێشوەخت دەم و لوتتان بە ماسکێك توند توند بپێچن، نەبا تۆز و خۆڵی ئەو خاکە پشتگوێخراوە بتانخنکێنێت. . . نەبا دیمەنی فرمێسکی ژنانی ڕەشپۆشی گەرمیان بەر بە هەناسەتان بگرێت!

لە کام ڕەشنووسی دەستووری وەفادارییدا نووسراوە، تا ئەبەد هەموو کۆڵانەکانی هەڵەبجە هەڵدڕابێتن و کەلاوەکانیشی وەك ساڵی ١٩٨٨ لە جێگەی خۆیاندا مابێتنەوە؟!

لە چ یاسایەکی دادپەروەرییدا نووسراوە، دهۆك و زاخۆ کەس بڕوا نەکات لە کوردستاندا بن و هەڵەبجە و خۆرماڵیش هەروا، ئەو دووانەی یەکەم دەستەخوشکی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا بن و ئەمانەی دواییش هاوماڵ و دراوسێی دۆڵی (وەیل)ی ناو دۆزەخ!

ئێوە قەت بینیوتانە سەگ خیانەتی لە خاوەنەکەی کردبێت؟ بیستوتانە سەگ پشتی هاوڕێکەی لە ئەرز دابێت؟! سەگ قەت فایلی سیخوڕی هەبووە؟! ماڵ و موڵك و سەروەت و سامانی هاونیشتیمانیانی بە زۆر زەوتکردووە؟!

سەیرم لێدێ، بۆ هێندە پێماننا خۆشە پێمان بگووترێ سەگ؟ توخوا ئەگەر کۆمەڵە سەگێك لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوە و شەو و ڕۆژ ئەشکەنجە بدرێن، ئاویان نەبێت، نانیان نەبێت، کەس لێیان نەپرسێتەوە، کارەبایان نەبێت، هەر ڕۆژەی گاڵتەیەکی تازەیان پێ بکرێت و، خۆشترین نوکتەیان لەسەر تاقیبکرێتەوە، بە گەمژە بزانرێن، گاڵتە بە عەقڵیان بکرێت، تێیان هەڵبدرێت، لە هیچ هەواڵێك کە پەیوەستە بەپاشەڕۆژیانەوە خەبەردار نەکرێنەوە، نەزانن سبەی چی چاوەڕێیان دەکات. . . بە ئێوە دەڵێم، ئەو سەگانە چی دەکەن؟ ڕاناپەڕن؟ خۆیان نادەن بە ئاو و ئاگردا؟ قوڕ ناپێون؟ ناپرسن ئەوە کێیە وامان لێدەکات، بۆ وامان لێدەکات؟ تاکەی وامان لێدەکات؟! باشە سەگ هەر لەبەر ئەوەی زمانی نییە، ئاوها ئیهانە دەکرێت و، ئێمەیش وا دەزانین ئێمە ئیهانە کراوین؟!

ئەشەدوبیللا دوو سیفەتی ناشیرین لە سەگدا هەن، ئەوانیش: کلکەلەقێکردن و هەڵەوەڕیین، خوا هەڵناگرێت هەردووك سیفەت، دووان لە خەسڵەتە هەرە ئاشکرا و دیارەکانی پیاوانی دەربارن. . ئەوانەی وا ڕۆژ تا ئێوارە پاسەوانیی دەسەڵاتێك دەکەن کە حیسابی سەگیشیان بۆ ناکات![٢٣]

# ترێك لە ناوەڕاستی شەقامدا

## هەر کەس دەڵێت لەم وڵاتەدا ئازادی هەیە، شەکری خوارد!

لە دوو هەفتەی ڕابرووودا، چەند ڕووداوێك ڕوویاندا، هەموویان دوورو نزیك پەیوەندییان بە گەنج و زانکۆوە هەیە .

هەرچەند من گەنج نیم، بەڵام بە زۆر خۆم بەسەر توێژی گەنجاندا ساغ دەکەمەوە!

(تڕ) لە زمانەوانیدا

تڕ لە زمانی کوردییدا بەو دەنگە دەوترێت کە لە کونی خوارەوەی مرۆڤەوە (anal canal)، لە ئەنجامی فشار و پاڵنانی هەواو غازاتی ناوسکەوە دێتە دەرێ، ئەم دەنگە هەندێجار هێواش و کورتخایەنە و هەندێجاریش بە زنجیرە دەردەچێت . .

وا باوە (تڕ) هەر تەنها دەنگە و بۆنی نییە، بە پێچەوانەی (تس)ەوە کە تەنها بۆنە و دەنگی نییە، وەلێ ئەم بۆچوونە هەڵەیەو مەرج نییە هەموو جارێك تڕ هەر تەنها دەنگ بێت، بەڵکو هەندێکی بۆنیشی لەگەڵدایە!

تڕو تس و قڕقێنە، سێ هێمان بۆ پڕبوونی سك، مرۆڤ کە زۆری خوارد و ماوەیەك نەچووە سەر ئاو، یەکێ لەم سیانەی لێدەردەچێت!

تڕ لە زمانی عەرەبیدا (ضرط، ضرطة) و لە ئینگلیزیشدا (fart)ی پێدەوترێت. لە زمانی فارسییشدا (گوز)ە .

لە فەرهەنگی (pocket english dictionary)دا، ئاوا پێناسەی وشەی fart کراوە:

(The fart is a discharg wind from anal canal)، واتە: (تڕ بایەکە لە کونی کۆمەوە دەردەچێت).

ڕاستییەکەی، ئەم پێناسەیە هەڵەیە چونکە ئەمە پێناسەی تسە، کە بە ئینگلیزی پێی دەگووترێت (flatus) و عەرەبیەکەیشی ( فسّاء)ە .

بەڵام ڕەنگە ئەم فەرهەنگە مەبەستی بایەکی دەنگدار بێت، وەك ئەو بایەی لە هاوینی گەرمیاندا هەڵدەکات و عامووەدەکان لەگەڵیدا دەست بە شمشاڵلێدان دەکەن!

هەرچەند هەموو کەس دەزانێت تڕ و تس دوو شتی ئاسایین، لێ لە کۆمەڵگەی کوردییدا، بەربوونەوەیان لە کەسێکەوە ئەگەر ئەو کەسە لە ناو کۆمەڵێك خەڵکدا بێت بە شوورەیی دەزانرێت. لە کاتێکدا قرقێنە هەر تەنها لەبەر ئەوەی لە دەمەوە دەردەچێت زۆر ئاساییە، ئەڵلای دەکرد لە یەك دەقیقەدا سەد قرقێنەت دەدایەوە، کەس هەر ئاوڕیشت لێناداتەوە؟! وەلێ خوانەخواستە ئەگەر مرۆڤێك لە کۆمی دەرچوو تڕێك یان تسێکی لێبەربوویەوە ئەوا (سەگ!) بە حاڵی نەبێت، مەگەر لەو شارە دەرچێت و سەری خۆی هەڵگرێت .

هەڵبەت تس وەك تڕ بە ناوبانگ نییە، لەبەر ئەوەی دەنگی نییە، ئەگەر کۆمەڵێك کەس دانیشتبێتن و یەکێکیان بایەکی بێدەنگی لێبەربێتەوە ڕەنگە نەناسرێتەوە، چونکە بۆنەکە بە ژوورەکەدا بڵاودەبێتەوە و هەموو کەسێك گومان لەوی تر دەکات، بەڵام لەوانەیە بەسەر کەسیاندا ساغ نەبێتەوە، خۆ هەڵناسن بۆنی یەکتری بکەن! بەڵام بای دەنگدار بە دەنگەکەیدا ئاراستەی کەسەکە دەناسرێتەوە!

وەختێك منداڵبووین، لەگەڵ ماڵەوەماندا هەندێ شەو بە تایبەت شەوانی زستان، دەچووینە شەونشینی دراوسێکانمان، ماڵێکی دراوسێمان هەبوو منداڵیان زۆر بوو، دە دوانزەیەك دەبوون، ژووری میوانیشیان زۆر گەورە نەبوو، قەرەباڵغییەکی ئێجگار زۆر لە ژوورەکەدا دروست دەبوو، زۆرجار لە گەرمەی قسەکردندا بۆنێکی ناخۆش ژوورەکەی دادەگرت و هەموومان کاس دەبووین، دایکی ئەو منداڵانەیش بەم کارە زۆر تووڕە دەبوو، هەڵدەستا و بۆنی بە قنگی یەك بە یەکی منداڵەکانییەوە دەکرد، ئەگەر کەشف ببوایە کامیانە، ئەوا ئیتر خێر دەڕژا بەسەر ئێوەدا و شەڕ بەسەر ئەو قوربەسەرەدا، بگرە و بکوتە!

لێتان ناشارمەوە هەموو جارێك كە ژنەكە بۆ بۆنكردن هەڵدەستا، من تەزوویەك بە تەوقی سەرمدا دەهات و لە پەنجەی پێمەوە دەردەچوو، لە كاتێكدا دڵنیابووم من لەو شتانەوە دوورم، لێ دەترسام لووتی بۆنی قنگی یەكێك لە منداڵەكانی تر هەڵگرێت و لە نۆرەی مندا هەستی پێبكات، بەڵام ژنەكە زۆر ژیر بوو مەگەر بۆ ئیسپات وجود و لەبەر دڵی منداڵەكانی، دەنا هەر نزیكیشم نەدەكەوتەوە، ڕەنگە هەستی بەو شەرمەی من كردبێت یان زانیبێتی من میوانم و خۆم دەگرم . .

من ئێستاش كاتێك ئەو باسە دەنووسم لەرز بە گیانمدا دێت، ئاخر زۆر ناخۆشە تۆ لە پڕ و بە بێتاوان تاوانبار بكرێیت، لەو شەوانەشدا ئەگەرێكی لەو شێوە هیچ دوور نەبوو، چونكە دادگای تێهەڵچوونەوە و شتی وا لە ئارادا نەبوو. .! ئەمەی باسمكرد نوكتە نییە ڕووداوێكە و خۆم یەكێك بووم لە پاڵەوانەكانی .

نوكتەیەك هەیە، ڕەنگە ئەویش ڕاست بێت، دەگێڕنەوە پیاوێك لە گوندێكدا دەژێت، ڕۆژێك لەناو كۆمەڵێك خەڵكی گونددا دانیشتووە و لە گەرمەی قسە و باسوخواسدان، لە ناكاو تڕێكی دەنگزلی لێبەردەبێتەوە، دەبێت بە هەرا و دوای كەمتر لە یەك كاتژمێر هەموو گوند بەو دەنگوباسە دەزانێت، كابرای داماو كە ڕاستییەكەی هیچ تاوانێكی ئەنجامنەداوە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و تا بیست ساڵ دوای ئەوە ناگەڕێتەوە گوندەكەی. .

دوای بیست ساڵ، ڕۆژێك بیری گەڕانەوە بۆ گوندە كۆنەكەی لەسەری دەدات، لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێت: ئێستا كەس هەر ناویشمی لە بیر نەماوە، چ جای ئەو ڕووداوە. دەكەوێتەڕێ بۆ گوندەكەی، كاتێك لە دێیەكە نزیك دەبێتەوە، دەبینێت دیمەنی ئاواییەكە تەواو گۆڕاوە، دەكەوێتە گومانەوە: بڵێی ئەمە هەر ئەو دێیەی جاران بێت كە منی لێبووم؟! لە پڕ مێردمنداڵێك بە لایدا تێپەڕ دەبێت، ئەویش بانگی مێردمنداڵەكە دەكات و لێی دەپرسێت:"

+ ڕۆڵە بێزەحمەت، ئەم گوندە ناوی چییە؟

مێرمنداڵەکەیش دێتە وەڵام و دەڵێت:

-" مامە گیان، ئەمە گوندی کابرای تڕ زلە! "

کابرای داماو هەر لەوێدا بە دوادا دەگەڕێتەوە و دووبارە سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات!

لەم نموونەیەی سەرەوەوە، ڕادەی عەیب و شوورەیی تڕبەربوونمان لە گۆمەڵگەی خۆماندا، بۆ دەردەکەوێت .

لێرەوە دێمە سەر باسەکەم . . ماوەیەك بەر لە ئێستا و لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆرانیبێژی بە ڕەگەز کورد و بە زمان فارس، (جەمشید) هاتە کوردستان. . هەڵبەت باس لەوە ناکەم ئێمە بۆ هەڵدەبەزین و هەڵدەپەڕین؟ چونکە ئاشکرایە مرۆڤ لە یەکێك لەم دوو حاڵەتەدا هەڵدەپەڕێ: یان لە خۆشیدا یان لە تاو ژان و ئازاردا. من نازانم کورد بۆ کامیانە کە هێندە حەزی لە هەڵپەرین و سەمایە؟!

ڕەنگە یان لە ترسا بێت یان لە برسا بێت، هەر ئەوەندە ئێژم: ئەگەر جەنابی جەمشید ئەغا بە خۆی و شەش کچە سەماکەرە خوشکلەکانی هاوڕێیەوە، تەنها یەکجار بەسەر جادەی سلێمانی_کەلاردا هاتووچۆی بکردایە، ڕەنگە دەستبەجێ تۆبەی نەسوحی بکردایە و هەر شەش کچە هاوڕێکەیشی وەك کچە ئەکتەرەکانی وڵاتی میسر، لەچکیان بپۆشیایە و تۆبەیان بکردایە، چونکە دڵنیام پردی سیراتی بیر دەهێنانەوە، هێندەی چاڵ و چۆڵی تێدایە. . هەرکات بەسەریدا دەڕۆیت، نابێت بە تەمای گیانی خۆت بیت!

یان ئەگەر جەمشید ئاغا سەردانێکی صمودی بکردایە، ڕەنگە لەترسا ئیمانی بهێنایە، چونکە وێنەی دۆزەخ و گەرمی و ناخۆشییەکانی دەهاتە بەرچاو .

خۆشترین شت ئەوەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەولێری پایتەختدا شوێنێکی بۆ کۆنسێرتی ئەم زاتە دەستناکەوێت و، لە جیاتی ئەو هەموو هۆڵ و

مۆڵ و پارك و پاریگایانە، شوێنی لەسەر دەبڕێت و دێت لە یەکێك لە بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدیندا کۆنسێرتەکە دەگێڕێت!

کاتێك لە بەرپرسانی ئەوێ دەپرسیت: کاکە بۆ ئەم کارەتان کرد؟ لە وەڵامدا هەندێکیان دەڵێن: ئیتر هەڵەیەك بوو ڕوویدا، هەندێکی تریان ئێژن: ژمارەی خوێندکارانی ناڕازی کەمتربوون لە وانەی کە بێدەنگبوون. تۆ تەماشای ئەم مەهزەلەیە بکە!

من لە جیاتی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران و ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان شەرم دەمگرێت. باشە خوێندکار لەماڵەوە بۆ کۆششکردن و خوێندن هاتووە یان بۆ ئەوەی بە زۆر دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای بە گوێدا بکرێت؟! تۆ ئەگەر ئیمزای ٣٠٠ خوێندکارت پێ گرنگ نەبێت و ئەو کارە دوور لە ڕەوشتی زانستییە بکەیت، ئیتر بۆ ناوی خۆت دەنێیت وەزارەتی خوێندنی باڵا یان ڕێکخراوی فلانی قوتابی و خوێندکاریی؟!

ماوەیەك لەمەوبەر وەزارەتی خوێندنی باڵا دانی بە وەدا نا، کۆمەڵێك خوێندکاری چەند کۆلێژێکی زانکۆی سلێمانی کە بۆ خوێندنی باڵا فۆرمیان پێشکەشکردبوو و ناویان نەهاتبووەوە، مافی خۆیان بووە وەربگیرێن بەڵام وەرنەگیراون، ئایا ئەمە مەهزەلە نییە؟! نابێت وەزارەت پێمان بڵێت کە مافی خۆیان بووە وەربگیرێن بۆ وەرنەگیراون؟! کێ تاوانبارە؟! ئەی ئەو ساڵەیان کە لە خۆڕایی فەوتا و وەکو تری بن گۆم چوو چۆن و بە چی بۆیان قەرەبوو دەکرێتەوە؟! چی گرەنتییەك هەیە کە لە ساڵانی داهاتوویشدا هەمان سیناریۆ دووبارە نەبێتەوە؟! کێ دادگایی دەکرێت؟

باشە بۆ وەزارەت کامیان گرنگترە: کۆنسێرت لە بەشی ناوخۆییدا سازبکات یان مافی ئەو خوێندکارە بەشخوراوانە بگێڕێتەوە و پشتگیرییان بکات؟

زۆر نییە لە ناو هەولێردا، ڕۆژنامەونووسێکی لاو فڕێنراو پاشان بە خەڵتانی خوێنەوە لە لاڕێیەکدا فڕێ درا، هەر لەبەر ئەوەی لەبەرانبەر بەرپرسێکدا هەستابوو و قسەی کردبوو یان هەندێ بابەتی نووسیبوو کە بە دڵی فلان و

فیسار نەبوو، من (نەبەز گۆران) لە نزیکەوە ناناسم و تەنها لە ڕۆژنامەکاندا هەندێ بابەتی دەخوێنمەوە، ڕەخنەیشم لە زۆر بیروبۆچوونی هەیە، بەڵام وەختێ بیستم ڕۆژنامەنووسێك کارێکی وای لەگەڵدا کراوە، لە شوێنی خۆمەوە شەرم گرتمی و لە جیاتی دەسەڵاتداران عەرەقی خەجاڵەتیم دەردا!

هەر لەم ڕۆژنەدا و لە دەڤەری سلێمانی (پایتەختی ڕۆشنبیری!)دا، سەرنووسەری گۆڤارێك ڕاپێچی ئاسایش کرا و لە زیندان توند کرا، لەسەر ئەوەی بابەتێکی بڵاوکردبووەوە کە هەندێ کەسی ئازاردابوو .

من هەندێك لە برادەرانی گۆڤاری لڤین دەناسم، بەڵام (ئەحمەد میرە)م نەبینیوە و نایشزانم ڕووخۆشە یان درژ و مۆنە؟ نازانم لە کاتی قسەکردندا زمانی پاراوە یان زوانی دەگیرێت؟ نازانم موجامیلە یان موعەققەدە؟ بەڵام بە بیستنی هەواڵی دەستگیرکردنەکەی بێزم لە خۆم کردەوە کە لە پایتەختی ڕۆشنبیرییدا دەژیم، چونکە ئەویش لەو شارەدا بانگهێشتی ئاسایش کراوە!

ئەو چەند ڕووداوەی، لەم ماوەیەی پێشوودا ڕوویاندا، هێندە شەرمهاوەرن، ڕێك بەوە دەچن کەسێك بە ڕۆژی نیوەڕۆ، بێت و بە بەرچاوی عالەمەوە، ترێکی زل لە ناوەڕاستی شەقامێکی قەرەباڵغدا بداتەوە. بیرتان نەچێت مایکرۆفۆنێکیش بە دەمی قنگییەوە بێت و دەنگی ترەکەی هێندەی تر زل بکاتەوە!

# گەنجی کورد گاڵتەی بە دەسەڵات دێت![24]

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/٢٩ دوا یاری خولی چواردەهەمینی جامی میللەتانی ئاسیا، لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و سعودییەدا ئەنجامدرا, سەرەنجام شێرەکانی ڕافیدەین یارییەکەیان بردەوە و جامەکەیان بەرزکردەوە .

ئەمە هەواڵێکی وەرزشی بوو، دەبوایە تەنها میدیا وەرزشییەکان گرنگییان پێی بدایە، کەچی زۆر لەوە گەورەترکرا و لە دەنگوباسی سەرجەم میدیاکانی جیهاندا بە چڕوپڕی باسی لێوە کرا, هۆکاری سەرەکی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە خراپ و دژوارەی عێراقی ئەمڕۆی پێدا تێدەپەڕێت، گەلانی عێراق بە دەست هەزاران دەرد و بەڵا و ناخۆشییەوە دەناڵێنن, من بەش بە حاڵی خۆم بە درێژایی یارییەکە یەك چرکەش ئارامم نەبوو، لەگەڵ هەر هێرشێکی یاریزانانی عێراقدا لە زەوی بەرز دەبوومەوە و نزیکبوو سەرم لە بنمێچی خانووەکەمانی دەدا, خوا ڕەحمی کرد بە تەواوی سەرمی بەرنەکەوت دەنا دوور نەبوو تۆز و خۆڵی دونیای لێبکەوتایە, ئاخر خانووەکەمان دارەڕایە و وەك خانووی بەرپرسەکان! ئەمەش تەنها حاڵی من نەبوو، نەك هەر گەنجان بگرە زۆرێك لە پیرەژن و پیرەپیاوەکانیش چەپڵەیان لێدەدا. من پیاوێکی خزمی خۆمان دەناسم موالیدی سییەکانە, واتە نزیکەی حەفتا ساڵ تەمەنییەتی و تەنها کوڕێکی هەبووە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە, کەچی لەگەڵ گۆڵەکەی (یونس محمود)دا خەریکبوو بێتە ناوەڕاستی کۆڵانەکە و دەست بە هاتوهاوار بکات!

بردنەوەی عێراق زۆر واتا لە خۆی دەگرێت, یەکێکیان ئەوەیە لەم سەردەمی خوێن و فیشەك و تیرۆرەدا, لە زەمەنی داگیرکاری دەوڵەتە زلهێزەکان و دزی و گەندەڵیی بەرپرسەکاندا, تیپێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێك لاوی بێگەرد و دڵپاك, دڵگەرمانە دەچنە مەیدان و دونیایەك سەرکەوتن بە دەستدەهێنن و لە

---

[24]. ئاسۆی گەنج، ژ: (٣٦)، ٢٠٠٧/٩/١ .

تیپگەلێکی بەهێزی وەك ئوستralیا و کۆریا دەبەنەوە, سەرەنجام بەهێزترین تیپی خولەکەیش تیپی عەرەبستانی سعودییە زەلیل دەکەن. ئەو سعودییەی ژاپۆنی پاڵەوانی خولی پێشوی لە خولەکە بە دەرنا و، وایشی دانا بوو بە فشە لە عێراقی بباتەوە!

لە کاتێکدا هەرگیز تیپی هەڵبژاردەی عێراق، لە ئارامترین کەش و لە سەردەمی بەهێزترین دەسەلاتی دەوڵەتی عێراقیشدا، نەك جامی ئاسیای بەرزنەکردووەتەوە, بەڵکو یاریی کۆتایی ئەم خولەیشی نەبینیوە!

ئەم بردنەوەیەی عێراق, وەك برادەرێك دەیگوت: ڕاستە یاریزانانی بە توانا ڕۆڵیان تێیدا هەبوو, وەلێ زیاتر بەزەیی خوایی بوو, تا هیچ نەبێت تۆزێك سەبووری بە گەلانی داماوی عێراق بدات .

خاڵێکی تر لە واتاکانی بردنەوەی عێراق، جیاوازینەکردن بوو لە نێوان یاریزانانی تیپەکەدا, ئەگەرچی باس لە هەندێ ناکۆکیی نێوان هەواری مەلا محەمەد و یونس مەحمود کرا, بەلاّم ئەمە جیاوازیی نەتەوەیی نەبوو وەك میدیای نەتەوەپەرستی کوردی و عەرەبی دەهۆڵیان بۆ لێدەدا, بەڵکو جیاوازیی دوو یاریزانی هاوکار بوو، سەرەنجامیش بینیمان گۆڵەکە هەوار ڕەخساندی و یونس تۆماری کرد. بە هەرحاڵ تا نەبوومەتە شیکەرەوەیەکی وەرزشی و بابەتەکەیشم نەبووەتە ڕاپۆرتێکی وەرزشی، باش وایە هەرچی زووە بچمە سەر مەبەستەکەم .

وەك هەموومان ئاگادار بووین دوای بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق, لە سەرانسەری وڵاتدا لە بەسرەوە تا زاخۆ خۆشی و ئاهەنگگێڕان دەستی پێکرد، بڕوا ناکەم ئەو شادییە هیچ شارێکی لێ بەدەر بووبێت, وەك موعەللیقی کەناڵی جەزیرەی وەرزشی لە کاتی یارییەکەدا دەیگوت: " ئەمڕۆ سەرتاسەری عێراق ئارامە و هەمووان چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم یارییەن, تەنانەت خۆکوژەکانیش ئەمڕۆ پشوویانە و تەماشای یارییەکە دەکەن".

شارەکانی کوردستان لەم ئاهەنگگێڕان و خۆشییانەدا پشکی شێریان بەرکەوت, هەولێر ڕاستەوخۆ لە هەندێ کەناڵی عەرەبی عێراقییەوە پیشان دەدرا, ئەوە سلێمانی هەر مەپرسە. خەڵکی سلێمانی وەك هەمیشە خواخوای بۆنەیەکیانە تا بیکەن بە ڕۆژی خۆیان، هەربۆیە ئەم هەلەیشیان قۆستەوە و بە فیکوفاك و هۆڕنلێدان شەقامەکانیان پڕ کرد!

هەواڵەکان دەڵێن لە شاری هەولێر، لە ئەنجامی تەقەی خۆشییەوە حەوت هاوڵاتی بریندارببوون، لە کەلار و سمود گیڤەی گوللە ئاسمانی پڕکردبوو, چەمچەماڵ هەرچەند هەواڵیشیم نەزانیوە, لێ هەر بە خەیاڵ وێنای دەکەم ئاپپیجی و ڕەنگە هاوەنیش تەقێنرا بێت! هەڵەبجە و هەورامانیش لەم ئاهەنگگێڕانە بەدەر نەبوون .

بە هەرحاڵ ئەوەی بووە جێگەی مشتومڕ و، دەموچاوی هەندێك کەسی پێ گرژبوو، هەڵکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق بوو لە هەندێ ناوچەدا لە کاتی ئاهەنگ و خۆشییەکاندا. وەك دەزانرێت کێشەی ئاڵای عێراق تا ئێستایش بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە, لەسەر ئاستی سیاسەتی کوردی تا پێش ماوەیەك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سەوزی پێشوو، ئاڵای عێراق لەسەر هەموو بینایەکی حکومی و حیزبی لە پاڵ ئاڵای کوردستاندا هەڵدرابوو! تا لەم دواییانەدا بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئاڵایە هێنرایە خوارەوە .

دەبێت دان بە ڕاستییەکی تاڵدا بنێم, ئەویش ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا تووشی ئیزدواجییەت و نیفاقێکی قووڵ بووە, لە لایەکەوە بەردەوام عێراقیبوونی خۆی بۆ لایەنە شیعە و سوننەکانی تر دووپات دەکاتەوە و عێراقییەکی عەیارە بیستویەکە و بە حاڵ دەستی پێوە بدەی تۆزی عێراقیبوونی لێهەڵدەستێت, لە لایەکی تریشەوە لاف و گەزافی کوردستانیبوون و دەوڵەتی کوردی لێدەدات, ئەم دەردە زیاتر برادەرانی دەڤەری زەرد و ئەدەبیاتی ئەوانی گرتووەتەوە!

چاك وایە مرۆڤ كە بووە دەسەڵاتداری وڵاتێك، وەك سەرۆك خێڵێك بیرنەكاتەوە و زیاتر چاوی كراوە بێت و بە بەرچاوڕوونی هەنگاو بنێت. حەیفە تا ئێستا كەسانێك كە خۆیان بە سەرۆكی هەموو كورد دادەنێن، میللەت بە مێگەل دەزانن و هەرچی بڕیارێك بە خەیاڵیاندا بێت بە بێ گەڕانەوە بۆ لای گەل دەیدەن و، زۆرجاریش ئەنجامەكەی پەشیمانی و داوای لێبوردن كردنە! یان تەسریحی پێش وەخت لە بارەی بابەتێكەوە دەدەن و زۆر نابات پێچەوانەكەی دەردەچێت و خاوەنی تەسریحەكە تووشی ئیحراجی دەبێت. هەق وایە دەسەڵاتدارانی كوردستان هەڵوێستی خۆیانمان لە ئاست عێراقیبوون یان كوردستانیبوونەوە بە جوانی بۆ ڕوون بكەنەوە, تا ئێمەی قوڕبەسەریش شوێنی خۆمان لە چوارچێوەی یارییەكەدا بزانین!

تۆ لێرە بڕیارێك دەدەیت و دەڵێی سێ بە سێ تەلاقت دەكەوێت ئەگەر بیشكێنیت و, سوێند دەخۆیت تا ماوی ئاڵای عێراقی سێ ئەستێرە كە هێمای بەعسە، نابێت لەسەر خاكی پیرۆزی كوردستان هەڵبكرێت, لەولاوە سەرۆك كۆماری عێراق و ئەو هەموو وەزیرە كوردە بەڕێزە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەردەكەون و هەر یەكەی ئاڵایەكی زلی عێراقی (بەعس!)یان لە پشتەوەیەو، یەك دوو ئاڵای بچوكیشیان لەسەر مێزەكەی بەردەمیان چەقاندووە, ئێمە بڕوا بە كێ بكەین و سوێند بە شانی كام لایەكتان بخۆین؟! تا كەی درێژە بەم مەهزەلەیە دەدەن؟! هەڵبەت پاساوێكی جوان دەهێننەوە بۆ هەڵنەكردنی ئاڵای عێراق، ئەویش ئەوەیە ئەم ئاڵایە پەرچەمی بەعسە و هەر لە ژێر ئەم پەرچەمەدا هەزاران كورد قەتلوعام كران و سەدان دێهات و گوند خاپووركران. من چەند پرسیارێك ئاراستەی هەردوو پارتی فەرمانڕەوا و ئەو كەسانەیش وا لافی كوردستانیبوون لێدەدەن، دەكەم:

ئایا تەنها ئاڵای عێراق كوردی لە ژێردا كوژرا؟! ئایا هەر ئەو ئاڵایەی سێ ئەستێرەی سەوز و سێ ڕەنگی سوور و ڕەش و سپی تێدایە, بەیداخی جەنگ بووە و كورد نەفرەتی لێدەكات؟! باشە ئەم خەڵكە بۆ كەسێكیان تێدا

هەڵناکەوێت هاوارێك بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ و براکوژانی دوێنێدا بکات و بڵێت: ئەدی ئەو پارچانەی کە کرابوونە ئاڵای حیزبە شەڕکەرەکانی شەڕی ناوخۆ و هەر یەکەی سوپایەکیان لە پاڵدا مۆڵدرابوو چی؟! ئایا ئەوانە ڕۆڵەی کوردیان لەژێردا قەتڵوعام نەدەکرا؟ مندالّی کوردیان لەسەر ئاوارە نەبوو؟! ئایا خەڵك لەسەر لەبەرکردنی کراسی فلانە ڕەنگ کە ڕەنگی حیزبی بەرانبەر بوو تێهەڵدان نەدەکرا؟! ئەی بۆ ئێستایش ئاڵای ئەو حیزبانە دەشەکێنەوە و کەسێکیش ناوێرێت بێژێت: گەورەم کە جەنابتان چاوتان هێندە دوور دەبینێت، بۆ بەردەمی پێی خۆتان نابینن؟! ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و مەبەستتان ئەوەیە ئەو ئاڵایە بگۆڕن کە لەژێریدا خەڵکی بەستەزمانی کورد کوژراوە, کە وایە لە ئاڵای حیزبەکەی خۆتانەوە دەستپێ بکەن, چونکە لە شەڕی ناوخۆدا جەرگی سەدان دایکتان لەژێر ئەو ئاڵایانەدا سووتاند! هەرچەندە بڕوا ناکەم ئەم بیرۆکەیە تا ئێستا بە بیری هیچ کوردێکدا هاتبێت, وەلێ ئەگەر وایش بێت ئەوا من بۆ یەکەمین جار پێشنیازی دەکەم، با کاری لەسەر بکرێت!

لەم شەوانەی پێشوودا لە کەناڵی زاگرۆسەوە، بەرنامەیەك لەسەر ئەم مەسەلەیە (مەسەلەی بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق) سازکرا, جارێ سەرەتا پێشکەشکاری بەرنامەکە وا باسی لێوەکرد من لەرز گرتمی و پڕ بە دڵ ترسام! بە کارەسات ناوی برد و وای پیشاندا کە کار لە کار ترازاوە و وەزعەکە لە دەست دەرچووە, لە هەمووی خۆشتریش دیسانەوە بنێشتە خۆشەکەی ژێر ددانی دەسەڵاتدارانی هێنایە ناوە و قەوانە کۆنەکەی لێدایەوە و وتی : " هەڵکردنی ئاڵای عێراق لە ئاهەنگەکانی کوردستاندا دەستی لە پشت بووە! "، هەڵبەت من هەر کات گوێم لەم جۆرە دەستەواژانە دەبێت زیاتر بێئاگایی دەسەڵاتدارانی کورد و میدیای حیزبیم بۆ دەردەکەوێت، ئەوان تا ئێستاش نازانن خەڵکی هەر کە گوێیان لە دەستەواژەی (ئەمە دەستێکی لە پشتە) دەبێت، لە قاقای پێکەنین دەدەن و دەڵێن هەم بەزمەکەیە!

پێشکەشکارەکە_وەك وتم_ دەیویست بیسەلمێنێت کە بشفرێت هەر بزنە و ئەم کارە هەر دەبێت دەستێکی لە پشت بێت, بێئاگا لەوەی ئالآی عێراق زۆر نییە لەسەر بیناکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی لابراون و ئەمەیش بەپێی ڕێکەوتنێکی هەردوو لای یەکێتی و پارتی بووە و، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەنگدانی خەڵکی لەسەر نەبووە و بڕیارەکە بەپێی میزاجی هەندێك کاربەدەست دەرچووە! گریمان با وا دابنێین هەندێك خەڵکی تێکدەر لە کوردستان بەم کارە هەڵساون و دەبێت سزا بدرێن, ئەی خۆ (هەواری مەلا محەمەد) ئەو یاریزانەی بەرپرسانی کورد کێبرکێ دەکەن لەسەر خەلآتکردنی, تەنها یاریزانێك بوو لە ناو گۆڕەپانەکەدا ئالآیەکی گەورەی عێراقی لە خۆی پێچا بوو, تۆ بڵێیت ئەویش دەستی لە پشت بوو بێت؟! ئەگەر وایە ئەو بۆ خەلآت دەکەن؟! بانێکە و دوو هەوا .

هەر لە کاتی ئەو بەرنامەیەدا, برادەرێك لە بەریتانیاوە پەیوەندیی کرد و وتی: " بە ڕاستی ئەم کارە زۆر ناخۆشە و هەڵکردنی ئالآی عێراق لە کوردستان تاوانی حکومەتی هەرێمیشی تێدایە . . . ئینجا وتی کەسمان (٣١ ئاب)مان لە بیر نەچووە . . . " هەر کە ئەم قسەیەی کرد، پێشکەشکاری بەرنامەکە ڕەنگی گۆڕا و زمانی کەوتە تەتەڵەکردن. باش بوو برادەرانی کۆنترۆڵ خێریان بگات، زوو فریا کەوتن و قسەکەیان بە شەکر لە دەمدا پێی بڕی!

حەزدەکەم ڕووخسەتم بدەن تا من قسەی ئەو برادەرە بریتانیاییە تەواو بکەم: . . . باشە لە ساڵی ١٩٩٦دا، کاتێك تانك و دەبابەکانی ڕژێمی بەعس هاتنە ناو هەولێرەوە و سەروو ئالآی عێراقی بەعسیان بەسەرەوە بوو, لەسەر داوای کێ هاتن و کێ پێی وتن فەرموون؟! ئەی ئەوە دەستی کێی لە پشتەوە بوو؟! من نازانم ئەوانەی لە میدیای حیزبییدا کاردەکەن, بۆچی چاویان عەیبی حیزبەکەی خۆیان نابینێت؟ ئەرێ خەڵکینە! تا کەی کەسێك هاوارێك بەگوێی ئەم کەرانەدا ناکات؟ دڵنیا بن تا ئێمە وا لاڵ و بێ زمان بین دەبێت هەر ئاوها ژێردەستە بین .

دەپرسم: لە جیاتی ئەو وڕێنە و بۆڵەبۆڵانەی سەر شاشەی تەلەفزیۆن و فیشەك بە تاریکییەوەنانە, باشتر نەبوو دەسەڵاتداران بیرێك لە ئێستا و داهاتووی خۆیان بکەنەوە؟ هەق نەبوو خاوەن بڕیارەکانی ئەم هەرێمە دەست بە ئەژنۆ دابنیشین و تێروپڕ بۆ خۆیان بگرین؟! جێی خۆی نەبوو بیرێك لەو هەموو ماوەیەی نێوان خۆیان و جەماوەر بکەنەوە؟!

دەبوایە دەسەڵاتداران ئەم بۆنەیەیان بکردایەتە وێستگەیەك بۆ بەخۆداچوونەوە, ئاخر سەختە تۆ متمانەیەکی لەڕادەبەدەرت بە خۆت بێت و لە ناکاو هەموو شتێکت بەسەردا بشکێتەوە, ئەمە دەردی هەموو دەسەڵاتدارە نادادپەروەرەکانی دونیایە. (سەدام حوسێن) تا ئەو ڕۆژەیشی ئیعدام کرا هەر بە تەمای گەڕانەوە سەر دەسەڵات بوو و دەیگوت گەلی عێراق منیان بە سەرۆکی خۆیان هەڵبژاردووە, ئەو بیری چووبوو کە هاتنە سەرحوکمیشی لە ئەنجامی کودەتاوە بوو!

من لێرەوە بە دەسەڵاتداران دەڵێم و دەڵنیایشم کەسێکیان ئەم بابەتە نابینن, چون ئەوان ئەهلی خوێندنەوە نین, پێیان ڕادەگەیەنم: نەوەیەك بەڕێوەیە تووڕە, بێزار, سنوربەزێن, هیچی نیە بترسێت لەدەستی بدات, ئەو گەنجێکی پیرکراوە, ئەو کوڕێکە کە سی ساڵی تێپەڕاندووە و لە خەودا نەبێت دەستی بەر دەستی کچێك نەکەوتووە, ئەو کچێکی بیستوپێنج ساڵەیە و کوڕێك لەم وڵاتەدا نەماوە بێتە خوازبێنی، ئاخر زۆربەی کوڕان وڵاتیان بەجێهێشتووە، ئەوانەیشیان ماونەتەوە توانای ژنهێنانیان نییە! نەوەیەك بەڕێوەیە ئینتیمای بۆ هیچ شتێك نییە, ئەو ئینتیمای بۆ ئایین کز بووە چونکە کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان کردووەتە خاوەنی دین مرۆڤ بە بینینیان سەرودڵی دەگیرێت؟ ئینتیمای بۆ وڵات و نیشتیمان نەماوە چون کەسانێك باسی نیشتیمانپەروەریی دەکەن هەر ڕۆژەی باڵەخانەیەك دەکەن بە ئاسماندا و پارەیان لە بانکەکانی ئەورووپایشدا جێگەی نابێتەوە و, منداڵەکانیان لە باشترین زانکۆکانی دونیادا دەخوێنن و, خۆیشیان لێرە هەر شەوەی لە باوەشی ئافرەتێکی جواندا ڕۆژ دەکەنەوە, کارەبایان قەت

نابڕێت, دوو سێ ئۆتۆمبێلی ئاخر مۆدێل بەردەوام لە بەردەرگایاندا وەستاون, نەك بۆ خۆیان بەڵکو سەگەکانیشیان جوانترین (سپلیت)یان بۆ دانراوە, ئەوان لە ولاتێکدا دەژین کە ژمارەی وەزیرەکانی، لە ژمارەی شارەکانی زۆر ترن, کەچی پرۆژەیەك چەند سادە و کەم بایەخیش بێت, بە دە ساڵ تەواو نابێت و ساڵێکیش نابات تێکدەچێت! ئەوان پەرلەمانێکیان هەیە دونیایەك بڕیار دەردەکات و هیچی جێبەجێ نابێت, کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمانیان هەیە گوایە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن کەچی لە دەستهەڵبڕین زیاتر کارێکیان نییە. نا بیرم چوو کارێکی تریشیان هەیە, جارجار لە ناو هۆڵی پەرلەماندا سەرخەویش دەشکێنن!

ئەم نەوەیە ڕۆژانە بە بەرچاوی هەمووانەوە سنوری ولات دەبەزێنن و نیوەیان لە دەریادا دەخنکێن و نیوەکەی تریشیان یان لە ناو بەفردا ڕەقدەبنەوە و یان بە هەزار حاڵ دەستیان دەگاتە بەهەشتی هەندەران. ئەوانەیشیان وا لە کوردستاندا ماونەتەوە، دەستیان داوەتە جگەرەکێشان و مەشروب خواردنەوە و هەندێکیان لەوەش خراپتر خەریکە گیرۆدەی مادە بێهۆشکەرەکان دەبن .

وا هەستدەکەم ئەم نەوەیە، ئەمڕۆو بەیانی شتێك دەشکێنن، بڕوایش ناکەم بەنداوێك کە شکا بە ئاسانی بەری پێ بگیرێت, جا ئەوجایش مەگەر بڵێن ئەمانە دەستێکیان لە پشتە! ئێوە قەت بیرتان لەوە کردووەتەوە, ئەو دەستەی لە پشتی هەر ئاژاوە و خۆپیشاندانێکەوەیە هەر خۆتانن؟ چەند عەیبە گەنجێکی هەڵەبجەیی وا بێزار بکرێت ئالای عێراق زیاتر بە هی خۆی بزانێت تا ئالای کوردستان. ئێوە ئێستایش ڕۆژانە شەڕ لەسەر داهات دەکەن و مووچەی مانگانەتان لە بەغداوە بۆ دێت، ئێوە ڕۆڵەی کورد بۆ پارێزگاریکردن لە یەك پارچەیی خاکی عێراق ڕەوانەی باشووری عێراق دەکەن و کەچی لەم لایشەوە هەڵکردنی ئالای عێراق لەلایەن گەنجێکەوە, کە هێشتا فێرنەکراوە ئالا چییە و کەی دەبێت هەڵبکرێت بە کارەسات دەزانن. ئەم ئیزدیواجییەتە چەندی بە چەند؟

ئێوه له جیاتی سەرقاڵکردنمان به باسی ئاڵاهەڵکردنەوە، وەرنە ناو خەڵك و له حاڵ و گوزەرانیان بپرسن، من له جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەپرسم: ئەوا ماوەی دەسەلاتی بەڕێزتان تەواوبوو[٢٥]! زەحمەت نەبێت پێمان بڵێن دەربەندیخان چەند سەعات له سلێمانییەوه دووره؟! ئایا ناحیەی ڕزگاری (صمود) دەکەوێتە کوێی شاری (کفری)یەوه؟!

له سەرۆکی هەرێم دەپرسم: توخوا لەوەتەی دەسەلاتتان گرتووەته دەست، چەند جار سەفەری ڕۆژئاواتان کردووه؟ ئەی چەند شوێنی کوردستان گەڕاون؟! تا ئێستا گەرمیانتان دیوه؟ پێمخۆشه به ڕاشکاوی پێمان بڵێن شارەکانی نەمسا باش دەناسن یان ئەوانەی کوردستان؟! ئێوه کاتێك سەردانیٚ هەڵەبجەتان کرد، هەندیٚ وەعدتان به خەڵکی ئەو شارەدا و سوێندتان خوارد ئەگەر تا فلانه مانگ ئەو پرۆژانه جێبەجێنەکرێن من دەست له کار دەکێشمەوه، ئەوا نەك مانگ، بەڵکو ساڵێکیش بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕی و شەقامەکانی هەڵەبجه هێشتا به هەڵدڕاوی ماونەتەوه، بەڕێزتان پەیمانەکەتان بۆ نەبردە سەر؟ ئێوه که هێنده زوو وەعد و پەیمانتان بیردەچێت ئیتر چاوەڕێی چی له گەنجێکی هەڵەبجەیی دەکەن؟ چاوەڕێن ملکەچی بڕیارەکانتان بێت؟

له میدیای حیزبی و پیاوانی دەسەلاتیش دەپرسم: ئێوه بۆ هەڵکردنی ئاڵای عێراق له شاری هەڵەبجەدا به عەیب دەزانن؟ هەر لەبەر ئەوەی ئاڵای بەعسه و بەعسیش خەڵکی هەڵەبجەی کوشتووه؟ تۆ ویژدانتان بەعس زۆر ئازاری خەڵکی ئەو شارەی داوه یان دەسەلاتدارانی کورد؟! بەعس یەکجار خەڵکی کوشت، ئاخر دووژمنی بوو، کورد نەبوو، وەلیٚ دەسەلاتی کوردی شانزە ساڵه درێژه به کوشتنی خەڵکی هەڵەبجه دەدات، شانزە ساڵه گاڵته به خەڵکی ئەو شاره دەکات، دوای ڕاپەڕین ئەوه کورد بوو خەڵکی ئەو شارەی دەربەدەر دەکرد نەك بەعس، عەرەبیش دەڵێن: وظُلم ذوي القُربى أشدُّ مَضاضةً على المرء مِن وقع السِّهام المهنَّد

---

[٢٥] . وامان زانی تەواو دەبێت، بەلام چەند ساڵی تریش درێژ بوویەوە!

بە کورتی و کرمانجی: شەقی خزم لە هی دووژمن بە سوێ ترە.

ئەی ئەو کەسانەی کە چاوتان تەنها ورگ و ناولنگی خۆتان دەبینێت! چاوێك بەرزبکەنەوە و ببینن خەڵکی تریش ورگ و ناولنگیان هەیە!

ئەی ئەوانەی کە خۆشترین ناوچەی ئەم خاکەتان کردووەتە موڵکی خۆتان و خەڵکی بۆ ڕاوکردنیش ناتوانن سەردانیان بکەن! بزانن نەوەی نوێ بە سایەی سەری جەنابتانەوە بڕوای بە نیشتیمانپەروەریی نەماوە, گەنجی کورد ئەمڕۆ گاڵتەی بە بڕیارەکانی دەسەڵاتی کوردی دێت, پێکەنینی بە دانیشتەکانی پەرلەمان دێت. دڵنیابن ئەم نووسینە دەستی ئاژاوەگێڕان و دووژمنانی ئەزموونی ساوای(!) دەسەڵاتی کوردی لە پشتەوە نییە!

ئەی ئەوانەی کە بڕواتان بە مردن نییە و لە خەیاڵیشتاندا بیر لە ڕۆژی مردنتان ناکەنەوە! دڵنیابن ئەگەر بارودۆخ وا بڕواتە پێش، نەوەی نوێی کورد چیتر لێتان قبوڵناکات و ڕۆژێك جامی تووڕەیی خۆیتان لەسەردا بەتاڵدەکاتەوە!

منیش ئەم بەیتە شیعرەی (مەحوی)تان وەبیردێنمەوە :

فەلەك هەرگا کەسێکی هەڵبڕی, وەقتی هەلاکەتیە
کە سەر بۆ گەینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل چبکا؟

•

# دۆزەخ پاییز ڕادەماڵێ!

## لە پەراوێزی ئازاردانی ژەنەراڵی پاییزدا لەلایەن چەند پۆلیسێکەوە

د.عەلی وەردی، گەورە کۆمەڵناسی عێراقی لە کتێبی (مهزلة العقل البشري)دا دەڵێت: لەسەردەمی (عهد البائد)دا حکومەت بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی و بێئەخلاقی، جۆرێکی تایبەت لە پۆلیسی پێکهێنا و ناوی لێنان پۆلیسی ئەخلاق، کەچی دوایی ئەم پۆلیسانە خۆیان بوونە خۆرەی نامووس و ئەخلاقی خەڵك و وەخت و ناوەخت سەریان بە هەموو ماڵێکدا دەکرد و ئەوەی نەشیاوە ئەنجامیان دەدا!

لەم ماوەیەی پێشوودا هەواڵی لێدان و کەلەپچە لەدەستکردنی (محەمەد عومەر عوسمان)ی شاعیر لە میدیای کوردیدا دەنگی دایەوە و کەوتە سەر زار و بەرچاوی هەموو کەسێك .

نامەوێت باسی حەمە عومەر بکەم، ڕەنگە پێویست بەوە نەکات من ئەو بە خەڵکی بناسێنم، هەر ئەوەندە دەڵێم ئەوەی بۆ تەنها ساتێك لەگەڵ ئەو پیاوەدا دانیشتبێت یان قسەیەکی لەتەکدا کردبێت، ئاستی تێگەیشتنی ئەو کەسانەی بۆ دەردەکەوێت کە پەلاماریان داوە و لای ئاشکرا دەبێت ئەوانە چەند گرگن و بچووکن، چەند ناحاڵین لە پاکی و چەند پەست سیفەتن .

حەز ناکەم وەك شکسپیر بڵێم: " پۆلیس گەمژەترین درووستکراوی خوایە"!، چونکە ڕۆژانە پۆلیسی چاکیش دەبینم و نامەوێت هێندە ڕەشبینانە تەماشای هەموو پۆلیسێك بکەم .

ئەوەی جێگەی لەسەر وەستان و قسە لەسەرکردنە ئەو گوندەیی و لە خۆبایی‌بوون و لە هەمانکاتدا بێئاگایی و نەفامییەیە کە هەندێك لە پۆلیس و ئاسایش و چەك لە شانەکانی ئێمە گیرۆدەیین. سەیرە هەر کەسێك لەم وڵاتەدا چەکی بەدەستەوە بوو، خۆی لێدەگۆڕێت و وا دەزانێت هەموو خەڵکی

خزمەتکار و بەردەستەی ئەون، ئەوان دوور لە هەموو ڕەوشت و بەهایەکی مرۆڤانە کێیان بوێت پەلاماری دەدەن و حەزیان لێبێت کێ دارکاری بکەن دەیکەن، بێئەوەی کەس بوێرێت پێیان بڵێت پشتی چاوتان برۆیە!

زۆر نییە ڕەوە چەك لەشانێك بە بڕیاری گەورەکەیان، پەلاماری پزیشکێکی لاویان دا و لە نیوەشەوێکی درەنگدا تێروپڕیان لێدا و پاداشتی شەونخونی و ماندووبوونەکەیان دایەوە و دواییش هەموویان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون!

ئەمە چ بێ سەروبەرییەکە ئەم وڵاتەی تێکەوتووە؟! ئەمانە تاکەی پەلاماری گەورەترین و ناسکترین مرۆڤەکانی ئەم مەملەکەتە دەدەن؟ دوێنێ لە پزیشکێکیان دا و ئەمڕۆش کەلەپچەیان لە دەستی شاعیرێك کرد، داخۆ سبەینێ چی بەرێوەیە؟!

شەوانە بە نهێنی دەستێکی شاراوە ڕۆژنامەنووسەکانمان تیرۆر دەکات و ڕۆژانەش بە ئاشکرا پۆلیس و ئاسایشەکان پیاوە گەورەکانمان دارکاری دەکەن.

ئەرێ خەڵکینە کەرامەتی مرۆڤی کورد لە چ وەختێکدا بە قەدەر ئێستا ڕووشێنراوە و لەکەدارکراوە؟ لە چ قۆناغێکی مێژوویدا بەهای مرۆڤی کورد هێندە کەم و بێنرخ بووە؟

ئاخر پۆلیسێك کە تری خۆی و گێزەر لەیەك جیاناکاتەوە چۆن دەبێت هێندە پەتی بۆ شل بکرێت پەلاماری هەموو کەسێك بدات؟!

من وەکو خۆم کە بە سیفەتی پزیشکێك لە نەخۆشخانەکانی سلێمانیدا دەوام دەکەم، تا ئێستا چەند جارێك بووەتە دەمەقاڵێم لەگەڵ پۆلیسەکانی بەردەرگادا، هەموو جارێك کە دەتەوێت بڕۆیتە ژوورەوە دەبێ لێت بپرسن: کاکە بۆ کوێ؟ تۆیش بڵێیت: کاکە پزیشکم!

مرۆڤگەلێکی هێندە زەینکز، چۆن دەبێت لە شوێنی وا هەستیاردا دابنرێن؟!
ڕۆژانە دەیان کەس لابەلا خۆیان دەکەن بە ژووردا، کەچی ئەوان تەنها لە پزیشکەکان دەپرسن: بۆ کوێ دەڕۆیت!

چەند جار لە خاڵەکانی پشکنیندا ڕێت پێ دەگرن، جارێکیان _ئەو کاتی هێشتا خوێندکار بووم لە کۆلێژی پزیشکی _ لە سەیتەرەیەکدا داوای ناسنامەیان لێکردم، منیش یەکسەر باجی زانکۆم دەرهێنا و پێم دان، ئاسایشەکە تەماشایەکی باجەکەی کرد و ئەمدیو و ئەودیوێکی پێ کرد و وتی: لە چ کۆلێژێك دەوام دەکەی؟ بەدەستخۆم نەبوو پێکەنین گرتمی، پێم وت: ببورە وا بزانم ناوی کۆلێژەکەم لەسەر باجەکەم نووسراوە. کابرا کۆڵێك تەریق بوویەوە!

بەر لە چەند مانگێکیش، لە یەکێك لەخاڵەکانی پشکنیندا دوای ئەوەی باجی ئەندامێتی سەندیکای پزیشکانی کوردستانم دا بە دەستیانەوە دایانگرتم، ڕۆیشتن دەفتەرێکیان کردەوە تا بزانن ناوم لە لیستی داواکراو و تاوانباراندا نییە! بە بزەپێکەنینێکەوە بە یەکێکیانم گوت: ئەو ناسنامەیە بەس نییە بۆ ناساندنم؟ بە تووڕەیی و لە خۆباییبوونێکەوە وەڵامی دامەوە: جا ئێمە بە دوای ناوەکەتدا دەگەڕێین تا بزانین لە لیستی داواکراوەکاندا نیت، هەقمان چییە پیشەکەت چییە؟! ڕەنگە کابرا لە دڵی خۆیدا وایدانابێت وەڵامێکی دەمکوتکەری منی دابێتەوە، نەیزانی من لە کاڵفامی ئەودا قسەیەکم بۆ وتن پێ نەما بیکەم! بڵێ پزیشکێك کە ئەندامی سەندیکای پزیشکانە و دەوامی لە نەخۆشخانەکانی سلێمانیدایە و مانگانە مووچە لە حکومەت وەردەگرێت، ئەگەر ناوی لە لیستی داواکراوەکاندا بێت، ئاسایش ناتوانێت هەر دەقەیەك ویستی بڕوات و بیگرێت؟ ئیتر چ پێویست بە دانایی و بلیمەتی تۆ دەکات؟!

ئەمەی باسمکرد مشتێکە لە خەروارێك، ڕۆژانە دەیان نموونەی لەو شێوە دووبارە و سەدبارە دەبنەوە . .

من هیچ کات گلەییم لەو پۆلیس و ئاسایشانە نییە، ئێمە تا ئێستاش بەرزترین بەرپرسی ولاتمان ناتوانێت بیست خولەك قسە بکات و دە هەڵە نەکات، هەتاوەکو ئێستاش عەقڵی عەسکەرتاری حوکممان دەکات و زمانی چەك قسەی یەکەم دەکات، ئیتر چاوەڕێی چی لە پۆلیسێکی سادە بکەین؟!

بە بڕوای من بێ حکوومەتیی لەم پاشاگەردانیی ئەمڕۆ بە ناوی حکومەت و دەسەلاتی کوردییەوە لەم هەرێمەدا دەکرێت باشترە .

شەقی بەعس و پۆستاڵی عەسکەری عەرەب ئازاریان کەمتر بوو لەو شەقانەی ئەمڕۆ دەسەلاتی کوردی و پۆلیس و ئاسایشی کورد لە قنگمانی هەڵدەدەن، ڕەحمەت لەو شاعیرە عەرەبەی دەڵێت:

وظلم ذوي القربى أشد مضاضة

على المرء من وقع السهام المهنّد

## ئەم ترەکەڵەکە، بۆ ڕۆژێ بێ هەر دەڕووخێ!

ترەکەڵەك، بەو دیوارە دەوترێت کە لە ئەنجامی بەسەریەکەوەنانی کۆمەڵێك خشت و بەردەوە دروستدەبێت، بەبێ ئەوەی لە نێوان خشت و بەردەکاندا هیچ ماددەیەکی پێکەوەگرێدەری وەك قوڕ، گەچ، چیمەنتۆ بەکاربهێنرێت، وشکە کەڵەکیشی پێدەوترێت . .

لە هەندێ باوەڕی ئەفسانەیی کۆندا هاتووە: ئەم زەوییەی لەسەری دەژێین لەسەر شاخی گایەکە، گایەکەش لەسەر کلکی ماسییەکە، ماسییەکەش لە ناو دەریایەکدایە، هەرکات ئەو ماسییە بجووڵێت زەویش دەست بە جووڵە دەکات، بەم شێوەیەش بوومەلەرزە دروستدەبێت!

نازانم ئەم ئەفسانەیە چۆن هاتووەتە ناو کتێبە ئایینییەکانەوە، لێ دەزانم هەندێ وشکەسۆفی و کۆڵکە مەلا لە کۆندا بڕوای تەواویان پێی هەبووە و بە دەقی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەریان زانیوە و، ڕەنگە هەر کەسێکیش باوەڕی پێی نەبووبێت بە کافر و زندیقیان لەقەڵەم دابێت!

ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەم جۆرە ئەفسانانە لایەنگری خۆیان هەر هەیە، بەڵام لە هەموو زەمان و سەردەمێکدا خەڵکانێك هەبوون گاڵتەیان بەم جۆرە قسانە هاتووە و لاقرتێیان پێکردووە، بۆ نموونە پیاوێکی وەك مەلای گەورەی کۆیە (مەلا موحەممەدی جەلی)، کە زانا و شارەزای هەردوو بواری دین و دونیا بووە، لەسەردەمێکدا ژیاوە هەندێ شێخ و مەلا لەلایەن خەڵکییەوە، نزیکی پلەی پەرستن کراونەتەوە، کەچی ئەو بارە نالەبارە نەبووەتە هۆی ئەوەی لە ئاست ئەو دۆخەدا بێدەنگ بێت، بەپێچەوانەوە زۆر بە توندی بەگژ ئەو کەسانەدا کە بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن و عەوام و ڕەشۆکی خەڵك دەخەڵەتێنن چووەتەوە، ئەو لە ساڵی ١٩٥٧دا نامیلکەیەکی بە ناوی "فڕی فڕی قەل فڕی" نووسیوە،

تێیدا تا خوا حەزکات، گاڵتە بەو شێخ و مەلایانە دەکات کە ئیددیعای کەرامات و خەوارق دەکەن . .

نەك هەر گەورە زانایان، بەڵکو زۆرجار وا ڕێکدەکەوێ کەسانی سادەش هەبن بڕوایان بەم جۆرە تووڕەهاتانە نەبێ . .

ئەم سەرەتایە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتێکە، دەمەوێت لە کۆتایی بابەتەکەمدا بیخەمەڕوو و پەیوەندیی جەوهەری بە ئەسڵی بابەتەکەوە نییە، بەڵام پەلە مەکەن سەرتاپای بابەتەکە، خۆی بەسەرهاتێکی لەو خۆشترە!

لە ساڵی ١٩٩١دا، خەڵکی ڕەش و ڕووتی کورد لە بەشە کوردستانی سەر بە عێراقدا هەلێکیان بۆ ڕەخسا ڕاپەڕین بکەن و دەسەڵاتی بەعسی عێراق لە کوردستان ڕابماڵن، هەڵبەت ئاشکرایە بزاوتی کوردی لە کاتی ڕاپەڕیندا لە ئەوپەڕی لاوازیدا بوو و، ئەگەر خوا سەری لە سەددام تێکنەدایە و ئەو بێئەقڵییەی نەکردایە و کووەیتی داگیر نەکردایە، سەد ساڵی مابوو کورد بتوانێت ڕاپەڕینێکی لەوجۆرە بکات. . بەهەرحاڵ ڕاپەڕین کرا و کۆمەڵێك پارتی سیاسی لە کوردستان پەیدابوون، دوو حیزبی سەرەکی یەکێتی و پارتی، کە پێشتر ڕابەرایەتی شۆڕشی سەردەمی شاخیان دەکرد، هاتنەوە و خۆیانکردەوە بە پێشڕەو و دەسەڵاتدار. ئەو ڕاستییە تاڵەشمان بیر نەچێت، ئەم دوو حیزبە پێش ڕاپەڕینیش لوولەی تفەنگیان چەندە ڕوو لە سنگی دووژمن بووبێت دوو هێندە ڕووی لە سنگی یەکتر بووە، بڕوا ناکەم کەسێکی ئاگادار لە بارودۆخی ئەوکاتە هەبێت حاشا لەم ڕاستییە بکات بە خودی ئەو دوو پارتەیشەوە. . سێ ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێنەپەڕیبوو، ئەم دوو حیزبە ئەزموونی شاخیان هێنایە ناو شاریشەوە و، دیسانەوە بەربوونەوە گیانی یەکتر، لەسەرچی؟! لەسەر کورسی و دەسەڵات، لە پێناو پارە و داهات! ساڵانێکی دوورودرێژ شەڕی گەرم و پاشانیش جەنگی سارد، بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانەش دەسەڵاتیان لە نێوان خۆیاندا بەشکردبوو، بۆ ساتێکیش لە هەڵپەکردن بە دوای کۆکردنەوەی داهاتی زیاتردا ڕانەوەستاون .

ساڵ هات و چوو، دونیا گۆڕا، شەڕی بۆسنە تەواوبوو، کێشەی کەرەباغ کپ بووەوە، شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان گەیشتە ئەوپەڕی، تاڵیبان دەسەڵاتی گرتە دەست و، پەیکەرەکانی بووزای لە بن دەرهێنا، لە ئێراندا چەند سەرۆك هاتن و چوون، ڕەفسنجانی ڕۆیشت، خاتەمی هات، ئەویش دوای دوو دەورەی چوار ساڵە چوو، ئەحمەدی نەژاد هات. . لە ئەمریکاشدا بۆشی باوك چوو، کلینتۆن هات، ئەویش ڕۆیشت، بووشی کوڕ هات، وا خەریکە ئەمیش دەڕوات . .

لە پاکستان بونەزیر بۆتۆ نەما، نەواز شەریف هات، موشەڕڕەف هات شەریفی لابرد، وا ئێستا خەریکە مووشەڕڕەفیش تەنگی پێ هەڵدەچنرێ. .

لە تورکیادا دەسەڵات لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەمپەڕی ڕاست گۆڕا، لە چیللەرەوە بۆ یەڵماز و بۆ ئەربەکان و حیزبی ڕەفاه و بۆ ئەجەویدو تا دەگات بە پارتی داد و گەشەپێدان و عەبدوڵڵا گویل و ئۆردوگان. .

لە ئیسرائیلیشدا، ئیسحاق ڕابین کوژرا، نیتنیاهۆ چوو، باراك نەما، شارۆن تووشی CVA بوو، ئۆڵمێرت هات .

فەڵەستینیش دونیایەك گۆڕانکاری تێیدا ڕوویدا، عەرەفات کۆچی دوایی کرد، ئەبوو مازن بوو بە سەرۆك، شێخ ئەحمەد یاسین تیرۆرکرا، حەماس لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی بەدەستهێنا، ئیسماعیل هەنییە بوو بە سەرۆك وەزیران، پاشان حکومەتەکەی حەماس بە بڕیارێکی مەحموود عەبباس هەڵوەشێنرایەوە. .

تەنانەت سەرۆکەکانی سعودیە و سوریاش گۆڕان._ هەڵبەت ماڵی مردن ئاوابێت، دەنا ئەوان وا بە ئاسانی نە دەگۆڕان_!

دونیا سەرلەبەر گۆڕا، یانزەی سێپتەمبەر ڕوویدا، دەسەڵاتی تاڵیبان ڕووخا، وا خەریکە جارێکی تریش دێتەوە، سەددام بە سەددامی خۆی لەسەر کار لابرا، دەستگیر کرا و، پاشانیش ئیعدام کرا، کە لەسەیریش سەیرتر بوو!

عێراقێ کە بیستوچوار ساڵ بوو سەرۆکێکی تێدا نەگۆڕابوو، چەندین دەسەڵاتدار و سەرۆك و نیمچەسەرۆکی تێدا ئاڵوگۆڕ کرا: جەی گارنەر، برێمەر، ئەنجوومەنی حوکم، یاوەر، عەللاوی، جەعفەری، مالکی، تاڵەبانی. . .

کەچی لەم بستە خاکەدا کە ئێمەی لەسەر دەژێین، دەسەڵات تۆپێکە و لە نێوان شەقی دوو لادا یاری پێ دەکرێت، تەماشاکەرانیش کە هاونیشتیمانیانی منن سەرەڕای ئەو هەموو ناڕێکییەی دەیبینن دیسانیش لە چەپڵەلێدان ناکەون!

کۆمەڵێك خەڵك کە لە شاخدا نانی ڕەقیشیان دەستنەدەکەوت بیخۆن، زیاد لە شانزە ساڵە داهاتی ئەم وڵاتە قوت دەدەن و کەچی تێر ناخۆن، حوتیش بوونایە دەبوایە ئێستا بتەقینایە، لە بەرمیلی کون دەچن!

لە زانستی سیاسییدا زاراوەیەك هەیە، پێی دەوترێت: (مۆبۆکراسی)، واتە حوکمی کەسانی هەرچی و پەرچی و بێسەروبەر، دەسەڵاتی کەسانێکە کە لە دوای هەندێ شۆڕشەوە بۆ ماوەیەکی کاتی جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرنەدەست و لە دوای سەقامگیربوونی بارودۆخی وڵات دەسەڵات لە دەستدەدەن. .

بەڵام مۆبۆکراسیەتەکەی لای ئێمە وا شانزە ساڵە دەسەڵاتی لە دەستدایە و کەچی پێناچێ بیری لە وازهێنان کردبێتەوە، کەسێکیش نییە پێی بڵێت: بوەستە کاتت تەواو بوو!

ئەرێ برادەران! بە ئەقڵی چۆلەکەیشەوە دەچێت دەسەڵاتێك شانزە ساڵ ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی هەبێت، کەچی تا ئێستاش هیچ ساڵێك پلانی بۆ ساڵی داهاتوو نەبێت؟ تا ئێستا ئامارێکی ڕەسمی دانیشتوانی وڵاتەکەی لە لا نەبێت؟!

وڵاتێك چل و ئەوەندە وەزیری هەبێت، کەچی توانای نرخدانانی (تسعیر) لەسەر پاکەتە شقارتەیەك نەبێت؟!

توخوا مەعقولە وزارەتی پەروەردە نەزانێت چەند قوتابی لە کوردستاندا هەیە؟ نەزانێت ئەمساڵ چەند خوێندکاری کوڕ و چەندی کچ شەشەمی ئامادەییان بڕیوە؟

وزارەتی خوێندنی باڵا، ئاماری ژمارەی خوێندکارانی هاتووی بۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی لە لا نەبێت؟!

باشە دەکرێت زانکۆیەك تەنها توانای وەرگرتنی ٦٠٠ خوێندکاری هەبێت، کەچی ناوی ١٨٠٠ خوێندکاری بۆ بێتەوە؟!

ئەی باسی بەشی ناوخۆیی بۆ ناکەن؟! بەشی ناوخۆیی توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو خوێندکارە زۆرەی نەماوە .. بۆ نموونە بەشی ناوخۆیی مەجید بەگ لە سلێمانی، سێ ساڵە خویندکاری تێچووە، دوو ساڵی پێشوو هەر ژوورەی شەش خویندکاری تێدا بوو، ئەمساڵ بە زۆر کراوە بە هەشت..!

لە شوینێکی وەك کەلاردا کۆلێژێك کراوەتەوە، هەر مانگەی بەشێکی بۆ زیاد دەکرێت، کەچی تا پار بەشی ناوخۆییشی نەبوو، ئەوە باسی بینا هەر مەکە. . ئەمساڵ بینایەکی سەر بە وزارەتی ناوخۆ کە کاتی خۆی لیوای عەسکەری بوو و ١٦ ساڵە کەلاوەیە و ساڵێکە دەست بە تەعمیرکردنی کراوە کرا بە بینای کۆلێژەکە، ئەویش کەی؟ مانگ و نیوێك دوای دەستپێکردنی دەوام! (لیوای عەسکەری لە هیچ ڕوویەکەوە بۆ بینای زانکۆ ناشێت، خەڵکی هەر بە بینینی ترسیان لێدەنیشێت! گوناحی بە مل وتیاری، دەڵێن: کورسی مەتبەخەکانی بەشەناوخۆییە تازەکەیشیان هێناوە بۆ ناو پۆلەکان، چونکە تا ئێستا کورسی بۆ دابیننەکراوە!)

لە سەروبەندی نووسینی ئەم بابەتەدا، کەناڵە لۆکالییەکانی گەرمیان بڵاویانکردەوە: خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی کۆلێژی پەروەردەی کەلار دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە، لە کاتی چاوپێکەوتنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لەگەڵیاندا، یەکێك لە خوێندکارەکان دەیوت: " یەك هەفتەیە ئاو لەشمانی نەبینیوە.."، یەکێکی تر دەیوت: " چەند ڕۆژە لەبەر بێ ئاوی، بە تەیەمموم نوێژ دەکەین.."

خۆش وایە بزانن، دووریی ڕووباری سیروان لە بەشەناوخۆییەکەوە، کەمتر لە یەك کیلۆمەترە! حکوومەتێك توانای دابینکردنی ئاوی ئەم بەشە ناوخۆییەی نییە خەڵك چاوەڕوانی چی لێ بکات؟!

نوکتەیەکی خۆش: پەیمانگایەك بە بڕیاری وزارەتی پەروەردە دادەخرێت، کەچی لە ناوەندی وەرگرتنەوە (قبول مرکزی) ناوی ٤٠٠ خوێندکار بۆ خوێندنی ئەمساڵ لەو پەیمانگایە دێتەوە، وا دوو مانگی خوێندن تێپەڕی و چارەنووسیان نادیارە، ڕاگری پەیمانگاش پەیمانیان پێ دەدات، نەهێڵێت چارەنووسیان بفەوتێت! (لە نووسینی ئەم بابەتە بووبوومەوە، وەختێك بیستم ئەم پەیمانگایە بووە بە کۆلێژی بنەڕەتی، ئاخیری خێر بێت)

دونیایەك خوێندکار لە باشووری عێراقەوە دێن، نەك هەر ئەوە بەڵکو لە سوریاو ئێران و....یشەوە دێن و بەبێ لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە وەردەگیرێن، لە کاتێکدا هەر ماوەی جارێك ڕادەگەیەنرێت: ئەمساڵ ناتوانین هەموو دەرچووانی شەشی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگرین چونکە جێگا نییە!

ساڵانە دونیایەك خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەردەچن و لە ماڵدا دادەنیشن و حکومەتیش پلانێکی بۆ دامەزراندنیان نییە .

ئەوە کێشەی عوبوور با هەر باس نەکەم، چونکە زامی زۆر کەس بەو باسە دەکولێتەوە، هەر ڕۆژەی بڕیارێك دەردەچێت و هەر ساڵەی مۆدیلێك پیادە دەکرێت، ساڵی خوێندن گەیشتە نیوە، هێشتا چەندین خوێندکار نازانن قۆناغی چەندن؟ یەك یان دوو؟ سێ یان چوار؟!

لەم ساڵانەی دواییدا خۆپیشاندان بەتایبەت خۆپیشاندانی خوێندکاران بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو، لەگەڵ ئەوەیشدا کەم کێشە هەیە چارەسەر بکرێت (دەترسم ماوەیەکی تر بە سایەی سەری دەسەڵاتەوە، ئەم مۆدیلی خۆپیشاندان و شتانە بێتە ناو ماڵەکانیشەوە، جا ئیتر ئەوکات هیچ پیاوێك ناوێرێ بە ژنەکەی بڵێ: پشتی چاوت برۆیە!)

بارودۆخی وڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. . جادەی نێوان هەندێ لە شارەکان لە دوای ڕاپەڕینەوە وەك خۆیەتی و دەستکاری نەکراوە. . هەر کەس بیەوێت لە کەلارەوە بەرەو سلێمانی بچێت، دەبێت پێشتر وەسیەتنامەکەی بنووسێت ئینجا لە ماڵ دەرچێت، چونکە جادەکەی ئەو بەینە (ئەنجەرمۆلەقەیە)!

ئەوە کارەبا هەر مەپرسە. ڕەنگە بە باسکردن لە گرنگیی کێشەکە کەم بکەمەوە.

ئەگەر بیرتان نەچووبێت لە سەرەتای بابەتەکەمەوە وەعدم پێدان لە کۆتاییدا بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە: لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لە یەکێك لە گوندەکانی گەرمیاندا مەلایەك وتاری دابوو، لە وتارەکەیدا باسی درووستبوونی ئەرز و ئاسمانی کردبوو، لە گەرمەی قسەکردندا بوو و لە کاتێکدا باسی ئەوەی کردبوو ئەم ئەرزە لەسەر پشتی گایەکە و گاکەش لەسەر کلکی ماسییەکە و. . . پیاوێکی قسەخۆش کە وا دیارە قسەکەی مامۆستا بە ئەقڵییەوە نەچووە، لە ناوەڕاستی وتارەکەدا هەڵدەستێت و بەرانبەر مامۆستا دەوەستێت و دەکاتە جواو: "مامۆستا قسەکەیشت بە شەکر لە دەمدا دەبڕم، بەگوێرەی ئەم قسەیە جەنابت بێت و زەوی بەم تڕەکەڵەکە وەستابێت، دەی سێ بە سێ تەلاقم کەوتبێت ئەم تڕەکەڵەکە بۆ ڕۆژێ بێ هەر دەڕووخێ! "، خەڵکەکە هەموو بە مەلایشەوە، دەدەن لە قاقای پێکەنین. . .

منیش وا هەستدەکەم ئەم دەسەڵاتی کوردییە کە ڕێك لە تڕەکەڵەك دەچێت، زۆری بە بەرەوە نەماوە و پایەکانی لەق بوونە، نازانم چۆن و کەی؟ بەڵام هەرچی سەیر دەکەم توانای خۆگرتنی نەماوە و هاکا بەلادا هات . .

ئیتر نازانم ئێوە ئامینم بۆ دەکەن، یان" وەی خوا نەکا، دەمت لار بێت"م پێ ئێژن؟! هەرچی دەڵێن گەردنتان ئازاد بێت .

## کپکردنی دەنگی بەرانبەر، هەنگاوێك بۆ خۆ بەخواکردن!

(لە پەراوێزی ڕاگرتنی بەرنامەی لەگەڵ لاواندا)[٢٦]

چیرۆکەکە لێرەوە دەستپێدەکات: کوڕێکی گەنج _ لە ڕووی تەمەنەوە_، هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ و خاوەنی پاشخانێکی مەعریفی و دارای باکگراونێکی ئایینی، پاش تەواوکردنی زانکۆ و دوای ساڵانێك ژیان گوزەراندن لە هەولێر و دهۆك و پاش مامەڵەکردنێکی چوار ساڵە لەتەك زانکۆ و خوێندکاری زانکۆ و مامۆستای زانکۆدا و، لە دوای تێکەڵبوون لەگەڵ دونیایەکی جیاواز و خەڵکانێکی جیاواز قسە و گوفتارێکی جیاواز لە چەشنی( چ دبیژیت و چ حالە و کوی بابم؟ و کەسك و پەمبە و مار خەرا نەبی و. . . هتد)دا، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی تێیدا لەدایکبووە و تێیدا گەورە بووە, تا بە حیسابی خۆی خزمەتێك بە خەڵکی ئەو شوێنە بکات کە ساڵانێکە هیچی تێدا نەگۆڕاوە. شوێن گەرمیانە, لە گەرمیانیشدا گوزەری ئەم پیاوە نێوان کەلار و سمودە، ئەو کەناڵەی ئەم دەیەوێت پەیامی خۆی لە ڕێگەیەوە بە خەڵك بگەیەنێت تەلەفزیۆنی پارتێکی ئیسلامییە. پێویستە لای تۆی خوێنەر سەرەتا چەند شتێك ڕوون بێت:

یەکەم: ئەم لاوە وەك وتمان، باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی هەیە .

دووەم: ئەم گەنجە دەرچووی کۆلێژێکی ئایینییە و، دەکرێت ببێت بە پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی ناوچەکە .

سێیەم: بەر لەوەی بگەڕێتەوە, هەندێ لە کادیرانی ئیعلامیی ئەو پارتە کە لە ناوچەکەدا قسەی یەکەم دەکەن, هانێکی زۆری دەدەن و پەیمانی هاوکاریکردنی پێدەدەن .

---

[٢٦]. بەرنامەی (لەگەڵ لاواندا)، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بوو، لە شاشەی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، کەناڵی گەرمیانەوە، هەفتانە بڵاودەبووەوە. (قانع خورشید) پێشکەشی دەکرد.

کەچی ئەم پیاوە نابێت بە ،مەلایەکی ئایینی و مینبەری مزگەوتێك هەڵنابژێرێت, بەڵکو لە جیاتی ئەوە دێت لە سەنتەرێکی گەنجانەدا کۆمەڵێك گەنج و تازەلاو کۆدەکاتەوە و دەنگی خۆی بە گوێیاندا دەدات, پاشانیش لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بە چاو و گوێی خەڵکی ناوچەکە دەگات . . هەر لە تۆمارکردنی یەکەم ئەڵقەی ئەم بەرنامەیەوە دەوروبەر گرفتی دێننەڕێ، جارێك و دوو گرفتێك و دوو، بەڵام ئەو بڕیارێکە و داوێتی, دەزانێت ئەگەر سواربوون عەیبێك بێت ئەوا دابەزین دوو عەیبە. هەڵبەت سەرەتا ئەم گەنجە زۆر سەری سووڕدەمێنێت لەم کارە, لە دڵی خۆیدا ئێژێت: خودایە من چ هەڵەیەکم کردووە؟ وا ئاوەها مامەڵەم لەتەکدا دەکرێت! ئەو تازە هاتووەتە ناو کۆمەڵگاوە, چونکە پێشتر لە دونیای خوێندن و زانکۆدا بووە, دونیای خوێندنیش دونیایەکی پڕ لە بەرائەتە و مەودای شەڕ و کێبەرکێکان سنووری تاقیکردنەوە و نمرەی بەرز بەدەستهێنان تێناپەڕێنێت، ئەو دونیایە کەسانێکی تێدا دەرناکەوێت کە دوو ڕووی تەواو جیاوازیان هەبێت, دوو دڵی تەواو جیاوازیان لە سنگیاندا حەشار دابێت, بە ڕووکەش پیاوێکی دیندار و سەلار و لە ناخیشدا پڕ لە ڕق و کینە و ئیرەیی, پڕپڕ لە گرێی خۆبەکەمزانی! بە هەرحاڵ ئەم گەنجە بە نەفەسێکی درێژ و بڕوا بەخۆبوونێکی تەواوەوە لەسەر کارەکەی دەڕوات, ئەو لە سفرەوە دەستپێدەکات و دەگاتە زیاد لە پەنجا ئەڵقە, هەڵبەت بە ژمارە پەنجا بەڵام پێوانەی ئەو پەنجایە چەندە؟ خوا دەیزانێت, ڕەنگە بە نیسبەت هەندێ گەنج و خەڵکی شارەکەوە پەنجا سەعات و بۆ هەندێکیش پەنجا مانگ و بگرە پەنجا ساڵ لە سفری دوورخستبێتنەوە, لە سفری تاریکی و هەنگاونان بەرەو ڕووناکی. .!

لەگەڵ هەر ئەڵقەیەکی تازەی بەرنامەکەدا، پیرێکی تر_ پیر لە ڕووی عەقڵ و زانیارییەوە_ دێتە ڕیزی دژایەتیکەرانی بەرنامەکەوە. . هەر جارەی بە بیانوویەکەوە، هەر کە گەنجێك دێتە ڕیزەوە, پیرێك دەتۆرێت. . لێرەدا دەبێت شەڕی نێوان دوو نەوە لەبیر نەکەین, نەوەیەکی پیر کە لە ڕابردوی خۆیدا دەژێت

و به هیچ شێوەیەك نایەوێت بێتە دەرەوە, لەگەڵ نەوەیەکی گەنج کە هەردەم بە دوای زانیاری تازەدا دەگەڕێت. . هەر هەنگاوێك نەوەی نوێ بینێت, نەوەی پیر تووڕە دەکات, هەر سەرکەوتنێك گەنجێك بەدەستی بهێنێت, پیرێك دەخاتە لەرزە, پیرەکە هەمیشە لە لەدەستدانی کورسییەکەی دەترسێت, ئەو دەترسێت گەنجەکە جێگەی پێ لەق بکات, لە جیاتی ئەوەیش هەوڵێك بدات بۆ خۆجوانکردن, هەوڵی ناشرینکردنی بەرانبەر دەدات, دەیەوێت بە خەڵکی ڕابگەیەنێت: ئەم گەنجە هاتووە دینی باو و باپیرانتان دەگۆڕێت, خیانەت لە نیشتمان دەکات، نییەتی خراپە, هەر لە چاویدا دیارە. . پەیامی پێغەمبەران لەبەر ئەوەی دەنگێکی تازە بووە, هەوڵێك بووە بۆ گۆڕان, دەبینی بەردەوام ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ناشرینکردنە بووەتەوە. . ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ إِنِّي أخافُ أنْ يُبَدِّل دينَكُمْ أو أنْ يُظهِرَ فِي الأرْضِ الفَساد...﴾

دەبینیت دەسەڵاتداران _ مەبەست لە پیرەکانە_ بۆ پارێزگاریکردن لە پێگە و دەسەڵاتی خۆیان، پەنا وە بەر هەڵخەڵەتاندنی عەقڵی گشتی دەبەن، ئەم گەنجە دوای ساڵێك لە بگرەو بەردە و کێشمەکێش, سەرەنجام لەگەڵ وێنەی ئەم دەنگە شاراوەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە, دەنگێك کە بە درێژایی زیاد لە ساڵێك توانی وێنەی خۆی ئاشکرا نەکات و لە پشت پەردەوە تیرەکانی خۆی ئاراستە بکات . . باشە ئەم دەنگە چی لەم گەنجە دەوێت؟! بیانووەکانی چین؟ بۆ دژی پرۆژەکەی دەوەستێت و سەرەنجامیش بەر بە پەخشکردنی بەرنامەکەی دەگرێت؟! زۆریی بیانوو بۆ کارێك نیشانەی ناڕاستییەتی. . ئەم بەرنامەیە هەر جارەی بە بیانوویەکەوە هەوڵی ڕاگرتنی دەدرا، جارێك دەگوترا پێشکەشکاری بەرنامەکە لە خۆیەوە قسە دەکات_ واتە بەبێ زانیاری_ خۆشە بپرسین: ئەوانەی ئەم ئیددیعایەیان دەکرد خۆیان چییان کردووە؟ ئەی مەدرەکی زانستیان چییە؟ جارێك دەگوترا قسەکانی پێچەوانەی شەریعەتن . . هەقە بپرسین: کەسێك خۆی دەرچووی بەشی شەریعەت بێت و قسەکانی لە سەرچاوەی شەریعەتەوە ئاوبخۆنەوە و بۆ خزمەتی شەریعەت کار بکات، چەندی بە چەند دژی شەریعەت

و ئایین بێت؟! جارێك دەگوترا شێوازی پێشکەشکردنی بەرنامەکەی جوان نییە، مەبەستیان ئەوە بوو وەك مردوو مت نەوەستاوە، بەڵکو دەست و چاوی دەجوڵێنێت و پێدەکەنێت و وەك مرۆڤ دەردەکەوێت، ئاشکرایە ئەمە پێچەوانەی ئەو خۆوێناکردنەیە کە ئەو دەنگە سالآنێکە خۆی پێ پیشاندەدات، بە شێوەیەکی وشك و دەنگێکی وەڕسکەری یەك ڕیتم و نەجوڵاو، کە کەس تاقە تی نییە پێنج خولەك گوێی لێ ڕابگرێت؟! دواجاریش وترا: ئەم بەرنامەیە لەگەڵ خەتی حیزبدا یەکنایەتەوە! ئەمەی دوایی ڕاستترین تەعبیر بوو و دەبوایە یەکەمجار بووترایە! لێرەدا سوکراتی فەیلەسوفم بیر دەکەوێتەوە، ئەو دەنگێکی نوێ بوو لە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوودا، گەنجانی لە دەور کۆدەبوونەوە، هەوڵی گۆڕینی لاوانی بەرەو چاکتر دەدا، دروشمی ئەو خۆناسین و زانین بوو. . ئەم دەنگەی سوکرات پیرە دۆگماکانی ئەسینای ڕاچەڵەکاند، نەزانی و دواکەوتوویی خۆیانی پیشاندان، ئەوانیش لە جیاتی ئەوەی بە خۆیاندا بچنەوە، هاتن بە هەموو تواناکیان هەوڵی کپکردنی ئەم دەنگەیاندا، سەرەنجامیش توانییان سوکرات لەناوبدەن، بەڵام ئایا ئامانجی خۆیان پێکا؟ ئایا دەنگی سوکراتیان کپکرد؟! ئەوانەی سوکراتیان لە ڕێگەی دادگایەکی نادادپەروەرانەوە ژەهرخواردوو کرد ئێستا کەس ناویان نازانێت، بەڵام سوکرات تا دونیا ماوە ناوی بەسەر زاری هەموو خەڵکییەوەیە! بەهەرحاڵ ئەم چیرۆکە پێناچێت وا بە ئاسانی کۆتایی بێت. . چیرۆکێکە لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەستپێکردووە، لەو کاتەوە خودا نەزری یەکێك لە کوڕەکانی ئادەمی قبوڵکرد و هی ئەویتریانی ڕەتکردەوە، لێرەوە ئاگریی ئیرەیی لە ناخی یەکێك لە براکاندا هەڵگیرسا و بووە مایەی خوێنڕشتن، خوێنڕشتنی نزیکترین کەس، کوشتنی برایەك لە لایەن برایەکەوە. . بڕوانن هەمیشە کاتێك کەسێك ئەستێرەی دەدرەوشێتەوە، کۆمەڵێکی تر وا هەستدەکەن ئەوە ئەوە بووەتە هۆی ئاوابوونی ئەستێرەی ئەوان، بێئاگا لەوەی ئەوان زەمەنێکە ئەستێرەیان ئاوابووە، تاوانیش لە گەردنی هیچ کەسێکدا نییە جگە لە خۆیان! زانایەکی گەورەی وەك

شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمییە دەفەرمویت: " ماخلا جَسَدٌ منَ حَسَدِ, ولكنَّ الكريمَ يُخفيهِ و اللَّئيم يُبديهِ" واتە: هیچ جەستەیەك_مەبەستی مرۆڤە_ لە ئیرەیی بەدەر نییە (هەموو کەس خەسوودی تێدایە)، وەلێ جیاوازییەکە لەوەدایە مرۆڤی پایەبەرز دەیشارێتەوە و مرۆڤی کەم ئەرزشیش دەریدەبڕێت!

بە بڕوای من، کولتووری ئەو کۆمەڵگایەی کۆمەڵێك پارت و لایەنی تێدا دەردەکەوێت هێندە زاڵە هەموو جیاوازییەکان لە نێوانیاندا دەشارێتەوە, زەمەنێکە گوتوومە: لە کۆمەڵگەی کوردییدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کاری پارتێکی ئیسلامی و پارتێکی عەلمانییدا نییە, دوور نییە لە شەو و ڕۆژێدا سەرسەختترین حیزبی عەلمانی دەستبکات بە نوێژ و بە دوعا و قوربانیکردن, ئەمەیشمان چەندجار بینیوە, یان توندڕەوترین پارتی ئیسلامی لە (کُنْ فَیَکون)ێکدا پاشکۆی ئیسلامی لە خۆی بکاتەوە و بەرگی نیشتیمانپەروەری بپۆشێت. . هەموو ئەمانە پێشبیبنیکراون, بەڵام هەر لەبەر ئیعتیباری ئایینی و جەماوەری خۆیان, دەبێت حیزبێك کە خۆی بە ئایینی دەزانێت وەڵامی هەندێ پرسیار کە مومکینە لە هەر ساتێکدا ڕووبەڕووی ببێتەوە، بداتەوە:

– ئایا ئەو پارتە لە بنەماوە بۆ چی مەبەستێك دامەزراوە؟

– ئامانجی ئەو پارتە گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامە یان ناوی ئیسلام و ئیسلامی بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی بە کار دێنێت؟

– ئایا ئەوان هەر بەڕاستی گوێ لە قسەی خەڵك دەگرن؟ یان تەنها ئەو کاتانە گوێ بە قسەی خەڵك دەدەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت؟

هەندێ بەرپرسی ناو پارتە ئیسلامییەکان لە هەندێ باردا، بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن وا دەزانن ڕاست تەنها ئەوەیە کە ئەوان بە چاکی دەزانن, لێرەشدا ڕێك خۆیان لێدەبێت بە خوا, چونکە ئەوە تەنها خودایە کە ڕاست و ناڕاست دیاریدەکات! گرفتی خۆبەخواکردن لای هەندێك خەلیفە و دەسەڵاتدار لە مێژووی ئیسلامیدا، هەمیشە هەبووە و کارەساتی گەورەیشی لێ

کەوتووەتەوە, ئەوەتا خەلیفەیەکی وەك مەئمون دەڵێت قورئان مەخلوقە و هەر کەسێکیش جورئەت بکات و بێژێت وا نییە سەری لە ملی دەکاتەوە!

ئایا ئەگەر کەسێك خۆی بە خوا بزانێت و هەستیش بکات دەنگێکی نوێ کورسییەکەی دەهێنێتە لەرزە, چاوەڕوان دەکرێت بۆ لە ناوبردنی ئەو دەنگە دەست لە چی بگرێتەوە؟

کێشەیەکی تر گوێنەگرتنە بۆ قسەی خەڵك، کێشەی دەسەڵاتدارێك کە دڵی چووە لە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی, یان فیت و فاتی دەوروبەر مەستیان کردووە و چاویان لە ڕاست هەقیقەتی حاڵ نوقاندووە, ئەوەیە وا دەزانێت ئەوە خەڵکە پشتیوانی لەم دەکەن, تۆ بڕوانە سەددام تا دوا هەناسە بڕوای وا بوو خەڵکی عێراق ئەمیان دەوێت و لە پێناویدا سەر دادەنێن، ئایا ڕاستییەکەی وابوو؟

تۆ کە بەرنامەیەك دادەخەیت بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای زۆرینەی خەڵك, کە ڕۆژ نییە لە ڕێگەوبان یەخەت پێنەگرن و لە هۆکاری داخستنی بەرنامەکە نەپرسن, دواییش قسەی پیاوێکی پیر یان کەسێکی ناحاڵی دەکەیتە بەڵگەی دەستت بۆ ڕاگرتنی بەرنامەکە, ئایا دەزانیت بەم کارەت چەند پرسیار لە مێشکی خەڵکیدا دەوروژێنیت, کە وەڵامەکەیان کەس نایزانێت و تەنها (لحاجةٍ في نفسِ یعقوب)ە !؟

بەش بەحاڵی خۆم زۆر لەو ڕۆژە دەترسم ئیسلامییەکان دەسەڵات بگرنەدەست, لایەنێك ئەگەر لە ناوچەیەکی پەراوێزخراودا دەمی مامۆستایەکی ئایینی کە ئەندامی پارتەکەی خۆیەتی دابخات, بە حوججەتی ئەوەی قسەکانی جێگەی گومانن, ئاخۆ سبەی دەبێت چاوەڕوانی چی بین، ئەگەر ئەم پارتە حوکمی وڵاتی گرتەدەست و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کەوتە بەردەست؟! بە هیوام ئەمانەی وتم تەنها گومان بن و گوێم لە وەڵامێکی گونجاو بێت . . ئامین!

## ئیسلامییەکان لە بەردەم پرسی گەندەڵیدا!

### _مەهزەلەی بڕوانامەی علووج وەك نموونە _

فەیلەسووفێکی بواری ئەخلاق دەڵێت:" ناتوانیت لە کۆمەڵگایەکدا کە هەموو یاسا و ڕێساکانی هانی بەدئەخلاقی دەدەن، داوای پابەندبوونی ئەخلاقی لە یەکێك لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکەیت". لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی ئەو گوتەیەی سەرەوەدا، دێم و لە دەرگای بابەتێك دەدەم کە ڕەنگە تا ئەنووکەیش لە ناو خەڵکیدا شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نەزانرابێت، لە دەرگایەکەوە دەچمە ژوورەوە، پێدەچێ خاوەن ماڵیش تا ئێستا نەیزانیبێت ئەم دەرگایە لە خانووەکەیدا هەیە، زۆریش ناهەقی نییە، چونکە بەڕاستی ئەوە دەرگا نییە بەڵکو کەلێنە، کەلەبەرە. . جێگەی سەرزەنشتیشە، چون دەبوایە تائێستا لە بوونی ئەو کەلەبەرە لە دیواری خانووەکەیدا ئاگادار بووایەتەوە!

سەرەتا بابزانین ئەوەی پارتێکی ئیسلامی شانازی پێوە دەکات چییە؟! ئەو شتەی حیزبێکی ئیسلامگەرا خۆی لە حیزبەکانی تر پێ جیا دەکاتەوە کامەیە؟

مەتەڵێکی گرنگم هەڵنەهێناوە ئەگەر بڵێم هەموو پارتێکی ئیسلامی چ لە کوردستان بێت یان لە مۆزەمبیق، لە هند بێت یاخود لە ئیرلەندا، خۆی بە نوێنەری ئایینی ئیسلام دەزانێت، لەوەش بەولاوەتر هەندێك لەو پارت و ڕێکخراوە ئیسلامگەرایانە خۆیان بە تاقە نوێنەری ئیسلام دەزانن و غەیری خۆیان بە بێباوەڕ دەدەنەقەڵەم . . خۆ هەندێکیان یەکتریشیان قبووڵ نییە و ئیسلام هێند تەنگدەکەنەوە کە جێگەی چەند هەزار کەسێك بەولاوەی تێدا نابێتەوە و بەمەیش بە سایەی سەری ئەو بیروڕایەی ئەوانەوە بەهەشت چۆڵ و هۆڵ و دۆزەخیش ئاوەدانە!

دوو کەست لە دونیادا دەستناکەوێت کە بە دەم دان نەنێت بەوەدا دادپەروەری باشە و ستەمکردن خراپە، ڕاستگۆیی چاکە و درۆکردن قێزەونە، وەلێ لە ئاست کردار و ڕەفتاری ڕۆژانەدا بە دەگمەن کەسانێکت بەرچاو

دەكەوێت فریشتەئاسا بن و ئەوەی كە بە دەم باسی دەكەن بە كرداریش پێوەی پابەندبن!

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: جیاوازی چییە لە نێوان تاكێكدا كە ئیددیعای مسوڵمانبوون دەكات لەگەڵ كەسێكدا كە ئیددیعای ئیسلامیبوون دەكا؟ ئەی جیاوازی ئەمەی دوایی چییە لەتەك پارتێكدا كە ئیددیعای ئیسلامیبوون دەكات؟!

وەك دەزانین زۆرینەی خەڵكی لە وڵاتانی ئیسلامییدا مسوڵمانن، زۆرێكیان مسوڵمانیەتییان وەك میرات لە باو و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە، هەربۆیە چاوەڕواندەكرێت هەندێك لەوان ئیسلامیان وەك ئایینی خۆیان پێ قبوڵ نەبێت و نەچنە ژێرباری ئەرك و فرمانەكانییەوە، ئاشكرایشە هەردوو وشەی (مسوڵمان) و (ئیسلامی) چەندیان جیاوازی لە نێواندایە. ئەمەی دوایی مانا و مەدلوولێكی جیاوازی هەیە، ئەو كەسەی پێی دەگووترێت ئیسلامی بەوە لە مسوڵمانی ئاسایی جیادەكرێتەوە كە ئایینی ئیسلامی كردووەتە بەرنامەی ژیانی خۆی، دەكرێ بڵێین جارێكی تر مسوڵمانبووەتەوە بە تەعبیری ئیمام (ئەبوحامدی غەزالی)!

كەسێك كەوا دەردەخات ئیسلامییە، بە ویستی خۆی كۆمەڵێك یاسا و ڕێسای قبووڵكردووە و، پێویستە لەسەری پێوەی پابەند بێت، چونكە كەس زۆری لێی نەكردووە، بەڵكو بە خۆی هەڵیبژاردووە.

ئەی جیاوازی تاكێكی ئیسلامی لەگەڵ پارتێكی ئیسلامییدا چییە؟

هەموو تاكێك چ ئیسلامی و چ نائیسلامی مرۆڤە، مرۆڤیش شایانی هەڵەكردنە (كلُّ بني آدم خطاءٌ)_ فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) _.

هەڵەیش گەورەی هەیە و بچووكی هەیە، هەریەك لەوانیش چەند جۆرێكی هەس.

مرۆڤ ڕۆژانە دەجووڵێ و دەبزوێ، جووڵە هێمای زیندوویەتییە، هەڵەیش یەکێکە لە بەرەنجامەکانی جولان، مردوو قەت هەڵەناکات، جووڵەی کەسی زیندوو یان بەرەنجامی درووست و یانیش بەرەنجامی هەڵەی لێدەکەوێتەوە .

هەڵەکردن هەیە بەسەر کەسی هەڵەکەردا دێت، واتە پلانی لە پشتەوە نییە، هەڵەیش هەیە بە پلان و بەرنامەی پێشوەختەوە ئەنجامدەدرێت:

دووکەس دەبێتە دەمەقاڵەیان، یەکێکیان بۆکسێك لەویتریان دەدات بە مەبەستی ئازارپێگەیاندن (نەك کوشتن)، کەچی کەسی لێدراو یەکڕاست دەدات لەزەوی و گیانی دەردەچێت . (نموونە بۆ یەکەم)

کۆمەڵێك خەڵك کۆدەبنەوە و پلان بۆ کوشتنی یەکێك دادەنێن، سەرەنجام پلانەکەیان سەردەگرێت و کەسەکە دەکوژن . (نموونە بۆ دووەم)

ئەگەر تۆی خوێنەر دادوەر بیت و هیچیش لە یاسا و دادوەریکردن نەزانیت، هەر بە سرووشتی خۆت حوکمی هەردوو بکوژی نموونەی یەکەم و دووەم وەك یەك دەدەی؟ وا هەستدەکەم وەڵامەکە نەخێر بێت .

لە شەرع و یاسایشدا بەوەی یەکەم دەوترێت کوشتنی نیمچە ئەنقەست(قتل شبه عمد) و، بەوەی دووەم دەوترێت کوشتنی بەئەنقەست (قتل عمد)، جۆری سێیەمیش هەیە کە پێی دەوترێت کوشتنی بە هەڵە (القتل الخطأ) .

تاك هەمیشە قابیلە هەڵەبکات، هەڵەی تاك لەژێر یەکێك لەو جۆرانەی سەرەوەدا پۆلێن دەکرێت. . با بزانین ئەگەر حیزبێکی ئیسلامی هەڵە بکات هەڵەکەی دەچێتە ڕیزی کام یەك لەو دوو جۆرە هەڵەیەوە؟!

پارت (party) یان ڕێکخراو (organization) لە کۆمەڵێك تاك پێکهاتووە کە لەسەر میتۆد و بەرنامە و ڕێبازێکی دیاریکراو ڕێککەوتوون، مەنهەج و پرۆگرامی هەر حیزبێك کۆمەڵێك ئەرك لەسەر تاکەکانی پێویست دەکات و بڕێکیش ئازادی یان لێدەسێنێتەوە .

وەك وتمان تاك هەمیشە قابیلی هەڵەکردنە، بەڵام بڕیارە پارت وا نەبێت، چونکە تاك هەندێجار ڕەنگە بڕیاری لە دەست خۆیدا نەبێت، یان بکەوێتە ژێر

کاریگەریی حەز و ئارەزووی دەروونییەوە، بەڵام حیزب هەرکارێك ئەنجامی دەدات پێشتر بەرنامەی بۆ دادەڕێژێت و ڕای ئەندامەکانی لەسەر وەردەگرێت .

لێرەوە دەکرێت بڵێین هەر هەڵەیەك حیزبێك دەیکات لە جۆری دووەمە و دەکرێت ئەو حیزبە بە تاوانبار بزانین. . هەندێ کار لای من هەڵەیە، بەڵام ڕەنگە لای تۆ بە هەڵە دانەنرێت، دەبێت هەرکەس بەو پێوەرەی کە بڕوای پێیەتی بپێورێت .

## ئیسلامییەکان و تەزویر و گەندەڵی!

لە کوردستاندا کۆمەڵێك پارت و ڕێکخراوێ ئیسلامی هەن، سەرەڕای خەڵکێکی ئیسلامی بێلایەن. ئەم پارت و ڕێکخراوانە لە زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانیاندا لە یەکتر جیاوازن، بەڵام هەموویان لەسەر کۆمەڵێك خاڵ هاودەنگن، ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت لەسەری بدوێم لەو شتانەیە کە نەك تەنها ئیسلامییەکان، بەڵکو هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و خاوەن ویژدان بە لایەوە شتێکی قێزەون و ناشرینە، ئەویش فێڵکردن و گزیکارییە (الغشّ)، حەدیسێکی پێغەمبەر(د.خ) هەیە ڕەنگە هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە هەموومان لەبەرمان کردبێت کە دەفەرموێت:" مَن غشّ فلیس مِنّا " ئەو کەسەی فێڵ بکات لە ئێمە نییە .

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا خەڵکی بە دەستییەوە گیرۆدەبوون و دەناڵێنن گەندەڵییە. . گەندەڵییش دەرەنجامی فێڵکردن و تەڵەکەبازییە. تەزویر و تەزکییەکردن و واسیتەبازی بنەمای گەندەڵین و ئەو بەردە وردانەن کە شاخی گەندەڵییان لێ دروستدەبێت. ئەمڕۆکە پێویستمان بەوەیە بە هەرشێوەیەك بووە بەر بەو گەندەڵییە بگرین کە چووەتە ناو شادەماری هەموو کایە ئیداری و سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەمانەوە .

وەك دەزانین هەستی ئایینی گەورەترین فاکتەرە بۆ هاندانی مرۆڤ لە دوورکەوتنەوە لە گزیکردن و تەڵەکەبازی، ئەگەر کەسێکی بێباوەر بە ئایین و

بەها باڵاكان فێڵكردن و قۆڵبڕین لە ئیش و كاریدا هەبێت، ئەوا چاوەڕێی شتێكی وا لە كەسێكی دیندار و خاوەن باوەڕ ناكرێت. لە كوردستاندا پارتە ئیسلامییەكان خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام دەزانن و ئەندامەكانیان خۆیان وا وێناكردووە لەناو خەڵكیدا كە فریشتەن و بە هەموو شێوەیەك دژی كاری نەشیاو و_ خۆیان گووتەنی _ ناشەرعین!

ئەم ئیسلامییانە ساڵانێكە لە هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەكانیانەوە (بیستراو، بینراو، خوێنراو)، هەروەها لە ڕێگەی مەلاكانیانەوە لە مینبەری مزگەوتەكانەوە، بەردەوام ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵات و حیزبە عەلمانییەكان دەكەن كە درۆ لەگەڵ خەڵكیدا دەكەن و فێڵ و چاوبەستیان لێدەكەن و، شانازی بە دەستپاكیی ئەندامەكانی خۆیانەوە دەكەن، لە هەڵبژاردنی پێشووشدا یەكگرتووی ئیسلامی كە یەكێكە لە پارتە ئیسلامییەكانی كوردستان و بە سێیەم حیزب دادەنرێت_ دوای یەكێتی و پارتی_ لە ڕووی جەماوەرەوە، درووشمی دژایەتیكردنی گەندەڵی بەرزكردبووەوە و هەر ئەوەیشی كردە بیانوی بەجیا دابەزینی لە هەڵبژاردنەكاندا .

باشە ئەگەر ئەو پارتە ئیسلامییانە خۆیان تا بیناقاقایان لە گەندەڵیدا چەقیبێت بڵێین چی؟! مەگەر لەگەڵ شاعیرە عەرەبەكەدا ئێمەیش بیژین:

يا رجال الدّين ويا ملح البلد    مايفيد الملح اذا الملح فسد!

بە ڕاست ئەگەر خوێ بگەنێ چی لێبكەین؟!

## ئیسلامییەكان و بڕوانامەی علوج

لە دوای هاتنی ئەمریكا بۆ عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پاشاگەردانی و هەركێ بۆ خۆی ڕووی كردە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و، بێسەروبەری هەموو بوارەكانی ژیانی گرتەوە، یەكێك لەو بوارانەیش خوێندن بوو .

لە هەردوو شاری بەغداد و موصلدا چەند كۆلێژێكی تایبەت بە زانستە شەرعییەكان كە پێشتر هەبوون و هەندێ كۆلێژیش كە لە دوای نەمانی ڕژێم

کرانەوە، دەستیان کرد بە خوێندکار وەرگرتن لەسەر بنەمای بڕوانامەی خەیاڵی، ئەو کۆلێژە ئایینیانە زۆر بێباکانە و بەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر بڕوانامەکانیان خوێندکاریان وەردەگرت، لە کوردستانیشەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕوویان لەو کۆلێژانە کرد کە زۆربەیان ئەندام و لایەنگری حیزب ئیسلامیەکان بوون .

ڕاستییەکەی من خوێندن لەو کۆلێژانەدا نەك هەر بە کارێکی درووست دەزانم، بەڵکو بە لامەوە جێگەی هاندان و دەستخۆشی لێکردنیشە، کەسێك کە دەچێت زانستی ئایینی و مەعریفەی ئیسلامی دەخوێنێت پاشەڕۆژ دەبێتە پسپۆڕ لەو بوارەدا و ئەمەش کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر گەشەکردنی توانای زانستی و فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەی، وەك دەزانین لە ڕابردوودا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەسانی سادە و نەخوێندەوار لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە دەقۆزرێنەوە و بۆ کاری پشێوی و خۆتەقاندنەوە بەکار دەهێنرێن، کەواتە تا کەسێکی خوێندەوار و پڕچەك بە زانستی ئایینی بەرهەم بێت، مەترسییەك کەمتر دەبێتەوە .

هەروەها ئەم جۆرە خوێندنە هەلێك بوو بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕابردوودا بە هەر هۆیەکەوە بووبێت لە خوێندن دابڕاون و لە کوردستانیشدا هەلی تەواوکردنی زانکۆیان بۆ نەڕەخساوە .

ئەوەی جێگەی لەسەر وەستانە و من بەشبەحاڵی خۆم بە تاوانێکی وای دەزانم کە لێبوردنی بۆ نییە و هەق وایە نەك هەر تەنها ئەو کەسانەی کە ئەم کارەیان کردووە، بەڵکو حیزبەکانیشیان و ئەو کەس و لایەنانەیشی هاوکارییان کردوون لە بەردەم دادگادا بوەستێنرێن و لێپێچینەوەیان لە تەکدا بکرێت، چوونی کەسانێکە بۆ ئەو کۆلێژانە کە قۆناغی ئامادەییان نەبڕیوە، تیایشیاندا هەیە سێی ناوەندیان تەواو نەکردووە، هی وایشیان تێدایە پێشتر لە هیچ ناوەندێکدا نەیانخوێندووە و تەنانەت بڕوانامەی حوجرەیشیان نییە!

لەوەیش سەیرتر هەندێ لەو کەسانە بە تایبەت ئەوانەی گەرماوگەرم لە دوای ڕووخانی ڕژێم (فایلی خۆیان!) پێشکەشی ئەو کۆلێژانە کرد، یەکسەر لە قۆناغی سێ و چوار وەرگیران و بە ساڵێ دووان تەقەیان لە بنی هەمبانەکە

هەڵساند، هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ لە خوێندنی ماستەر وەرگیران. من ئەمەم بە چاوی خۆم بینیوە و بەڵگەی نزیکم لە بەردەستدایە!

من لەم نووسینەدا ئەوەندەی دەمەوێت ویژدانی خوێنەر و هەروەها ئەو برا مسوڵمانانەش(!) کە ئەم کارەیان کردووە بە ئاگا بێنم، نیو هێندە مەبەستم هاندانی حکوومەت نییە بۆ فەسڵکردنی ئەو کەسانە، هیچ دووژمنایەتییەکی شەخسیشم لەگەڵ هیچ یەك لەو بەڕێزانەدا نییە .

بەگوێرەی شەرعی ئیسلام هەر شتێك لەسەر بنەمایەکی پوچ بونیاد نرا بێت پووچە (كلّ شيءٍ بُني على الباطل فهو باطل)، هەر داهاتێ لە کارێکی حەرامەوە بەدەستبێت حەرامە. من دەپرسم: باشە چۆن کەسێکی دیندار کە ئیسلامی کردووەتە بەرنامەی خۆی، ڕێگە بە خۆی دەدات بڕوات کۆلێژێکی تایبەت بە زانستی شەرعی تەواو بکات و بێتەوە ببێت بە ئیمام و خەتیب لە مزگەوتێکدا و باسی فیقهی صەلات و زەکات بۆ خەڵکی بکات لە کاتێکدا هێشتا نازانێت دوو ئایەتی قورئان بە جوانی بخوێنێتەوە؟! یان ببێتە مامۆستای زمانی عەرەبی کەچی بە (ذهب) بڵێت: (زهب) و (ثمرة)ش بە (سەمەرە) بخوێنێتەوە! توخوا ئەمە سەمەرە نییە؟!

چۆن ویژدانی ڕێگەی پێ دەدات قۆناغی ناوەندی نەبڕیوە، کەچی بە قودرەتی قادر و لە کون فەیەکونێکدا ببێت بە مامۆستا و لە پڕێك ببێت بە کوڕێك؟!

ڕووی دەمم دەکەم لە مامۆستایانی ئایینی و وتاربێژی مزگەوتەکان و لێیان دەپرسم: توخوا فێڵکردن لەمە ئاشکراتر هەیە؟ ئەدی بۆ قەت باسێکتان لێوە نەکرد؟!

لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ئیسلامییەکان دەپرسم: ئێوە ساڵانێکە دەهۆڵی ئەوە لێدەدەن دەسەڵاتی کوردی زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندنی پڕکردووە لە تەزویر و قبول خاص، باشە بە ڕای ئێوە ئەم کارە مەترسیدارتر و لە هەمانکاتدا نەشیاوترە یان قبول خاص؟! قبول خاص وەرگرتنی خوێندکارێکی دەرچووی ئامادەییە لە کۆلێژێك بە نمرەیەکی کەمتر لەوەی کە ئەو کۆلێژە خوێندکاری پێ وەرگرتووە، بەڵام ئەوە ساڵانێکە ئیسلامییەکان بە لێشاو دەچن بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق و دوای ماوەیەکی کەم بە بڕوانامەی بە کالۆریۆسەوە دێنەوە، لە کاتێکدا هەندێکیان بڕوانامەی ناوەندییشیان نییە!

پێویستە ئەوەیش بڵێم هەموو ئەو کەسانەی لەو کۆلێژانە دەخوێنن یەك ڕەنگ و یەك جۆر نین، بەڵکو کەسی وایان تێدایە ئەندازیار و پارێزەرە یان پزیشك و مامۆستایە و حەزی لێیە کۆلێژێکی تر تەواو بکات، تیایشیاندا هەیە دەرچووی پەیمانگا و خوێندنگا شەرعییەکانە و پێشتر بۆ ماوەی پێنج شەش ساڵ زانستی شەرعی خوێندووە، ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە و بە هەقی خۆیانی دەزانین زیاتر لەوەش بەدەستبێنن .

## کێ بەرپرسە لەم تاوانە؟

هەڵبەت ئەو کەسانەی لەو جۆرە کۆلێژانە وەرگیراون هەموویان داوای بڕوانامەیان لێکراوە و هەموویشیان بڕوانامەیان پێشکەشی کۆلێژەکانیان کردووە، بەڵام کەسێك خوێندنی ئامادەیی تەواو نەکردبێت بڕوانامەی لە کوێ بووە؟

ئەو کۆلێژانە لەسەر بنەمای بوونی بڕوانامەی ئامادەیی (بە هەردوو بەشی زانستی و وێژەییەوە)، ئامادەیی پیشەیی، هەروەها پەیمانگا و مەدرەسە شەرعییەکان خوێندکاریان وەرگرتووە. لە کوردستاندا کۆمەڵێك خوێندنگای وەهمی و خەیاڵی و یانیش ئەوانەی لە ڕابردوودا بوونیان هەبووە و ئێستا تەنها مۆرەکەیان ماوەتەوە، هەستاون بە دروستکردنی بڕوانامەی ساختە بۆ هەرکەسێك خۆیان ویستوویانە و مۆرێکیشیان لێداوە و ڕەوانەی ئەو کۆلێژانەیان کردووە!

دەکرێت هەریەك لە: ئەو حیزبانەی ئەندامەکانیان کارێکی وایان کردووە، ئەو لایەن و دەزگایانەی بڕوانامەکانیان بۆ کردوون، ئەوەی مۆری کردووە، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان (کە لە کارێکی وا بێئاگان)، وەزارەتی پەروەردەی هەرێم (کە دایمەزراندوون وەك مامۆستا)، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم (ئەو وەزارەتەی کە ئەمەی بەسەردا تێپەڕیوە و بێدەنگ بووە لێی، ئەوەیشی ئێستا بڕوانامەکانیان پشتڕاستدەکاتەوە!)، ئەو کۆلێژانەی بڕوانامەیان پێیان داوە، لەگەڵ خودی ئەو کەسە ساختەکارانەدا . هەر هەموو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا

بکرێت، ماوەتەوە بڵێم لایەنێکی شاراوە لەم نێوەندەدا هەیە کە کەس تا ئێستا ناوی نەهێناوە، ئەویش (وەقفی سوننی)یە، ئەوان بڕوانامەکانی ئێرە تەسدیق دەکەن و دەیدەنە ئەو کۆلێژانە!

## ئەی چارەسەر؟

بەبڕوای من ئەو کەسانەی چوار ساڵی ڕەبەق هاتوچۆی بەغداد و موسڵیان کردووە، ئەویش لەو بارودۆخە سەختەدا، گوناهە بە یەکجار ڕەنجیان بە با بدرێت، پێشنیارم بۆ لایەنە بەرپرسەکان ئەوەیە ئەوانەی بڕوانامەی ئامادەییان نییە و، کۆلێژێکی وایان تەواو کردووە، سەرەتا کارکردن بە بڕوانامەکانیان بووەستێنرێت و ئینجا تاقیکردنەوەی ئامادەییان پێ بکەن هەرکەس دەرچوو ئەوا بڕوانامەکەی قبوڵبکرێت، ئەوانەیشی بڕوانامەی پەیمانگا شەرعییەکانیان هەیە لێکۆڵینەوە بکرێت لەوەی بزانە بە ڕاستی خوێندوویانە لەو پەیمانگایانە، ئەگەر دەرچوو ڕاستە ئینجا قبووڵبکرێن!

## چەند پرسیارێك لە ئیسلامییەکان

تەنها چەند پرسیارێك لە ئیسلامییەکان دەکەم و کۆتایی بە بابەتەکەم دەهێنم:

ئێوە چۆن ڕێگە بە ئەندامەکانتان دەدەن بڕوانامەی ساختە و تەزویر بەدەستبێنن؟

ئایا ئەو مووچەیەی سبەی خاوەنی بڕوانامەیەکی علووج وەریدەگرێت حەرام نییە؟ ئەدی بۆ دەتانگووت سەیارەی علوج حەرامە؟!

ئەو هەموو ڕەخنەیەی لە گەندەڵیی دەسەڵات دەتانگرت بۆ کوێ چوو؟ نەتابیستووە لە قورئاندا هاتووە: " يا أيها الذين آمنوا لم تقولون مالا تفعلون "؟

سبەی ئەگەر لەم هەرێمەدا دەسەڵاتتان گرتەدەست، گرەنتی چییە ناوەندەکانی خوێندن پڕناکەن لە تەزکییە و قبولّ خاص؟

خوازیارم وەڵامێکی قایلکەرم دەستبکەوێت. ئەگەر قسەیەکی نابەجێشم کردووە خوێنم حەڵاڵتان بێت!

## ئایینی مەلایان لەمپەرێك لە بەردەم خۆشبەختییدا[27]

تێبینی: تکایە ئەگەر مەبەستت گەیشتنە بە حەقیقەت ئەم بابەتە تا دوا دێڕ بخوێنەوە, نەك هەر بە خوێندنەوەی ناونیشانەکەی کافرمان بکەیت!

### پرۆژەیەك بۆ یارمەتیدانی لاوان

چەند مانگێك لەمەو پێش ڕێکخراوی (کیدۆ)، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە و سالأنێکە لە کوردستاندا کار دەکات بلأویکردوە: لەمەودوا هەلدەستێت بە پێدانی بڕی سێ هەزار دۆلار بە هەر کەسێك مەبەستی هاوسەرگیریی هەبێت، بەلأم هێنانی ژنی دووهەم و سێهەم و . . . ناگرێتەوە .

ئەم بڕە پارەیە، سولفەی هاوسەرگیریی ناونرابوو, کە بە بەراورد لەگەلْ ئەو سولفەیەی حکومەتی هەرێم بۆ هاوسەرگیریی دایناوە ( بڕی ٧٥٠٠٠٠) هەر زۆر زۆر بوو .

ئەم سولفەیە مەرجی ئەوەی لەگەلدا بوو ئەو کەسەی کە سولفەکە وەردەگرێت مانگانە بڕی (٢٦) دۆلار بۆ ڕێکخراوەکە بگەڕێنێتەوە .

تا ئێرە دووبارە باسکردنی ئەو هەوالەیە کە لە زۆرێك لە میدیاکاندا بلأوکرایەوە و گرنگییەکی زۆری پێ درا، بەتایبەت لە نێو ئەو گەنجانەدا کە تا ئێستا ژنیان نەهێناوە و لە بەردەم قەدەری نادیاری خۆیاندا دۆش داماون و باری نالەباری ئابورییان تووشی نائومێدی و ڕەشبینیی کردوون، هەر بۆیە وەك لە ڕۆژنامەکاندا باس کرا تەنها لە ماوەی هەفتەی یەکەمدا بە سەدان لاو بۆ بەشداری کردن لەو پرۆژەیەدا ناویان نووسی .

حەرامکردنی پرۆژەکە لەلایەن زانایانی ئایینییەوە

---

[27]. ئاسۆی گەنج، ژ: (١٥)، ٢٠٠٧/٣/١٧ .

لێ زۆری نەبرد ماشێنی یەکێتی زانایانی ئایینی و هەندێك لە وتاربێژی مزگەوتەکان، کەوتە کار و ڕاستەوخۆ خەتێکی ڕاست و چەپیان بەسەر ئەم پرۆژەیەدا هێنا و بە تەواوی حەرامیان کرد. با بزانین بۆ؟!

ئەوان هۆکاری ئەمەیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە سوو(ڕیبا)ی تێدایە, چونکە مانگانە لە بری ئەوەی (٢٥) دۆلار لە کەسی بەشدار بوو وەربگیرێتەوە (٢٦) دۆلاری لێ وەردەگیرێتەوە, لەمەیشدا مانگانە لە هەر کەسێك دۆلارێکی زیادە وەردەگیرێت و، بە مەیش پرۆژەکە دەبێتە ناشەرعی و کارپێکردن و بەشداریکردنیش لە جۆرە پرۆژەیەکی وادا بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام حەرام و ڕێگە پێنەدراوە .

## هەڵوێستەیەك لەسەر هەڵوێستەکەی یەکێتی زانایان

سەردتا حەزدەکەم بڵێم من خۆم لە ناو کایەیەکی ئایینیدا گەورە بووم و دوور و نزیك پەیوەندییم بە ئیسلامەوە هەیە و خۆیشم بە مسوڵمان دەزانم. ئەگەر کەسێکی زۆر دینداریش نەبم, ئەوە حاشام لە مسوڵمانبوونی خۆم نەکردووە, لە زانستی شەرعییشدا شتێکم خوێندووە و هیچ نەبێت (قل) لە (فل) جیا دەکەمەوە, ئومێد دەکەم نەبمە ئەو کەسەی (قانع) گوتەنی (قل بە فل حاڵی بووە و چی ئیددیعای ویژدان ئەکا).

ئایین _ هەرچی ئاینێك بێت _ لە بنەمادا بۆ خۆشبەختکردنی مرۆڤ و ڕێکخستنی سیستمی ژیانی هاتووە و مەبەستی سەرەکی، چارەسەرکردنی کێشەکانی و داگیرساندنی چرای پاشەڕۆژیەتی .

سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی هەموو ئایینێك دەگەڕێتەوە بۆ وەستان و گەندەڵبون و تێکچوونی سیستم و باری ژیانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا سەرهەڵدەدات, لە کاتێکدا پێدەچێت دوای چەندین ساڵ و هەندێجار دوای چەندین سەدە، بە هۆی لێنەزانی و لێنەوەشاوەیی پیاوماقوڵانی ئەو ئایینەوە،

ئایینەکە خۆی ببێتە مایەی متبوونی ژیان و گەندەڵبونی کۆمەڵگە و پێویست بکات شۆڕشی بەسەردا بکرێت!

هەر بۆیە زۆرێك لە زانایانی کۆمەڵناسیی لەو بڕوایەدان بۆ مانەوەی هەیمەنەی ئەو ئایینە بەسەر کۆمەڵگاوە و لەدەستنەدانی هەیبەتی خۆی, دەبێت بەردەوام چاکسازی (ڕیفۆرم) لە هەندێك بڕگە و بەشی ئەو ئایینەدا بکرێت .

لێرەدا کە دەڵێین ڕیفۆرم، ڕەنگە تۆی خوێنەر یەکسەر مارتن لۆسەر و ڕێبازی پرۆستانتی ناو ئایینی عیساییت بیر بکەوێتەوە، وەلێ مەرج نییە ئەو ڕیفۆرمە لە هەموو ئاینێکدا بەو شێوەیە درووست بێت، چونکە ئایینی عیسایی (مەسیحی) هەر لە بنەمادا ئاینێکە تەنها گرنگی بە لایەنی ڕووحی مرۆڤ دەدات و هیچ جۆرە سیستمێکی ژیان بەڕێوەبردن لە خۆ ناگرێت، کە ئەگەر بمانەوێت بەراوردی بە ئایینی ئیسلام بکەین لە هیچ ڕوویەکەوە قابیلی بەراوردکردن نییە .

بەدرێژایی چواردە سەدە کە ئیسلام ئایینی بەڕێوەبردنی دەسەڵات بووە _بە هەڵەدا دەچین، ئەگەر وا بزانین خیلافەتی ئومەوی و عەبباسی و عوسمانی دەسەڵاتێکی قورئانی بوون, وەلێ نایشکرێت بە دەسەڵاتێکی لامەزهەبییان لەقەڵەم بدەین, چون سەرچاوەی یاساکانی دەوڵەت قورئان و سوننەت و ڕاڤەی زانا موسڵمانەکان بوو _، دەیان بنەمای یاسایی و فیقهی لەلایەن زاناکانەوە داڕێژراون, سەدان تیۆریای تایبەت بە قەزاوەت و حوکم گەڵاڵەکراون, هەزاران قوتابخانە و ڕێبازی فیکری و فیقهی و عەقائیدی پەیدابوون, بەتایبەت لە سێ سەدەی سەرەتای ئیسلامدا دنیایەك بۆچوون و ڕای تازە هاتنە ئاراوە, جیاوازی و دەمەقاڵەیەکی مەعریفی کە لە مێژوودا کەم وێنەیە. . . خۆ ئەگەر ئەو هەرا فیکری و مەعریفییە لە مێژووی چواردە سەدەی شارستانەتیی ئیسلامی دەرکەین, جگە لە چەند شەڕ و شۆڕشێك و کۆمەڵێك دەسەڵاتداری ستەمکار چیدی لێ نامێنێتەوە. بە کوردی و بە کورتی دەمەوێت بڵێم لە شارستانەتیی ئیسلامییدا دوو ڕوو دەبینین: ڕوویەکی سیاسی کە بە لای منەوە جوان نییە،

لەگەڵ ڕوویەکی مەعریفی کە ئەمەیان پانتاییەکی زۆری شارستانەتیی ئیسلامیی داگیرکردووە, بەداخەوە زۆرجار لای خۆمان لە باسکردنی مێژووی ئیسلام و شارستانەتیی ئیسلامییدا، زیاتر جەخت لەسەر لایەنی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی دەکرێتەوە و ڕووە گەشەکەی کە لایەنی فیکری و مەعریفییە فەراموٚش دەکرێت .

وە نەبێت ئەم هەرا مەعریفییەش خاڵی بێت لە شەڕ و دەمەقاڵە. زۆر جار لە نێوان دوو ڕێبازی عەقائیدییدا شمشێر لە یەکتر هەڵکێشراوە یان لە مابەین دوو قوتابخانەی فیقهییدا جنێو بە یەکتر دراوە و تەشهیر بە یەکدی کراوە, وەلێ هێشتاش ناتوانین ئەو کێشمەکێشانە بە ناشیرین بزانین, چونکە قەت دوو کەس ڕێك وەکو یەك بیر ناکەنەوە، هەمیشە ئەوە جیاوازیی ڕاوبۆچوونە کە شێوازێك لە دیموکراسی دەهێنێتە ئاراوە و تەکانێك بە کۆمەڵگە دەدات بۆ چوونە پێشەوە, ئەوە دەنگهەڵبڕینە کە ڕێگە بە سەرکورتکاریی دەگرێت. ڕاستییەکەی مێژووی شارستانەتیی ئیسلامی پڕ پڕە لەو جۆرە دەنگهەڵبڕینانە, ئێمە ئەگەر بە وردی مێژووی ئیسلامی بخوێنینەوە، شەڕێکی بەردەوام لە نێوان دەسەڵات و بەرەی زانایان و ڕۆشنفیکراندا بە دیدەکەین, نمونەی سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیمامی سەرخەسی و شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمییە . . . لە مێژوودا کەم نین .

بە بڕوای من، لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتییدا هەمیشە گروهی زانایان و بیریاران و فەیلەسووفان لە بەرەیەکدا بوون کە بەرانبەر و دژ بووە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسییدا, لە سەردەمی کۆندا کوشتنی (فیساگۆرس) بە دەستی دەسەڵاتدارانی زەمانی خۆی و سزادانی سوکرات بە مەرگ مشتێکن لە خەروارێك .

ئەوا مێژووی ڕەشی سەدەکانی ناوەڕاست و دادگاکانی پشکنین (محاکم التفتیش)ی ئەوروپا و کوشتن و سوتاندنی دەیان زانا و سەرکوتکردن و

دەمکوتکردنی ڕووناکبیران لای زۆربەی خەڵکی ئەم سەردەمە شاراوە نین. ژۆردانۆ برۆنۆ، گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس سیمبوڵی ئەم قوربانیانەن .

لێرەدا زۆر گرنگە لە مابەین ئەم دوو بەرەیەدا، بەرەی ڕووناکبیران و بەرەی دەسەڵاتداران, ڕۆڵی ئایین ئاشکرا بکەین, ئایا ئایین سەر بە کام یەك لەو دوو بەرەیەیە؟!

هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە ئایین هەیمەنەیەکی سەیری بە سەر ڕۆحی تاکەکاندا هەبووە, لە قۆناغی ئەفسانەسازی و فرەخواییەوە (وەك: لە یۆنانی کۆندا دەیبینین)، تا قۆناغی سەرهەڵدانی بیری فەلسەفی و پاشانیش قۆناغی پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆژیا ئێستاشی لەگەڵدا بێت, ئایین چ لە ئاست تاك و چ لە ئاست کۆمەڵگەیشدا جۆرێك لە کاریگەریی هەبووە و هەیە, لە هەندێك کۆمەڵگادا کەمتر و لە هەندێکی تریشدا بێئەندازە .

لە مێژوودا جار بووە پیاوانی ئایینی هەم ڕێبەری دین و هەم ڕێبەری دونیای خەڵکیش بوون، لە چەند بڕگەیەکی مێژوویشدا دەسەڵاتداران دژی دیندارەکان وەستاونەتەوە و لە هەموو شوێنێك بەدوایانەوە بوون و لە هەر کوێیەکیشدا دەستیان پێیان گەیشتبێت سەریانیان لە جەستەیان کردووەتەوە .

بیرمان نەچێت هەمیشە ئایینێکی تازە کە دێت ئایینێکی تر لە ناو دەبات و لەسەر جەستەی ئەو خۆی ئیعلان دەکات, بۆیە لە مێژوودا ئەم شەڕە بەردەوام هەبووە, ئەوەتا جولەکە زۆریان ڕق لە عیسا و ئایینی مەسیحییە، چونکە ئایینی مەسیحی لەسەر جەستەی جولەکایەتی بونیادنرا. نەسرانییەکانیش زۆریان ڕق لە ئیسلامە, چونکە پەیامەکەی موحەمەد (دروودی خوای لەسەر بێت) لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئایینەکانی پێش خۆی هاتە ئاراوە![28]

---

[28]. پێدەچێت هەندێك کەس بڵێن: ئیسلام ڕێزی لە ئایینەکانی پێش خۆی ناوە و خۆی بە تەواوکەری ئەوان دەزانێت. ڕاستییەکەی ئیسلام بە شێوەیەکی عەمەلی ئایینەکانی پێش خۆی سڕییەوە، تەنانەت بە پێی دەقی قورئان، هەر کەسێکی مەسیحی یان جولەکە بڕوا بە ئیسلام و پێغەمبەرەکەی نەهێنێت بێباوەڕە و دۆزەخ جێگەیەتی! (إنّ الذين كَفَروا من أهل الكتاب و المُشركين في نار جهنّم خالدينَ فيها أبداً أولئك هُم شرُّ البريّة.) (سورة البيّنة) .

به هەرحاڵ ئایین ڕەنگە شۆڕشێك بێت و بەسەر دەسەڵاتدا بکرێت و ڕۆڵی قوتابخانەیەکی شۆڕشگێڕیی بگێڕێت, لە بەرانبەردا ڕەنگە ئایین ئەو دەسەڵاتە بێت کە شۆڕشی بەسەردا دەکرێت و هەوڵی سڕینەوەی دەدرێت و ئەویش بە هەموو هێزی خۆی دووژمنانی سەرکوت دەکات و لە ناویان دەبات .

لە حاڵەتی دووەمدا دەسەڵات و ئایین بە تەواوی ئاوێتەی یەکدی دەبن و لێك جیاکردنەوەیان ئاسان نییە .

هەندێجار دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی ئایین دەکات بە سپەرێك و خۆی لە پاڵیدا مەڵاس دەدات, بۆیە هەمیشە قسەکانی خۆی بە ڕەنگێکی ئایینی بۆیە دەکات, دەسەڵات هەمیشە پێویستی بە کەسانێك هەیە بەرگری لێبکەن, جا کێ لە پیاوانی ئایینی باشترن بۆ ئەم کارە؟!

لێرەدا کۆمەڵێك کەسی ئایینی کە پێیان دەوترێت پیشسپی و زانا، لە بەرانبەر بڕێکی کەم لە پارە و دەم چەورکردندا، تەسلیمی دەسەڵات دەبن و دەبنە بەرگریکارێکی سەرسەختی دەسەڵات، لەمەوە واعیزی سوڵتان دێتە ئاراوە. (بڕوانە: وعاظ السلاطین, د. علی الوردي) .

لە بەرانبەر ئەمانەوە خەڵکێکی تر کە خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن، دژی ئەو دەسەڵاتەو تەنانەت هەندێجار دژی ئایینەکەیش دەوەستنەوە و بەتوندی هێرشی دەکەنە سەر، یاخود بەپێچەوانەوە خۆیان وەك خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو ئایینە دەدەنە قەڵەم و بەرانبەرەکانیان لە پیاوانی ئایینی بە بەکرێگیراو و ئەڵقەلەگوێی دەسەڵات بە خەڵکی دەناسێنن, هەدوو نموونەکەیش لە مێژووی ئیسلامییدا دەبینرێن. بۆ نموونە لە سەردەمی دەسەڵاتی (مەئمون)دا، کاتێك موعتەزیلییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، دونیایەك لە پیاوانی ئایینی لە دەوریان گردبوونەوە و بە توندترین شێواز بەرگرییان لە بیری ئیعتیزال و مەسەلەی خەلقی قورئان دەکرد، لە بەرانبەریشدا ژمارەیەکی زۆر لە زانایان ئەم کارەیان پێ قبوڵنەکرا و بە هەموو جۆرێك لە دژی وەستانەوە, ئەحمەدی کوڕی حەنبەل سیمبولی ئەم بەرگریکردنەیە .

هەڵبەت دەقەکانی ئایینی ئیسلام لە قورئان و سوننەت فرە ڕەهەندن و قابیلی دونیایەك خوێندنەوەی جیاوازن .

دەبێت ئەوەیشمان بیر نەچێت، زانستی (ئوسوڵی فیقه) ئەو زانستەیە کە زانایانی ئیسلام لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامەوە بەدییانهێنا تا کێشەی ئەو ئاڵۆزی و بە ڕووکەش دژیەکییەی دەقەکانی پێ چارەسەر بکەن، بە بڕوای من هەر کەس شارەزاییەکی تەواوی لە ئوسوڵی فیقهدا نەبێت ناتوانێت فتوا لەسەر حەرامی و حەڵاڵی کوشتنی مێرووڵەیەکیش بدات!

ئەگەر هەرکەس هەڵسێت و بەپێی دەقێکی قورئان یان فەرموودە کارێك حەرام یان حەڵاڵ بکات، ئەوا دەبێت بە هەرکەس بۆ خۆی و پاشاگەردانی و ئەمەیش هێواش هێواش کاریگەریی لەسەر لاوازکردنی ئەو ئایینە دەبێت، بۆیە پێویستە هەمیشە مەرجەعێك هەبێت هەمووان دانی پێدا بنێن و کێشەکانیانی ڕوو بەڕوو بکەنەوە .

ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامییدا لای شیعە مەزهەبەکان مەرجەع هەیە، وەلێ لای سوننە مەزهەبەکان مەرجەعێکی لەو شێوە بوونی نییە، هەر بۆیە دەبینین هەر کەسە و بە ڕەبەی خۆی دەپێوێت و هەر یەکە لە ئاوازێك دەچڕێت!

ڕەنگە هەندێك لە خوێنەران وای بۆ بچن کە من لە مەبەستی سەرەکی نووسینەکەم لامدابێت .

کاتێك دەتەوێت لە بابەتێك بدوێیت، پێویست دەکات لە بناغەوە دەستپێ بکەیت، ڕاستە مەبەستی سەرەکی من باسکردنە لە حەرامکردنی پرۆژەکەی ڕێکخراوی کیدۆ، لێ چونکە ئەم باسە بابەتێکی تەواو ئاینییە و بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام حەرامکراوە، هەر بۆیە پێویست دەکات باس لە کاریگەریی ئایین بە گشتی بکەین و کەمێکیش لەبارەی شەریعەتی ئیسلام و فتواوە بدوێین، تا خوێنەر لە پڕ ڕوو بە ڕووی بابەتێك کە هیچی لە بارەوە نازانێت نەبێتەوە، یان کەسانێك وا گومان نەبەن کە نووسەر هەر لە خۆیەوە کەوتۆتە وێزەی بابەتێك کە ئیشی ئەو نییە .

## ناوەڕۆکی ڕەخنەکەم لە فتواکەی یەکێتی زانایان

لە زانستی (ئوسوڵی فیقە)دا یاسەیەك هەیە دەڵێت: " إذا دار الأمر بين ضررين , فاختَر أهونهُما " واتە: (ئەگەر لە نێوان دوو کاری زیانباردا ناچار بە هەڵبژاردن کرای, ئەوەیان کە زیانی کەمترە هەڵبژێرە) .

ئەم یاسایە ڕەنگە کۆڵکە مەلایەکیش بیستبێتی، مامۆستایانی ئایینیی بەڕێزیش وەکو من دەزانن ئەمڕۆ گەورەترین گرفتێك ڕووی لە کۆمەڵگەی ئێمە کردووە کێشەی قەیرەیی کچانە، کە بە سەدانیان پەلکی ڕەش و سپی لە ماڵە بابدا دەهۆننەوە و کەسێك بە مەبەستی خوازبێنی لە دەرگای ماڵیان نادات, لە لایەکی ترەوە پۆل پۆل گەنجی ئەم وڵاتە بە بەرچاوی هەموومانەوە ڕێگەی مەرگ و ژیان دەگرنەبەر و ئەگەر وا بڕوات چەند ساڵێکی تر کوردستان دەبێتە خەڵوەتگەی پیری! هەموو دەزانین تەمەنی ژنهێنان و شووکردن زۆر چووەتە سەرەوە, سەدان کوڕ لەم وڵاتەدا تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ تێپەڕیوە و جارێك زۆریان ماوە بتوانن لە خەیاڵیشدا بیر لە هاوسەرگیری بکەنەوە،  ئاخر مووچەی مامۆستایەك لە (٣٠٠) هەزار تێناپەڕێت لە کاتێکدا کرێی مانگێکی ئایخترین خانوو لەم شارەدا لە سێ گەڵا (٣٠٠ دۆلار) کەمتر نییە, بە سێ هەزار دۆلار پێشەکیشەوە, کەواتە ئەگەر مامۆستایەك (خوانەخواستە!) بیەوێت ئەو هەڵەیە بکات و ژن بهێنێت دەبێت مانگی سەد دۆلاری لە شوێنێك قەرز بکات و بیخاتە سەر مووچەکەی تا بتوانێت سەری مانگ کرێ خانووەکەی بداتە دەست ساحێب ماڵەکە, ئەوە ناوماڵە و خواردن و جلوبەرگ و مەکر و نازی ژن و گریانی منداڵ و کرێی پاس و هەزاران تڕوتەشخەڵەی تر با لەولاوە بووەستێت, کەواتە کابرا تڕێك و تۆپێك جاو قەرزار بوو!

وڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو وێرانی دەڕوات, کۆمەڵگەیەك خەمی لە سەدا نەوەدی گەنجەکانی لە نێوان هەردوو ڕانیاندا کۆ بووبێتەوە دەبێت چ چاوەڕوانییەکی لێبکەین؟

ئەگەر مامۆستایانی ئایینی بە کوفری دەزانن گوێبیستی هەندێ هەواڵ و دەنگوباس بن کە لەگەڵ میزاجیاندا ناگونجێت، ئەوا من کە زیاتر لە حەوت ساڵە لە نێو گەنجانی زانکۆدا دەژیم، هەواڵی زۆر دەبیستم و زیاتر لە حاڵی ئەو گەنجانە بە خەبەرم, هەر لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەیان هەواڵی دڵتەزین لە میدیاکاندا بڵاوکراوەنەتەوە کە ویژدانی هەموو تاکێکی خاوەن هەست دەهەژێنن .

جارێك باس لە بڵاوکردنەوەی دەیان پارچە فیلمی سێکسی کوردی دەکرێت, جارێك خەبەری ئەوەی هەرزەکارێك دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێك و بە مۆبایل وێنەی دەگرێت و بە هەموو لایەکدا پەخشی دەکات گوێ و چاومان ئازار دەدات، لە شوێنێك کوڕێك خۆی دەکوژێت, لە لایەك کیژێك ئاگر لە خۆی بەردەدات .

مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی! ئێوەی بەڕێز تەنها بۆ ئەوە ئازان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە هاوار بکەن: " کۆمەڵگە فەساد بووە, گەنجان عەمەلیان شەڕ بووە, شەریعەتی خودا پێشێل دەکرێت, خوا غەزەبمان لێدەگرێت و دوور نییە بە بومەلەرزەیەك هەمووومان لە کون فەیەکونێکدا لەناو ببات! "

ئادەی من ئێوە دەخەمە جێگەی گەنجێکی (١٧) ساڵە و پێتان دەڵێم: زینا مەکەن, چاوتان لە ئاست حەرام ببەستن و نەزەر مەکەن، ژنیش ئەهێنن یان نا کێشەی من نییە. . توخوا چی دەکەن؟!

ئاخر هەر ئێوەی بەڕێز بە حوججەتی ئەوەی دژ بە شەریعەتی خوا و ئایەتی قورئانە یاسای دژە فرەژنیتان قەدەغەکرد, لە ترسی ئەوەی نەوەك ڕۆژێ یەکێك لە پیاوە ورگزلەکانی ئەم وڵاتە بە ژنێك و دووان تێر نەخوات، دەستی لە هێنانی ژنی سێهەم و چوارەمیشدا کراوە بێت[29] , لە کاتێکدا خووەنهێنی (ئیستیمنا)ش

[29]. دەستخۆشی لە مامۆستایانی ئایینی دەکەم لەوەی دژایەتی یاسای دژی فرە ژنییان کرد، بەڵام پێم وایە چۆن بەرگریکردن لە قورئان پێویستە بە هەمان ئەندازە خەمخواردنی گەنجانیش وا پێویستە، نابێت بە بەرچاوی زانایانی

له گەنجێکی هەرزەکاری بەدبەخت حەرام دەکەن. بۆ خاتری خوا ئێوە لە کوێ دەژین؟!

زانای ئایینی دەبێت بەر لە هەر شتێك دەروونناس بێت, دابەزێتە ناو خەڵکی، لە کەموکوڕی خەڵکی بکۆڵێتەوە و ئاگای لە ئازار و ژانی مەردوم بێت، هەروەك چۆن کەس گوێ لە فتوای نابینایەك کە نەزەرکردن بە حەرام دەزانێت ناگرێت, هەر ئاوهایش گەنجێك کە بە دەست غەریزەی سێکسییەوە گیری خواردووە, ئامادە نییە گوێ لە وتاربێژێك بگرێت کە ڕۆژی هەینی بە قژی تەڕەوە دێتە سەر مینبەر و هاوار دەکات: " ئەو کەسەی بە لاچاویش سەیری نامەحرەم بکات تا ماوە بۆنی بەهەشت بە لوتیدا ناچێت"! گەنجەکە دەزانێت مامۆستا ئەگەر شەوێك ژنەکەی لە ماڵدا نەبێت شەڕ بە مناڵەکانی دەفرۆشێت!

ئێوە ئەم پرۆژەیەتان بە بیانووی ئەوەی سووی تێدایە حەرام کرد، لە کاتێکدا ڕێکخراوی کیدۆ ڕایگەیاند ئەو یەك دۆلارە زیادەیەی مانگانە لە بەشداربووانی وەردەگرێت دەیکاتە خەرجی مووچەی کارمەندانی ڕێکخراوەکە، چونکە ئەو ڕێکخراوێکی ناحکوومییە و دەوڵەت مووچەی کارمەندانی دابین ناکات، وتیشی ئەگەر یەکێتی زانایان یان هەر لایەکی تر ئامادە بێت مانگانە مووچەی کارمەندەکانی بدات، ئەوا ئەو دۆلارە زیادەیەش لە بەشداربوان وەرناگرێت. باشە بۆچی مەیدانەکەتان چۆڵکرد و ئامادە نەبوون داوا لە حکوومەت بکەن و فشاری بخەنە سەر تا بەو کارە هەڵسێت؟ یان بەڕێزتان هەر بۆ ئەوە ئازان فەتوا دەربکەن و خەڵکی لە دین بتۆرێنن؟!

لە بیرمە پێرار _ مەبەست ساڵی ۲۰۰۳یە_ کاتێك لە ژێر فشاری مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیدا حکوومەت بە نابەدڵی بڕیاری داخستنی زانکۆی ئایندەی دا و دڵی چەند بەرپرسێك ئێشا، وەزیری ئەوقافی ئەو کات سەردانی خوێندکارانی زانکۆی داخراوی کرد وتی: " بەگوێرەی شەریعەتی

---

ئایینییەوە لاوان یەك یەك بەرەو هەڵدێر بڕۆن و کەچی ئەوان ورتەیان لە دەم دەرنەیەت و کارێکی باش ئەنجام نەدەن.

ئیسلام داخستنی زانکۆ کارێکی حەرامە، لە کاتێکدا سی و حەوت ڕۆژ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە بەر بەفر و بارانەوە بوون ئەو بەڕێزە نەهات بڵێت: بەپێی شەریعەتی ئیسلام مافخواردنی ئەم خوێندکارانە لە پێناو پڕکردنی گیرفانی چەند بەرپرسێکدا کارێکی حەرامە!

بەڕاستی لەم وڵاتەدا هیچ شتێك لە جێی خۆیدا نەماوە, پێویستە مامۆستایانی ئایینی یان بە کاری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵسن و باری نالەباری ئەم وڵاتە ڕاست بکەنەوە یان ئەگەر هیچیشیان لە دەستنایەت با دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن و بە پێی یاسای (چاکی مەکە با خراپ نەبێت) خۆیانی لێ بێدەنگ بکەن. پێغەمبەریش (د.خ) دەفەرموێت: " من کان یؤمن بالله والیوم الآخر فلیقُل خیراً أو لِیَصمُت ": (ئەو کەسەی بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە یان با باش بڵێت یان بێدەنگ بێت).

هیچ مانای نییە هەر کارێك کە لە بەرژەوەندیی خەڵکێکی چارەڕەش و بەدبەختدا بێت بە فتوایەکی کتوپڕ و بێ بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکان و بێ لێکدانەوەی لایەنی باشی و خراپی، حەرام بکرێت و لە بەرانبەریشدا هیچ بەدیلێك نەخرێتەڕوو و لە هەرکوێ تروسکاییەك ئومێد هەبێت بەری پێ بگیرێت. من ناڵێم سوو حەڵاڵە یان ئەم پرۆژەیە ڕیبای تێدا نییە، لێ حەز دەکەم مامۆستایان بۆ هەموو کارێك هەر ئاوا لەسەر خەت بن، چۆن فشار لەسەر دەروونی گەنجان دروست دەکەن ئاوهایش فشار لەسەر حکوومەت دروست بکەن تا چارەسەرێك بۆ دەردی بێکاری و گرفتی ڕەبەنی و قەیرەیی بدۆزێتەوە، با یەکێتی زانایانی بەڕێز لە ئاست ئەو هەموو گەندەڵی و دزی و تاڵانییانەی لەلایەن هەندێك لە بەرپرسانی ئەم وڵاتەوە بە بەرچاوی میللەتەوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت، دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕێت و قرِوقپی لێنەکات!

لاوانی نیشتیمانی من کە لە هەر خۆشییەك بێبەشن و ئومێدیان بە داهاتوویش نەماوە، مەگەر لەمەودوا لەگەڵ (محمد عمر عوسمان)دا، ئەم چوارینە بڵێنەوە:

که خوێنی خۆمـم ڕشته تـابلـۆوه
که زانیـم ئیتر خۆر لێم هەڵنایـەت
من گوللەی مەرگم نا بـه خۆمــەوه
چونکه (بەدبەختی کۆتایی نایەت)!

ئەگەر ئایینێك کاری تەنها ڕێگریکردن بێت لە خۆشبەختی مرۆڤ، ئەگەر ئایینێك هیچ بەرنامەیەکی بۆ باشترکردنی کۆمەڵگە پێ نەبێت, ئەگەر ئایینێك بە هەموو شێوەیەك گەنج بچەوسێنێتەوە و حەزەکانی سەرکوت بکات , ئەگەر ئایینێك تەنها خراپە بڵاوبکاتەوە و باشەی لە دەست نەیەت _کە ئەمە ئایینی خودا نییە و ئایینی هەندێك کۆڵکە مەلایە _، دەبا هەموو دونیا بە شایەت بن من بەو ئایینە بێ باوەڕم![30]

---

[30]_ دوو وتار لەسەر ئەم بابەتە بڵاوکرابوونەوە، لێرەدا هەردوو وتارەکە وەك خۆیان دەخەمەڕوو:

بەدواداچونێك بۆ بابەتی

ئایین لەمپەرێك لە بەردەم خۆشبەختییدا

عبدالله گەرمیانی

وەکو نەریتێکی باو، ڕۆژانی شەممە ڕوو دەکەینە ئەو کتێبخانانەی کە ڕۆژنامەش دەفرۆشن و لە نێو ئەو ڕۆژنامانەیشدا (ئاسۆی گەنج)ی تێدایە، ئەو ڕۆژنامەیە زۆرێك لە گەنجان ئەتوانن پەیدای بکەن جیاواز لەڕۆژنامەکانی تر کە پیرەکانیش تێیدا بەشدارن, تا ڕادەیەکی زۆریش نرخەکەی هاندەرێکی باشە بۆ زۆرێك گەنج کە ببنە خوێنەری ڕۆژنامەی(ئاسۆ).. منیش بۆ ئەو مەبەستە شەممەی ڕابردوو سەردانی کتێبخانەیەکم کردو ڕۆژنامەیەکم لەگەڵ خۆمدا بردەوە, ئەشمزانی کاك (هێمن خورشید) نیازی وەهایە گۆمێکی پەنگ خواردوو بشەڵەقێنێ و کۆتایی بەو بێدەنگییە بهێنێ کە لە واقیعدا گەنجانی تاساندووەو هاکا خەریکە لە پەراوێزیشدا وەدەری بنێت!

بۆخۆم دەزانم باسەکانی نێو کتێب و سەنگەری زانایان لە ڕابردوودا چۆن بوون و، لە ئێستاشدا چۆن وەعزو ئیرشادەکان ئێمەیان گەیاندۆتە ڕۆخی تیاچوون, ئاخر دەکرێت تیاچوون چۆن بێت؟! من ببینی کفن کرابم لە نێو تابوتێکدا بە سەرشانی دوو گەنجی کەساسەوە بم و سەرەخواری قەبر بکرێم! گەر خەڵکی ئەوە بە تیاچوون بزانن زۆر هەڵەن, بەڵکو ئەوە شانازییەکەو سەرەتای هەڵدانەوەی پەڕەکان و خوێندنەوەی گلەییەکانە لە مرۆڤەکان و دڕاندنی پەردەی ترس و فرێدانی کۆتەکانە, دوای خۆڵ بە سەرداکردن گەیشتنە خواو شکاتکردنە لە مرڤەکان,

دڵنیام تورەیی بێزارترینمان لەو بابەتە ئەوەیە ئێمە خۆمان بە دۆست و ئازیزی خوا ناسیوەو خۆشمانەوێ (حق الیقین)مان هەیە کە ئازیزو میهرەبانە, بەڵام لە واقیعدا پێچەوانە پێمان دەناسێنرێت! ئێمە لە قورئاندا ئەبینین پەروەردگار ئەفەرموێت (... لِیُخرِجَکُم مِنَ الظُلُماتِ الی النُّور).

بۆ ئەوەی لە تاریکی دونیاو پەشێوی دەروونەوە هەنگاو هەڵبگرین بەرەو ئیسلام, بۆ ڕوناکی و بوژانەوەی دەروون, کەچی ئەو تروسکاییە ڕوناکییەی لە دەروناندایە فووی پێدا دەکرێت. ئێمە بە دەست و دڵ و چاوێکی میهرەبانەوە ئەڕوانینە ئاسمان و بە چاوێکی پڕ گلەییشەوە ئەڕوانینە زەویە نەخۆشەکەی خۆمان و بە زمانی حاڵ ڕازەکانمان دەردەبڕین، بۆچی لە ئاسمانمان ئەکەن؟! خۆ ئاسمان کۆشی هەموان و سایەی گشت نەوەکانی ئادەمە.

دوای ئەوەی ڕۆژنامەکەم خوێندەوە برینەکانم کولانەوە, کولانەوەی برین بۆ خۆم نەبوو, بەڵکو بۆ ئەو ژیارە دەوڵەمەندە بوو کە بە درێژایی مێژووی میللەتانی موسڵمان _بە ئێمەی کوردیشەوە_ دروستبوو و ئێمە سوودی لێ نابینین , ئێمە وەکو دەوڵەمەندێکمان لێهاتووە کە چوارچێوەو قوژبنی خانوو و موڵکەکەی کانزاو گەوهەری گران بە هابێت و نەتوانێ لە نانەواخانەیەکدا نانێك بکرێت!

ئەو کات حەزمکرد هەم وەکو گەنجێك و هەم وەکو ئەوەی لە دورو نزیکەوە ئاشنام بە هەندێ زانیاری سەبارەت بەو ژیارو زانستەی لەو بابەتەدا باسیان هەبوو, درێژە بەو باسە بدەم و بە هەموومان پێش ئەوەی بە خوا بگەین گلەییەکانمان بدەینە گوێی ئەو زانایانەی کێشەکان چارەسەر ناکەن و تەنیا ئاڵۆزی ئەکەن, هەرچیم کرد کاتم بۆ نەڕەخسا دوو وشە بنوسم تا کات هاتە سەر ڕۆژی هەینی و خێرا وەکو نەریت ڕومانکردە مزگەوت بۆ بیستنی وتارو وەعزو باسی خواپەرستیی,ڕووکردنە مزگەوتیش بووەتە نەریت و لە ترسی ئەوەدایە نەکا مۆری بێباوەڕیمان بە سەر دڵدا بدرێت، باسەکان بوونەتە بابەتێکی تۆمارکراو و لە هەستان و دانیشتنماندا تەوقیتکراوین!

لە تەمەنی خۆمدا ڕوونکردنەوەی گرنگم لە مینبەری مزگەوتەکانەوە نەبیستووە، ڕوونکردنەوەیەك کار لە خەڵکی بکات و ببێتە هۆی چاکسازی _مەبەستم لە چاکسازی پرۆژەیەکی بەردەوامە_، ئەوەی هەژاندمی و ئەوەی ئەم قەڵەمەی بە زۆر پێگرتم وتاری مامۆستای مزگەوت بوو، پێش دەستپێکردن بە ناوی خوا، ئاگادارییەکی خوێندەوەو فوویەکی کردە ڕوناکی بەرچاوو دەروناندا و فەرمووی: " لە دوای کۆبونەوەی وەزارەتی ... بڕیار درا ئەمانەی لای خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

١- دەنگی مزگەوتەکان کەم بکرێنەوە، چونکە خەڵکی بێزار دەکەن.

٢- لەمەودوا بە هەر قورئان خوێنێك لە پرسەکاندا ڕۆژانە پەنجا هەزار دینار دەدرێت و نابێت زیاتر لەو پارەیە وەربگرێت ...

ئەوانەم بیست بزەیەکی پڕ لە خەمم بۆ دروستبوو, (خامەنەئیم) هاتە پێش چاو, ئەو وتارەکانی لە ئێراندا ئاراستەگەلێکن, بۆ جەماوەرو بۆ هاندانی گەنجانیش, قسەکانی بزەیان لێ ئەباری و شەقامەکان پڕ ئەبن و هەموو خەڵك لە وتارەکانیدا کڕوکپ دادەنیشن و جارناجارێك مەرگ بۆ ئەمریکا و خۆشی بۆ چەوساوان دەنێرن, گەر بشوترێت ئەوانە وتاری سیاسین, ئەی با هی ئێمە وتاری کۆمەڵایەتی بن. تۆ بیربکەرەوە مرۆڤ ئازیزێکی بمرێت (گوێی شەیتان کەڕ بێت!)، لە جیاتی ئەوەی سەرەخۆشی لێبکرێت و ئازارو مەینەتیەکەی کەم بکرێتەوە،

ئەبێت بۆ دوو ڕۆژ تەنیا بۆ قورئان خوێنێك (١٠٠) هەزاری لێ وەربگیرێت! ئاخر من لە سیرەی پەیامبەردا(د.خ) بینیومە ئەو بە هاوەڵان فەرمویەتی: بۆ خێزان و بنەماڵەی (جەعفەر) خواردن ئامادە بکەن, چونکە کۆستیان بەسەردا هاتووەو فریای چێشت لێنان ناکەون. ئەوە پەیامبەری خۆشەویستە ئاوەها ئامۆژگاری هاوەڵانی دەکات. ئایا ئێمە لە کوێی ئەو ئامۆژگاریەداین؟ کەی مامۆستایەك لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی مردوویەکدا ئاوەها ئامۆژگاری خەڵکی کردووە؟! چی مامۆستایەك خۆی کردووەتە شەمع و گەنجانی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە؟ خۆ هاوەڵانی پەیامبەر(د.خ) زۆربەیان گەنج بوون.

منیش دیارە خەریکە لە باسەکە دووردەکەومەوە, بەڵام دڵنیام دووڕویەکی هەمیشە ئاڵقەلێکدراو و کەناری یەك بازنەن, ئەوەی کاك هێمن باسیکردبوو، ئەکرێت کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە پرۆژەیەکی بونیادنەر و سوودەکەشی بۆ ئایین بگەڕێنرێتەوەو گەنجانیش لەو تەنگژەیە رزگار بکرێن, چۆن؟

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو ڕێسا ئوسوڵییەی کاك هێمن باسیکردووە ( لە نێوان دوو زیانیاندا سووکترینیان هەڵدەبژێردرێت )، ناکرێت ئەوە بکرێتە چارەسەر. (سوو و داوێن پیسی) هیچیان سووك نین و هەنگاوی ترمان لە بەردەمدا ماوە چارەسەری ئەو کێشانەی پێ بکەین, سەرەتاش دەشێت لە خودێ زانایانی ئایینییەوە دەست پێ بکات، بە وەی مارەیی زۆر نەخەنە سەر کچانی خۆیان و سادە بژین و لە مارەبڕینەکاندا جەخت لەسەر لایەنی ڕۆحی و دوورکەوتنەوە لە ڕواڵەت و ماددەپەرستی بکەنەوە، تا ئاسانکاری بۆ گەنج بکرێ، هەروەها بۆ مارەبڕین کرێی زۆر وەرنەگیردرێت, مامۆستاکە مافی خۆیەتی پارەیەکی پێ بدرێت, بەڵام ئەرکی سەر شانیەتی ئاسانکاری بکات و خۆی ببێتە مایەی بەیەکترگەیاندنی کوڕو کچ و بەستنی هاوسەرگیری, ئاخر چی سوودێك لەو مامۆستایە دەبینرێت کە بۆ پارەی مارەبڕین موعامەلە دەکات و کەمەو نابێ و ئەمە چییە دەکات؟! چی سوودێك لەوە دەبینرێت کە تەڵاق چاککردن لای یەکێك ناشێت و لای ئەوی دیکەیش هەر زۆر ئاسان چاك دەکرێتەوە؟! ئاخر ناکرێت گەورەیی زانایان بگەڕێندرێتەوە؟

من ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە کتێبەکاندا ئەبینم بە شەقامەکانی بەغدادا دەڕوات و درووشمەکەشی (من المحبرە الی المقبرە)یەو، ئاشتەوایی نێوان خەڵکی و باوك و کوڕو کچ و دایك ئەکات و ئەڵقەی وانەکانیشی پڕن لە گەنجان, بزەیان بۆ دەبەخشێتەوەو باسەکانی دۆزەخیش بزەی پێ نابڕن و گەنجان میوانی وتەکانین, کەچی منێکی گەنج شیاوی سلاولێکردنێك نیم لەم مەملەکەتەدا، تەنها لەبەر ئەوەی سەرم ڕووتە! گەرچی دەرچووی بەشی توێژینەوە ئیسلامیەکانیش بم.

بێگومان لە ڕێگەی قورئان و سوننەت و شوێنەوارە رووحیەکانی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دەرمان گەلێك هەن دەردەکانمانی پێ چارەسەر دەکرێن, کاك هێمن! ئێمە ئایەت و فەرموودەمان لە بەردەستدایە دەردەکانمان تیمار ئەکەن, بۆ گەیشتوویت بەو بابەتە ئوسوڵییە, کە نووسیشت ئەمەت بنوسیایە: (بنچینە و بناغە لە هەموو شتێکدا ڕەواو ڕێگەپێدراوە, تەنیا شتێك نەبێت کە ببێتە مایەی ناڵەبارکردنی ئەو ڕێگەدانە).

گەر یەکێتی زانایان بیانوویان ئەو یەك دۆلارە زیادەیەیە کە کیدۆ لە گەنجانی وەردەگرێت, ئەوە بیانویەکی ڕەوایە ئەو یەك دۆلار زیادەیە کە (سووە)، ڕێگرە. کیدۆش چارەسەری ئەو کێشەیەی خستۆتەڕوو بەوەی یەکێتی زانایان

مووچەی فەرمانبەرەکانی بۆ دابین بکات, گەر کیدۆ بە حەق ئەو کارە بکات و ئامادە بێت بە پێدانی موچەی فەرمانبەرەکانی دەست لەو زیادەیە هەڵبگرێت, ئەوا خزمەتێکی گەورە دەکات کە جگە لەو هیچ کەس لەم وتەلآدا پێی هەڵنەساوە, بۆیە پێویستە یەکێتی زانایان و وتاربێژی هەموو  مزگەوتەکان لە بەرامبەر حکومەتدا پێداگری بنوێنن کە موچەی فەرمانبەرانی کیدۆ ئامادە بکات تاوەکو خزمەتی گەنجان بکرێت, مووچەی ئەو فەرمانبەرانە هەرچەند بێت ناگاتە تۆزقاڵێکی ئەو مووچە خەیاڵییەی کەسانێکی زۆر لە ماڵدا پاڵیان لیٚ داوەتەوە و مانگانە وەریدەگرن, گەر مامۆستای مزگەوتەکان ئەو کارەیان کرد ئەوە ئەتوانن گەنجان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و سیمای ڕاستەقینەی زانایەتی دەربخەن و بیسەلمێنن کە ئایین لەمپەری بەردەم خۆشبەختی مرۆڤ نییە، بەڵکو مایەی خۆشبەختی و بەختەوەرییە.

## ئایین هەمیشە ڕێگایەکە بۆ خۆشبەختیی مرۆڤەکان!

### چەند سەرنج و تێبینیەك لەسەر بابەتەکەی (هێمن خورشید)


هێمن مەنسور کەرکوکی

*زانکۆی کۆیە_کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان*


ڕۆژنامەی ئاسۆ لە ژمارە (٢٩٠)ی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٣/١٧)دا بابەتێکی هێمن خورشیدی بە ناونیشانی (ئایین لەمپەرێك لە بەردەم خۆشبەختییدا_ لە پەراوێزی وەستاندنی پرۆژەکەی ڕێکخراوی کیدۆدا) بلاوکردووەتەوە، کە تیایدا نووسەر باس لە چەندین مەسەلەی جیاواز دەکات بە تایبەتی مەسەلەی پرۆژەکەی ڕێکخراوی کیدۆ، هەر بۆیە ویستم چەند سەرنج و تێبینییەك لەسەر بابەتەکەی بخەمەڕوو و قسەی لەسەر بکەم. سەرەتا دەمەوێت لەسەر ناونانی بابەتەکە قسە بکەم، کاك (هێمن خورشید) پێی وایە ئایین لەمپەرێکە لەبەردەم خۆشبەختییدا، ئەمەش لە ڕاستییدا هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئایین هەمیشە ڕێگایەکە بۆ خۆشبەختیی مرۆڤەکان و لەسەر ئەم بابەتەش چەندین نموونەی زیندوو هەن کە دەیسەلمێنن ئایین هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئینساندا بووە نەك دژی, هەر بۆیە خوای گەورە بە دەقی قورئانی پیرۆز سووی حەرامکردووە بە هەموو شێوەیەك. من پرۆژەکەی ڕێکخراوی کیدۆ بە باش دەزانم بە مەرجێك هیچ زیادەیەك داوا نەکەن، چونکە ئەوکات دەبێت بە (سوو). لەوانەیە یەکێك بلێت ئاخر کاکە خۆ چی ڕوودەدات؟ یەك دۆلارە قەیچێکا؟ پرۆسەی هاوسەرگیرێتی گرنگترە, من لە وەلآمدا دەڵێم تاوانی گەورە لە تاوانی بچووکەوە دەستپێدەکات، من وەك گەنجێك هیچ ئامادە نیم پرۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجامبدەم بە سولفەی ڕیبا، ئەگەر ڕێکخراوی کیدۆ ئامادە بێت بری سێ هەزار دۆلار بدا بە من خۆ دەتوانێت موچەی فەرمانبەرانی ڕێکخراوەکەش دابین بکا, بەلآم ئەو لە ئاوازێك دەخوێنێ کە تۆ تێی ناگەی .

لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا یەك دەرهەم بە زیادە ڕیبایەو حەرامە، پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکدا پاش ئەوەی باسی جۆرەکانی ڕیبامان بۆ دەکا، دەفەمویت: ﴿ فَمَن زادَ أو استزادَ فقد أربى، وَالآخِذُ وَالْمُعطى سَواء﴾، بۆیە ڕیبا واتە زیادەو زیادە سەندنیش حەرامە، ئیتر فەرق ناکا درهەمێك بێت یان دۆلارێك ئەمە یاسایە، تۆ بڵێی خوای گەورە دژی بەرژەوەندی مرۆڤەکان بێ لە دانانی یاساکاندا؟ بێگومان نەخێر، چونکە خودا هیچ شتێکی قەدەغە نەکردووە لە مرۆڤەکان ئەگەر لە بەرژەوەندی مرۆڤدا نەبوو بێت، بڕوانە کاتێك عەرەق خواردنەوە، کاری نایاسایی، زینا، کاری نابەجێ و کوشتن و برین حەرام دەکات، هەڵبەتە بە بێ حیکمەت نییە. پاشان کاك هێمن قسەیەکی زۆر لەسەر زانایانی ئایینی دەکات . هەروەك ئەوەی ئەوان دانەری ئایەتی ڕیبا بن، بۆیە ڕوودەکاتە ئەوان و دەڵێت: ئاخر بۆ حەرامی دەکەن؟ دواتر کاك هێمن دەڵێت: " لە زانستی شەرعیشدا شتێکم خوێندووەو هەر هیچ نەبێت (قل) لە (فل) جیا دەکەمەوە ..." خۆ ئەگەر جەنابت شتێکت لەو بارەیەوە خوێندبێ دەزانی پرۆژەکە ڕوونە ڕیبایەو کردنی حەرامە. پاشان مەسەلەی ڕیفۆرم پەیوەندی چییە بەم بابەتەوە؟ دیارە دەتەوێت ئێمەش ڕیفۆرم لە ناو ئایینی ئیسلامدا بکەین, بەڕاستی ئەمە شتێکی نابەجێیە, چونکە نە من و نە تۆ ناتوانین ڕیفۆرم لە قورئاندا بکەین کە ئایەتەکانی نەگۆڕن, پاشان کاك هێمن باس لە هاتنی ئایینەکان ئەکا، هەروەك دەڵێت: " بیرمان نەچێت هەمیشە ئایینێکی تازە کە دێت ئاینێکی تر لەناو دەباو لەسەر جەستەی ئەو خۆی ئیعلان دەکات "، لە ڕاستیدا ئایینە تازەکان نەهاتوونە لەسەر جەستەی ئایینەکانی تر خۆیان ئیعلان بکەن و ئەوانیش بکەن بە ژێردەستەی خۆیان، ئەمە هەر زۆر دوورە لە ڕاستییەوە, چونکە هەر ئایینێك لە دواییدا هاتبێ تەواوکەری پەیامی ئایینەکەی پێش خۆی بووە, بۆ نموونە کاتێك ئایینی ئیسلام هات, نەهات لەسەر جەستەی ئایینی مەسیحیی خۆی ئیعلان بکات, بەڵکو وەك تەواوکەری ئایینی مەسیحی و ئاینەکانی تر هات، کاتێکیش ئیسلام بوو بە ئایینی دەوڵەت و باڵادەست، نەهات ئەوانی تر بکات بە ژێر دەستە, پێغەمبەری خوا جیرانی هەبووە مەسیحی بووەو مەسیحییەکان تەنانەت لە ناو شاری موسڵماناندا ژیاون و خاوەن ماڵ و موڵکی خۆیان بوونەو هیچ سانسۆرێکیش لە سەریان نەبووەو، لەسەر ئایینی خۆیان ماونەتەوە، کەسیش بۆی نەبووە پێیان بڵێت بن بە مووسڵمان. پاشان کاك هێمن دەڵێت: " دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی ئایین دەکات بە سیبەرێك و خۆی لە پاڵیدا مەڵاس دەدات، بۆیە هەمیشە قسەکانی خۆی بە ڕەنگێکی ئایینی بۆیە دەکات..". بەڵێ زۆر ڕاستە دەسەڵات هەمیشە هەوڵ دەدات کەسانێك پەروەردە بکات لە قوتابخانەی خۆیداو بەرگی پیاوی ئایینی بکات بە بەریانداوەو بە کۆنترۆڵی دەسەڵات بجولێنەوە، لە یادمان نەچێت ڕژێمی بەعس ئەمە پیشەی بوو، بۆ نموونە لە کەرکوك کەسی وام بینیوە ڕۆژ هەتا ئێوارە لە ناو فرقە حیزبێکانی بەعسدا کاری کردووەو ڕۆژی هەینیش بە (جبەو عەمامە)یەکەوە هاتۆتە سەر مینبەرو وتاری داوە، وتارەکانیش هەموویان لە بەرژەوەندی حیزبەکەیدا بوون, بۆیە ئەم دیاردەیە هەتا ئێستاش لە کوردستاندا بەردەوامە، کاتێك وادەی هەڵبژاردن دێتە پێشەوە حیزبەکان ڕوودەکەنە لای پیاوەکانی خۆیان تا بە هانایانەوە بێن، زۆر پێویستە ئێمە پیاوانی ئایینی ڕاستەقینە لە پیاوانی حیزب جیا بکەینەوە, بە چاوی خۆم بینیوومە دەیان پیاوی ئایینی خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرا نەیانهێشتووە ڕۆژانی هەینی وتار بخوێننەوە نەوەك حەقیقەت بە خەڵك ڕابگەیەنن، بەڵام لە هەمانکاتدا بە پیاوێکی حیزبی بە ڕووکەش ئایینی

هەموو دەسەلاتێکیان داوە.. دواتر کاك هێمن باس لە نەبوونی مەرجەعێك دەکات و دەڵێت:" لای شیعە مەزهەبەکان مەرجع هەیە، بەڵام لای سوننە مەزهەبەکان مەرجەعێکی لەو شێوەیە بوونی نییە، هەر بۆیە دەبینین هەرکەسەو بە ڕەبی خۆی دەپێویت و هەریەکەو لە ئاوازێك دەچرێت"، لە ڕاستیدا بوونی مەرجەعێك وەك ئەوەی شیعە مەزهەبەکان کارێکی ناعەقلانییە, چونکە هەرچی مەرجەع بڕیاری دا، تۆ بۆت نییە بڵێیت با وا بێ یان وا نەبێ، بۆ نموونە ئەگەر سیستانی وتی لە ڕۆژی شەهیدبوونی ئیمام حوسەیندا هەموو لە خۆیان بدەن ئیتر کەس بۆی نییە بڵێت ئاخر کاکە بۆ لە خۆمان بدەین؟ خۆ ئەمە کارێکی نابەجێیە! ئەمەیە مەفهوومی مەرجەع لای شیعە مەزهەبەکان، بەڵام سوننە مەزهەبەکان ڕاستە مەرجەعێکیان نییە وەك کەسایەتی، بەڵام بە عەقڵ بیر دەکەنەوە، تاکە مەرجەع بۆ ئەوان قورئان و سوننەتە. ئەگەر تۆ شیعە مەزهەب بوویتایە ڕەخنەت لە مەرجەع بگرتایە ئەوا لە سێدارە دەدرایت, بەڵام وەك سوننە مەزهەب ڕەخنە دەگری و قسەدەکەی، ئەوە نییە ڕەخنە لە ئایەتێکی قورئان دەگری کە ئایەتی ڕیبایەو دەڵێیت قەیچێکا با زانایان فتوا دەرکەن بە حەلالکردنی ئەم پرۆژەیە؟! مەرجەع لای سوننەکان تەنها قسەی خواو پێغەمبەرە، ئەمەش زۆر ڕاست و درووستەو بە قسەی خواو پێغەمبەریش ڕیبا حەرامە ئیتر درهەمێك بێت یان دۆلارێك. دواتر هێمن باس لە کێشەی گەنجان دەکات و دەڵێت:" گەنجان چی بکەن هەموو دەرگایەکیان لێ داخراوە... مامۆستایەك مووچەکەی سێ سەد هەزار تێناپەڕێنێت؟ " چاوەکەم ئەمە کێشەی ئایین نییە، بێت بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە دەقێکی حەرام حەلال بکات، بەڵکو کێشەی حکوومەتە، تۆ دەتوانیت بڵێیت کاکی حکوومەت من گەنجم هیچم نییە لەم وڵاتە، چی بکەم؟ چی بخۆم؟ چۆن بژیم؟ منیش دەنگ دەخەمە پاڵ دەنگت تا فشار بخرێتە سەر دەسەلات بۆ نەهێشتنی قەیرانی قەیرەیی و زیادکردنی موچەی مامۆستایان و بەرپابوونی پرۆسەی هاوسەرگیری و هتد ... هەروەها ڕووی دەم دەکاتە پیاوانی ئایینی و پێیان دەڵێت: " جارێك باس لە دەرکردنی دەیان پارچە فیلمی سێکسی دەکرێت و جارێك کوڕێك دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێك و پاشانیش بە مۆبایل وێنەی دەگرێت و بە هەموو لایەکدا بلاویدەکاتەوە... ". برا گیان هەموو ئەم دیاردانە دیاردەی ئەم ڕۆژەن و پێویستە قسەیان لەسەر بکرێ و بێدەنگی لە ئاست ئەم دیاردانەدا بە ڕاستی تاوانە, بۆیە ئەرکی مامۆستایانی ناو قوتابخانەکان و ڕاگەیاندنە باس لەم دیاردانە بکەن و پاشان چارەسەریشی بۆ دابنێن، ئەوەشمان لە یاد نەچێ هەر دیاردەیەك بلاوبێتەوە هەڵبەتە هۆکارێك هەبووە بۆ بلاوبوونەوەی. من ناڵێم، تۆ خۆت حاکم بە لە کەناڵە کوردییەکاندا جگە لە شایی و هەڵپەرکێ و باسە سێکسییەکان، چیتر بەدی ئەکەی؟ یان ڕۆژنامەکانمان چی بلاودەکەنەوە؟ من ڕۆژنامەی لیبراڵت بە نموونە بۆ دێنمەوە کە دوو هەفتە جارێك دەردەچێت، دوو سێ لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ باسە سێکسییەکان. هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بلاوبوونەوەی دیاردەی گرتنی پارچە فیلمی سێکسی و چەند شتێکی ناماقوڵی تر. من دەمەوێ بپرسم: کەی ڕەوای حەقە فیلمی سێکسی بە کلیپی کوردی دەربکرێت و ئابڕوشمان لە ناوەندە ئیعلامییەکاندا بڕوشێت؟ بڕوا بکە شەرەفی هەموو کچێکی کورد شەرەفی منە, چونکە کچی وڵاتی منە. هەموو هۆکارە سەرەکییەکان بۆ بلاوبوونەوەی دیاردەی لەم شێوەیە، ئەو کەنالانەی ڕاگەیاندنە کە بەرنامەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخشدەکەن بێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکیان لەسەر بێت، ئەمە لە لایەکەوە,

# زانكۆ دەبێتە كەرەڕێی مارێنزەكانی ئەمریكا[31]

ئاشكرایە زانكۆ دوا مەنزڵگای پرۆسەی خوێندنە و، جێگایەكی تەواو مەدەنییە و دوور و نزیك پەیوەندیی بە چەك و لایەنی سەربازییەوە نییە (ئەمەی دەیڵێم لە كتێبدا نووسراوە، وڵاتی ئێمەش وەك دەزانن هیچ شتێكی لە هی ناو كتێب و شت ناچێت!).

---

لە لایەكی ترەوە حكومەت بە پلەی یەكەم بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم دیاردانە، پاشانیش دایكان و باوكان بە پلەی دووەم بەرپرسیارن. چۆن؟ كاتێك كوڕێك دەچێتە داوای كچێك و دەیەوێت خێزانێك بۆ خۆی پێكەوە بنێت، پێشەكی بیست پرسیاری لێدەكەن: خانووت هەیە؟ سەیارەت هەیە؟ بڕوانامەت هەیە؟ چی كارێك دەكەی؟ بەدەر لە دەوام ئیشێكی ترت هەیەو؟ دەیان پرسیاری تر، لە كاتێكدا كوڕە تازە زانكۆی تەواو كردووە هێشتا موچەی یەكەم مانگیشی وەرنەگرتووە! یان بابەتی مارەیی، موئەخخیرەكەی سێ سەد میسقاڵ ئاڵتوون داوا دەكەن، هەموو ئەمانە بارگرانین بۆ گەنج. هەموو ئەمانەیش یاسای دانراوی خۆمانن و كولتوورن نەك دین.

بەڕێزم! با ئێمە كولتوور لە ئایین جیا بكەینەوە، بەڵام زۆر بە داخەوە ئێمە كولتووریش خەریكە وەك ئایین سەیر دەكەین. بەر لە كۆتایی، فەرموودەكەی پێغەمبەرمان بۆ دێنێتەوەو دەڵێت: " ئەو كەسەی بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە با یان باش بڵێت یان بێدەنگ بێت ". كەی باشی لەوەدایە (ڕیبا) حەڵاڵ بكرێ؟ ئاخر تۆ بە ڕەوای دەزانی من ژن بێنم بە ڕیبا؟ _ وەك لە سەرەتاوە وتم _ ڕێكخراوی كیدۆ ئەگەر ڕاستدەكات با ئەو دۆلارەیشم لێ داوا نەكات، بەڵام دیارە ئەو مەبەستی هەیە لەو یەك دۆلارە، بۆیە سوورە لەسەر ئەوەی من لە بری ٢٥ دۆلار ٢٦ دۆلاری بدەمێ، بەمەش من تووشی ڕیباخواردن دەكات و خۆشی لە بەرامبەردا قازانجدەكات!

لە كۆتاییدا دەڵێم تۆ بێباوەڕ نیت، بۆ بە زۆر خۆت كافر دەكەیت؟! ئایین هەرگیز لەمپەرێك نییە لە بەردەم خۆشبەختییدا، هیوادارم قسەكانم بە هەند وەربگری و لێیشم زویر نەبیت، تەنها مەبەستم ڕوونكردنەوە بوو لەسەر بابەتەكەت.

[31]. ئەم بابەتە لە یەكێك لە ژمارەكانی ڕۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ)دا، لە مانگی یانزەی ساڵی ٢٠٠٣دا، بڵاوكرایەوە.. وەڵێ كرابوو بە مەلەكەی (مەلا نەسرەدین)، كلك و گوێ كرابوو، تەنها چەند دێڕێكی كەمی لێ بڵاوكرابووەوە و زۆربەی قرتێنرابوو، بە ناوی خۆیشمەوە بڵاوم نەكردەوە، لەبەر بارودۆخی ناجێگیر و نائارامی ئەوكات. ناونیشانی بابەتەكەیش ئاوها نەبوو. ئەوكات لە ژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوكرابووەوە: (هاتنی مارێنزەكان بۆ زانكۆ ژێرپێخستنی كەرامەتی زانكۆیە) .

داگیرکردنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیاوە بە ناوی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە یەکەم خەنجەر بوو لە کەرامەتی هەموو خەڵکی عێراق درا و ئارەقەی شەرمەزاری بە هەموو کەسێکی خاوەن غیرەتی ئەم وڵاتە دەردا .

دوای تێپەڕینی چەند مانگ بەسەر ئەم پرۆسەی داگیرکارییەدا، تا ئێستاش ئەمریکا بە هیچ یەك لەو بەڵێن و پەیمانانەوە کە پێشتر لەسەر زاری بەرپرسە باڵاکانییەوە دەیدا، پابەند نییە .

هەرچی پەیوەندیی بە ئێمەی کوردیشەوە هەبێت، ئەوا ئەمریکا هەر ئەمڕۆ و سبەی پێدەکات و بە ئەقڵی مرۆڤی ئاقڵەوە ناچێت ئەو وڵاتە هێندە دۆستی ئێمە بێت وەك ئەوەی هەندێك سیاسی و خەڵکی هەرزە دڵیان پێی خۆشکردووە .

ئەوەی من دەمەوێت قسەی لە بارەوە بکەم شتێکی ترە، بەڵام بێ پەیوەندیی نییە بەو چەند دێڕەی سەرەوەوە. هەر لە دوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراقەوە و لە سەرەتای مانگی نیسانی ٢٠٠٣ەوە کە کۆتایی ساڵی خوێندنی(٢٠٠٢_٢٠٠٣) دەکات، ناوەناوە سەر و فەساڵی ئەمریکییەکان لە زانکۆی سلێمانیدا دەرکەوتن، سەرەتا (جەی گارنەر)ی فەرماندەی سەربازی هێزەکانی هاوپەیمانان و بە دوای ئەویشدا ژەنەراڵەکانی تر، خوێندکارانی زانکۆیش هەر لە یەکەم هەنگاوەوە بە گوڵبارانکردن پێشوازییان لێ کردن، بەبێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن: سەرکردەیەکی سەربازی پەیوەندیی بە ناوەندێکی ئەکادیمی مەدەنیی وەك زانکۆوە چییە و بە چ هۆیەکەوە سەردانی دەکات؟!

لە هەموو شتێك سەیرتر _هەرچەند پێویست بە سەرسووڕمان ناکات لە وڵاتێکدا کە بیست و پێنج سەرۆك و دووسێ حکوومەتی تێدا بێت، بەبێ ئەوەی بتوانن بەردێك بێ پرسی ئەمریکا بجووڵێنن!_ ئەوەیە لەم چەند ڕۆژەی لە دەوامی ئەمساڵ ڕۆیشتووە (مەبەست ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣_٢٠٠٤ە) هاتنی ئەمریکییەکان بۆ زانکۆ وەکو عادەتێکی ئاسایی لێهاتووە و ئەگەر ڕۆژانە

چاومان بە مەفرەزەیەك لە مارینزی ئەمریکی نەکەویت لە یەکتری دەپرسین: ئەوە مارینزەکان کوان؟ گوایە ئەمڕۆ بۆ نەهاتن؟!

بڕوا بکەن ئەگەر دیمەنی هاتنی مارینزەکان بۆ ناو زانکۆ لە شێوەی وێنەهەواڵدا لە تەلەفزیۆنەکانەوە پیشان بدریت، دڵنیام هەموو بینەریك وا تێدەگات ئەو مارینزانە بە دوای بەرپرسێکی پایەبڵندی بەعسدا دەگەڕێن دەستگیری بکەن! هەریەکەی دەمانچەیەك بە قەددا و تفەنگێکیان بەشانەوەیە و بەدەر لە هەر یاسایەکی ئەخلاقی و عورفێکی نێودەوڵەتی و بێ حیسابکردن بۆ هەستی ئەو چەند هەزار خوێندکارەی لە حەرەمی زانکۆدان، دێنە ناو زانکۆوە و بە هەوەسی گونی خۆیان ڕۆژ تا ئێوارە تەراتێن دەکەن و سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکەن و کەسیش ناوێرێت پێیان بڵێت: خۆ ئێستاش هەر بە دوای چەکی کیمیاویدا ناگەڕێن؟ لە مانەیش خۆشتر هەر جارەی بەرپرسێکی پایەبەرزی زانکۆ ڕەشمەکێشیانە و وەك سووری بەر لەشکر لە پێشیانەوە دەڕوات!

هەقی خۆمانە بپرسین: ئایا ئەگەر ئەو مارینزانە کوڕی ئەم وڵاتە بان ڕێ دەدرا ئاوها بە ئاسانی بێنە ناو زانکۆوە؟ ئەگەر پێشمەرگەیەك یان پۆلیسێك بە چەکەوە بێت و بیەوێت بێتە ناو حەرەمی زانکۆوە ڕێگەی پێدەدرێت؟

ئایا ئەو هەموو وەزیر و گزیرەی وڵاتی ئێمە کە دەچنە وڵاتان، تا ئێستا لە هیچ زانکۆیەکدا وا بە گەرمی پێشوازییان لێکراوە کە ئێمە لە مارینزێکی نەخوێندەواری دەکەین؟! بڕواناکەم ڕێگە بە بەرپرسە سیاسییەکانیشمان بدرێت لە دووریشەوە بڕواننە هیچ زانکۆیەك!

ڕووی دەمم لە خوێندکارانی زانکۆ دەکەم و لێیان دەپرسم: ئایا هەر بەڕاستی خوێندکاری زانکۆن و لە ڕێگەی ئەقڵەوە شتەکان هەڵدەسەنگێنن؟ یان ڕێکەوت هەمووماني لەم ویرانەیەدا کۆکردووەتەوە کە ناونراوە زانکۆ!

ئایا کاتێك بیست سی خوێندکار لە دەوری مارینزێك گرد دەبنەوەو بازاڕی گەرم دەکەن، کەسێکی ئاقڵتان تێدا نییە بە خۆی بڵێت دوایی ئەم مارینزە بە چاوی

سووکەوە تەماشام دەکات؟ ئەو گاڵتەی بە کولتور و باوەڕ و نەریت و هەموو شتێکی تۆ دێت.. وەك کورتەبنەیەك (قەزەم) دێیتە بەرچاوی کە هەمیشە چاوت لە دەستی ئەوە، تەنانەت پێکەنینی بە نوکتەکانیشت نایەت .

ئایا شەرمەزاری نییە خوێندکارێکی قۆناغی سێ و چواری زانکۆ ئەوەندە نەفام بێت لە مارینزێکی داماو بپرسێت: سیاسەتتان چییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟! وەك ئەوەی ئەو سەربازە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بێت. . بێئاگا لەوەی ئەو داماوە تڕ خۆی و گێزەر لە یەك جیا نەکاتەوە و بەندەیەکی بێدەسەڵاتە و بە زۆر ڕاپێچی شەڕ کراوە!

تۆی خوێندکاری زانکۆ کە هێندە خاکی و لەخۆبردووی، کاتێك دەچیتە بازاڕ و چاوت بە پۆلیسێکی هاتووچۆ دەکەوێت، برۆ ماندوونەبوونێکی لێبکە و دوو قسەی خۆش بە گوێیدا بچرپێنە، چونکە ئەو هەم هاونیشتیمانی خۆتە و هەمیش لەبەر خاتری سەلامەتی گیانی تۆ و هاوڕێ و دۆست و خزمانت و پاراستنی یاسا و ڕێکوپێکیی شارەکەت، ڕۆژ تا ئێوارە خۆر دەدا بە تەوقی سەریدا و شەویش تا بەیانی لەگەڵ خەودا شەڕ دەکات!

زۆرم پێ سەیرە، هەندێ کەس بە شانازیی دەزانن لەگەڵ مارینزەکاندا دەمەتەقێ دەکەن یاخود وێنەی یادگاری دەگرن و دواییش دەیبەنەوە پیشانی خزم و کەسەکانیانی دەدەن و خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن. . مایەی شەرمەزارییە کەسێك لەگەڵ داگیرکەری وڵاتەکەیدا وێنەی یادگاری بگرێت، ئەمەم وەك ئەوە دێتە پێش چاو یەکێك شەو لەخەو بەخەبەر بێتەوە و ببینێت دزێك لە ماڵەکەیدایە، ئەویش بە دزەکە بڵێت: دزی بەڕێز قوربانی چاوە جوانەکانت بم، وێنەیەکی یادگاریم لەگەڵدا ناگریت؟!

بە ڕاستی ئێمە خراپ تووشی گرێی خۆ بەکەمزانین هاتووین. . نەنگ و شەرمەزارییە بۆ کەسانێك خۆیان بە دەمڕاست و چاوساغی میللەتەکەیان دەزانن، کەچی لە هەموو کەسێکی ئاسایی زیاتر سەرسامیی خۆیان بە داگیرکەری وڵاتەکەیان دەردەبڕن و ئامادەن بین بە ئەڵقەلەگوێیشیان، لە کاتێکدا لە ئاست

ژێردەستە و ڕەعیەتەکانیاندا فیرعەونانە مامەڵە دەکەن، لافی نیشتمانپەروەری لێدانیشیان دونیای تەنیوە .

هیواخوازم خوێندکاری زانکۆ حیسابێك بۆ پلەوپایە و ئاستی زانستی خۆی بکات و، بە چاوی داگیرکەرەوە بڕوانێتە ئەو مارێنزانەی بە پۆستاڵەکانیان حەرەمی زانکۆ گلاو دەکەن . ئومێدەوارم فێرخوازان چیتر ڕێگە بە کەسانێك نەدەن خۆیان بە دەمڕاستی ئەمان بزانن و دەرگای زانکۆ پێش مارێنزەکان لەسەر ئەوان دابخەن. ئاگاداریشم زۆرێك لە خوێندکاران لەم دیاردەیە وەڕس و قەڵسن، بەڵام وەك خۆیان دەڵێن کەس جورئەت ناکات دەنگ هەڵبڕێت و ئێمەیش بە دوایدا بە جواب بێین، ئەگەر تا ئێستا کەس جورئەتی نەکردووە قسە بکات ئەوا کرا. . جا خوێندکارانی زانکۆش خۆیان و غیرەتیان!

## خوێندکاره بێئەقڵەکانماندەگرن![٣٢]

ئەگەر دەتەوێت لە دادپەروەریی ئەم وڵاتە تێبگەیت، ئەم بابەتە بخوێنەوە

ئازادی بیروڕا، ئازادی ڕاگەیاندن، ئازادی ئەقڵ. . هەموو قسەی پوچ و بێمانان، ئەم وڵاتە خەرابستانە.. کێ گوێی لە دەنگی ئێمەیە؟! کێ لاشەی شەلاڵی ئێمە دەبینێت؟!

حیزبە ژێردەستەکان، ترسنۆکەکان. . ئەوە لە کوێن؟! ئێوە نەبوون لەسەر قەدەغەکردنی ماچێك لە ئەندەنووسیا ڕەخنەتان لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەگرت؟!

ڕۆشنبیرە بودەڵەکان ئەوە لە کوێن؟! هەر ئێوە نین لە هەموو چێشتێکدا کەوچکن؟ ئەی بۆ ئەمە پانزە ڕۆژە لە ترسی دەسەڵاتدا ورتەتان لە دەم دەرنەچووە؟

لە کاتێکدا ئەم بابەتە دەنووسم، چەندێك بۆ بەرگری لە مافی خۆم وەك خوێندکارێك دەنووسم، سەد ئەوەندە پرسە بۆ ئەو ئازادییەی چەند ساڵە

---

[٣٢]. ئەم بابەتە لە گەرمەی مانگرتنی خوێندکارانی (زانکۆی سلێمانی)دا کە دژی کردنەوەی زانکۆیەکی ئەهلی بە ناوی (ئایندە) دەستیان پێکردبوو، نووسراوە، زانکۆی (ئایندە) زانکۆی کوڕو کچی بەرپرسان و دەوڵەمەندانی کوردستان بوو، چەند کۆلیژێکی گرنگی تێد کرابووەوە، لە نموونەی (کۆلیژی پزیشکیی) و (کۆلیژی ئەندازیاری). ئەو خوێندکارانەی کە نمرەی کەم و پارەی زۆریان ببوایە، دەیانتوانی لەو زانکۆیەدا بخوێنن، بە هەوڵ و خەباتی خوێندکارە خاوەن هەڵوێستەکانی کۆلیژی پزیشکیی و ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی و چەند کۆلیژێکی ترو بە یارمەتی هەندێ لە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین، توانرا ئەو زانکۆیە دابخرێت، خوێندکاران نزیکەی چل ڕۆژ نەچوونە هۆڵی خوێندنەوەو مانیان گرت، لە کاتی خۆیدا هەرایەکی زۆری نایەوەو سەرەتای بزاوتێکی گەورەی خەباتی مەدەنی بوو، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژناموانیدا وەزیری خوێندنی باڵای ئەو کات (ئیدارەی سلێمانی) وتبوی: ئەو خوێندکارانەی مانیان گرتووە کۆمەڵێك کەسی بێئەقڵن، لە کاتێکدا ژمارەی خوێندکارانی مانگرتوو نزیکەی دوو هەزار دەبوو.
شایانی باسە ئەو بابەتەی سەرەوە لە بەردەم کۆلیژی پزیشکییدا لە لایەن نوێنەری خوێندکارە مانگرتووەکانەوە، بە دەنگی بەرز بۆ خوێندکاران خوێندرابووەوە و، لە ڕۆژنامەی خویندنی لیبراڵیشدا بڵاوکرایەوە . .

دەهۆڵی بۆ دەکوترێت دەگرم، ئێمەی خوێندکارانی بێئەقڵ _وەك جەنابی وەزیر دەفەرموێت_ لە (٢٠٠٥/٢/٢٧)ەوە نەچووینەتە ناو هۆڵی خوێندنەوە، بەبێ ئەوەی کەسێك لەم وڵاتەدا بپرسێت ئەرێ ئەوانە بۆ وا دەکەن؟ تۆ بڵێی دەسەڵات هێندە مەستی پارە بێت، کە زانست و زانستخوازانی ئاوها لە پێناودا بکات بە قوربانیی؟!

لە (٢٠٠٥/٢/٢٧)ەوە خوێندکارانی چوار کۆلێژی سەرەکی زانکۆی سلێمانی مان لە خوێندن دەگرن و بە یەك دەنگ بڕیار دەدەن نەچنە هۆڵی خوێندنەوە تا وەڵامی داخوازێکەیان نەدرێتەوە، کە ئەویش خۆی لە داخستنی زانکۆیەك بە ناوی (ئاینده)دا دەبینێتەوە .

خوێندکارانی ئەم چوار کۆلێژە ژمارەیان نزیکەی دوو هەزار خوێندکار دەبێت.

لە ماوەی ئەم پانزە ڕۆژەی ڕابوردوودا هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە و بگرە سوکایەتیشیان پێکراوە، وەك ئەوەی لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاوە بە بێئەقڵ ناوبراون .

هەڵبەت ئەگەر ئێمە ڕەگ و ڕیشەی ئەم کێشەیە نەزانین، ئەوا تێناگەین چ گرفتێکە و خۆشەویستیی پارە لای دەسەڵات خەریکە بە سەر کاروانی زانستدا دەیهێنێت!

دەسەڵاتی ئێمە هەر بەوە تێر ناخوات هەموو کۆلێژەکانی پڕ کردووە لە (قبول خاص) و دەیان قوڕبەسەر و داماو و بێدەسەڵاتیش لە دوورەوە چاویان زرتەی دێت و هاوار لە گەروویاندا تاساوە و کەس حیسابی پۆشێکیشیان کە بەدەم باوە دێت و دەچێت بۆ ناکات .

بە بڕوای من قسەی جەنابی وەزیر زۆر لە جێگەی خۆیدایە و هەق بوو لەوە زیاتریشی بگوتایە، چونکە نەك هەر تەنیا ئێمە بەڵکو هەموو میللەتیش بێئەقڵە، چون لە سایەی بێدەنگی و دەبەنگی میللەتەوەیە کەسانی ئاوها بواریان

پێدەدرێت بە هەوەسی دڵی خۆیان سوکایەتی بە ناسکترین و هەستیارترین توێژی کۆمەڵگە کە خوێندکارە بکەن و کەسیش لێیان نەپرسێتەوە!

من دڵنیام لەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە ئێستا پشتگیری لەو زانکۆیە دەکەن، تەنها بۆ ڕازیکردنی سەرەوەی خۆیانە و هەر ئەوان بوون لە سەرەتاوە خوێندکارانیان هاندا ئەم کارە قبوڵ نەکەن و بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لە یەکێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ)دا لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵادا لە سەرەتای ئەمسالی خوێندندا ئەنجامدرابوو و تێیدا وەزیر وتبووی من سەرۆکی ئایندە ناناسم و وایشی دەرخستبوو کە ئەو بە هیچ شێوەیەك بڕوا ناکات پرۆسەیەکی ئاوها سەربگرێت!

دڵنیام ئەم بابەتە زۆر کەس قەڵس دەکات و زۆرێکیش پێی دەگەشێنەوە، ئەوانەی پێیدەگەشێنەوە مرۆڤە بێئەقڵەکانن کە تەنها تاوانیان بەرگریکردنە لە مافی ڕەوای خۆیان، لە بەرانبەریشدا ئاقڵەکان ناوچاویان گرژ دەبێت، هەرچەند بڕوا ناکەم تاقەتیان هەبێت ڕۆژنامە و شتی پڕوپووچ بخوێننەوە!

خوێندکارانی سێ کۆلێژی (پزیشکی، پزیشکیی ددان، ئەندازیاری) زانکۆی سلێمانی، پانزە ڕۆژە نەچوونەتە ناو هۆڵی خوێندنەوە، بەڵام دەسەڵات لە قەڵای قەداسەتی خۆی نەك هەر نەهاتووەتە خوارەوە، بەڵکو پەنجەرەکانیشی لێ داخستوون تا دەنگی گڕی خوێندکاران گوێچکەی ناسکی بریندار نەکات!

ئەم مانگرتنە لە (٢/٢٧)ەوە بەردەوام بوو تا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٥/٣/١٠ کاتێك هەواڵی ئەوە هات خوێندکارانی کۆلێژی دەرمانسازیی زانکۆی سەلاحەدین بۆ پشتیوانی و پشتگیریکردنی خوێندکارانی مانگرتووی ئێرە هاتوون، بەڵام لە بازگەی تاسلوجە ڕێگەیان پێ گیراوە و نەیانهێڵاوە بێنە ناو شارەوە، وەختێ خوێندکارانی (بێئەقڵ!) ئەمەیان بیست خۆیان پێ نەگیرا و بە هەڵەداوان چوون بە پیریی هاوڕێ (بێئەقڵەکانیانەوە!) کە زانییان ئەوان بە چەند پاسێك هاتوون، ئەمان بە نزیکەی (٣٠) سی پاسەوە چوون بۆ دەستخۆشی لێکردنیان، بەڵام کاتێك دەگەنە ئەوێ دەبینن ئەوان گەڕێنراونەتەوە (نەك

گەڕاونەتەوە)، دواییش زانرا کە تەقەیان بەسەردا کراوە و بە زەبری هەڕەشە گەڕێنراونەتە دواوە .

کاتێك خوێندکارانی سلێمانی بە مەیان زانی بە دوایاندا ڕۆیشتن کەچی لە دەروبەری بازیان ئاسایش بەریان پێ گرتن و هەرچەند خوێندکاران هەوڵیاندا ڕێگەیان پێنەدان و ناچار ئەمانیش گەڕانە دواوە .

لە چوار ڕێیانەکەی سەرچنار کاتێك خوێندکاران ویستیان بەرەو ئەنجومەنی وەزیران بکشێن دیسانەوە ئاسایش بە نیازبوون ڕێگەیان پێ بگرن، بەڵام ئەمجارە خوێندکاران زۆر بە بێدەنگی و بە دەم هوتافکێشانەوە دڕیان بە چڕی ئاسایشەکان دا و خۆیان گەیاندە بەردەم بارەگای ئەنجومەنی وەزیران، تا کاتژمێر (شەش)ی ئێوارە لەوێ وەستان بەبێ ئەوەی کەسێك وەڵامیان بداتەوە!

ئەم خستنەڕووە سەرپێیە بۆ ئەوەیە خوێنەر ئەگەر لە دەرەوەی کێشەکەدایە چاکتر لە بابەتەکە تێبگات .

شایانی نووسینە کە ئەو ڕۆژە بارانێکی بە خوڕ بە بەردەوامی دەباری و خوێندکارانیش لەبەر ئەو بارانە هوتافیان دەکێشا، لە دوورەوە مەملەکەتێك لە چەتر ڕێیاندەکرد .

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بە چەند پرسیارێك مێشکی خوێنەر بوروژێنم:

* ئایا هەر بە ڕاستی ئێمە بێئەقڵین؟ ئەگەر بێئەقڵ نین ئەی بۆ لە هەڵبژاردنەکاندا وەکو مێگەل سەر دەخەینە خوار و بە بەڵێنە درۆینەکان هەڵدەخەڵەتێین؟!

* ئایا لەم وڵاتەدا ئازادی هەیە؟ ئەگەر هەیە ئەی بۆ سەرۆکی حکومەت بە گرانی دەزانێت بۆ یەك چرکەش چاوی بەو خوێندکارانە بکەوێت کە لەبەر باران هاوار دەکەن؟

* ئایا لەم مەملەکەتەی ئێمەدا دەسەڵاتی چوارەم هەیە؟ ئەگەر هەیە، ئەی بۆ کەسێك شتەکان وەکو هەیە وا ناخاتە ڕوو؟ یان بۆ کەسێك جورئەت ناکات چاوپێکەوتنی خوێندکاران بڵاوبکاتەوە؟

* ئایا لەم دەوڵەتەدا دادگا هەیە؟ ئەگەر هەیە ئەی بۆ لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوانەی سوکایەتی بە خوێندکاران دەکەن یان ئەوانەی کە تەقە لە خوێندکاران دەکەن ناکرێت؟

* ئایا خوێندکاران لەسەر مانگرتنەکەیان بەردەوام دەبن تا بەدەستهێنانی مەبەستەکانیان؟ ئەگەر وایە ئەی بۆ لە هەفتەی یەکەمدا هەندێك لە ترسی چاوسورکردنەوەدا دەستیانکێشایەوە؟

* ئایا خوێندەوار لەم وڵاتەدا هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆ کەس ئەم بابەتە ناخوێنێتەوە؟

* ئایا ئەقڵ لەم وڵاتەدا هەیە؟ ئەگەر هەیە ئەی بۆ خوێندکارانی زانکۆ لێی بێبەشن؟!

## گه نجانی کەلار لە کوێی زەمەندا ژیان بەسەردەبەن؟![33]

(لێکۆڵینەوەیەکی کورتە دەربارەی گەنجانی شاری کەلار و ناحیەی ڕزگاری)

### بە کێ دەوترێت گەنج؟

* لە هەندێ سەرچاوەی زانستیدا تەمەنی مرۆڤ لە (١٤_ ٤٠) بە تەمەنی گەنجێتی ناودەبرێت، ئەم قۆناغەی تەمەنیش دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١٤_ ٢٠ساڵی، تازەلاوی یان هەرزەکاری .

٢٠_ ٣٠ساڵی، گەنجێتی تێگەیشتوو .

٣٠_ ٤٠ساڵی، گەنجێتی پێگەیشتوو .

* هەندێ سەرچاوەی تر بەم شێوەیەی خوارەوە تەمەنی گەنجێتی پۆلێندەکەن:

١٤_ ١٨ساڵی، قۆناغی تازەلاوی .

١٨_ ٢٥ساڵی، قۆناغی گەنجێتی ڕاستەقینە .

٢٥_ ٣٠ساڵی، قۆناغی گەنجێتی کامڵ .

ئەم پۆلێنە بۆ تەمەنی کوڕانە، کچان کەمێك زووتر تەمەنی پێگەیشتنیان دەستپێدەکات، هەندێ کچ لە ١٢ ساڵیدا و هەندێکیش زووتر لەو تەمەنە پێدەگەن .

### ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی شاری کەلار و ناحیەی ڕزگاری

(صمود)

[33]. ئەم بابەتە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (گەنجانەدا) بڵاوکراوەتەوە .

## شاری کەلار

شاری کەلار یەکێکە لە قەزا گەورەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی سنووری هەرێمەوە، لە باکوورییەوە ناحیەی باوەنوور و قەزای دەربەندیخانە، لە باشوورییەوە ناوچەی زەنگاباد و قەزای جەلەولایە، لە ڕۆژئاوایەوە ناحیەی ڕزگاری ( صمود) و ناحیەی سەرقەڵا و قەزای کفرییە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ڕووباری سیروان و ناوچەی ئەوبەر سیروانە.

بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیاییەکەیەوە کە لە سنووری ئێران و هەروەها حکومەتی مەرکەزیی عێراقیشەوە نزیکە، بووەتە شوێنێکی بازرگانی گرنگ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تابێت قەرەباڵغتر دەبێت .

ئەم شارە ژمارەیەکی زۆر گەنجی تێدایە، زۆرێکیش لەوان خوێندکارن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری عێراق .

## ناحیەی ڕزگاری

لە ساڵی ١٩٨٧دا لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعسەوە لە شێوەی ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا لە نێوان هەردوو شاری کەلار و کفریدا درووستکراوە و ناوی لێنراوە (صمود). خەڵکی دێهاتە ڕووخاوەکانی ئەو دەوروبەرەی تێدا کۆکراوەتەوە، دوای پرۆسەی ئەنفالیش ڕژێم پاشماوەی ئەنفالەکانی ناوچەکەی لەوێدا نیشتەجێکردووە. دوای ڕاپەڕین سموود خەریك بوو بە تەواوی ڕووی لە چۆڵبوون دەکرد، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە جارێکی تر ئەم شوێنە بەرەو ئاوەدانکردنەوە چووە، هەر لەو ساڵەدا بە بڕیاری حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی _ ئەوکات_ کراوە بە ناحیە و ناوەکەیشی گۆڕاوە بۆ (ڕزگاری)، لەدوای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەم ناحیەیە زۆر بە خێرایی ڕووی لە گەشەکردن کردووە، بە شێوەیەك کە کەس لەوەو پێش بڕوای نەدەکرد ڕۆژێك بێت ئاوها ئاوەدان ببێتەوە .

ئێستا ئەم ناحیەیە نزیکەی هەشت هەزار ماڵی تێدایە و ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشووانەکەی گەنجن و ژمارەیەکیشیان خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگان .

## گەنجانی کەلار بە چییەوە سەرقاڵن؟

بۆ ئەوەی لە حەز و خولیا و کار و هەڵسوکەوتی گەنجانی ئەم شارە تیبگەین، وا باشە سەرەتا پۆلێنیان بکەین بۆ سێ گرووپ:

گرووپێك لە دەوری مزگەوت و ڕەوتە ئیسلامییەکان خڕبوونەتەوە .

گرووپێك لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی گەنجان و لاواندا سەرقاڵی کارکردنن .

گرووپێك دەستبەتاڵ و بێکارن .

*گرووپی یەکەم:* ئەم گرووپەیش دەکرێت دابەشبکرێن بۆ چەند بەشێك:

* هەندێك لەو گەنجانە تەنها مەیلێکی دینداریيان تێدایە و هاتووچۆی مزگەوت دەکەن و قورئان دەخوێنن، بەڵام لەگەڵ هیچ لایەنێکی ئیسلامیدا نین، ئەوان حەزیان بە فێربوونی زانستە و تینووی وەرگرتنی بابەتی تازە و زانیاریی نوێن، زۆرجاریش بۆ ئەوەی ئەم زانیاریانەیان دەستبکەوێت، ناچارن ڕوو لە کادیری حیزبە ئیسلامیەکان و سەلەفییەکان بکەن و بیانکەن بە مامۆستای خۆیان، چونکە کەسیان دەستناکەوێت لێیەوە فێربن ئەوان نەبێت. ئەم گەنجانە هەمیشە لە بەردەم ئەگەری گۆڕانکاریدان، هەندێجار زۆر لە ئیسلامییەکان نزیکدەبنەوە تا دواجار بڕوایان پێدەهێنن و دەچنە سەر ڕێبازیان و دەبنە کادیرێك لە ڕیزەکانی ئەواندا. جاری واش هەیە ڕێك پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات، گەنجێك هێندە بێزار دەکرێت و فرمانەکانی دینی لەسەر توند دەکرێتەوە، بە یەکجاری دەستبەرداری دینداریيەکەی دەبێت و ڕەنگە واز لە نوێژکردنیش بێنێت! ئەو حەزدەکات بەبێ ئەوەی باسی حیزب و سیاسەتی بۆ

بکرێت فێری زانیاریی ئایینی بێت، بەڵام هەندێ لە کادیرانی حیزبە ئیسلامییەکان بە هەڵە ئایین و حیزبایەتی تێکەڵدەکەن و بەم کارەیان زیانێکی زۆر لە ئایین دەدەن .

* هەندێکی تر لە گەنجان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامیدا کاردەکەن، لە نموونەی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان (کە پێشتر ناوی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستانی هەڵگرتبوو) و سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان. ئەم گەنجانە ناو بەناو هەندێك چالاکی سنووردار ئەنجامدەدەن لە نموونەی گێڕانی کۆڕ و سیمیناری ڕۆشنبیری و کردنەوەی خولی وەرزشی و خولی فێربوونی زمان و کۆمپیوتەر و...، سەرەڕای ئەو دەرس و وانە ئاینییانەی لە ناو خۆیاندابەر دەیخوێنن .

* ژمارەیەکی تری گەنجانی ئەم شارە ئەندام و چالاکوانی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستانن، کە ڕێکخراوێکی خوێندکاری سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە، ئەمان کار و چالاکییان کەمتر دەبینرێت، چالاکییەکانیان خۆی لە بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوە و هەندێجاریش سازدانی کوڕ و سیمینار و پێشبڕکێدا دەبینێتەوە .

* هەندێکی تر لە گەنجان سەر بە ڕەوتێکی ئیسلامی ناحیزبین کە لەناو خەڵکیدا بە (سەلەفی)یەکان دەناسرێن، ئەم ڕەوتە ئەگەرچی خۆیان ئیددیعای ناحیزبی بوون دەکەن و بڕوایان وایە کە حیزبایەتی لە ئیسلامدا نیە و حەرامە و، زۆر بە توندییش دژایەتی حیزبە ئیسلامییەکان دەکەن و بە لادەر و_ خۆیان گووتەنی _ موبتەدیع (کەسێك کارێکی ئایینی ئەنجامبدات کە پێغەمبەر"د.خ" نەیکردبێت و داوای نەکردبێت) وەسفیان دەکەن، کەچی کارەکەی ئەوانیش تا ڕادەیەك لە حیزبایەتیکردن دەچێت، ئەوان هەرچەند بانگەواز بۆ لامەزهەبییەت دەکەن، بەڵام خۆیان پێڕەوی لە مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد دەکەن (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل یەکێکە لە چوار موجتەهیدە گەورەکەی ئیسلام: شافعی، مالك، ئەبوحەنیفە، ئەحمەد) و ئیبن تەیمییە (یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئیسلام و بە

شەیخولئیسلام ناوبانگی دەرکردووە) و قوتابییەکانی لە نموونەی ئیبنولقەییم، بە گەورە و پێشەوای خۆیان دەزان، ئەوان بڕوایان بەوەیە مسوڵمان دەبێت لەسەر ڕێبازی پیاوچاکانی پێشینی (السلف الصالح) ئەم ئوممەتە (هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتووانیان) بڕۆن، بە خۆیشیان دەڵێن سەلەفی واتە شوێنکەوتەی سەلەفی ساڵح، لە هەندێ ناوچە خەڵکی بەم سەلەفیانە دەڵێن (وەهابی)، ئەمەش بۆ بڕوابوونیان بە ڕێبازی (موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب) دەگەڕێتەوە کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ناوچەی حیجازدا (بەشێکە لە سعودییەی ئێستا) شۆڕشێکی بەرپاکرد و بانگەوازی بۆ گەڕانەوە بۆ لای یەکتاپەرستی دەکرد و بڕوای وابوو زۆربەی خەڵکی و تەنانەت خودی خیلافەتیش ڕوویان لە هاوەڵدانان بۆ خودا (الشرك) کردووە و پێویستە بگەڕێنەوە و تۆبە بکەن. سەلەفییەکان ئەم پیاوە بە ئیمامێکی گەورە و بە پێشەوای خۆیان دەزانن.

ئەو گەنجانەی لەگەڵ ئەم ڕەوتەدان شێوە و ڕووخساریان لە خەڵکی و تەنانەت لە ئیسلامییەکانی تریش جیاوازە، ئەوان ڕیشێکی درێژیان هەیە و سمێڵیان تەواو کورت دەکەنەوە و مووی دەموچاویان لانادەن، شەرواڵەکەیان کورتە و لەسەرووی قولەپێیانەوەیە (بڕوایان وایە بەپێی فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەر هەرکەس شەرواڵەکەی لە خوار قولەپێیەوە بێت دەچێتە دۆزەخەوە)، هەندێکیان جل و بەرگی کوردی (قات و مراخانی) لەبەر دەکەن و جامانەش بە سەریانەوە دەبەستن.

سەرەڕای جیاوازی سیما و ڕووخساریان لە هەڵسوکەوتیشدا جیاوازن، ئەوان تا ڕادەیەك داخراون و کەم پێدەکەنن و مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکیدا کەمە.

مەترسییەك لەسەر بیری ئەو گەنجانەی هاتووچۆی ئەم ڕەوتە دەکەن ئەوەیە: سەلەفییەکان زۆربەی خەڵکی و تەنانەت حیزبە ئیسلامییەکانیش بە لادان لە ڕێگەی ڕاست و سەلەفی ساڵح تۆمەتبار دەکەن، بەڵام بە زۆری بڕوایان بە تەکفیرکردنی (بە کافرزانین) کۆمەڵگا نییە.

ئەوان زۆر خۆیان لە سیاسەت بە دوور دەگرن و بە وتنەوەی وانەی ئایینی و_ وەك خۆیان دەڵێن _ علومی شەرعییەوە سەرقاڵن، ڕەخنەی ئاشکراش لە حیزبە عیلمانییەکان ناگرن و هەقیان بەسەریانەوە نییە .

*گرووپی دووەم:* گەنجانی ئەم گرووپە دەکرێت بوترێت گەنجی ئاهەنگگێڕان و هەڵپەڕکێن، حەزیان لە دونیایە، نایانەوێت _ بە قسەی خۆیان _ دونیایان لە دەست دەربچێت بێئەوەی شتێکی خۆشی تێدا بکەن. ئەم گەنجانە هەندێکیان سەر بە ڕێکخراوە حیزبییەکانی خوێندکاران و قوتابیانن، لە نموونەی کۆمەڵەی خوێندکاران، یەکێتی قوتابیان و یەکێتی گشتی قوتابیان. . .، هەندێکیش لەوان هاتووچۆی ناوەند و بارەگای ڕێکخراوە نیمچە سەربەخۆکانی لاوان و گەنجان دەکەن، لە نموونەی: سەنتەری گەنجان، ڕێکخراوی ئازادیی لاوان، ڕێکخراوی سۆڵیدارێتی خوێندکاران، ڕێکخراوی هاموون _ پێم وابێت ئێستا نەماوە _، ماڵی گەنجان و...هتد .

ئەم سەنتەر و ناوەندانەش ناو بەناو چالاکی ئەنجام دەدەن لە نموونەی کردنەوەی پێشەنگا و خولی فێربوونی زمان و کۆمپیوتەر و مۆسیقا و...، هەندێ جاریش بە هاوبەشی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ۆرك شۆپ ساز دەکەن و بەیاننامەی هاوبەش دەردەکەن و بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا دەکەن .

*گرووپی سێیەم:* دەستبەتاڵ و بێکارەکانن. لە شوێنی خۆیدا بە تێرو تەسەلی باسی ئەم گرووپە دەکەین .

## گەنجانی ناحیەی ڕزگاری

لە ئێستادا جگە لە ماڵی گەنجانی ڕزگاری سەر بە سەنتەری ئێل بەگی جاف بارەگای هیچ ڕێکخراوێکی گەنجانە لە ناحیەی ڕزگاریدا نییە، پێشتر یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بارەگایان هەبوو دوایی دایانخست، کۆمەڵەی خوێندکارانیش بارەگایەکی سەربەخۆیان نییە، هەرچی ئیسلامییەکانیشە ئەوا

هیچ ڕێکخراوێکیان بارەگایان نییە، سەرەڕای ئەمە هیچ ڕێکخراوێکی قوتابی و خوێندکاری لە ئێستادا چالاکییەکی ئەوتۆیان دیار نییە، ناو بە ناو ماڵی گەنجانی ڕزگاری ئاهەنگ و خولی فێربوون سازدەکات .

ئەوەی زیاتر چالاکی دیاری هەبێت گرووپێکی سەربەخۆی گەنجانەیە بە ناوی (دەستەی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕزگاری[٣٤])، ئەم دەستەیە لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا کە ماوەی تەمەنیەتی نزیکەی بیست کۆڕی لە ڕزگاریدا بەستووە، بایی نزیکەی سێ ملیۆن دیناری چاپی نوێ دیاری بەسەر منداڵانی ڕزگاری و دێهاتەکانی دەوروبەریدا بەخشیوەتەوە، (١٠٠٠) کتێبی بە کتێبخانەی گشتی ناحیەکە بەخشیوە .

ئەوەندەی تێبینیم کردبێت گەنجانی ئەم ناحیەیە بەپێچەوانەی کەش و هەواکەیەوە کە جگە لە سێ مانگی زستان بەردەوام گەرمە و لەگەڵ گەرماکەیشیدا وشك و تەپوتۆزاوییە و زۆربەی کات باوتۆزە و خۆڵ دەبارێ، کەچی گەنجانی ڕزگاری وریا و چالاك و لەهەمان کاتدا خەڵکێکی سادە و خاکین و حەزیان لە فێربونە، واهەستدەکرێت خودا بەزەیی بە گەنجانی پاشماوەی ئەنفالدا هاتبێتەوە کە ئەم ڕووحییەتەی پێبەخشیون. لەگەڵ ئەوەشدا وەك وتراوە: " چەم بێ چەقەڵ نابێ ".

ئەوەی تێبینی دەکرێت گەنجانی ئەم ناحیەیە لە کاتی پشووی هاوینان و ڕۆژانی بێکاریدا شوێنێك شك نابەن ڕووی تێبکەن و کاتەکانیانی تێدا بەسەر بەرن، چونکە سەرەڕای وشکی و گەرمی ناوچەکە دەسەڵاتیش لەم ڕووەوە زۆر کەمتەرخەمە و تائێستا ئەو ناحییە گەورەیە پارکێکی وای تێدا نییە بکرێت گەنجان تێیدا کۆببنەوە، لە شوێنی تر هەر مەپرسە!

نزیکەی ساڵێکە بینای تازەی کتێبخانەی گشتی ڕزگاری کراوەتەوە و ماوەی چەند مانگێکیشە یەك دوو هێڵی ئینتەرنێتی بۆ ڕاکێشراوە، گەنجان هاتووچۆی کتێبخانە دەکەن و دەچنە سەر ئینتەرنێت، بەڵام پێناچێت سوودێکی وای

---

[٣٤]. ئێستا ناوی گۆڕاوە بۆ کۆمەڵەی شەبەنگ لە گەرمیان .

لێببینن، تائێستاش گەنجانی ئێمە _ کوردستان بەگشتی _ فێرنەکراون چۆن سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن .

## بەرنامەی بۆ گەنجان

چەند مانگێکە لە ناحیەی ڕزگاریدا مامۆستایەکی گەنج لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی و گەنجی سەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆدا وانەیەکی ڕشنبیریی هەفتانەیان دەستپێکردووە، ئەم مامۆستایە دەرچووی کۆلێژی شەریعەی زانکۆی سەلاحەددینە و ئێستاش لە خوێندنگایەکی دواناوەندیدا لە ڕزگاری خەریکی وانە وتنەوەیە و خاوەنی مەعریفەیەکی ئایینی قوڵە و زۆربەی بابەتەکانی دەربارەی گەنج و گرفتەکانی گەنجن و دوو کتێبیشی دەربارەی عیشق بە چاپ گەیشتووە .

مامۆستا (قانع خورشید)ی تەمەن بیست و پێنج ساڵ، پێشتریش بەرنامەیەکی گەنجانەی لەگەڵ گەنجانی کەلاردا هەبوو بە ناوی (لە سفرەوە)، کە وانەیەکی هەفتانە بوو و لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو _ کەناڵی گەرمیانەوە پەخشدەکرا، دوای ساڵێك ئەم بەرنامەیە ناوەکەی گۆڕا بۆ ( لەگەڵ لاواندا). دوای پێشکەشکردنی نزیکەی (٥٠) ئەڵقە، بە فرمانێکی حیزبیی لەلایەن مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتووەوە بەرنامەکە داخرا، بەڵام ئەو لە بەرنامەکەی خۆی هەر بەردەوام بوو و لەشێوەی وانەیەکی هەفتانەدا لە بینای سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان_ ئۆفیسی کەلار، لەگەڵ گەنجانی ئەو شارەدا کۆدەبووە و قسەی بۆ دەکردن. ئەو بەرنامەیە جەماوەرێکی زۆری نەك هەر لەناو گەنجاندا بەڵکو لەناو تەواوی خەڵکی کەلار و ڕزگاریدا هەبوو، دەگووترێت ئەم بەرنامەیە بە هۆی پابەند نەبوونی پێشکەشکارەکەیەوە بەو سنوور و چوارچێوانەی کە حیزبی یەکگرتوو بۆیان دیاریکردبوو داخراوە. دوای پێشکەشکردنی نزیکەی (٧٠) ئەڵقە لەو بەرنامەیە کۆتایی پێهێنا و، ئێستاش لەسەر هەمان شێواز و بە نەفەسێکی تازەوە، بەڵام ئەم جارە لە ڕزگاری و لەگەڵ

گەنجانی ڕزگاریدا بەرنامەکەی دەستپێکردووەتەوە و بە ناوی (بۆ گەنجان)ەوە پێشکەشی گەنجانی دەکات، وەك ئاگادار بین تائێستا لە هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنییەوە پەخشناکرێت. ئەوەی گرنگیی زیاتر بەم زنجیرە بەرنامەیە دەبەخشێت دوو خاڵە:

_ تا ئێستا هیچ بەرنامە و پلانێکی گەنجانە لەم دەڤەرەدا نەیتوانیوە ساڵێك بەردەوام بێت، کەچی بەرنامەی ئەم مامۆستایە کە پاڵپشتی ماددیشی نییە وا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە بەردەوامە و گەنجێکی زۆری لە دەور خڕبووەتەوە .

_ ئەو گەنجانەی لەم بەرنامانەدا ئامادە دەبن خاوەنی یەك جۆر لە بیرکردنەوە نین، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە ئیسلامی و عەلمانی و حیزبی و بێلایەن .

ئەم بەرنامەیە لە کێشە و گرفتی لاوان و تازەلاوان دەکۆڵێتەوە و هەر چەند ئەڵقەیەك و لە گرفت و کێشەیەکی تایبەت بە گەنجان دەدوێت وەك:( گەنج و شوناس، گەنج و خۆشەویستی، گەنج و هەندەران، گەنج و جگەرەکێشان، گەنج و خوێندنەوە، گرفتی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی، چۆنێتی هەڵبژاردنی هاوڕێ و. . .هتد).

ئەوەی ماوە بیڵێین لەسەر ئەم بەرنامەیە ئەوەیە: کاتێك بەرنامەکە هێنرایە ناحیەی ڕزگاری سەرەتا یەك دوو ئەڵقەی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی پێشکەشکرا، دوایی ڕێگەی لێگیرا و ئێستا لە بینای ناوچەی ڕزگاریی یەکگرتوو پێشکەشدەکرێت .

## گەنجانی کەلارو ڕاگەیاندن

لە کەلاردا چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، ئازادی، ئاییندە) پەخشدەکرێن، تەلەفزیۆنی ئازادی هی حیزبی شیوعییە، تەلەفزیۆنی ئاییندە مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی بەڕێوەی دەبات، کەناڵی کۆمەڵ و کەناڵی یەکگرتووش وەك لە ناوەکانیانەوە دیارە تەلەفزیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامین .

چەند کەناڵێکی ڕادیۆییش لەم شارەدا پەخشدەکرێن وەك دەنگی یەکگرتوو، ڕادیۆی تەوار، ڕادیۆی گەرمیان. . .

کۆمەڵێك ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی سەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆ و هەروەها حیزبییش لە کەلاردا دەردەچن، نموونەی ڕۆژنامەکانی (گەرمیانی ئەمڕۆ، ئایینده‌ی گەرمیان، کەنار، شێخ لەنگەر)، هەروەها گۆڤاری (گیرفان)، بەم دواییەش گۆڤارێکی گەنجانە بەناوی ( ڕازی گەنجان)ەوە بڵاودەکرێنەوە .

لە ساڵانی ڕابروودا لە ناحیەی ڕزگاریش ڕۆژنامەیەك بە ناوی (داینەمۆ)ەوە لەلایەن چەند گەنجێکەوە بڵاودەکرایەوە، بەڵام ئێستا نەماوە .

هەریەك لەم کەناڵە بینراو و بیستراو و خوێنراوانە کۆمەڵێك گەنج بەڕێوەیان دەبەن، سەرەڕای ئەمەش لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا گەنجانی گەرمیان بە زۆری ڕوویان لە بواری ڕۆژنامەنووسی کردووە، بەڵام ئەوەی مرۆڤ بێئومێد دەکات لێرەش وەك زۆربەی شوێنەکانی تری کوردستان زۆری و بۆری دەبینرێت، هەستدەکرێت گەنجان هێندەی دەیانەوێت ناویان بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان نیو هێندە حەزی قووڵبوونەوە و گەڕانیان تێدا نییە، هەموو هەڵپەی زوو دەرکەوتنیانە و کەچی شارەزاییەکی ئەوتۆیشیان نییە .

## زانکۆکەی کەلار!

کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی چوار ساڵە لە شاری کەلاردا کراوەتەوە، ئەم کۆلێژە چەند بەشێکی جیاوازی تێدایە وەك :(زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، زمانی کوردی، جوگرافیا، دەروونناسی. . .).

ئەم کۆلێژە لەناو خەڵکیدا بە زانکۆکەی کەلار ناسراوە، سەرەڕای ئەم کۆلێژە، هەردوو پەیمانگای تەکنیکی و مامۆستایانیش بۆ دە ساڵ دەچێت لەم شارەدا کراونەتەوە (ئەمەی دوایی ئەمساڵ کرا بە کۆلێژی تەکنیکی)، چاوەڕێ دەکرا ئەم کایە زانستییانە گۆڕانێکی گەورەیان لەم شارەدا درووسبتکردایە، بەتایبەت دوای کردنەوەی کۆلێژێکی گرنگی وەك کۆلێژی پەروەردە، بەڵام لێرە

وەك هەموو شوێنەکانی تری کوردستان زانکۆ تەنها کاری پێدانی بڕوانامەیە بە خوێندکار و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ژیانی خەڵکەوە نییە، وەك ئەوەی نەبێت وایە!

## دەربارەی گەنجە جل ڕەشەکانی کەلار

ماوەی کەمتر لە ساڵێکە ناوی (گەنجە جل ڕەشەکانی) کەلار کەوتووەتە ناو میدیاکانەوە، پار لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کۆمەڵێك گەنج لە یەکێك لە پارکەکانی ناو شاری کەلاردا سەگێکیان سەربڕیوە و خواردوویانە و دواییش ئاسایش چەند کەسێکی لێیان دەستگیر کردووە .

چەند مانگێك لەمەوپێشیش هەواڵی ئەوە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەوە کۆمەڵێك گەنج لە کەلار شەوانە پەلاماری ڕێبوارانی ناو شار دەدەن و هەڕەشەیان لێدەکەن و بە زۆر پارەیان لێدەسێنن .

لە ڕاستیدا ئەو گەنجانە کۆمەڵێك خەڵکی دەستبەتاڵ و بێئیشن و لە بێزاری و بێکاریدا دەستیان داوەتە ئەو جۆرە کارانەو پێناچێت هێزێکی ڕێکخراو بن و دەستی لایەنێکیان لە پشتەوە بێت .

## ئەی قات ڕەشەکان کێن؟

لە ناحیەی ڕزگاریدا ماوەیەکە کۆمەڵێك گەنج پەیدابوون کە خەڵکی بە قات ڕەشەکان ناویان دەبەن، ئەم گەنجانە بە پێچەوانەی جل ڕەشەکانی کەلارەوە خەڵکێکی بێ زیانن و پەلاماری کەس نادەن، ئەمان بەردەوام بێزارن و بەناو کۆڵانەکاندا دێن و دەچن، یان لە قەراخی خڕەکان (ئەو شیوانەی بەناو ناحیەکەدا تێدەپەڕن) و لە دەوری بازاڕی زاتی (بازاری گەورەی ڕزگاری) پێکەوە کۆدەبنەوە و مۆبایلێك دەنێن بە گوێیانەوە و لەگەڵیدا سەر بادەدەن، تا درەنگانێکی ڕۆژ ئەمە کاریانە و کە ئێوارە دێت بڵاوەی لێدەکەن، ئەم کۆمەڵە لاوە هەموویان قاتی

ڕەش لەبەردەکەن و زۆربەشیان نازناوی خەمبار و ڕشپۆشیان لە خۆیان ناوە. سەیر لەوەدایە هەندێك لەوان خوێندکاری ناوەندی و ئامادەییشن .

جل ڕەشەکان و قات ڕەشەکان نموونەی گەنجانی دەستبەتاڵ و بێکاری ئەم ناوچەیەن، هەڵبەت بێکاری تریش زۆرن بەدەر لەم دوو کۆمەڵە .

ئەمە سەرەڕای هەندێ لە گەنجان کە دەکرێت ناویان بنێین گرووپی چوارەم، ئەم گەنجانە بارودۆخ هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخساندوون تا بتوانن لە خوێندندا بەردەوام بن، بەڵام سەرقاڵی ئیش کردن و دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیانن. لە هەموو شوێنێکی دونیاشدا ئەم گرووپە بێناوترین، بەڵام لە هەمان کاتدا فیداکارترین چینی کۆمەڵن .

## دەرەنجام

لە دەرەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەماندا لەسەر گەنجانی کەلار و ڕزگاری، گەیشتین بەو ڕاستییەی گەنجانی ئەم دوو شارە حەزێکی زۆریان تێدایە بۆ فێربوون و خاوەنی جورئەت و غیرەتێکی کەم وێنەیشن، ئەوان گەرمیی کەشی ناوچەکەیان کاریگەریی لەسەر ناخ و دەروونیشیان کردووە و کەسانێکی خوێنگەرمی لێ بەرهەم هێناون .

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم ناوچەیە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستانەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نەدراوەتێ و هەوڵێك بۆ جوانکردنی نەدراوە، بۆ سەلماندنی قسەکەمان تەنها ئەو وتەیە بەسە کە هەموو گەنجانی کەلار و ڕزگاری_ بە تایبەت خوێندکارانی زانکۆ _ وەك ناوی خۆیان لەبەریانە و بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە و دەیڵێنەوە: " ئێمە لە ڕوومان نایەت هاوڕێیەکمان لە شارێکی ترەوە دەعوەت بکەین، ئاخر بیبەین بۆ کوێ؟ مەگەر لە ماڵ دەرنەچین! ".

ناوچەی گەرمیان بە گشتی نزیکەی هەشت مانگی ساڵ تێیدا هاوینە، گەرما لە مانگی ئادارەوە دەستپێدەکات و تا مانگی تشرینی دووەم (یانزە) بەردەوامە،

لە مانگەکانی (٦ و ٧ و ٨)دا کە کاتی پشووی ناوەندەکانی خوێندنە گەرماکەی هێندە تاودەسێنێت مرۆڤ ناتوانێت تا نزیکی خۆرئاوابوون سەر لە ماڵ بێنێتەدەر، کەچی حکوومەت ئاورێکی لەم شوێنە نەداوەتەوە:

_ تا ئێستا کەلار پارکێکی فراوانی تێدا نییە، کەچی دەنگۆی ئەوە هەیە بکرێت بە پارێزگا[٣٥]!

_ قەڵای شێروانە یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، بەسەر بەرزاییەکەوە دروستکراوە، تا ئێستا ئەو بەرزاییە شین نەکراوە، لە کاتێکدا دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی دەوری بە دار و درەختی سەوز برازێنرێتەوە. ڕووباری سیروان کە یەکێکە لەو ڕووبارە گەورانەی بە کوردستاندا تێدەپەڕێت بە تەنیشتی ئەم قەڵایەدا دەڕوات، کەچی ئەگەر لە دوورەوە سەیری قەڵای شێروانە بکەیت وا هەستدەکەیت لە بیابانی عەرعەردایە!

_ وەك وتمان ڕووباری سیروان بە تەنیشت شاری کەلاردا تێدەپەڕێت، کەچی تائێستا نەتوانراوە شوێنێکی گەشتیاری تێدا دروستبکرێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو شارەکە لە وشکاییەکی بەریندا دەژێت، ساڵانە چەندین گەنج لەتاو گەرمادا لە وەرزی هاویندا خۆیان بە ئاوی سیرواندا دەدەن و ناگەڕێنەوە، بڕواناکەم زۆر گران بێت ئەم ڕووبارە وای لێبکرێت بە شێوەیەك هەم شوێنێکی خۆشی بۆ مەلەکردنی گەنجان لێدروستبکرێت و هەم شارەکەیشی پێ لەو وشکی و برینگییە ڕزگار بکرێت!

_ لێرە گەرما گەرفتێکی سەرەکی و لەمپەرێکی ئاشکرای بەردەم بەگەڕخستنی تواناکانی گەنجانە، پێویستە لەسەر لایەنە بەرپرسەکان کار بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گەرما لەم ناوچەیەدا بکەن، چون بەڕاستی گەرما بڕستی لە خەڵکیٚ شارەکە بڕیوە و گەنجانیشی تووشی نائومێدی کردووە، دابینکردنی وزەی کارەبا لە وەرزی هاویندا چەند بۆ ناوچەکانی تری کوردستان پێویست بێت دە هێندە بۆ گەرمیان پێویستە .

---

[٣٥]. ئێستا یەك دوو پارکی گەورەی تێدا دروستکراوە .

_ ناحیەی ڕزگاری کە ڕەمزی پاشماوەی ئەنفالەکانە، تا ئێستا کارێکی وای بۆ نەکراوە کەمێك لە نەهامەتییەکانی کەمبکرێتەوە، دەستووری وەفاداری پێمان دەڵێت: با چیدی گەنجانی ئەم شارە بۆنی تۆزی نوگرەسەلمان بەر بە هەناسەیان نەگرێت!

# ناوەڕۆک

پێشکیی چاپی دووەم ........................................... ٧
پێشەکی ....................................................... ٨
لە گرفتەکانی زانکۆ ............................................ ١٠
دیاردەی نەخوێندەواری لە زانکۆدا.................................. ١١
ئەو بڵاوکراوانەی زمانحاڵی زانکۆن چیمان بۆ دەگێڕنەوە؟!................ ١٥
خوێندکاری زانکۆو ئینتەرنێت........................................ ١٦
کچانی زانکۆو نەخوێندەواری ........................................ ١٧
بێدەنگیی خوێندکار لە زانکۆدا ...................................... ١٨
دیکتاتۆریەتی مامۆستا لە زانکۆدا.................................... ١٩
ئەو کولتوورەی مامۆستا بەرهەمدەهێنێت.................................. ٢١
پەیوەندیی نێوان خوێندکارو مامۆستا لە زانکۆدا.......................... ٢٣
چەند نموونەیەك لە هەڵسوکەوتی سەیری مامۆستا.......................... ٢٤
تاوانی خوێندکار لەم کارانەی مامۆستادا ............................... ٢٤
داوای مامۆستا لە خوێندکار چییە؟! ................................... ٢٦
گلەیی خوێندکاران.................................................. ٢٦
پەیامێك بۆ مامۆستایانی زانکۆ....................................... ٢٦
پرسەی مەرگی خۆشەویستیی لە زانکۆدا ................................ ٢٨
لە بارەی خۆشەویستییەوە............................................ ٢٨
واتاکانی خۆشەویستیی............................................... ٢٨
لە بارەی(عیشق)ەوە................................................. ٢٩
ئاکارەکانی کەسی عاشق.............................................. ٢٩
زانکۆو مەرگی خۆشەویستیی .......................................... ٣٦
کچانی زانکۆ و وەهم ................................................ ٣٧
خۆشەویستیی یان درۆ؟!............................................. ٣٩
گەورەترین هەڵە .................................................... ٤١

دوا وته................................................ ٤٢
هەرەسهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیریی لە زانکۆدا ........................٤٣
هاوسەرگیریی لە زانکۆدا.............................................. ٤٤
کێشەی شوێنی نیشتەجێبوون.......................................... ٤٦
گرفتی ڕووکەشبینی (گرنگیدان بە شتە ڕواڵەتییەکان)......................٤٧
کێشەی ئایدۆلۆژی...................................................... ٤٩
کاتێك خۆشەویستیی یەك لایەنە دەبێت................................. ٥٣
کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا زیرەکترن................................. ٥١
دوا وته ................................................................ ٥١
وا ساڵێکی تریش، خوێندن یەخەی پێ گرتینەوە........................... ٥٣
بەهەدەرچوونی بەهاری تەمەنم لە نێو تەلبەندەکانی زانکۆدا.................. ٦٠
هاکە دارەکە دەرچوو!..................................................٧٠
تێکەڵاوی کوڕان و کچان لە نێوان دوو بەرداشی(دەستاڕێك)دا.............. ٧٧
ڕاڤەکردنی وشەی زانکۆ............................................... ٧٨
دوو بۆچوون دەربارەی تێکەڵاوی کوڕو کچ ............................... ٧٩
زیانەکانی تێکەڵاوی هەردوو ڕەگەز ..................................... ٨٠
جارێکی تریش تێکەڵاوی کوڕان و کچان لە نێوان.......................... ٨٨
قوتابیانی کۆلێژی پزیشکیی و دیاردەی نەخوێندنەوە......................... ٩٨
خوێندکاری پزیشکیی لـــە نێوان ئومێدە سەرابییـــەکان و ترســـی بەردەوام دا......١٠٠
بۆ تەنها خوێندکاری پزیشکیی؟! ....................................... ١٠٠
خوێندکاری پزیشکیی کێیە؟!............................................١٠١
خوێندکاری پزیشکیی قوربانیی زیرەکی خۆی .............................١٠١
پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار لە کۆلێجی پزیشکی......................١٠٩
گرفتەکانی نمرە لە کۆلێجی پزیشکی.......................................١١٠
خوێندکاری پزیشکیی لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا...............................١١٢

خوێندکاری پزیشکیی و بێ ئاگایی ......................... ١١٢
خوێندکاری پزیشکیی و پەشیمانی ......................... ١١٣
کەری نیوەسەڕ! ......................... ١١٧
نەوەیەکی سمێڵسز! ......................... ١٢٤
دەربارەی پاشگری (سز) ......................... ١٢٤
دەربارەی سمێڵ ......................... ١٢٥
سمێڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ......................... ١٢٦
نەوەیەکی سمێڵسز ......................... ١٣٠
نەنکیشم، دەیەوێت ببێت بە نووسەر! ......................... ١٣٥
ڕۆژنامەگەریی وەك نموونە ......................... ١٣٩
وەرن با سەگ بین! ......................... ١٤٥
ترێك لە ناوەڕاستی شەقامدا ......................... ١٥٥
گەنجی کورد گاڵتەی بە دەسەڵات دێت! ......................... ١٦١
دۆزەخ پاییز ڕادەماڵێ! ......................... ١٧١
ئەم ترەکەڵەکە، بۆ ڕۆژێ بێ هەر ئەڕووخێ! ......................... ١٧٥
کپکردنی دەنگی بەرامبەر، هەنگاوێك بۆ خۆ بەخواکردن! ......................... ١٨٢
ئیسلامییەکان لە بەردەم پرسی گەندەڵی دا ......................... ١٨٨
ئیسلامییەکان و تەزویرو گەندەڵی ......................... ١٩١
ئیسلامییەکان و بڕوانامەی علوج ......................... ١٩٢
کێ بەرپرسە لەم تاوانە؟ ......................... ١٩٥
ئەی چارەسەر؟ ......................... ١٩٦
چەند پرسیارێك لە ئیسلامییەکان ......................... ١٩٦
ئایینی مەلایان، لەمپەرێك لە بەردەم خۆشبەختییدا ......................... ١٩٧
حەرامکردنی پرۆژەکە لە لایەن زانایانی ئایینی یەوە ......................... ١٩٧
هەڵوێستەیەك لەسەر هەڵوێستەکەی یەکێتی زانایان ......................... ١٩٨


ناوەڕۆکی ڕەخنەکەم لە فتواکەی یەکێتی زانایان........................ ٢٠٤
زانکۆ دەبێتە کەرەڕێی مارێنزەکانی ئەمریکا.......................... ٢١٤
خوێندکارە بێ عەقڵەکان ماندەگرن!.................................. ٢١٩
گەنجانی کەلار لە کوێی زەمەندا ژیان بەسەردەبەن؟!........................ ٢٢٤
بە کێ دەوترێت گەنج؟............................................ ٢٢٤
ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی شاری کەلارو ناحیەی رزگاری..................... ٢٢٤
شاری کەلار.................................................... ٢٢٥
ناحیەی ڕزگاری.................................................. ٢٢٥
گەنجانی کەلار بە چییەوە سەرقاڵن؟................................. ٢٢٦
گەنجانی ناحیەی ڕزگاری........................................... ٢٢٩
بەرنامەی بۆ گەنجان.............................................. ٢٣١
گەنجانی کەلارو ڕاگەیاندن......................................... ٢٣٢
زانکۆکەی کەلار!................................................. ٢٣٣
دەربارەی گەنجە جل ڕەشەکانی کەلار................................. ٢٣٤
ئەی قات ڕەشەکان کێن ؟........................................... ٢٣٤
دەرەنجام........................................................ ٢٣٥

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی برای بەڕێزم مامۆستا (سامان سەلام) دەکەم کە زۆرێك لە بابەتەکانی ئەم کتێبەی بە پەنجە ڕەنگینەکانی بۆم تایپ کرد، لە خوای میهرەبان دەخوازم هەرچی زووتر بە ئاواتی دێرینەی بگات.

نەخوێندەواری لە زانكۆدا
هێمن خورشید
چاپی دووەم: 2013

**وەزیــفەی زانكۆ لە ولاتــی ئێمەدا، دامــاڵین و بەتاڵـكردنەوەی خوێندكارە لە هەموو هەستێك :**
**هەستی زانستخوازی، هەستی نیشتیمانپەروەری، هەستی ئایینی، هەستی مرۆڤدۆستی، هەستی جوانیناسی، هەستی خۆشویستن ...**




لەبڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٥٠٠٠) دینار